تصوير ابو عبد الرحمن الكردي
مێژوو و شارستانیەتی کورد
نووسینی
د. محەمەد مەحموود مەندەلاوی
Samsun
Trabzon
Ankara
TURKEY
Yerevan
Konya
Aleppo
SYRIA
Damascus
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

میژوو و شارستانیەتیی کورد

مێژوو و شارستانیەتی کورد

نووسینی

د. محەمەد مەحموود مەندەلاوی

پێشکەشە بە :

ئەم ئەرکە خاکگەراییە، پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی لە مێژووی گەلی کورد کۆڵیونەتەوە و خزمەتیان کردووە.

دانەر

کوردستان

2009/3/22

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾

صدق الله العظيم

سورة الحجرات : 13

پێشەکی

Foreword

ئەرکی مێژوو (History) دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕابردووە، بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنو بەراوردکردنیان بەتەو کۆنینە (Antiquities) و نەخش و نووسینانەی مێژوونووس و جوگرافیزانو گەڕیدەکان کردوویانە، بۆ گەیشتنە نزیکترین خاڵ لە ڕاستەقینە. ئەو خاڵەی لەوێوە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی شارستانی (civilization) کۆمەڵە مرۆکانی هەزاران ساڵە لەسەر زەوی ژیاون بزانین، گەلی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵە مرۆیانە، کە خاوەن ڕەسەنایەتی و پێشکەوتنی شارستانییە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمانداوە و کۆششێکی زۆرمان کردووە، تیشک بخەینە سەر قووڵایی نەتەوەیی (National) (قەومی) کوردان، لە ڕێگای بەرچاوخستنی ڕابردووی دووروودرێژی پڕ لە بەخششیان. لێکۆڵینەوەکەشمان گرنگی ڕۆڵی کورد لە ماوەی ئەو سەردەمانەی ڕابردوو و ململانێکان (Conflicts) ی درێژخایەن لە سیاسەتدا لەگەڵ گەلانی ناوەڕاستی ئاسیادا (Asia) دووپات دەکاتەوە.

بەداخەوە مێژوو، ئەوەندەی هاوکاربووە لە بەرزکردنەوەی پایەی زۆر گەلی بندەست لە ڕووی شارستانی و کردنی بە پێشەنگی نەتەوەکان، بەلام بەرانبەر کورد دادپەروەرانە نەبوو. لێرەدا مێژوو هاوبەش بوو لە دروستکردنی مەینەتییەکی گەورەی وا گران چارەسەر دەکرێت، کوردیش کەوتە جەرگەی ئەو مەینەتییە (Crisis) لێرەدا نەهامەتی و کارەساتەکانیان دەستپێدەکەن بۆ دەستخستنەوەی کولتووری نەتەوەییان و بوونیان وەك نژادێك، لە دەست گەلانی دیکەی بالاچوو لە بنیاتی شارستانیدا بە ئەرك و پاشماکی(الارث) مێژوویی گەلی کورد. ئەمەیش وایکرد سەروەری (Sovereignty) لەدەست بدات لەسەر ئەو زەوییەی هەر لە پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە تیایدا نیشتەجێ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەواڵە شارستانیەکە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بە ڕەوتی ڕۆژگار لەدەستدا.

بابەتەکەمان پێشاندانی ئەو گیر و گرفتە مرۆییە گەورەیەیە، بەتەواوی، لە ڕێگای گەرانەوە بۆ ریشە مێژووییەکان و هۆ راستەقینە شاراوەکان لە پشت ونبوونی نیشتمانی نەتەوەیی کوردان (Kurd) و تیشك خستنە سەر قوولایی مێژوویی و داهێنانە شارستانیەکانی.

بەدووودرێژی لەبارەی ڕۆڵ و ڕۆژگارە مێژووییەکانی ئەم گەلە دەدوێین، هەروەها لەبارەی گیروگرفتە سیاسییەکان (Political probleme) لە هەوڵ و کۆششە دروست و رەواکەی (Legitmacy) بۆ بنیاتنانی قەوارە سەربەخۆکەی لە دەولەتێکی خاوەن سەروەری نیشتمانیدا وەك گەل و نەتەوەکانی دیکە.

ئەم گیرو گرفتە بەرەبەرە پەرەی سەند تا گەیشتە ترۆپك، کە توندوتیژییە و خۆی لە جەنگی چەکداریدا بینیەوە بۆ سەلماندنی ناسنامە نەتەوەییەکەی (National). لەبەر ئەمە هەوڵماندا دۆزی کورد بابەتییانە بخەینەروو، هاوکات شیکردنەوەی لۆجیکیانەی ڕووداوەکان لە سەردەمە جیاجیاکان (Through The Ager) بخەینەروو، بە شێوازێکی زانستیانە و بە وردەکاریی توێژینەوەی زانستیی مێژوویی بە پشت بەستن بە سەرچاوە و بنەڕەت و ژێدەر و ڕەچەڵەکزانی (الانساب)و وردەکاری کردن لە لێوەرگرتنیان.

ئەم دۆزە مرۆییەی پەیوەستە بەم گەلە چاکە، کە بە درێژایی مێژوو دوچاری پیلان و ناپاکی بووەتەوە، لایەنێکی فراوانی گرتووە لە بایەخدانی جیهانی بۆ هەست کردن بە دادپەروەریانەی (Justic) داخوازییە رەواکانی ئەم گەلەی بە گەورەترین نەژاد دەژمێردرێت لە جیهان کە بێ نیشتمان (دەولەت) بێت. مافی سروشتی (Natural Right) و رەوای خۆیەتی کولتوورو مێژوو و شارستانیەت و بوونی نەژادی خۆی وەرگرێتەوە. لەبەر ئەمە کتێبی (مێژوو و شارستانیەتیی کورد) تەوەرەی توێژینەوەیە لە مەسەلەیەکی مرۆیی گەورەدا، کە دوچاری بەد تێگەیشتن و شێواندن هاتووە لە خستنەڕوو لە ڕابردوودا، لەتەك دژواری ئاماژە پێکردن و روونکردنەوە لەو ناوچە و دەولەتانەی زۆرینەی کوردی تیادایە لە ئاکامی گوشار و خەفەکردنی ئەو کەسانەی شانازی بە کوردبوون و مێژوو و شارستانیەتی کورد دەکەن.

گیروگرفتی مرۆیی هەرە گەورە لەوەدایە، هەندێ لایەن هەن (دەولەت و حیزب و گروپ) لە هەوڵ و کۆششدان بۆ نەهێشتنی مێژوو و شارستانیەتی ئەم گەلە مەزنە. مرۆڤ دەتوانێت ئەم

راستییە بەرجەستەیە دووپات بکاتەوە، تەنیا بە بینینی هەڵکەوتی نەتەوەی کورد لەڕووی ئەو ستەمەی مێژوو لەوانی کردووە و هێزە ئیمپریالیستەکان (Imperialism) بێبەزەییانە، شالاویان هێناوەتە سەر، لەبەر ئەوەی هەمیشە پێشەنگی شکۆداری بەرگری بوون دژی داگیرکار (Colonialism) و پاڵپشتی بەهێزبوون بۆ ئیسلام (Islam)، لە یادگەی ڕۆژئاوا و هێزە شۆڤینییەکاندا مانەوە وەك گەلێك هەزار جار لەبەر چاو دەگیرا، وا داندرا کەوا ئاسان نییە لەخۆ بگیرێن و ئەم ڕاپەڕینە باوەڕییەیان کۆنترۆڵ بکرێت.

ئەمڕۆش، کورد هەوڵدەدات لەگەڵ هەموو برین و ئازارێك بۆ جیهان بسەلمێنن، دەتوانن مافە ڕەواکانیان بگەڕێننەوە، لەوەیشدا کولتووری مێژووییان. پێویستە ئەوە بزانین، کەوا کاتی ئەوە هاتووە مێژوو دان بە ستەمەکەی بنێت بەرامبەر گەلی کورد، ڕۆژێك دادێ تاریکی بڕەوێتەوە و خۆری ئازادی (Freedoms) لە کوردستاندا هەڵبێت و ئەم نەهامەتییە نەمێنێت کەوا دوژمنانی ڕاستی و مرۆڤایەتی گرەویان لەسەر کردووە و ئەم گەلە سەر لە نوێ هەڵستێتەوە و بوونی خۆی بسەلمێنێت، وەك گەلێکی خاوەن قووڵایی مێژوویی و شارستانی کە بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە. زیاتر لە شەست ملیۆن مرۆڤی کورد، یەك خاکیان نییە، لە بەردەم بارودۆخی زۆر دژواردا، جیهان گۆشەگیری کردوون، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و لەتەك شکست و بێبەش بوونی نەتەوەییدا کە تیایدا دەژین، بەلام بێ گومان وزەیەکی لەڕادە بەدەریان هەیە چاوەنواڕی تەقینەوەیە بۆ خزمەتکردنی بنیاتنانی شارستانی مرۆیی جیهانی. توانا بۆ هێنانەدی ئەوەی لە هزریاندایە بۆ چارەکردنی گیروگرفتە ڕەوا و واقیعییەکەیان.

ئەوەی دەمارگیر و نەتەوەپەرست و ناتایینییەکان بە ورێنەی دەزانن، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە مرۆی زۆر بچووکتر گەیشتوون بە مافی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی، کەوا دەزگاکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ یەکسەر باس و هەواڵیان دەگوازێتەوە بۆ دوورترین گۆشەی جیهان، وەك: (سورینام) کە ژمارەی دانیشتوانی 448000 کەسن و (لیسوتو) ژمارەی دانیشتوانی 213000 کەسن و (ناوروا) 8000 کەسن، هەتا دوورگەی (کیریباتی) کە 7000 کەسن و (دومینیکا) 8000 کەسە و بە فەرمی سەربەخۆیە و ئەندامە لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

توندوتیژی (Violence) کە ئاراستەی هەر کۆمەڵە مرۆییەك دەکرێت، خاوەن تایبەتمەندی نەتەوەیی، جەنگ و دەستدرێژی و توندوتیژی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ دەریدەبڕن. بێگومان

جەنگەکان – کە دەستدرێژیی راستەوخۆی مرۆیە لە گەورەترین قەوارەیدا – مرۆڤی خەریك کردووە بەڵکو وای لێدەکات – ئەمڕۆ – لە ترس و تۆقانی بەردەوامدا بژیێت، بەهۆی ئەو ئەمبارە گەورەیەی مرۆڤ هەیەتی لە چەکی بەکۆمەڵکوژ، لە ئەتۆمی و نیوترۆنی و میکرۆبی و کیمیایی بەرهەمئاوەری نائارامی و نەخۆشییە دەروونی و هۆشییەکان بێت.

هۆکارەکانی جەنگ، هەندێکیان بەردەوام هەن، بەلام خۆکارانە نابێتە هۆی جەنگ، هەروەها بارودۆخی پێش جەنگ لە ئارادایە. هەموو ئەم بارودۆخانە دەکرێ ناوبنرێن هۆکاری ئاسانکاری بە سروشتی مرۆڤیشەوە، دروستکاری گیروگرفت و سیستەمی کۆمەلایەتی – سیاسی و نەتەوەیی و رۆشنبیری (Culture) ی کۆمەڵگە.

گەورەترین گیروگرفت کە ئەمڕۆ نەتەوەگەری (Nationalism) رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوە نییە لە رێگای هەڵمەتی سەربازی پێشێل بکرێت یان بە رێگای پۆلیس و تۆقاندن خەفە بکرێت، یا تا مردن بخرێتە بەر سووکایەتی پێکردن، سووکایەتی کردن بە هەموو قەوارە و کولتوور و شارستانیەتی و رۆشنبیری و هەموو لایەنە کۆمەلایەتییەکانی و بنکەکانی بووژاندنەوەی، وەك ئەو رەفتارەی رژێمە دیکتاتۆرییەکان کردوویانە. ئەوانەی پاشینەیەکیان لە ئازادی رادەربڕین نییە بەرامبەر نەتەوەی کورد. بزووتنەوە نەتەوەییەکان لەم دەیەی دواییانەدا زۆربوونە، لەبەر ئەمە حاڵەتی لەناوبردنی نەژادی (جینوسایید) دەرکەوت وەك ناوێکی نوێ بۆ تاوانێکی (Thecrime) کۆن.

واتای راستەوخۆی پیت بەپیتی وشەکە لەناوبردنی کۆمەڵە مرۆڤێکە بەهۆی نیشتمانپەروەری یا رەگەز یا ئایینیان (Religion). ئەم تاوانەش لە مێژوودا زۆرجار خۆی دووبارە کردۆتەوە، هەر لەو رۆژەوە کەوا رۆما قرتاجنەی لەناوبرد، وەك ئەوەی رێسایەکی ژیان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ((وەك دکتۆر رفاییل دەڵێت: ئێمە لەنێو چاوانمان نووسرابوو ئەم تاوانە ببینین کە لە لایەن ئەڵمانییەکان زۆر بە فراوانی ئەنجامدرا))[1].

ئێمە دووپاتی دەکەینەوە تاوانی دژ بە شاری هەڵەبجەی شەهید کرا و تیایدا چەکی کیمیایی دژی کورد بەکارهات، قێزەونترین جۆری جینۆسایدە. هەروەها پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال دژی

(1) Dr. Roffuial the crime of Genoside Nation corention.

کورد ئەویشیان لە هزر و بیری سەرفرازاندا لە سەرتاسەری جیهان دەمێنێتەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی و تێکۆشانی نەتەوەیی گەلانی زۆرلێکراوی بندەست هەیە. هەر دەوڵەتێك کە جینۆساید دەکاتە سیاسەتی بالای خۆی بە خەمساردی و پلان بۆدانان و مکوڕبوون جێبەجێی دەکات و تیایدا دواجۆری تەکنەلۆژیی نوێی تێدا بەکار دێنێت، بێگومان لە بەها مرۆییەکان شۆراوە.

کورد، لەرووی مێژووییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر و تا سەردەمی نوێ بێ ڕێکخستنی سیاسی بوو (Political Order)، هەرچەندە دیاردەیەکی گرنگە، لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی بەراییە لە هەر کۆمەڵە مرۆییەکدا، لەگەڵ ئەوەشدا تا رادەیەك چەندان ڕێسای یاساییان هەبووە کە ڕەفتاری خەڵك و پەیوەندییان بە دەستە فەرمانڕەواکان، ڕێك دەخست. گەلی کورد هزرە سیاسیەکەی خستۆتە بەر لووزەوی بارودۆخی دەوروبەری. لە گەرمەی گۆڕان و گەشەسەندنە یەك لەدوا یەکەکان گەیشتۆتە راستەقینە و هەوڵیداوە بگاتە بنجی ئەو بارودۆخەی پاڵیداوە بۆ فەرامۆشکردنی توانست و وزەی و بازنەی پەرکردنەوەی سیاسی فراوان بووە و هەوڵیداوە لێی ئاگادار بێت و لێیبکۆڵێتەوە و شیکاتەوە بۆ سوورود لێ وەرگرتنی. لەسەر ئەم بنەڕەتەوە دەتوانین بڵێین هزری سیاسی (Politicalthought) ی کورد هەر لەو کاتەوە هەبووە کەوا مرۆڤ پرسیاری لە سروشتی پابەندبوون بە گوێڕایەڵی و ملکەچبوون کردووە بۆ فەرمانڕەوا یان سەرکردەی خۆی لە سەرۆکی هۆز یان ئێل دەدۆزیەوە. هزری سیاسی ئاستێکە لە بیری سیاسی بەرزتر دەبێتەوە، تیایدا بەرزی لە شیکردنەوە و خۆشگوزەرانی لە بنیاتنان و شیاندنی پەیوەست بە نەریتی شارستانی.

لە گرنگترین هۆکار و تۆخمەکانی کەوا ئاگری بزووتنەوە و شۆڕشە کوردییە چەکدارییەکانی هەڵگیرساند، هۆکاری خەفەکردنی نەتەوەیی و هەوڵەکانی نەهێشتنی ناسنامەی مێژوویی نەتەوەی کوردە (Kurdish Nation). دۆزی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی دەرکەوت، لەگەڵ هاتنە پێشەوەی پەیماننامەی سیڤەر لەگەڵ تورکیا ساڵی 1920 کە بە پەیماننامەی فرسای ناسراوە و گرنگترین بڕگەکانی دان بە مافی ئۆتۆنۆمی (Self management) کوردان دەنێت لە تورکیا.

بایەخدانی نێودەوڵەتی دوای ململانێی هێزە کۆلۆنیالییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پەرەی سەند و روو لە زێدەبوون بوو. لێرەدا دۆزی کورد بە ئەرمەن

بەسترایەوە و وەك کارتێکی براوە بەکارهات لە کارکردنە سەر دەوڵەتی عوسمانی و روسیای تەزاری خێرا بایەخی بە کورددا و هەوڵیدا رایانکێشێتە لای خۆی یا بێلایەنکردنیان، بەتایبەتی لە جەنگی دژی تورکان لە ساڵی 1828 – 1829 ز و لە شەری قەرم 1853 – 1856 ز. ئەوەندەی نەبرد بەریتانیا هاتە ناوەوە بۆ پەیوەندیگرتن و بۆخۆ نزیك خستنەوە لە سەرۆك هۆز و دەسەلاتدارانی کورد بۆ ئەوەی هەر کاتێك ویستیان بەکاریان بێنن بۆ کاریگەری (Influence) سیاسی کردنە سەر بڕیاری دەوڵەتانی ناوچەکەی کورد بە رێژەیەکی زۆر تیایدا دەژین. بەڕاستی بەریتانیا سەلماندنی لەم لایەنەوە سەرکەوتوو بوو و ئەم رامیارییە خزمەتی کاروبارەکانی کرد لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. دواتر بەریتانیا هەوڵیدا خواستی دەمارگیری نەتەوەیی لای هەموو گەلانی ناوچەکە هانبدات بۆ بێهێزکردنیان و دواتر بزواندنیان بە پێی سیایەتی بەریتانیا بە ویستی خۆی.

ناوچە کوردییەکان راپەڕینی بەخۆوە بینی بە سەرکردایەتی سەرکردەی کورد (بەدرخان) لە ساڵی 1824 – 1846 ز، توانی یەکەیەکی هەرێمی نیمچە سەربەخۆ لە نێوان دوو دەریاچەی وان و ورمیە دامەزرێنێت لە باکوور و موسڵ و رەواندوز لە باشوور، بەلام ئەوەندەی نەبرد بزووتنەوەکە شکستی هێنا دوای ئەوەی تورکیا و فەرەنسا و بەریتانیا دژی وی گەلە کۆمەکیان کرد، دواتر بزووتنەوەی (یەزدانشێر) دەرکەوت و لە دوو ناوچەی هەکاری و بۆتان راپەری، سەرجەم هێزەکانی گەیشتنە 100 هەزار جەنگاوەر لە ساڵی 1855 ز، بەریتانیا و فەرەنسا جارێکی دیکە بە یارمەتی تورکیا بزووتنەوەکەیان لەناو برد. لە ساڵی 1880 ز، هۆزەکانی شەمزینان بە سەرۆکایەتی (شێخ عوبێدوڵلای نەهری)راپەڕین، کە بانگەوازی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد. سەرەتا هێزەکانی توانیان کۆنترۆڵی ناوچەیەکی فراوان بکەن کەوا کوردی تێدا دەژیان لە ئێراندا، ئەوەندەی نەبرد تورکیا بە هاوکاری ئێران لەناوی بردن.

هەست و نەستی نەتەوایەتی و سەرەتاکانی رزگاریی کوردستان (kurdistan) رۆژ لە دوای رۆژ زێدەتر دەبوو، هەرچەندە لەسەرەخۆ بوو، بەلام لەسەر راستە رێگادابوو، چەندان کۆمەڵە و یانەی رۆشنبیری و سیاسی کوردی لە تورکیا دەرکەوتن لەتەك دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی

لە قاهیرە لە ساڵی 1897 و سەرەتای ساڵی 1908 و دواتر چەندان رۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون.

هەرچەندە کوردان لەسەر دەستی تورکان زۆرداری و چەوساندنەوە و تۆقاندنیان بینی، بەلام بەهۆی هۆکاری ئایینی وازیان لە تورکان نەهێنا، لە جەنگی یەکەمی جیهانی پشتگیریان کردن و هاوسۆزیان بوون. تورکیا هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو دژی روسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، کوردان زیانێکی گەورەیان بەرکەوت لەو لایەنگرییەدا لە تورک لەیەك بەرە دژی هاوپەیمانان هەریەك لە رووسیا و بەریتانیا رۆڵی نارەوایان بینی لە بەفیڕۆدانی مافی گەلی کورد لە بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی خۆی، چ راستەخۆ چی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستی بالایان هەبوو لە شکست پێهێنانی هەموو بزووتنەوە رزگاری خوازییەکانی کورد.

گەر لە زۆربەی بزووتنەوە و چالاکییەکانی رزگاری خوازی کورد بکۆڵینەوە لەو ماوەیەدا تا ئەمڕۆ، دەبینین چەندان نادگار و تایبەتمەندی و پیلان و پشت بەردان دەبینین لە لایەن بەریتانیا و رووسیا و فەرەنسا و تورك و فارسەکان...

گەر بیرکردنەوەی کورد ئاڕاستەی لە ریزدابوون (Loyality) بۆ سوودی نەتەوەیی دەکرا، زیاتر لە بیرکردنەوەی باوەرداریانە و لاگریان لە رۆژئاوا، بە پێی ستراتیژییەتێك تیایدا بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردی لەبەرچاو بێت، ئەوا هەر لە سەرەتاوە نیشتمانی نەتەوەیی خۆیان دەبوو و ئاسۆی ئەم داخوازیانە فراوان دەبوون بێ گلدانەوەیان لە بوارێکی تەسك تیایدا هێزە هەرێمییەکان لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین کۆنترۆڵی بکەن.

لە هەمان کات گەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی سوودی بینیبا لە شۆڕشەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەلگیرسان، وەك ئەوەی لە رووسیا لە 1915 ز بەرپابوو وشۆڕشی دەستووری لە ئێران لە 1907، یا بزووتنەوەی نوێی تورکیا لە ساڵی 1908 – 1909 ز، ئەوا لە بارودۆخێکی باشتر دەبوو، بەلام بەداخەوە لە قاوغە هۆزگەری و کەسیەکەیدا مایەوە کە بەرژەوەندی تاکەکەس بەسەریدا زاڵە و بەرژەوەندی گەلی کوردی تیادا تاوایەوە.

بەرپرسیارەتی ئەمەش دەکەوێتە سەر هەندێ لە سەرکردەکان، ئەوانەی بەچاوی سوود و زیان سەیری کێشەی کوردیان کرد، بێ لەبەر چاوگرتنی بزووتنەوە نەتەوەییە سەرکەوتووەکان کە لە ناوچەکەدا هەڵگیرسان. دۆزی کورد بە ناارامی مایەوە، وشیاریی سیاسی هاوچەرخی کەمبوو، زۆربەی سەرکردەکانی لە سۆفیگەران بوون، دەبوایە کاری سیاسی چالاك ئەنجام بدەن بۆ خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هاوپەیمان بوونایە لەگەڵ ئەوانەی توانای پشتگیری کێشەکەیان هەبوو بۆ ئەوەی لە ڕەوتی سروشتی خۆی بەردەوام بووایە بۆ هێنانە دی هیوا و داخوازییەکانی گەل.

زۆر گرنگە سوود لە ئەزموونی ئەوانی دیکە وەرگرین بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی وا زیانێکی زۆرمان بەرکەوێت. بڕوانە وەزیری بەرگری بەریتانی (چەرچیل) چۆن رەفتاری کرد – لەکاتی جەنگیدا لەگەڵ ئەڵمانیا – کە وتی: ((دژی دوژمنانم هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان دەبەستم)). بە کردەوەش، لەو کاتەدا لەگەڵ رووسیای دوژمنی ئاسیایی ئینگلیز هاوپەیمانی بەست، بۆ وەستاندنی سوپای ئەڵمانی و رزگارکردنی لەندەن لە تۆپ و مووشەك و ڕۆکێتەکانی فڕۆکە ئەڵمانییەکان و لەوەشدا سەرکەوتن.

وا باشتر بوو سەرکردایەتی کورد هەموو ئامراز و شێواز و ڕێگایەکیان گرتبایەبەر، هەتا گەر هاوپەیمانیان لەگەڵ شەیتان کردبا بۆ سەرخستنی کێشە چارەنووس سازەکە و کورد گەیاندنە قۆناخێکی پێشکەوتوو دوای ئەوەی دوچاری نەهامەتی و زۆرداری و سەرەڕۆیی (Tyranny) و کوشتن و جەنگی خوێناوی درێژخایەن، وایکرد بۆ ماوەیەکی زۆر بێ نیشتمان بێت. هێشتا بەدەست زۆرداری و ئازادی لێ قەدەغەکردن دەناڵێنێت. بەڵێ، باشتر بوو ئەم سەرۆکانە ئاوڕ لە دواوە نەدەنەوە لە جەنگەکانیاندا، زۆر نەکەونە بەر کاریگەری ئایین (Religion) لە کاری سیاسیدا کە هۆکارێکی راستەقینە بوو بۆ ئازارەکانی ئەم گەلە، کورد باجی ئەو هاوکاری و هاوسۆزیە ئایینیەیان لەگەڵ تورك داوە، کەدەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1918 خۆیدایە دەست

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و پەیماننامەی خۆدانە دەستیان مۆرکرد بە ناوی (شەڕ راگرتنی مۆدروس) چەندان دەقی تێدابوو دان بە خۆبەدەستدانی تورکیا دەنێت بەبێ مەرج.

دەوڵەتە کۆلۆنییەکان کارتەکانی ناوچەکەیان سەرلەنوێ ڕێکخستەوە بەپێی بەرژەوەندییەکانیانو نەخشەی جیهانیان گۆڕی، لەو نێوەدا کورد هیوا و ئاواتە ڕەواکانی لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی ئازاد لەدەستدا.

لەگەڵ دەرکەوتنی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی، لەبارەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دەدوا، دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمریکی (ولسن) چواردە بنەماکەی لەم بارەیەوە راگەیاند پەیوەندەدار بەو گەلانەی دەخوازن چارەنوسیان دیاریکەن، کورد ئەم دەرفەتەی بە چاك زانی داواکارییەکانی نوێ بکاتەوە، بەتایبەتی لەنێو ئەم بنەمایانەدا (مادەی 12) ئاماژەی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دەدا. ئەو ماددەیە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بزواند، لای هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای کوردی، هەرچەندە سەرکردایەتی لەدەست سەرۆك هۆز و دەرەبەگەکان بوو و ئەو ڕۆشنبیرانەی لە خانەوادەی دەرەبەگەکانەوە (Feodalism) پەیدابووبوو و لە ئەرستۆکراتیەکان، بەلام گرێیەکی نەکراوەیە، هەروەك خۆی مایەوە.

ئەم راپەڕینە نوێیە چینە رەنجدەرەکەی لەگەڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی دڵنیانەبوون لە گەیشتن بە مافە رەواکانیان بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی پشتگیریکار بۆ هێنانەدی ئەم هیوا و ئاواتانە، دوای ئەو نائومێدییەی کورد هەستی پێکرد لەو پیلانە جیهانییەی مافە نەتەوەییەکانی لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی لەدەستدا.

لە ساڵی 1914 جەنەڕاڵی کورد (شەریف پاشا)، دوای ئەوەی هەستی کرد بەریتانیا گرنگە بۆ گەیشتنە مافە رەوا نەتەوەییەکانی، بە جددی هەوڵیدا لە بەریتانییەکان نزیك بێتەوە و لەوەشدا سەرکەوت و لە پەیماننامەی سیڤەری ساڵی 1920 خاڵێکی وەرچەرخانی تۆمارکرد بۆ بەرژەوەندی دۆزی کورد.

هەڵوێستی کورد، دوای هەموارکردنەکانی سنووری نێودەوڵەتی، ئاڵۆزتر بوو لەوەی هەبوو، بەتایبەتی دوای پشێوییی سیاسی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیك، کە تیایدا زۆر دەوڵەتی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیابوونەوە وەك سوریا و لوبنان و فەلەستین‌و ئوردن و عێراق‌و لە 1922 دەسەلاتداری سەڵتەنەتی هەڵوەشێندرایەوە و لە 3ی ئاداری 1924 نەمانی خەلیفایەتی راگەیەندرا. لە لایەکی دیکەوە جەنەراڵ رەزاخان توانی بنەماڵەی قاجاری لەسەرکار لاببات و لە 23 ی تشرینی یەکەمی 1952 ز بنەماڵەی پەهلەوی هاتنە سەرکار. لەبری ئەوەی کوردان لەنێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و فارسی دابەش کراوبن، خۆیان لەنێو پێنج دەوڵەتدا بە دابەشکراوی بینیەوە، تورکیا، ئێران، عێراق و کەمینەیەك لە سوریا و کۆمەڵێك لەخاکی یەکێتی سۆڤێتی وەك ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجان...

بەمجۆرە دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمیەکان (Colonialism) دووبارە، نیازخراپانە و بە فێلاو تەڵە لەگەڵ دژی کورد جوولانەوە، کاتیان دەست خست تا دژەکە چارەبکەن. لەو کاتیدا تورکیا دابەشکراوبوو بێهێزبوو بەتایبەتی دەستدان و ملکەچ بوونی بۆ هاوپەیمانان‌و هێزە یۆنانیەکان هاتنە سەر خاکی تورکیا، ئەوەشیان ورەی شۆڕشگێڕەکانی بەرز کردەوە بۆ پێکهێنانی هێزێکی سەربازی، لەم رووداوەدا مستەفا ئاتاتورك توانی هەر لە ناوچە کوردییەکانەوە، دوای پشتگیری هێزە کوردییەکان، سەرکەوتنێکی بێوێنە بەسەر سوپای یۆنانی دا تۆمار بکات و لە ساڵی 1912 ز لە تورکیا دەریان بکات. مستەفا کەمال لەبری ئەوەی پاداشتی چاکەی کوردان بداتەوە و کێشەی کورد بە هۆشمەندانە چارە بکات و مافە رەواکانیان بداتێ لە ئۆتۆنۆمی (Selfe mangment) ئەتاتورك فەرامۆشی کردن و چەوساندنیەوە و زەبری لێدان تا ئەو رادەی ناوچە کوردییەکانی (کوردستان) ی ناونا ناوچەی (تورکەکانی چیا).

بەداخەوە بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر، هەر وەك مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، تورکەکان سەرکەوتن لە کات پەیداکردن، خۆیان پتەو و بەهێز کرد و گەڕانەوە سەر سیاسەتی تورکاندنی کۆنی سەردەمی سەلجووقییەکان و دژی کوردیان (چارەکرد) بە سەر لەنوێ کوشتن و دەرکردن و ئاوارە کردن.

لە مەیدانی کوردایەتیدا (Kurdistan scence) سەرۆکێکی نیشتمانپەروەری دیکە پەیدا بوو، ئەویش شێخ عەبدولقادری شەمزینانی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بوو. هەوڵیدا کوردستان رزگار بکات (kurdistan liberating)، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە رووسیا و بەریتانیا کرد بۆ یارمەتی، بەڵام ئەوان ناپاکیان لێکرد – ئەوەش چاوەڕوانکراو بوو – ئەم دەوڵەتانە بەدوای بەرژەوەندی خۆیان دەگەڕێن و بایەخ بە بەرژەوەندی گەلانی دیکە نادەن.

لە ساڵی 1916 ز شۆڕشی کەمیل بەگ، لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان لە شاری تفلیس هەڵگیرسا و بانگەوازی بۆ دۆزی کورد دەدا، بەتایبەتی لای گەورە (دۆك) ی روسی نیکۆلا، جێگری پادشای قۆقاز و سەرکردەی گشتی هێزەکانی سەر سنووری تورکیا.

هەروەها بەڕێز سەید تەها شێخ سدیق بۆ هەمان مەبەست کۆشا، بەلام لە دواکایە حکومەتی تورکی شۆڕشی خەفەکردەوە و گرتی و لە سێدارەیدا. هەموو ئەم رووداوانە هاندەربوون بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداری (شێخ سەعیدی پیران) لە ساڵی 1925 ز لە ناوچەی دیاربەکر و دەوروبەری. شۆڕشێکی ئەوەندە مەزن بوو کە سەرۆکی هیندی بەناوبانگ (جەواهیر لال نەهرۆ) لە کتێبەکەیدا (چەند دیمەنێك لە مێژووی جیهان)دا باسی کردووە. شۆڕشەکە بە هێزی چەکداری‌و دڕندانە رووبەڕووی بوونەوە و تا لەکۆتادا هەموو سەرکردەکانی لە دیاربەکر لە سێدارەدران.

لە ساڵی 1917 ز کورد هەمان هەڵەی جارانیان دووبارە کردەوە و بە پشت بەستن بە سەرۆکە ئایینی و هۆزەکان، راپەڕینی رزگاریخوازی دەستی پێکردەوە، هەمان سروشتی هۆزگەریی تاکەکەس و ئەرستۆکراتیانەی وەرگرت، سەرکردایەتیەکە درا بەدەست جەنەراڵ (ئیحسان پاشا) بۆ سەرکردایەتی کردنی لایەنی سەربازی، بەلام بە هەمان شێوە هێزەکانی تورکیا دڕندانە ڕووبەڕووی بوونەوە. لە لایەکی دیکەی کوردستان (کوردستانی ئێران) بزووتنەوەی ئیسماتیل ئاغای شکاك، ناسراو بە سمکۆی شکاك، سەرۆك هۆزی شکاکی کوردی لە هەرێمی ورمێ، دەستی بە راپەڕین کرد بە ئامانجی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی و لە هەمان کات

(شێخ مەحمودی حەفید) لە ساڵی 1919 بزووتنەوەکەی دژی ئینگلیز لە عێراق دەستی پێکرد، پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و سمکۆی شکاك باش بوو و ئامانجیان ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەریتانیا بوو.

بزووتنەوەی سمکۆ لە نێوان سالانی 1920 و 1925 بەردەوام بوو تا ڕەزاخانی پەهلەوی توانی شۆڕشی سمکۆ لەناو ببات دوای ئەوەی توانی سمکۆ لە ساڵی 1930 دا هەڵخەڵەتێنێت و بیکوژێت. وادیارە سمکۆ مەترسیەکی ڕاستەقینە بوو بۆ ئێران بۆیە ویستیان لەناوی ببەن، بەهەر شێوەیەك بێت تا ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا و ناناگا کوشتیان، پێشی ئەم ڕووداوە چەندان جار لە دژی ئێران و بەریتانیا و عێراق و تورکیا جەنگابوو.

شێخ مەحمودیش، بەریتانیاییەکان دووریانخستەوە بۆ هیند، دواتر گێڕایانەوە گرتووخانەی کوێت، دواتر بەغدا لە سەرەتاکانی ساڵی 1922. ئینگلیزیەکان بە ناچاری کردیان بە حوکمداری سلێمانی، لەو باوەڕەدابوون بەم جۆرە گیانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیان لە دڵدا خەفە دەکرد، دەوڵەتێکی ئازاد و یەکگرتوو. شێخ مەحمود داخوازی نەتەوایەتی لە جۆری جیابوونەوەی هەبوو بە هۆشێکی هۆزگەری توندی سازش نەکەر سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد، لەبەر ئەمە بەریتانیا سەرنەکەوت بیکاتە ئامرازێکی بەردەستی خۆی بۆ لێدانی کوردان.

شێخ مەحمود دەسەلاتێکی فراوانی دەگێڕا زیاتر لەوەی ئینگلیز بۆیان دیار کردبوو. نازناوی ((مەلیکی کوردستان))ی لەخۆنا، حکومەتێکی پێکهێنا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەوەیش وایکرد بەریتانییەکان جەنگی بەرانبەر رابگەیەنن. لە ئاداری ساڵی 1923 شاری سلێمانیان بە فرۆکە بۆردمان کرد و تا 16 ی مایسی 1923 داگیریان کرد.

بەریتانیای داگیرکار کۆنترۆڵی ئابووری و سیاسی و سەربازی بەسەر عێراق مسۆگەر کرد. دواتر پەیماننامەیەکی لە نێوان عێراق و بەریتانیا لە ساڵی 1930 مۆر کرد کە بە فەرمی راسپاردەیی (ئینتداب) ی لابرد، بەلام لە ناوەرۆکدا مەرجە داگیرکاریەکانی بەریتانیا سەپێندران

بەبێ ناماژەکردن بە مافەکان (Rights)ی کورد. عێراق لە ساڵی 1932 چووە نێـو کۆمەڵـەی نەتەوەیەکگرتووەکان، باری یاسایی و نێودەوڵەتی عێراق و سنووری ئێستای جێگیرکرا.

((شێخ مەحمود سوودی لە رووداوەکانی ئەیلولی 1930 ز بینی لە سلێمانی و بەتایبەتی ئەو نارەزاییە میللی و نیشتمانیە گشتییەی لـە عێراقـدا هـەبوو دژی پەیماننامـەی (عێراقـی – بەریتانی) و حکومەتی نوری سـەعید، لـە پێنجوێنـەوە هێزەکـانی پێنجوێنیـان گـرت و داوای کوردستانێکی یەکگرتووی دەکرد لەژێر سایەی راسپاردەیی (ئینتـدابی) بـەریتانی لـە زاخـۆ تـا خانەقین))[1]

لەگەڵ هێزە عێراقیەکان پێکیانداداا، لە کۆتاییـدا خۆیـدا بـە دەسـتەوە و دوور خرایـەوە بـۆ دەرەوەی ناوچە کوردییەکان، نێردرا بۆ سەماوە و دواتر بۆ ناسریە و لـە دواکایـە رێپێـدرا لـە بەغدا نیشتەجێ بێت، دواتر (شێخ ئەحمەدی بارزان) سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی چەکداری نـوێی گرتە دەست، وەك بزووتنەوەکانی دیکە، لە سەرەتای سییەکان هەر بـەناوی ئـەوەوە بـوو. دواتـر جەنەراڵ (مستەفا بارزانی) و لە ساڵی 1943 ز سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی گرتە دەست، بەلام بەهۆی نسکۆی ئاداری 1975 ز رێکەوتننامەی جەزائیر بووە هۆی شکستی شۆڕشی کـوردی و داخوازییەکانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان. هەرچەندە پیلانـە نێودەوڵەتییەکـەی چـەندان لایەن تیایدا هاوبەش بوون، بەلام ئەم بزووتنەوە چەکدارییە جیابوو لە شۆڕشەکانی دیکـە بـەوەی ماوەی سی ساڵ درێژەی کێشا لە ململانێی خوێناوی بۆ بووژاندنەوەی دۆزی کورد.

سەیر نییە، هێزە جیهانییەکان دژی کورد بوەستن، چی بە ئاشکرا یان شاراوە بـۆ تێپەڕانـدنی پرۆژە و پیلانەکانیان دژی گەلی کورد و جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییـەکانیان (The strategic) لە بێهێزکردنی، لە هەمان کات هەوڵەکان بۆ چارەکردنی دۆزی کورد لەسەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی هەڵواسیە.

وادیارە ئەوروپییەکان ناتوانن سەرکەوتنەکانی سـەلاحەدینی ئەیوبی لەیاد بکەن دوای ئـەوەی لە ساڵی 583 ی کۆچی تامی ملکەچی پێ چێشتن و هێزەکانی فەرەنگی (فرنجەی) لەناو برد. لە

---

(1) الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیە، ج 3، ص 137.

هەمان کات میژوو بیریان دەخاتەوە کەوا چۆن کورد پرۆژەکانی رۆژئاوایان شکست پێهێنا لە هەزارەی یەکەمی زایینی کە روادییە کوردەکان توانیان یەکەم هێزی خاچپارێزی تێکبشکێنن.

ئەم سەرکەوتنانەی کوردان لە شەڕی خاچپارێزی یەکەم و دووەم زۆر گران وەستایەوە. تا ئێستاش کورد ئەم باجە دەدەن، ئەوروپییەکان ئەمڕۆ دەیانەوێت بیسەلمێنن ئەوان شکستخواردووەکانی بەردەستی سەلاحەدین نین، ئەوانە نین کەوا رایانکرد لەبەردەم پێشەنگی سوارچاکانی کورد لە رۆژگاری دەولەتی رەوادی کوردی کە توانیان هاوپەیانی رۆژئاوایی دژی ئیسلام تێکبشکێنن، کۆهێزی بیزەنتی و ئەبخاز و کرج و خەزەر و ئەرمەن، گەلێکی ئازا و خۆڕاگری وەك کورد، توانای راپەڕین و کاریگەری لەباری هەیە لەگەڵ گەلانی دیکە، لەبەر ئەوەی گەلێکە خاوەن شارستانی و میژوویێکی کۆن و رەسەنایەتی هێشتا دەتوانن ئاسایش (Security) دابین بکەن، هاوسەنگی کۆمەلایەتی و ئابووری لەگەڵ گشت نەتەوە و گەلان رابگرن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن دتوانن شۆڕشێکی شارستانی هەلگیرسێنن رێگایەکی دیکە بۆ مرۆڤایەتی بکاتەوە لەگەڵ هەموو ئەو بەسەرهاتە ناخۆشانەی تیایدا ژیان. هیچ نەتەوە (Nation) یەك نییە لەسەر گۆی زەوی ئەوەندەی گەلی کورد (Kurdish people)ی بەسەر هاتبێت بە رەوتی رۆژگار و لە هەموو چاخەکاندا. کێ دەزانێت دەشێ پێشبینییەکە بێتەدی و سەرۆکێکی نوێ لە نەتەوەی کورد پەیدا دەبێت و ماف وئازادی و شکۆمەندی بۆ کورد دەگێڕێتەوە و جارێکی دیکە ئازادی بۆ فەلەستین دێنێت.

ولاتی کوردان ناوچەیەکە پڕ توانا و توانست و بەهرەی مەزن خەلکەکەی کاریگەرانە کاریان کردەسەر شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی. بەتایبەتی، هاوشانی هاوکاریان لە شارستانیەتی فارسی و تورکی. ئەوەشیان لایەنێکی مەزنی دێرینی ئەم گەلە پێشان دەدات و قوولایی میژوو و شارستانیەتەکەی کەوا بە سەرچاوەکانی شارستانیەتەکانی دەوروبەری دەولەمەند کردووە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و کولتووری و میژوو و بوارەکانی دیکە.

بەڕاستی نەتەوەیەکە لەناو ناچێت یان نامرێت، لەبەر ئەوەی سەردەمانێکی زۆر لەمێژە زیندووە و زیاتر لە سێ هەزار سالە لە خەبات دایە. زانین و داهێنانی ژیاری تێدا کۆبۆتەوە لە

خاکەکەیدا، کولتورێکی رۆشنبیری مەزن هەڵقوڵیوە لە هەموو بوارەکانی زانست و هونەر و ئەدەب. توانیان رێگای خۆیان بېڕن بەرەو سەقامگیری و بنیاتنان و گۆڕان و دەسکەوتی مەزنیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هێناوەتەدی، تیایدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دێهاتی کشتوکاڵیان دامەزراند، یەکەم کۆمەڵە مرۆڤن فێری کشتوکاڵ بوون نزیکەی 9000 ساڵ پ.ز و لە 5500 پ.ز پێشکەوتن بە بەڵگەی دێی (چەرموو)، لەناوەڕاستی چاخی بەردینی نوێ و توانیان قەوارەیەکی کۆمەلایەتی سیاسی پتەو پێکبهێنن بە گۆڕان لە دێی کشتوکاڵیدا بەرەو ژیانی شارستانی و بەردەوام بوون لە رەوتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەی شارستانی، شارە گەورەکانیان دامەزراند، بەم جۆرە کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا گەشەی سەند و کاریگەری هەبوو لەسەر داهێنانی شارستانی و ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم گۆڕانی مرۆڤایەتی کرایەوە.

هیوام بە خودای گەورەیە بتوانم لەم هەوڵەمدا سەرکەوم و لایەنە بەخشندەکانی شارستانی گەلی کورد بەهەمە روو، وێنەیەکی ئاشکرا لەبارەی قووڵایی مێژوو و کولتوورە رەسەنەکەی بەهەمەروو، هەرچەند نەتەوەکانی دەوروبەری هەوڵیانداوە – نیا ئومێدانە – لەو کولتووورە و رابردوو و ئێستا و ئایندەی دابڕن، ئادگار و هێما مێژوویی و شوێنەواریەکانی کە ئەم تایبەتمەندییە شارستانیەی گەلی کورد دەنوێنێت، رەشکەنەوە.

ئەوەی مێژوو واقیعیانە بخوێنێتەوە ئەم راستییە دەدۆزێتەوە کەوا کورد نەتەوەیەکی مەزنن و هەلاتنی یەکەم گزنگی شارستانی یەکەم مرۆڤیان بینیوە لە سەردەمی سۆمەریان، ئەوکاتی تاریکی هەموو جیهانی گرتبۆوە.

سوپاس خودایە، ئاراستەت کردم بۆ راستەرێ و رێت بۆ هەموار کردم بۆ خوێندن و بژێویت بۆ فەراهەم کردم و کارت بۆ ئاسان کردم و پلە و پایەت بەرز راگرتم. سەرکەوتن تەنیا لەلایەن تۆوە دێت، ئەی رێپێشاندەری توانا بەسەر هەموو شتێك، ئەی بەخشەندەی میهرەبان و دادپەروەرترین فەرمانڕەوا.

دەرووی یەکەم

کورد (The kurds)

* کورد (The kurds)
* رەچەڵەکی کوردان
* چینەکانی کوردان
* بنچی کوردان
* زمانی کوردی
* تیۆری گەلی ئاری
* بیژەی کورد لە زمانی عەرەبیدا.

کـــورد (The Kurds)

دانیشتوانی کوردستان (Kurdistan) لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ (OURMIA) بە نـاوی کورد ناسراون، ئەم ناوە بۆ یەکـەمجار لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکاندا تۆمـار کـراوە. هەنـدێك دەرکەوتنی ئەم ناوە دەگێڕنەوە پێش دەرکەوتنی تورکان لەسـەر گۆڕەپـانی سیاسـی لـە ئاسـیای بچووکدا. وشەی کورد بە واتا و چەمکی کوردی زۆر لەمێژە بـەکاردێت، دەشـێ بگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمانێکی زۆر زۆر کۆن[1]. باسیان لە کتێبە رۆمانیەکاندا (Romans) هاتووە، ئـەمیانوس لە کتێبەکەی (مێـژووەکان) دا و دواتـر سـترابۆن و هـومیرۆس و هیپـوکراتیس بـەناوی ولاتـی (کوردینی) باسی کـردوون. بلوتـارخیس 50 – 125 ز بـەناوی (کوردینیـوس) نـاوی بـردون. هەروەها بەناوی کوردۆك (Kurduk) ناویان هـاتووە، لـە هەواڵـەکانی هەریـەك لـە بلینـوس و مرکلینس و کاسیوس، ئەم ناونانە لای زۆربەی مێژوونووس و نووسـەرانی سـەدەی نۆزدەهـەمی زایینی پەسەند بوو.لە کتێبەکانی مێژوونوسە ئەرمەنییەکان وەك فاوسیتوس بیزەنتی و موسای خورینی بەناوی (کردوخی) و (کورتی) هاتووە، لای عەرەب بە (کرد) بەناوبانگ بوون کـە نـاوی باوە.

کورد لە کۆنترین دانیشتوانی ئاسیا دەژمێردرێن. ئەوانەی لە زنجیرەیـەك قۆنـاخی یـەك لەدوای یەك پێکهاتوون و لە دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەو خاکەیانن، وەك زۆر لە رۆژهەلاتنـاسانو جوگرافیزانان و گەڕیدەکان دووپاتی دەکەنەوە، لەوانەش رۆژهەلاتناس و زانای فەرەنـسی روجیـە لیسکو و مێژوونوسی دانیمارکی ئارسەر کرستنس و زانای رووسی مینورسکی (Minor sky) و توماس بوا (Tomas Bois) و زانـای بـەناوبانگ ڤیلچیفـسکی (VITCHEVSKY) و دیـاکونوڤ (DYAKONOV) و فەرەنسی دی گوپێ و باسیل نیکتین (BASILNIKITIN) و مار (MARR)و چەندانی دیکەش.

لە عەرەباندا (Arab) ئەبوحەسەن کوڕی داودی بەغـدادی، بـەلازەری و ئـبن خردازبـە و ئـبن فەقیهی ئەبوبەکری هەمەدانی و ئبن رسـتە و ئەبی عـەلی ئەحمـەد کـوڕی عـەمر، مەسـعودی و

---

(1) محمد نجم الدین، الکرد و کردستان، ص 3.

یاقوتی حەمەوی و ئوستەخری و ئبن حەوقەل و ئبن ئەسیر و یەعقوبی و ئەبو جەعفەر محەمەد ئبن جەریر ئبن یەزیدی تەبەری و حەمەدوڵلای مستەوفی قەزوینی و جوگرافیزان عیمادەدینی ناسراو بە ئەبو فیدا و دینوری و ئیدیکەش.

لە تەفسیری ئبن کوسەیر و سیوتی و ئالوسی دا سەبارەت بە راڤەی ئایەتی قورئانی پیرۆز کە دەڵێت: ((ستدعون الى قوم اولى بأس شديد))[1] دەڵێن: ((يقال بأن النبـى صـلى الله عليـه و آله و سلم قال: ان هذه الاية جاءت في استحسان قوم شجعان يلبسون نوع من الحذاء المصنوع مـن الشعر و هم اكراد))[2]. واتـە دەڵـێن پێغەمبـەر (د.خ) وتوویـەتی ئـەم ئایەتـە سـەبارەت بـە هەڵوێستی باشی نەتەوەیەك هاتوەتە خوارەوە و پەسەندیان دەکـات و ستایـشیان دەکـات کـەوا جۆرە پێلاوێکیان لەبەر دایە لە موو دروست کراوە و ئەوانەش کوردن.

لە نووسەرە مەسیحییەکان (Messianism) ئەوانەی باسی کوردیـان کـردووە، بارهیبرایوسـی بەناوبانگ لای عەرەب بە (ئەبی فەرەجی مەلتی) و گەریدەی عوسمانی (ئەولیا چـەلەبی) باسـی کردوون، هەروەها مێژووەوان ئەحمەد کوڕی لوتفوڵلای ناسراو بە مونەجیم باشـی واتـە (سـەرۆکی ئەستێرە ناسان). هەروەها باسیان هاتووە لای مێژوونووسانی فارسی وەك: ئەحمـەدی کیـسرەوی تەبریزی و عیمادەدینی ئیسفەهانی و مێژوونوسی کوردی شکۆمەند حسێن حوزنی موکریـانی و مێژوونووس عەبدولسەمەدی توداری و مێژوونووسی کورد ئـبن خەلـەکان لـە هەواڵنامەکەیـدا و گەریدەی بەناوبانگ مێژوونووس ئەحمەد کوڕی یوسف کوڕی عەلی فارقی ئەزرقی.

بووە بە نەریت لە هەموو سەردەمەکاندا، باسـی کاروبـاری کـوردان دەکرێـت لـە زۆر گۆشـە نیگای جیاوازەوە، بە گوێرەی کۆنەکان کورد هۆزگـەلێکی چـیایین توندوتیـژ، نـاوە نـاوە بـەرەو دەشتایی دەکشێن وەك جەنگاوەری سەر بە هۆزێك یان زیاتر، هـەروەها بەشـێکن لـەو نـاوبڕەی نێوان مێسۆپۆتامیا و بانی ئێران و تورکیا. لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمـدا کـورد خۆشـیان لـە

(1) سورة الفتح: 17 .

(2) هەروەها لە (تفسير روح المعانى) و (تفسير الميزان) و (ترجمة القران) ی فـەرەزان حـسێن هنـدی و بیـان الائمە دا هاتووە.

جەنگ دەهات، لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بە لایەنگیری باس کراون و بە ئازا و بەجەرگ و توند ناوبراون، ئەوانەی سەردانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسیان کردووە))[1].

((هەرچۆنی بێت ناوی ولاتی (کوردوین یان کوردوینا) بە شارە بەناوبانگەکانیەوە (ساریسا – ساتالکا – بیناکا)ی کە دەکەوتە سەر زێی دیجلە لە کوردستان هەواڵەکانی لە جوگرافیای سترابونی یۆنانی لە سەدەی یەکەمی پ.ز نووسراوە))[2]. بێگومان ناوەکە لەگەڵ ناوی تازەی کوردستان کە لەسەردەمی سەلجووقییان[3] واهاتووە رێك دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی زۆر تیۆری هەن سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی ژیان و مێژووی گەلی کورد کە لە لایەنێکی دیکەی ئەم کتێبە باسی لێوە دەکەین.

(1) القبائل الكوردية، ويليام ايغلتون، ترجمة د. احمد محمود خليل، كردستان، 2006، ص 11.

(2) راجع STRABO

(3) تاريخ الكورد القديم، د. جمال رشيد، د. فوزي رشيد، اربيل، 1990، ص 11.

ڕەچەڵەکی کوردان

زۆر تیۆری هەن (Theories) سەبارەت بە بنچی کوردان، پێش ئەوەی لەبارەی ئەم تیۆریانە بدوێین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا ((لێکۆڵینەوە لە رابردووی دووری هەر نەتەوەیەك، لێڵ و نادیارە و چەندان گریمانەی لە بارەیەوە دێتەوە، لەبەر ئەوەی پشت بە بەڵگەی نووسراو یان بەڵگەی مادی دیار نابەستێت، لەبەر ئەوەی چاخەکانی پێش مێژوو نووسینیان نەزانیوە و لەبارەی ئەوەی رابرد شوێنەواری مادی تەواومان دەست نەکەوتووە یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی باو، لەبەر ئەوە شوێنەوارناسان و مێژوونووسان کاریان لەسەر بنیاتنانی گریمانە و تیۆری کردووە بە پشت بەستن بە هەندێ سابەڵگە و بەڵگەی ناڕاستەوخۆ.[1].

لە تەوراتدا هاتووە، نووح سێ کوڕی هەبووە، دوای توofان و نیشتنەوەی کەشتی نووح لەسەر چیای جودی لە باکووری عێراق[2] مرۆڤایەتی لەوانەوە سەرچاوە دەگرێت ، ئەوانیش سام وحام و یافس بوون. سامیەکان نەوەی سام کوڕی نووحن لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ژیاون و دوای زۆربوونیان بوون بە لك و هۆزی دیکە، ئەم پۆلێنکردنەش ئەوە دەردەخات کەوا تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی دانیشتوانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆر کۆنن، هەرچەندە هەیە بەهای مێژوویی چیرۆکی تەورات لەبارەی نوح و منداڵەکانی بە هەند هەڵناگرێت. رۆژهەلاتی ناوەڕاست پێلی جیاجیا و لە نەتەوەی جیاجیا روویان تێکردووە و تیایدا ژیاون و بەمزمانی خەلکەکەی دواون، دابونەریتی ئەوان فێربوون، وەك پێلی هۆزە ئارییەکانی کاکڵی بەرایی و یەکەمی نەتەوەی کورد بوون.

---

(1) الوجيز في تاريخ العراق القديم، د. عبدالقادر عبدالجبار الشيخلي، ص 43.

(2) بەورای مێژووزانان سەبارەت بە چیای جودی جیاوازە، هەیە دەڵێن لە (جزیرە) یە، هەیە دەڵێن لە سلێمانیدایە، هەیە دەڵێن (چیای مەگرون)ە. بەپێی ئەو باسەی لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە، چیایەکی کووڕە، نووك تیژە وەك سەری رم. وشەی جودی هەیە دەڵێت لە (گوتی) یەوەیە لە عەرەبی بووە بە (جودی) هەمان ناوی ناسراوە، کە لای سۆمەرییەکان بە گەلی کورد وتراوە، بڕوانە (شەرەفنامە)، ص 277.

ئەوەی لە تەورات هاتووە لای خەڵك هەر جێی ڕەزامەندی نەبوو و ڕەچەڵەکناسە عەرەب و کورد و فارسەکان پشتیان پێدەبەست لە کتێبەکانیان سەبارەت بە ڕەچەڵەکەکان، بەناو بانگترینیان، ڕەچەڵەکناسی عەرەبی شێخی گەورەی سویدی و شێخ قەلقەشەندی و ڕەچەڵەکناسی کورد سەید عەبدولسەمەد توداری و حسێن حوزنی موکریانی و ڕەچەڵەکناسی فارس ئەحمەدی کیسرەوی تەبریزی، بیروڕاکان لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد زۆر و هەندێکیان لێکدژن. دەبینین زۆر لە ڕەچەڵەکناسان و مێژوونووسانی عەرەب بنچی کوردیان گێڕاوەتەوە بۆ دوو لك:

لکی یەکەم: لە ئاشوور (Isor) کوڕی سام، ڕۆچووان لە کورد بووندا، دانیشتوانی ڕەسەنی کوردستان، ناوی کوردیان لێنراوە بەهۆی کوردی کوڕی ئێران کوڕی ئاشوور کوڕی سام کوڕی نووح کوڕی لمك کوڕی متوشلخ کوڕی ئەخنوخ کوڕی ئەليارد کوڕی مهلائیل کوڕی قینان کوڕی ئانوش کوڕی شیت کوڕی ئادەم. لە بنەماڵەی ئێران ئەم کوردە بوو سەر بە پادشایەتی ئێران بوو کە پادشاکانی فارسی تێدایە.

مەعمەری شەهابی بن فەزڵوڵلا لە کتێبەکەی (التصريف) دەڵێت: بە موسڵمانەکان دەوترێت کورد و بە کافرەکان دەوترێت (کرج)، لەوکاتەدا دوو وشەی جیاواز هەیە کورد و کرج و یەك ڕەچەڵەك.

کورد بەرەیەکن لە خەڵك چەندان هۆزیان لێبۆتەوە، هەموو کوردان سەر بە یەك باوکن. ئەوەی باوە وشەی کورد بە هەمووان دەوترێت.

لکی دووەم: ئەوەی کورد کوڕی مزیقیا کوڕی عامر (مائولسەماء) کوڕی حاریسەی عەتریفی کوڕی ئیمرونئولقەیس کوڕی سەعلەبە کوڕی مازنی ئەزدی کوڕی غەوس کوڕی نبت کوڕی مالك کوڕی کەهلان کوڕی زی بنومەنای کوڕی سەبەء کوڕی یەشجب کوڕی یەعریب کوڕی قەحتان کوڕی عامر کوڕی شالخ کوڕی ئەرفخشد کوڕی سام کوڕی نووح کوڕی لمك کوڕی متوشلخ کوڕی ئەخنوخ کوڕی ئەليارد کوڕی مهلائیل کوڕی قینان کوڕی ئانوش کوڕی شیت کوڕی ئادەم.

مزیقیا عەمرۆ، کوڕەکانی تیرەیەکن لە ئەزد، پادشای یەمەن بوون، ناوی نراوە مزیقیا، وەك لە (قاموس) دا هاتووە دەڵێت هەموو ڕۆژ دوو دەستە جلکی دەپۆشی ئێوارە دەیدڕاندن و پێی

ناخۆش بوو هەر ئەوان لەبەر بکاتەوە یان بیدەن بە کەسێکی دیکە دەبەری بکات، بۆیە دەیدرپاندن، کەواتە کورد مزیقیا عەمرو نەوەیەکی ناسراون کۆی (کرد) لە عەرەبیدا (اکراد)ە، باپیرە گەورەی کوردان، کورد کوری عەمرو مزیقیا کوری عامر (ماء السماء – ناوی‌ئاسمان) لە قاموسدا هاتووە و لەوێشەوە شێخی پایەبەرز ئەبی فەوز محەمەدئەمین بەغدادی بەناوبانگ بە سوید[1] و کۆمەڵەیەکی دی دەڵێن کورد بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە بۆ کورد کوری کەنعان کوری کوش کوری حام کوری نوح[2]. یان نەوەی (کورد کوری مەرد کوری یافس) ن[3]. کۆمەڵەیەك ڕەچەڵەکیان دەگێڕنەوە بۆ (مضر بن نزار)[4]. کۆمەڵەیەکی دیکە ڕەچەڵەکیان دەگێڕنەوە بۆ (ربیعة بکر بن وائل) و بە ولاتی عەجەمان پەرت بوون دوای جەنگێکی نێوانیان لەبەر ئەوە ناونران عەرەبەکانی عەجەمان (اعراب العجم)[5].

ئەم هەوڵدانە بۆ بەستنەوەی بنجی کورد و عەرەب بەیەك ڕەچەڵەك لە لکی کورد کوری مزیقیا عمرو وەك هەندێ هەواڵگرێیەکان و ڕەچەڵەکناسە عەرەبەکان دەیکەن، لە ڕاستیدا تیۆری یان بە تەواوی ڕای ناواقیعین.

---

(1) بەناوبانگترین ڕەچەڵەکناسی عەرەبە: شێخی پایەبەرز ئەبی فەوز محەمەدئەمین بەغدادی بەناوبانگ بە سویدی بگەڕێوە بۆ کتێبەکەی (سبائك الذهب في معرفة قبائل و انساب العرب)، بگەڕێوە بۆ کتێبی (جمهرە الکتاب)، (محمد بن الحسن بن درید الازدی البصري، دار صادر، بیروت، ج 1، ص 255). هەروەها بگەڕێوە بۆ: (نهایة الارب فی معرفة انساب العرب) ی (شیخ شهاب الدین ابی العباس احمد بن عبدالله القلقشندی المصری الشافعی)، هەروەها بگەڕێوە بۆ: اشهر النسابە الکورد، السید عبدالصمد التوداری، کتاب (نور الانوار) ساڵی 1099 لەبارەی ڕەچەڵەکی سەیدەکانی کوردان.

(2) بگەڕێوە بۆ کتێبی (الجوهر المکنون فی القبائل و البطون) و کتێبی (تاج العروس) هەروەها مەحمود شوکری ئالوسی لە کتێبە دەستنووسەکەی (عمود النسب فی انساب العرب) بەرگی دووهەم باسیان دەکات.

(3) نهایة الارب، بیروت، ج 2، ص 290.

(4) بگەڕێوە بۆ کتێبی (المسعودی – التنبیه و الاشراف) هەروەها (مروج الذهب)، ج 2، ص 131.

(5) وەك مامۆستا عەباسی عەزاوی لە کتێبی (روضة المناظر في أخبار الاوائل و الاواخر) و (لابی الولید محمد بن الشحنة، ج 2، الکردیة، بغداد، 1947.

دەشێ لەیەکچوونی شارستانی بەڵگەیەك بێت بۆ نزیکی و تێکەڵی دوو گەل هەر لە کۆنی کۆنەوە، بەلام بەهیچ شێوەیەك واتای وای نییە بنجی کورد و عەرەب یەکبن. هەرچەندە ئەو تێکەلاوییە شارستانی و مێژوویەی هەیە. ئەم را و بۆچوونانە تەنیا رای هەندێ رەچەڵەکناس و مێژوونووسانە کە هەوڵیاندا بنجی کورد و پێشینەیان ببەستنەوە بە رەسەن و پێشینەی عەرەبی سامی. وادیارە ئەو پەیوەستەگیەی ئەو رەچەڵەکناس و مێژوونووسانە پێیگەیشتوون، ئاماژەیان بۆ گێڕانەوەی بنجی کورد بۆ گەلانی سامی دوای ئەوەی مرۆڤ دوای تۆفان، وەك تەورات ئاماژەی بۆ دەکات، رەچەڵەکی مرۆڤ دیاری دەکات.

تەورات ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە داوە کە ئیلامییەکان (ELAM) کە رۆڵەی عیلام کوڕی نوحن ئەوانی گێڕاونەتەوە بۆ سامی و لولوییەکان کە کۆنترین دانیشتوانی کوردستانن. ولاتیان باکووری عێراقە ورۆلی گرنگیان گێڕاوە لە دابینکردنی بنگە بنچینەییەکانی نەتەوەی کورد، وەك گوتی و کاسی و خالدی و مانییەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین. لێرەدا واباشە ئاماژە بەوە بکەین کەوا ئەو قۆناخە بە قۆناخی بنچینەیی دەژمێردرێت بۆ پێکهێنانی سەرەتاکانی نەتەوەگەری (Nationalism) کوردی، دواتر کەوتە قۆناخی دووەم کە پەیوەستە بە دەرکەوتنی میللەتەکان و جێگربوونیان لە ولاتی کوردان، لەکۆتایی هەزارەی دووەمی (پ.ز) بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی هۆزەکی لە ئاکامدا بوە هۆی دروست بوونی نەتەوەی کورد، لەسەر بنجی رەگەزی ئاری وەك گەلێك لە بنجی هیندو — ئەورویی، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە گەلە ئێرانییەکان، بێ ئەوەی ئادگاری مێژوویی درێژخایەنی کە دەیسەلمێنێت خاوەنی رەوای ئەم خاکەیە، ئەو خاکەی هەزاران ساڵە تیایدا نیشتەجێن، ئەوەشیان ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کەوا ئەوان دانیشتوانی رەسەنی کوردستانن، هەر لە رۆژی دروستبوونیانەوە، بەپێی بەڵگە و نیشانە و دەقی مێژوویی.

بەپێی باوەڕبوونمان بە توێژینەوەی زانستی بۆ سەلماندنی راستیەکانی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان سەبارەت بنجی کوردان، گەر گریمان بەو رایەی کە رەچەڵەکناس و هەوالگۆیە عەرەبەکان(الاخباریون العرب) دەیڵێن سەبارەت بنجی کوردان لە لکی کورد کوڕی مزیقیا عمرو، ئەوەش واتای وایە ئێمە مێژووی زۆر گەلانی دیکە تێکەڵ دەکەین و رەسەنایەتیان ناهێڵین و

مێژوو و شارستانێتیان ناهێڵن لەبەر ئەوەی ئەم رایە بەو رووکارە دەچێت ئاشوورییەکانیش بە رەچەڵەك دەباتە سەر کوردان.

بەپێی تیۆری ئەو یان رایەی کە دەڵێت ئاشوورییەکان ئەوانەی لە لکی ئاشوور کورشی سام دەگەرێنەوە بۆ کورد کوڕی ئێران کوڕی ئاشوور کوڕی سام کوڕی نوح، لە کوردە کۆنەکانن و چوونەتە دوورگەی عەرەبی، بەلام بەهۆی خراپی باروودۆخ کۆچیان کردووە و وەك هۆزەکانی دیکەی جەزیرە کۆچیان کردووە و چوونەتە عێراق و دیسان گەیشتنەوە کوردەکانی باکووری عێراق، ئەوانەی دوای ئەوەی کەشتی نوح لەسەر چیای جودی نیشت لەوێ نیشتەجێ بوون. چیای جودی (Gudi) لە کوردیدا واتای (شوێنەکەی دۆزیەوە). بەم جۆرە ئاشوورییەکان کۆچیان کرد بۆ عێراق لە 3500 پ.ز . ئاشوورییەکان لە هۆزەکانی جەزیرەن و هاتوون بۆ بەشی باکووری عێراق، زمانیان دیالێکتێکی کۆمەڵە سامییەکانی باکوورە.

وادیارە ئەوان کە بەشی باکووری عێراقیان هەڵبژاردووە لەبەر ئەوە بووە کە توخمی کێشی شارستانی تێدابووە کە مێسۆپۆتامیا (Mesiopotamia) پێی بەناوبانگە. لەو کاتیدا، ناوچەی گیربوونیان لە باکووری عێراق بەناوی ئاشوور (ISOR) ناسرا، ئەو ناوەش لەناوی باپیرە گەورەی کورد (ئاشووری کوڕی سام کوڕی نوح) وەك رەچەڵەکناسە عەرەبەکان باسیان کردووە، ئەم ناوە بووە بەناوی پایتەختیان و خوداوەندیان. زۆر لە مێژوونووسان بنچی ئەم ناوە نازانن، واتە بۆ ناونران ئاشوورییەکان؟ وەك خوالێخۆشبوو د. تەها باقر ئاماژەی بۆ کردووە.

لە راستیدا، هیچ گەلێك ناتوانێت ناوێك لە خوداوەندە نەتەوەییەکەی بنێت بێ ئەوەی بزانێت هۆی ئەم ناوە چییە، لەبەر ئەوە لەرووی مێژووییەوە دەشێ بنچەکەی وەك ئاماژەمان پێکرد وابێت. هەرچەند نەتەوەی دیکە هەن وەك بابلییەکان (Babyloniens) و سۆمەرییەکان (Summerian) و ئەکەدییەکان (Akkadis) هەن.

رای باو بۆ ئەوە دەچوو کەوا ئەم نەتەوانە ناوەکەیان لەناوی شارەکەیانەوە هاتووە، بەلام ئەمان بینی هیچ کامێکیان ناوی خوداوەندەکەیان لەخۆ بنێن، ئەمەش بنچی بۆچوونی ئەم رایە دەردەبرێت سەبارەت بە بنچی ناوەکان.

لەم بنەڕەتەوە دەتوانین بڵێین ناوی ئاشوورییەکان لەناوی ئاشوور (ISOR) ی کە لە ڕەچەڵەکی کورد دا هاتووە، ئەوەشیان بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ کۆنی گەلی کورد و ڕەسەنی و قووڵایی مێژوویی کورد. شایانی باسە ململانێی نەتەوەیی هەبوو، ناوی ئاشوور پێشی نیوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین بەرچاو بوو، بەوانە دەوترا کە دوای تۆفان مابوونەوە.

نزیکی میللەتی ئاشووری و میللەتی نیشتەجێی باکووری عێراق، ناسراو بە سوبارتییەکان بنەڕەتێك بوو بۆ یەکیەتی و یەکبوونی هۆزە کوردییەکان لەسەر خاکی کوردان. کە ئاشوورییەکان هاتن بۆ ناوچەکە، هیچ ڕێگریێك نەبوو ناوی سوبارتییەکان وەرگرن لە هەندێ دەقی بزماریدا، بەتایبەتی دەقەکانی سەردەمی بابلی کۆن، پادشا دادوشا پاشای ئەشنونا (سەرەتاکانی هەزارەی دووەم پ.ز) کە باسی سوپا دەکات ڕێدەدات ئێدی یەکەم فەرمانڕەوای شاری ساری گوێبیستی کۆمەڵی سوبارتوییەکان و خانیان دەبێت.

یاخی بووی کلدی مەردوخ بلادانی دووەم 721 – 711 پ.ز باسی سوپای سەرجونی ئاشووری دەکات بە کۆمەڵی سوبارتو (Subbarto) کان و پادشای سوبارتو ناویان دبات، وادیارە ئاشوورییەکان ناوی سوبارتویان لەخۆ ناوە لە زۆر دەقی گەشبینینامەدا (الفال)[1]. ئەوەشیان نیشانەیە بۆ کۆنی ئەم گەلە و ڕەسەنی و فرەوانی پانتایی جوگرافی کە تیایدا ژیاوە و بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئازایی جەنگیان.

چەندان شاری دیکە هەمن هەمان ناوی سوبارتویان هەڵگرتووە، وەك ناوی شای یۆنانی بەناوبانگ (سبارتە – سبارتوو) کە لە داستانە یۆنانی و ڕۆژئاواییەکاندا هاتووە، بەگشتی بە زەبەلاحی و پاڵەوانە ئەفسانەییەکانیەوە بەناوبانگن وەك هەرقل. ڕووکاری سەرەکی لە سبارتوو بایەخدان بوو بە مەشقی جەستەیی و هێزی ماسوولکە دەردەس کردن بۆ ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز بۆ بەرگری کردن وەك سوبارتویەکانی باکووری عێراق، ئەوانەی بایەخیان دەدا بە ڕاهێنانی جەستەیی و هێزی ماسوولکە لە ئامادەکردنی سوپاکانیان. ئەو جەنگەی نێوان ئاشوورییەکان و

---

(1) طالب منعم حبيب – سنحاريب – سيرته و منجزاته – رسالة ماجستير، جامعة بغداد، غير منشورة، 1986، ص 5 – 8.

سوبارتویەکان کە دواتر روویدا بەهۆی زیندەبوونی داخوازیەکانی ئاشووریان و چاوبڕینە دەسەلات بوو بۆ دەسەلات بەسەر داگردن و ستاندنی دەسەلات و سەروەری لە دانیشتوانە رەسەنەکان لە کۆندا جەنگ هەڵدەگیرسا بە زۆر هۆ، هەرەگرنگەکەی گلدانەوەی دەسەلات بوو بۆ لایەنێك لە رێگای دەسەلاتی سەربازی بەسەر ولاتانی دیکە و فروان کردنی ولات بە داگیرکردنی ولاتانی دیکە. ئەم یاسا و رێسایانە لەناو هەموو گەل ونەتەوەکاندا پەیرەو دەکرا هەتا لەنێو وردە دەوڵەت و میرنشینە عەرەبیەکانیشدا.

ئەو رایەی ئاشووریەکان دەباتەوە سەر کورد بابەتێکە گفتوگۆ هەڵدەگرێت. دەشێ دەرگایەك لە دەرگاکانی توێژینەوەی زانستی بخاتە سەر پشت، سەبارەت بنجی تیۆرییەکە و دروستی ئەوەی خراوەتە روو، لە لایەکی دیکەوە راستییە مێژووییەکان، ئەوەی دووپات دەکەنەوە کەوا، بێگومان، رای رەچەڵەکناسی عەرەبەکان رەتدەکاتەوە کە دەڵێت کورد رۆڵەی کورد کوڕی مزیقیان و ئەوانیش تیرەیەکن لە ئەزدی عەرەب.

قۆناخی سێیەم لە مێژووی گەلی کورد، بە چاخی راپەڕینی نەتەوەیی دەژمێردرێت بۆ کورد، بە قۆناخی زێڕین ناو دەبرێت بۆ گوێجانی سیاسی و سەربازی و رۆڵی لەباریان لە رزگاری ئیسلامی دوای ئەوەی باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێنا و رۆڵی سیاسی کاریگەریان گێرا لە ئاسیا و رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ بە دەرکەوتنی دەوڵەتی رەوادی و ئەحمەدیلەیی و شەدادی و مەروانیو دۆستەکی و ئەیوبی و ئیدیش لە میرنشینە بەهێزەکان کە خاوەن دەسەلاتی سیاسی کاریگەر بوون، لێرەوە دەبینین دەرکەوتنی رۆڵی مێژوویی کورد لە پەکخستنی جەنگەکانی خاچپارێزی پێش رزگارکردنی فەلەستین لەسەر دەستی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی (Salahadin) لە جەنگەکانی خاچپارێزی دواتر...

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کورد لە کۆنترین میللەتانی ئەم ناوچەیەن و بە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی خۆیان دەژین، بەلام بە درێژی مێژوو دوچاری کرداری دەرکردن و دوورخستنەوە لە نیشتمان هاتوون و کەمکردنەوەی خاکەکەی لەسەر دەستی ئەو حکومەتانەی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە. گەلی کورد وەك مێژووی پشت بەستوو بە شوێنەوارە دۆزراوەکان

سەلماندوویەتی، سەر بە میللەتانی کۆمەڵەی زاگرۆسە (کاسانی گوتو، لولو لـە لکـی سـوبارتو، نوراراتو، ماندا، میتانیا و ماد)[1]، ئەوەشیان راستیەکی سەلماو و نەگۆڕە نـاکرێ رەتکرێتـەوە یان بگۆڕدرێت.

(1) شرفنامە، شرف خان البدلیسی، ترجمە محمد جمیل الملا احمد، ص 12.

چینەکانی کوردان

دەکرێ کوردان دابەشی سێ چین بکرێن :

1- کوردانی سەرەتایی :

یەکەم کۆمەڵەی مرۆیی بوون کە لەسەر ئەو خاکە دەژیان کە دواتر بە خاکی کوردان ناسرا لە قۆناخە بەراییەکانی پەیدابووندا. کورد لە یەکەم کەسانێ بوون کە یەکەم شارستانی کۆنی مرۆییان بنیاتنا، کە مرۆڤایەتی لە سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایین بەخۆوەی بینی. بەناوبانگترین ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەش سۆمەرییەکان بوون، ئەوانەی دواتر کۆچیان کرد بۆ خوارووی عێراق، هەروەها سوراتییەکان یان نەتەوەکانی سوبارتو (گەلی چیای)، کەوا لە باکووری مێسۆپۆتامیادا نیشتەجێ بوون و هۆزەکانی سوندی و تیئولی و کوموردی و دالی و میسی لەوان بوون.

رۆژهەلاتناس و مێژوونووسان و هەوالگۆیان توانیان بیانناسنەوە، لە رێگەی دۆزینەوەی شوێنەوار و تۆمارگە و دەقە مێژووییە کۆنەکانی سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لە کوردستان پێشان دەدات. ئەوان کاکڵی بەرایی بنیاتنانی نەتەوەی کورد بوون لە چاخی بەردینی کۆن، کەوا لە نیوەی چاخی بلایستوسین دەستپێدەکات.

دواتر ئاماژە بە گرنگترین شوێنەوارەکان دەکەین کەوا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردی دۆزراونەتەوە. لە دەرووی سێیەم دا لەم کتێبە باسی لێوە دەکەین و باس لە سەردەمە شارستانیەکان و چاخە مێژووییەکانی پەیدابوونی شارستانیەتی کوردی دەکەین لە ولاتی سوبارو.

2- کوردانی رەسەن:

ئەو کوردانەن رۆچوونە لە کورد بوون و لە بنچینەکی هاوبەش هاتوون کە باپیرە گەورەکەیانە. ئەوان دانیشتوانی رەسەنن، ئەوانەی مێژوونووسان بە کۆنترین دانیشتوانی زەویان دادەنێن و لە گەلانی هەرە کۆنیان دەژمێردرێن. لە رەگەزە مرۆییە نەتەوەییەکانی ناسراو بە ئازایەتی و توند و تیژی خاوەن زەبر ناسراون. لە ناوچەیەکی فراوانی ئاسیا نیشتەجێ بوون بە چیای زاگرۆسیشەوە

(Zagros) و بە کوردی باکوور ناسراون، لەوانیش لولو و گوتی و مانە و کاشی و خوری و کاسی‌و میتانی و میدیاییەکان بوون.

لەگەڵ ئەوەی خاکی کوردان ماوەیەکی زۆر مەیدانی شەڕ و پێکدادان بوو. مەیدانی ململانێی ڕەگەزی بوو بۆ داگیرکردنی، لەگەڵ کۆچباری روو لە زێدە بۆ تیا نیشتەجێ بوون، بەلام دانیشتوانە رەسەنەکەی کوردە کۆنەکان توانیان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و سەرکەوتن لە دامەزراندنی مەزنترین ئیمپراتۆرییە کۆنەکان لە مێژوودا، وەك: ئیمپراتۆرییەتی ساسانی و ئیلامی (Elam) کە بەرهەمی کوردانن، بەلام مێژوو ستەمی لە کورد کردووە و دەسکەوت و کارەکانی مێژوویی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەی داوەتە پاڵ فارسەکان.

3- کوردی تاوێتەبوو بە هۆزەکانی هیندو – ئەورووپی:

ئەو کوردانەن لە بنچینەیەکی هاوبەش (باپیرە گەورە) پەیدا نەبوویوون، بەڵکو چەندان هۆز بوون لە ئالان و پێشینەیان لە سکیت و کیمیرین و سرمات، ئەوانەی لە ئەورووپا بەرەو ولاتی کوردان کۆچیان کرد و تێکەڵی دانیشتوانە رەسەنەکە بوون لە رووی زمان و رەگەز بەیەکەوە دانیشتوانی کۆنی ئەم ولاتە پێکدێنن، سەرەتای نەتەوەیی گەلی کوردیان پێکهێنا دوای ئەوەی لەو کۆمەڵگە نوێیە توانەوە.

کۆچە یەك لەدوای یەکەکانی نەتەوە هیندو – ئەوروپییەکان HINDO – EUROPEAN بۆ خاکی کوردانی کۆن، رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە چەسپاندنی قەوارەی نەتەوەیی کورد لەسەر خاکی کوردستان و هاوکار بوو لە دروستکردنی مەزنترین دەسکەوتی شارستانی و دامەزراندنی گەورەترین ئیمپراتۆری (Empire) سەربازی لە رۆژهەلاتی کۆندا.

بنجی کوردان

کورد لەو گەلە کۆنانەیە کەوا لە ناوچەیەکی فرەوانی ئاسیا و بە تەواوی لە ئازەربایجان ئەرمینیا و جورجیا و ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا و لوبنان و ولاتانی دیکەی جیهان نیشتەجێ بووە. ئەوان دەرهاوێشتەی گۆڕانی مێژوویی نەتەوەکانیان و کاریگەرییە دەرەکیەکانی سەریان بوون، ئەوان پاشماوەی میدی و لولو و گوتی و خوری و میتانی و مانی و سوئیەکانن.

ئەو زانایانەی لە مێژووی گەلی کوردیان کۆڵیوەتەوە دەڵێن لە گەلانی هیندو — ئەوروپین واتە سامی نین، لەبەر ئەوە لە بنجی عەرەبی یان تورکی پەیدا نەبوونە. هەندێ بۆ ئەوە دەچن گەلێکی رەسەنن، مێژوویەکی پڕ پاڵەوانی هەیە، کەوا داستان و ئەفسانە کوردییەکان باسیان دەکەن، کە ئەمڕۆ باون. میدیایی بوونی کورد و شاری بوونیان سەلماوە. زۆربەی نووسەر و رۆشنبیرانی کورد و سەرکردەکانی هزری سیاسی و تیۆری دانەرانی بزووتنەوەی نیشتمانی و رەوتی نەتەوەیی کوردی لەسەر ئەم رایەن و پشتگیری دەکەن و پشتی پێدەبەستن و بە ڕاستی دەزانن[1].

((زۆر لە زانایان و بایەخدەران بە کاروباری مێژوو رای جیاوازیان هەیە لەبارەی بنجیان، هەندێکیان بە چەندان گەلانی کۆنی دیکەیان دەبەستنەوە و تیۆری و داستانیان لە بارەوە داناوە وەك ئەفسانەی وان))[2].

دوو داستانی ئەفسانەیی هەن لەبارەی بنجی کوردان:

داستانی یەکەم: (شەرەفنامە) هێناویەتەوە، کە لە سەردەمی شازدەی زایینی نووسراوە. دەڵێت ئەژدەهاکی زۆردار یان (زەحاك) وەك لە سەرچاوە عەرەبییەکان بە (الضحاك) ناسراوە، دووچاری دوو مار هات لەسەر شانەکانی رسکان، ئەم دوو سەرە مارە گەر رۆژانە مێشکی دوو لاویان دەرخوارد نەدرابایە دانەدەمرکان، بەرپرسی ئەو کارە رۆژانە مێشکی لاوێکی هێناوە

(1) عشائر کوردستان، د. ابراهیم الداقوقی، اربیل، 2001.:

(2) شرف خان البدلیسی، شرفنامە، بغداد، ج 1، 1935، ص 20.

ولاوێکی رەها کردووە و مێشکەکەی لەگەڵ مێشکی بەرخێك تێکەڵ کردووە و دەرخواردی مارەکانی داوە. لاوەکەی دیکە کە رەها کراوە هەلاتوون بۆ چیا و رەچەڵەکی کوردیان پێکهێناوە بە ژیان و هاوسەر گرتن لەگەڵ ئافرەتانی ناوچەکە.

داستانی دووەم: ئەوەندە سادەیە هۆش و لۆجیك باوەری پێناکات. ئەم دوو گێرانەوەمان لە خانەی ئەمانەتی زانستیەوە هێنایەوە بۆ ئەوەی بگەین بە راستیەکان و را و بۆچوونە وڕێنەییەکان رەتکەینەوە کە پەیوەندیان بە واقیعەوە نیە. بۆ گەیشتنە ئەو راستیانەی دوو کەس لەسەر ناکۆك نین، لە کتێبەکانی کولتووری عەرەبیدا هاتووە کەوا پادشا سلێمان ناردی بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی سەدان کچ و ئافرەتی جوانی بۆ بێنن، لە رێگادا کە دەیانهێنن بۆ سلێمان، ئەجندە دەستدرێژیان کردنە سەر و لە نەوەکانیان کورد پێکهات.

هەرچۆنێ بێت زۆربەی توێژەرانی مێژووی کورد، لەسەر ئەو باوەرِەن پەیوەندی پتەو هەیە لە نێوان کورد و میدییەکان، کوردەکانیش لەسەر ئەم رایەن[1]. کورد کۆنترین گەلانی سەر رووی زەوین، لە هەمووان رەسەنترن، لەسەر ئەو خاکە ژیاون کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین.

هەندێ لە مێژوونووسان وەك باسمان کرد، دەڵێن کورد نەوەی میدییەکانن، وەك مینورسکی (Minorosky) و ڤلیجفسکی (Vilivesky) و نیکتین (Nykatin) و دیاکۆنۆڤ (Dyaknov) و زۆر زانای دیکەی تایبەتمەند بە مێژووی گەلانی کۆن.

زانا و مێژووزانی رووسی مینورسکی، بایەخی بە بنجی کورد داوە و بە تایبەتی تیۆرییەکی داناوە سەبارەت بە بنجی کورد و لە ساڵی 1938 ز خستیە روو. ئەم زانایە بۆ ئەوە چووە کەوا نەتەوەی کورد (Kurdish Nation) لە پێشینەیەك کەوتوونەتە دوو هۆز (مێرد Les Marde) و (کورتوی Les Kyrtus)، دوای شکستی نەینەوا لە ساڵی 612 پ.ز لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو کوردستانی رۆژئاوا و باکوور هاتن، لەگەڵ پێشینەی کوردان (کاسی Kassite) و (گوتی Les Guti) کە خەڵکی رەسەنی ناوچەی زاگرۆس بوون. لە دوایەکانی هەزارەی دووەمی پێش زایین نەتەوەی (Peuplardes) هیندو – ئەورووپی هاتن بۆ کوردستان لە رووسیای خوارەوە و

(1) القبائل الکردیە، ص 16.

لەگەڵ دانیشتوانە رەسەنەکان ژیان و زمانی (ئاری) یان لەگەڵ خۆیان هێنا، کاریان کردە سەر دانیشتوانە رەسەنەکە و ئەم زمانانەی ئێستای کوردی لێ پەیدا بوو.

کەواتە کورد لە دیدی مینورسکی لە بنچی ئارین، تێکەڵ تۆخمێکی دیکە و نەتەوەی دیکە بوونەتەوە، واتە تێکەڵەیەکی رەگەزییە لە ئاریەکانی کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچەیە و تۆخمی رەسەن (دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە) و زمانی کوردی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە زمانی بەرایی بنەماڵەی ئێرانی کە زمانی فارسیش سەر بەو بنەماڵەیەیە[1].

لەڕاستیدا، من تیۆری زانای رووسی مینورسکی سەبارەت بە بنچی کوردان پەسەند ناکەم، لەبەر ئەوەی کورد، تێکەڵەیەك نین لە تۆخم و نەتەوەی دیکە، هەرچەندە هۆزە ئارییەکان کۆچیان بۆ کوردستان کردووە و تیایدا نیشتەجێ بوون. لەبەر ئەوەی گەلی کورد پەیدابوو و کەسایەتی نەتەوەیی رسکا لە دانیشتوانە رەسەنەکەی لەسەر خاکی کوردستان بوون هەر لە هەزاران ساڵەوە لە شوێنە دیکە نەهاتوون.

لەم توێژینەوەمان ئەوە دەسەلێنین، کورد دانیشتوانی رەسەنی چیای ئاسیای بچووکن، هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان ئەوەیان سەلماندووە — کە لە ناوچە کوردییەکان کراوە — پەیکەری ئێسکی مرۆڤی چاخی بەردینی یەکەم دۆزراوەتەوە لە ناوچە شاخاوییەکان کە لە وانەوە سەرەتای پێکهاتنی مرۆیی کورد پەیدا بووە. زۆر نەتەوەی دیکە هەمن تێکەڵ بە تۆخم و هۆزی دیکە بوونە، بەلام ناسنامەی نەتەوەییان پاراستووە، کوردیش وەك یەکێك لە نەتەوە کۆنەکان رەگازۆ لە ناوچەکە تێکەڵ رەگی دیکە بووە لە تۆخمی کۆچکردوو لە دەرەوەی کوردستان، بەلام توانیویانە بە ئازایەتی و لێزانیان گەلێکی ئادگار، دیار و خاوەن تایبەتمەندی پێکبێنن وەك نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی (Civilazation)، نەتەوەی دیکە هاوکاریان کردووە بە کۆچ کردنی ئاشتیانە بێت یان جەنگ و ململانێ (Conflicts) وناسنامەی مێژوویی (Historicism Identity) بۆ نەتەوەی کورد پێکهێناوە. هەرچەند تیۆری دیکە هەن لە چاخی نوێدا ئاماژە بە

---

(1) مینورسکی، دراسات حول تاریخ شعوب قفقایا.

ڕەگەزی ئاری دەکەن گوایە لە باڵاترین ڕەگەزی مرۆیین، بەڵام ئەوە باڵایی ڕەگەزی بە کورد دەخشێ و دەخرێتە تۆماری شارستانی و ناسنامەی نەتەوەییەکەی، هەرچەند ڕۆژگار لەم تیۆرییە ڕەتبووە.

زانای ڕووسی مار (MARR) ئەوەی دوویات کردۆتەوە کەوا کورد دانیشتوانی ڕەسەنی چیای ئاسیای بچووکن وەك ئەرمەن (Armeiyn) و جۆرجی (Georgian) و خالدی (Khaldes) و لە شوێنی دیکە نەهاتوون. مار بنجی کورد دەبەستێتەوە بە نەتەوەیەك ناویان لە نووسینە کۆنەکاندا بە (کردوخ) هاتووە.

مێژوونووسی یۆنانی کۆن ئەکزینوفون (Xenophon) لە ساڵی 400 پ.ز لەبارەی ئەم گەلە (Poeple) لە کتێبەکەی بەناوی (ئەناباسی) دواوە.

مار (MARR) لە تیۆرییەکەی پشت بە لێکۆڵینەوە لە داب و نەریت و لایەنە کۆمەلایەتییەکانی گەلی کورد دەبەستێت، سەرەڕای باوەڕ و بیر و بۆچوونیان کە وەك خۆی لێهاتووە، بیر و باوەڕی جۆرجیەکان و پەیوەندیان بە گەلی (کرنی) ڕەتدەکاتەوە. مار دان بەوە دادەنێت کەوا زمانی کوردی ئێستا لە کۆمەڵە زمانی هیندو – ئەوروپییە و نزیکە لە زمانی ئێرانی (فارسی)، بەلام بەڕای ئەو لەژێر کاریگەری ڕەگەزی هیندی – ئاری لەسەر کورد دروست بووە و لەسەر زمانە ڕەسەنەکەیان[1].

هەرچەندە مار، مکوڕ بوو لەسەر گۆشە نیگاکەی ڕەسەنایەتی، بەلام ئەو ڕێی نەگرت لەوەی بڵێت گەڕاندنەوەیان بۆ سەر مادەکان و دان نان بە ڕەچەڵەکی جافیتی لەم گەلە زۆر روون نییە لە لایەنی هیندو – ئەوروپییەوە کە زۆر باش لێیانەوە بەرچاوە.

هەرچەند زۆر لە توێژەرانی وەك مینورسکی و مار گەیشتنە ئاکامی لەیەك نزیك، هەرچەندە لە رووکاری جیاوازدا کاریان دەکرد، بەلای کەم هەر دوو توێژەر ڕۆڵی میدییەکان دەبینن لە پێکهاتەی ڕەگەزی کورد شتێکی دروستە و جێی دڵنیاییە. سەرەڕای ئەوەش (مار) تێبینی کرد لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ کالدییەکان (خالدییەکان) و زمانی کۆمەڵەی سێیەم (جگە لە ئێرانی)،

(1)Nikitin ,Les kurdes, Paris, 1956, pp 12 – 13.

تێبینی بوونی پەیوەندی پتەوی کرد لە نێوان کورد و میدییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەخامەنیشی، وای هاتە بەرچاو کوردان لەزۆر لایەنەوە وەك نەوەی راستەوخۆی میدییەکان وان، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی رەگی کرمانجی کە بنچینەی گریمانەکەی مینورسکییە، بە رێبازێکی هاوشێوە لە لایەن (مار) راڤە نەکرا، ئەویان جارێك لە ناونانی ئەرمەنی نزیك دەکاتەوە (هارمین – کارمینتس – کارمینج – کرمانجی)، جارێکی دیکە باوەڕی بە بوونی هەیە لە سۆمەریدا[1].

ئێمەش لەگەڵ رای مار رێکدەکەوین سەبارەت باوەڕ بوون بە کورد وەك دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە (چیای ئاسیای بچووك)، بەلام هاوڕەگەزی جۆرجیەکان و ئەرمەنییەکان و نەتەوەکانی دیکە نین، لەبەر ئەوەی خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیانن، جیاوازن لە تایبەتمەندی و پێکهاتەی لە نەتەوەکانی دیکە. کورد زمانی خۆیان نەگۆڕیوە بەڵکو زمانی رەسەنی خۆیانە، هەرچەند نەتەوە هێرشبەرەکان هەوڵیان داوە کار لە قەوارەی نەتەوەیی و دەسەلاتی سیاسیان بکەن بۆ نەهێشتنی زمان و رۆشنبیریان و مێژووی درێژ و پڕ لە بەخشش و داهێنان و گەشەی شارستانیان.

((سەرچاوەکانی سەرەوەی دووزێی دیجلە و فورات و هەر لە سەدان ساڵەوە کۆمەڵە هۆزێکی تیادا دەژیا بە درێژایی سەدەکان گونجانی کۆمەلایەتی و یەکێتی زمانیان هەبوو، بوونە کۆڵەکەی پێکهاتنی گەلی کورد، دوای ئەوەی گۆڕانی رووکەشی بەسەر ناو و ئامرازی گوزەرانیان داهات، لەڕووی شارستانییەوە پەیوەست بوون بەو کاریگەرییەی لە ژیانی رۆشنبیری و ئایینی زۆربەی گەلانی رۆژئاوای ئاسیادا روویدا. بەلام کەمی بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی ئەم لایەنەی مێژووی کوردی بووە هۆی ئاڵۆزبوونی لێکۆڵینەوە لەم بوارە، کەتا ئەمڕۆش بووەتە یەکێك لە گیروگرفتەکانی جێی گرنگی پێدانی مێژوونووسان بۆ نیو سەدە زیاترە. لەسەر ئەم بنەڕەتەوە لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆنی گەلی کورد چەندان تیۆری و گریمانە هەڵقوڵیون بنچینەکەیان رۆژ لەدوای رۆژ لەیەك نزیك دەبنەوە، هەرچەند لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی شوێنەوار و زمان و

(1) المؤلفات المختارة باللغة الروسية، ج 5، ص 206.

رەچەڵەکزانی لە کوردستان پەرە بسێنێت. ئەم گۆڕانە بـە شـێوەیەکی روونـتر ئادگـاری مێـژووی کۆنی ئەم گەلە دیار دەکات[1].

بەڵگەیەکی نوێ هەیە بۆ دوورتر دەچێت لەوەی مێژوونووسی یۆنانی کۆن (ئیکسینفون) بـۆی چووە لە کتێبەکەی لەبارەی پاشەکشەی دە هەزار یۆنانی ساڵی 401 پ.ز لە وڵاتی فارسەوە بۆ باکوورەوە لە رێدا بەرەو دەریای رەش بەو ناوچەیەدا رۆیشتن کە لە نێوان چـیای رواندوز دەسـت پێدەکات تا چیای دەرسیم و ئازەربایجان و ناوی بردن بە نەتەوەیەکی خاوەن زەبر و تونـد و پتـەو ناویان دەبات بە (کاردوخ)، بێ گومان ئەم وشەیە یۆنانیـەکان لـە وشـەی کـوردەوە گۆڕیویانـە بەپێی بێژەوی زمانی خۆیان.

کەواتە گەلی کورد لەم ناوچانەدا هەبووە لە نزیکەی سێ هەزار ساڵەوە بە هـەمان سـیفەت و دابونەریتی کە هۆزە کوردییەکان لە کۆنەوە پێی ناسراون. بەڵگەکـە ئـەوە روونـدەکاتـەوە کـەوا کوردەکان نەك هەر ئەو کردوکییانە بوونە، بەڵکو لە ئەوانیش کۆنتر بوونـە و لـە یۆنانیـەکانیش زۆر کۆنتر، لەو چیایانەدا کە دەڕوانێتە ئاشوور و لە میـدیای کـۆن نەتەوەیـەك هـەبووە بـەناوی (گوتو) واتە جەنگاوەر، و هەمان وشە ئاشوورییـەکان بە زمانی خۆیـان بـە (جـاردو) و (کـاردو) بەکاریان هێناوە و ناویان بردوون، هەر ئەو ناوەشە (سترابۆن) ی جوگرافیزانی کۆن بەکاری هێناوە بۆ روونکردنەوەی ناوی (کارداسیـس)، ئەم نەتەوە هەرچەندە (گومانی) ئەوە دەکرا تـورانی بـن، بەڵام هەر لەگەڵ گرنگی مێژوویەوە ئاوێتە بـووە لەگـەڵ نەتـەوە ئاریـەکانی دەوروبـەری. بووەتـە کۆنترین ئەو ئارییانەی خاوەن شارستانی و شوێنەوارن و بەرچاون لەنێو شارستانیە ئاسـیایی یـە رۆژئاواییـەکان وەك شـارستانییـەکانی ئاشووری و حیسی و سوزی و ئیلامی و بابلییەکان.[2]

---

(1) تاریخ الکرد القدیم، ص 7.

(2) الشرفنامە، ص 77 – 78.

زمانی کوردی

زمانی کوردی رەسەنایەتی خۆی پاراست، هەرچەند زمانی دیکە کاریگەریان لەسەر هەبوو، واتە لەو کاتەی هەڵمەتیان کردە سەر کوردستان، لە سەردەمە جیاجیاکاندا و لە زانیارییە مێژووییە باوەکان هاتووە، کۆمەڵەیەکی گەورە هەبوو لە رەگەزی سپی، لە سەرووی دەریای خەزەر دەژیان، بە جیاوازی قسەی نێوان مێژوونووسان لە دیاری کردنی شوێنەکەیان، دابەشی سەر دوو لك بوون، هەر لە زۆر کۆنەوە، بە هەزار ساڵ پێش زایین. یەکێکیان بەرەو رۆژئاوا چوو، لە ئەوروپا بلاو بۆوە و ئەوەی دیکە بەرەو رۆژهەلات چوو. ئەوەی دووەم دیسان دابەشی سەر دوو لك بوو، یەکێکیان بەرەو هیندستان چوو و ئەوەی دیکە بەرەو ئێران. مێژوونووسان کۆمەڵەی بەرایی، پێش دابەشبوونی یەکەم ناویان نا بە هۆزەکانی هیندۆ – ئەورووپی (Hindo - European)، لە دابەشبوونی دووەمدا ناونران بە هیندی – ئێرانی و بۆ ماوەیەك ناوی (ئاری) بە هەموو کۆمەڵە هیندو – ئەورووپییەکان دەوترا، بەلام دواتر نادروستی ئەم ناوە دەرکەوت و تەنیا وشەی (ئاری) بۆ لکی هیندۆ – ئێرانی بەکارهات.

هیندییەکان بە سانسکریتی دەدوێن لە باکووری هیند ئارین، لەرووی زمانەوە جیان. ئەوەندەی پەیوەست بە زمانی ئەم هۆزانە لەو کۆچ و داەشبوونەدا دیارە:

1- هۆزە هیندۆ – ئەورووپییەکان پێش کەرت بوونیان بە یەك زمان دەدوان، شێواز (دیالێکت)ی لەیەك نزیکیان هەبوو، وەك یەك بوو لە هەندێ جاردا بەپێی دوور و نزیکی لە یەکتر.

2- نزیکی سانسکریتی و زمانەکانی گەلانی ئێرانی، لە قۆناخەکانی بەرایی بەرچاو بوو، پێش دابەشبوونی ئارییەکان بۆ دوو لك ئەم لەیەك نزیك بوونەوەیەش لە رێگای کتێبی ڤیدا (Veda)ی هیندی و ئاڤێستا (Avesta) پارێزراوە.

3- هاوچوونی لە نێوان ئەو زمانانەی لکی ئێرانی پێیان دەدوان لە گەلی ئاریدا بەرچاو و روونتر بوو لەوەی نێوانی لەگەڵ سانسکریتی[1] و لەنێوان ئەو و زمانەکانی لکی ئەورووپی و لێرەدا

---

(1) بروانە: لسان الكرد، مسعود محمد، مطبعة الحوادث، بغداد، 1987، ص 9.

سوود بەخشە بڵێم، ئایینەکانی زەردەشتی کە گەلانی ئێرانی هەیانبوو، هۆیەك بوو بۆ مانەوەی لەیەکچوون و نزیکی لە نێوان زمانی ئەم گەلانە، واتە لەیەك نزیکی نیشتمانیان تاکە هۆکاری یەکلاکەرەوە نەبوو[1].

زمانی کوردی وەك زمانی میدی، لکێکە لە زمانە ئێرانیەکان، لە بنەماڵە زمانە هیندۆ – ئەورووپییەکانە. پەیوەندی بە زمانی فارسی کۆن و نوێ و زمانی داری (Dari) لە ئەفغانستان، سەرەڕای زمانی پشتو و زمانی بەلوچی هەیە.

هەندێ کورد بە زمانێ دەدوێن تەواو کورد بوونی یەکلایی نەبۆتەوە کە زمانی زازایە، شیعەن‌و لە باکووری کوردستان دەژین. ئەم زمانە پەیوەندی هەیە بە گۆرانی (Gurani) و هەورامانی (Hewramani) لەو پەڕی خەرمانەی تورکی نزیك سنووری ئێران و لە رۆژئاوای کرماشان.

زمانی کوردی زۆر شێوازی هەیە، شێوازەکان لەیەك جیاوازن لە باکووری رۆژئاواوە تا خوارووی رۆژهەلات، هاوشێوەی شێوازە عەرەبیەکان لە مەراکشەوە تا عێراق. لە نزیك ناوەندی کوردستان گۆڕانێکی توند لە زارەکاندا روودەدات، بە درێژی رێگا لە موسڵەوە بەرەو رۆژهەلات بەرەو گەلی خوارووی لە سلێمانیەوە یان مەهاباد کە بە موکری یان سۆرانی ناسراوە، لە ئەو پەڕی خوارووش شێوەزاری کرماشان یان شێوەزاری کەلهوڕی (Kalhor) نزیك لە فارسی هاوچاخ، ناوێتەی شێوەزاری لوڕستان دەبێت.

هەندێ لە زانایان لوڕی و بەختیاری بە دوو شێوەزاری زمانی کوردی خوارووی[2] دادەنێن. ئەوەی زانای رووسی مار (Marr) بۆی دەچێت ئەوەیە، دانیشتوانی ناوچە چیاییەکانی ئاسیای

---

(1) ئارییەکان لە رابردوو شارستانیەکی مەزنیان بنیاتناوئموونەی بەرایی مرۆڤن هەموو شارستانیەتەکانی دیکە لەوەوە دەست پێدەکەن, گەر مرۆڤ بکەینە سێ دەستە دەستەی یەکەم شارستانیەتی ئەفراندو ئارییەکان نوێنەری ئەوانن دووەم دەستە پاراستی وسێیەم رووخاندی ،. بڕوانە کتێبی کفاحی – ادلوف هتلر، ص 99.

(2) القبائل الکردیە، ص 17.

بچووك، دانیشتوانی رەسەنن و زمانەکەیان کە کوردییە لەو ناوچەیەدا دروست بووە نەك لە شوێنێکی دیکە لەسەر گۆی زەوی و بە کاریگەری شارستانیەتیەکانی دیکەی لە ناوچەکەدا یەك لەدوای یەك دەهاتن لە ناوچەکەدا و کورد خۆیان تیایدا بەشدار بوون.

زمانی کوردی گۆڕانی زۆری بەسەر داهات و لە بنچە جافیتییەکەی[1] نزیك لە دوو زمانی جۆرجی و کالدی گۆڕا بۆ حاڵەتی هیندۆ – ئەورووپی، کە زمانی کوردی دەبەستێتەوە بە زمانی ئێرانییەکان و زمانەکانی ئەرمینیا و هەتا بە تۆخمە هیندو – ئەورووپییەکانی زمانی حیسی و لە دواکایە و لە سەردەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا زمانی کوردی کەوتە ژێر کاریگەری زمانی تورکی، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی تایبەتمەندییە هیندو – ئەورووپییەکەی پاش چەندان قۆناخی گۆڕان پەیدا کردووە، هەمان شت نییە کە لە سەرەتادا هەبوو و ئەوەیش نییە کە دوای پەیدابوونی لە سەریەتی. هۆکاری ئەم گۆڕانەش تەنیا کۆچی دەرەکی بە کۆمەڵ نەبوو، بەڵکو گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکانی تونێژە کۆمەڵایەتییەکان بوو لە ئاکامی سەرچاوە نوێکانی ژیانی ماددی و تەکنیکی نوێی جۆری و سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێی جۆری و لە ئاکامەکەیدا کردارێکی نوێ دەرکەوت بە ئایدیۆلۆژیایەکی نوێوە لە پێکهاتەی زمانەکەدا، هەروەها لە تەکنیکی نوێی زمانەکەشدا[2].

---

(1) جافیتیك: تیۆرێکی زانای رووسی (مار)ە، دەڵێت گەلی کورد رەسەنن کە لەساڵی 1911 رایگەیاند. دەربارەی شیمانەی یەکێتی بنچی کورد، کاردۆخییەکان لەگەڵ کارتی جۆرجی و دواتر لەیەك جیابوونەوەیان.

(2) مارو الكوردولوجيا، 1936.

تیۆری گەلی ئاری

کورد، لەتەك عەرەب و تورك و فورس بە یەکێك لە گرنگترین گـەلانی ڕۆژئـاوایی کیـشوەری ئاسیا دەژمێردرێت. ناوچە شاخاوییەکانی نزیك ڕۆژهەلاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێـران و سـەرووی عێراق و سووریایان هەڵبژارد بۆ نیشتەجێ بوون و نیشتمان هەر لە کۆنـەوە. لەگـەڵ ئـەوەی زۆر شێوەی بێژەی (کورد) لە مێژوودا هەیە کە دەشێ هەندێ جار چەمك و واتای جیاواز بگەیـەنێت لەوەی کە ئێستا هەیە، بەلام لە سەرەتای چاخی مەسیحیەتەوە تا ئـەمڕۆ چـەمکی خـەڵکانێك دەگەیەنێت هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوە بوونیان هەیە کە لـە قۆناخـە مێژووییـەکان پێیـدا ڕەتبووون لە ناوچەی نیشتەجێ بوونیان هەیانە.

لە سەدان ساڵەوە ناوچەی سەرووی سەرچاوەکانی دوو زێی دیجلە و فورات ، کۆمەڵەیەك هۆزی لەخۆ گرتووە، بە ڕەوتی ڕۆژگار سەلماندنیان ، لە یەکیەتیەکی کۆمەلایەتی و زماندا دەژین و بـوو بە کۆڵەکەی گەلی کورد، دوای ئەوەی چەندان گۆڕانکاری شێوەیی لە ناو و ئامرازی گوزەرانیاندا هات. لەڕووی شارستانییەوە پەیوەست بوو بەو کاریگەریانەی لە ژیانی ڕۆشنبیری و ئایینی کۆی گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیا دەرکەوتن، بەلام کەمی بایەخدان بە لێکۆڵینەوە لـەو لایەنـەی مێـژووی کوردی بوو بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە تـایدا ئاڵۆز بێت و ئەمڕۆ بووەتە یەکێك لەو گیروگرفتانەی نیو سەدەیە بایەخی مێـژوو وانـان بـۆ خـۆی ڕادەکێـشێت. لەسـەر ئـەم بنەڕەتـەوە لـە بـواری لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆنی گەلی کورد چەندان گریمانـە و تیـۆری هـەڵقولان بنـچینەکانیان ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لەیـەك نزیـك دەبنـەوە، هەرچـەند لێکۆڵینـەوە لـە بـواری شـوێنەوار و زمـان و ڕەچەڵەکناسی پێشکەوتن لە کوردستان[1].

هەر دوو زانا محەمەد عەلی عەونی و حسێن حوزنی موکریانی بـۆ ئـەوە دەچـن کـەوا کـورد گەلێکن لە بنجی هیندو – ئەورووپی بەلام سەربەخۆ لە کۆمەڵـە گـەلانی ئێرانـی. وادیـارە ئـەم تیۆرییە پشتی بە دابەشینی کۆمەڵە زمانییەکان بەستووە بۆ هیندو - ئەورووپی و سامی.

---

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 7.

لەڕێگای ئەم زانایانەوە و زانایانی دیکەش، لەوانەی بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی مێژووی گەلانی کۆن داوە لە ڕێگای توێژینەوە و گەڕان لە لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەکناسی و بنچی نەتەوەکان، دوو را سەبارەت رەگداکوتاوی گەلی کورد دەبینین:

گەر بە لای یەکەمدا بچین و وتمان کورد لە ڕەچەڵەکی ئارین، واتا رەسەنایەتی و کۆنیمان بەو گەلە بەخشی و شێوەیەکی تایبەتیمان پێبەخشی و تایبەتمەندی بەرز، ئەم لایەنەش پشتگیری کراوە لە لایەن زانایانی دەرەوە و رای زانایان: نۆیدك Noideke ، هارتمان Hartman ، وێسباك Wessback.

رای دووەم، کە رای زانا و توێژەران لەسەری ڕێکن کەوا کورد دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەن، ناوچەی چیاکانی ئاسیای بچووك، واتە کورد گەلێکی بەرچاوە و ئادگار دیار و خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە و خاوەن رۆشنبیری و مافی نەتەوەیی یە و لە سێبەریدا وەك گەلێك دەژین، کە پێویستە مافەکانی رێزیان لێبگیرێت و مافە مرۆییەکانی و ناسنامەی نەتەوەیی (Nationalism Identity) رێزی بگیرێت لە نیشتمانێك رۆڵەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێت. ئامانجی پرۆژەکە بەڵگە و گەواهی و دەقی مێژوویی دەیسەلمێنن.

شارستانیەتی کوردان بە ئەرك و کۆشش هاتۆتە بوون، بەپێی ستراتیژیەتی ئاری بوون، ئەوا توانایان دەسەلمێنن و لە قووڵایی ناخیاندا هێزێك هەڵدەقوڵێ و ئاکامی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

بنیاتنانی شارستانیەتی کوردی، بەرهەمێکی نەتەوەیی پوخت بوو ئامانجی پێشکەوتن و گەشە سەندن بوو. ئاری هەمیشە هەوڵی بندەست کردنی نەتەوەکانی دیکە دەدات.

ئاری خۆ رسکی مانەوەی خۆشدەوێت و لەبەر ئەوە سەرکەوتووە، هۆشی لە ئاکامی ئەزموونە گردبووەکانی هەزاران ساڵ پەیدا بووە. هەر هەنگاوێك بە پشت بەستن بەو بنچینانەی رابردوو بۆی جێهێشتوون و چەمکی کار و شارستانیەتی تایبەتی خۆی دروست کردووە، بەدرێژایی مێژوو توانای داهێنانی هەبووە. هەمیشە ئازا و چاونەترس بوونە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنان ئامادە بوونە هەر ئەو خەسڵەتە بوو لە مێژوو ناویان پێ دەرکردووە و توانیویانە لە ڕووبەری جوگرافی فرەوان نیشتەجێ بن.

* زاراوەی کوردستان

زاراوەی کوردستان (Kurdistan) وەك دەزانین لە وشەی (کـورد) و پاشـگری (سـتان) لـە زمانە ئەورووپییەکان بەرامبەر (State) دێت واتە شوێن و ناوچە. واتـە ناوچـەی کـوردان[1] یـان ولاتی کوردان.

ئەم زاراوەیە کۆنە لەرووی مێژووییەوە، وەك هەندێ مێژوو نووسان ئاماژەیـان پێکـردووە بـۆ یەکەمجار لە سەردەمی سەلجووقییەکان (Seljuki) دەرکـەوت، لـە سـەردەمی سـوڵتان سـەنگەر (سنجر) لە سەدەی دووازدەهـەم 554 کۆچـی – 656 کۆچـی یەکـەم خـاوەن دەوڵـەتێ نـاوی کوردستانیان هێنابێت. تا ئەمرۆکەش هەمان واتای پێشانی هەیە واتە ولاتی کـوردان. وەك لـە هەموو زمانەکاندا هەمان چەمکی هەیـە. لـەدواتر بـەناوی (ناوچـەی قوچـان – خبوشـان) لـە هەرێمی خوراسانی ئێران لـە سـەردەمی نادرشـا پێـی وتـرا (کوردسـتان). هـەروەها هـەر لـە سەردەمی چەنگیزییەوە بە هەرێمی ئەردەلان وتراوە کوردستان.

سوڵتانی عوسمانی بە تایبەتی یاووز سـلیم زۆرجـار وشـەی کوردسـتانی بـەکار هێنـاوە وەك حکومەتی کوردستان و ناوچەکانی کوردستان و کەرتەکانی کوردستانی دامەزراند، بە شێوەیەکی فەرمی لە یاسای چاکسازی زەوی لە ساڵی 1848 و ساڵی 1867[2].

لە کتێبە مێژووییە کۆنەکان هەندێ ئاماژە سەبارەت بە کورد و بنجیان لە سەرچاوە عـەرەبی و ئیسلامیەکاندا هاتووە. ئەبو ئیسحاق ئەحمەد کوڕی ئیبراهیمی ئەیشابوری ناسراو بە سەعالبی 427 کۆچی، لە کتێبەکەی چیرۆکی پێغەمبەران بە ناوی (عرائس المجالس) دا هاتووە، کە تیایدا ئاماژەی بـە سـووتاندنی ئیبراهیمـی پێغەمبـەر کـردووە و وتوویـەتی ئـەوەی ئـەم بیرۆکەیـەی خستووەتە روو پیاوێکی کورد بووە. هەروەها لە تەفـسیری بـەیزاوی و ئەبوسـعود عمـاری و لـە راڤەی ئایەتی 68 ی سورەتی ئەنبیادا، جیائی ناوی ئەو پیاوە (هینوان) بوو، هـەروەها ئـەوەی

---

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 139.

(2) عبدالله اوج آلان، دفاع عن شعب، ص 246.

مەنجەنیقی دروستکرد کورد بوو. ئەوەی لەم گێڕانەوەیە گرنگە ئەوەیە گەلێك هەبوو لەو ڕۆژگاریدا بە ناوی کورد لە ڕۆژگاری نەمرووددا.

مینورسکی دەڵێت: واتای جوگرافی زاراوەی کوردستان هەرچیەکی بێت واتای بلاوبوونەوەی ڕاستەقینەی کورد ناگەیەنێت[1]. ئەم رایە دروستە لەبەر ئەوەی دژواری هەیە لە دیارکردنی پێگەی جوگرافی کورد بەهۆی فرەوانی ناوچەکانیان و بلاوبوونیان لە خاکێکی فرەواندا. ئەوان بلاون لە نێوان هەریەك لە کۆمارەکانی (یەکێتی سۆڤێیتی پێشوو)، ئازەربایجان، ئەرمینیا، جورجیا، بلوچستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، شیشان، تورکمەنستان، ئەفغانستان، تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و لوبنان. شوێنی نیشتەجێ بوونیان پارچە پارچە کراوە و سنووری سیاسی دیاریکراوی نییە و یەکێتی نەتەوەییان نییە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیان پێدا نابێت.

لەڕووی ستراتیژییەوە کوردستان ڕووبەرێك دەگرێتەوە نزیکەی 450 هەزار کیلۆمەتری دووجایە، لەنێو فورس و ئازەری و عەرەب و تورکی ئەنادۆڵدا، جوگرافیایەکی هەلاواردەیە. چیای بەرز و مەزن، دارستانی چڕ و ئاوی زۆر و دەشتی بەپیت لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، پۆشاکی سەوزی گیاوگۆڵ بووەتە هۆی پێگەیاندنی ئاژەلان و زەوی دەشێ بۆ چاندنی میوە و سەوزە و دانەوێڵە کاکڵی گەورەترین شۆڕشە لە مێژوودا کە شۆڕشی کشتوکاڵیی نیولیتییە کە لەماوەی (11000 پ.ز – 4000 پ.ز) ڕوویداوە، بەمەش بۆتە لانکەی شارستانی و سەرچاوە و جێی ڕاگواستن.

نەتەوەگەرایانی کورد هەوڵیانداوە بانگەواز بۆ ئەوە بدەن کوردستانێکی یەکگرتوو هەبێت لەو شار و شارۆچکە و یەکە کارگێڕیانەی کوردیان زۆرتر تێدایە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە سیاسەتی ڕاگواستنی کوردانیان گرتە بەر لە ناوچە جێنشینیەکانیان بۆ ئەوەی ڕێژەیان لەوانی دیکە کەمتر بێت. بۆ ئەوەی بەڵگە ویەهانەی ئەوەیان نەمێنێ کە زۆرینە کوردن، ئەم سیاسەتە لە لایەن دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە بە فەرامۆشکردنی کورد و کوردستان و بە بەشێك لە خاکی خۆیان داناوە.

---

(1) مینورسکی، دراسات حول تاریخ قفقایا.

ئەمڕۆ کوردستان خاوەنی سنوورێکی سیاسی دیاریکراو و دان پیانراو نییە، بەڵکو بەشێکە لە خاکی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. ئەم ناوە کەم لە نەخشە و کتێبی ئەتڵەسدا بەکار هاتووە. عێراق تاکە دەوڵەتە کەوا کوردیان تێدا دەژی بە رەسمی و فەرمی دانی ناوە بە ناوی هەرێمی کوردستان لە دەستووری فیدرالیدا Self – management . بەلام ئێرانییەکان ئەم ناوە بە رەسمی بە هەرێمی (سنندج)[1] دەڵێن نەك هەموو ناوچە کوردییەکان لە کوردستانی ئێراندا، لە تورکیا و سوریاش دان بەم ناوە نانرێت[2].

توێژەری کورد د. قاسملو دەڵێت: ((سنووری نزیك کوردستان بەو هێڵە راستەدا دەست پێدەکات لای پۆپەی چیاکانی ئارارات لە باکووری رۆژهەلات، بەرەو خوارەوە دێت تا بەشی خوارووی زاگرۆس و پشتکوە لە رۆژئاوای ئێران و لەو ناوچەیەوە هێڵێکی راست دەکێشین بەرەو رۆژئاوا تا موسڵ لە عێراق، دواتر هێڵێکی راست دەکێشین بەرەو رۆژئاوا لە موسڵەوە تا ناوچە کوردییەکانی ئەسکەندەروون و لەو خاڵەشەوە بەرەو باکووری رۆژهەلات تا ئەرزەرۆم لە تورکیا و لە ئەرزەرۆمەوە هێڵەکە تا رۆژهەلاتی ترۆپکی ئارارات درێژ دەبێتەوە))[3].

رووبەری گشتی زەویەکانی ئەم سنوورە 409650 کم² یە[4]. لەم رووبەرەدا 194،400 کم² لە عێراقدایە و 18،000 کم² لە سوریا. قاسملو درێژی کوردستان گەر بپێورێت لە باکوور بۆ باشوور 1000 کم دەبێت، تێکڕای پانی 200 کیلۆمەتر دەبێت لە بەشی خوارووی دواتر بەرەو باکوور زێدە دەبێت تا دەگاتە 75 کیلومەتر.

کوردستان دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی 30° - 40° رۆژهەلات و 37° - 48° رۆژئاوا. ولاتێکی چیاییە کەش و هەوای لە شوێنێکەوە تا شوێنێکی دیکە دەگۆردرێت. تێکڕای بەرزی ئەم ولاتە لە نێوان 1000 و 1500 م لەسەر رووی دەریایە.

---

(1) بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ئێران، کوردستان ناوی پارێزگایەکی ئەو ولاتەیە نەك هەرێم و شاری سەنەندەج (سنە)ش بنکەی ئەم پارێزگایەیە. وەرگێر

(2) تاریخ الکرد القدیم، ص 13.

(3) د. قاسملو، کوردستان و الاکراد، بیروت، 1970، ص 14.

(4) هەمان سەرچاوە، ص 15.

دەشێ بپرسین لەوە بکرێتەوە کوردان چۆن توانیویانە ئەم شوێنە جوگرافی یە باشە بپارێزن و لە هەموو ئەم زەویە بەپیتە فرەوانە بە درێژایی مێژوو نیشتەجێ بن؟ چەندان را لەم بارەیەوە هەیە، هەندێ توێژەرەوە بۆ ئەوە دەچن کەوا یەکێك لە هۆیەکانی بلاوبوونەوە کورد بەتایبەتی لە ئێران و تورکیا بەم فراوانییە، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی خەفەکردن و وەدەرنان و دوورخستنەوەی شایەکانی فارس و سوڵتانەکانی عوسمانی بەرانبەر بە کورد.

لەراستیدا هۆی بلاوبوونەوەی کورد بەم جۆرە پەیوەستە بە بوونی کورد لەم ناوچە فرەوانانەدا بە رێکەوت نەبووە، بەڵکو بە ناکامی خستنە ژێر سەروەری کورد بووە بە زەبری هێز و شمشێر. گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆنی کورد، دەبینین جەنگاوەری توند و بە زەبر بوون، ناوی سوارچاکانی رۆژهەلاتی ناوین (نزیك) یان لێنراوە. بوونی کورد لەسەر ئەم خاکە بەپیتە فرەوانەدا، میراتێکی کورد بووە نەوە بۆ نەوەکەی دی گواستۆتەوە.

کوردەکان لەنێوان گەلانی ئاسیای بچووك بە جەنگان ناسرابوون، هەمیشە لە فرمانکردنی دەسەلاتەکانی خۆیان دابوون. هەر ئەوەشیان وایکرد گەلانی دیکەی هاوشانی ئەوان، لە زەبر و توندی لێیان بەدەنگ بێن و ببنە هۆی ئەوەی توانای دروستکردنی دەولەتی نەتەوەییان نەمێنێت. سەرەڕای بێهێزی ویستی سیاسی کورد دەرفەتی دا بە نەتەوەکانی دەوروبەر بۆ کۆنترۆلکردنیان. ئەوەشیان وا پێشان دەدات کەوا ململانێ لەسەر دابەشکردنی ئاسیا وا ئاسان نەبووە و هەر نەتەوەیەك هەوڵی داوە لەو ململانێیە بباتەوە بەهەر شێوازێك بێت.

زاراوەی کوردستان واتای راستەقینەی بلاوبوونەوەی کورد ناگەیەنێت. لە ئێران بە فەرمی بە بەشێك دەوترێت لە کوردستانی ئێران، کەچی ناوچەی کوردییەکانی ئێران لە بەشی رۆژئاوادا بەپێی ئاماری ساڵی 1985 نزیکەی (6 ملیۆن کەس) ی تێدا دەژیت. عوسمانییەکانیش لە کۆتایی سەدەی حەوتەم ناوی (کوردستانی تورکی) یان لە یەکێك لە ولایەت (نوستان)ە کانیان دەنێن کە لیوای دەرسیم و لیوای موش و دیاربەکر لەخۆ دەگرێت. تورکیا ئێستا بە کوردان دەڵێت (تورکانی چیا). پێشانیش نووسەرە عەرەبەکان بەناوی (اقلیم الجبال) ناوی کوردستانیان دێنا.

مێژوونووسی ئیسلامی مستەوفی قەزوینی لە سەدەی چوارەمی دوای زایین لە کتێبەکەی (نزهت القلوب) زاراوەی (اکراد اقلیم الجبال) ی بەکار هێناوە[1].

مێژوونووسی رووسی نیکتین (Nikitiene) دەڵێت: مێژوونووسە رۆژهەڵاتیەکان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا ئەو بەشەی ناونراوە بە کوردستانی فارسی بەشێك بووە لە هەرێمێکی گەورەتر کە عەرەب ناوی (کەرتی چیا) یان لێناوە. بەشەکەی دیکەی کوردستان بەناوی (دیاربەکر) بوو. دوای هەڵمەتی مەغۆلی، کوردستانی فارسی تەنیا ناوچە شاخاوییەکانی دەگرتەوە[2].

شایانی باسە هەموو ئەو ناوچانەی کوردی تێدا دەژیا لە ئێران و ئەفغانستان و ناوەڕاستی ئاسیا لە سەردەمی نادرشا بەناوی کوردستان دەناسرا[3].

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دیاریکردنی دانیشتوانی کوردستان دژوارە، لە راستیدا ئەم ژمارمیە لای ئەوانەی بە مەزەندە ژمارەکە دادەنێن جێی سەر سوڕمانە، هەرچەندە ئەو کوردانەش ناگرێتەوە کە لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانن و ئەو دەوڵەتانەش ژمارەی راستی کوردەکان ناڵێن لەبەر هۆکاری سیاسی.

گەر رۆژهەلاتناسی رووسی مینورسکی، لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئاماژەی بەوە دابێت کەوا کورد لەسەر خاکێکی فرەوان دەژین لە سنووری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لە شارۆچکەی (مەندەلی) یەوە هەتا چیاکانی (تارارات)، هەروەها لەگەڵ ئەرمەنەکان دەژین لە هەموو ناوچە شاخاویەکانی ئەرمینیا و سنووری باکووریان لە تورکیا لە راست (ئەرزەرۆم) کۆتایی دێت و لە رۆژئاوا سنووریان زێی (قەرەسو) ە کە لکێکی زێی فوراتە[4]، ئەوا دیاریکردنی هێڵی سنوور لە قۆناخە مێژووییەکان دژوارە.

---

(1) المستوفی القزوینی، نزهت القلوب، تحقیق کای لیسترانج، لیدن، 1913، ص 120.

(2) نیکیتن، الاکراد.

(3) محمد امین زکی، خلاصە تاریخ الکرد و کردستان، بغداد، 1936، ص 12.

(4) مینورسکی، الاکراد، ملاحظات و انطباعات، بغداد، 1968، ترجمة: د. معروف خزنە دار، ص 13.

بەهەمان شێوە سەرژمێری کردنی کوردان بەهۆی بلاوبوونەوەیان بە ناوچە چیایەکاندا، بە ئاسانی لە چاودێری حکوومی دەرباز دەبن. گەورەترین مەینەتی ئەوەیە هەندێ دەوڵەت هەوڵدەدات ناسنامەی نەتەوەیان ڕەتکاتەوە وەك تورکەکان دەیکەن و بە (تورکانی چیا) یان دادەنێن. ئەم پەیوەندییە دوژمنکارانەیە ئەتاتورك پەرەی پێدا کە نکوڵی کرد لە پشتگیری و هاوکاری کورد لە شەڕی دژی یۆنانیەکان و تا بوو بە سەرۆك کۆماری تورکیا. ئەم رووکارە جیاکاریە قێزەونە بوو بە سیاسەت و بەرنامەیەك بۆ بەناو عەلمانییەکانی فەرمانڕەوا لە تورکیا بەرانبەر کورد.

زۆربەی دەوڵەتەکان هەوڵیان داوە ژمارەی کوردەکانی ولاتەکەیان کەم بکەنەوە و وەك کەمینە پێشانیان بدەن نەك وەك گەلێکی سەربەخۆ. گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەزەندانەی سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان، دەبینین ژمارەیان لە عێراقدا نزیکەی (8) ملیۆن کەسە، لە ئێران زیاتر لە (12) ملیۆنە و لە تورکیا نزیکەی (15) ملیۆنە و لە سوریا (3) ملیۆنن و زیاتر لە نیو ملیۆن کورد لە لوبنان نیشتەجێن و نزیکەی ملیۆن کورد لە ئەرمینیا و ژمارەیەك لە ئەفغانستان و شیشان و ئازەربایجان و کەزاخستان و شوێنی دیکەی کۆمارە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کوردی نیشتەجێ لە ئەورووپا. بەگشتی دەتوانین بڵێین سەرجەم ژمارەی کورد لە جیهاندا بە مەزەندە (55) ملیۆن کەس دەبن.

دەکرێ کوردان بەپێی جێنشینیان لە تورکیا لە ولایەتەکانی ئەرزەرۆم و سیواس و قارس و وان و مەلازگرد و موش و سوران و دیاربەکر و ماردین و ئورفە و عەزیز و دیار بکەین. هەرچەندە لە دەرەوەی کوردستانی تورکیا ژمارەیەکی زۆریان لە نزیك قونێ و کلیکا و ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ نیشتەجێن.

لە ئێران کورد تەواوی ولایەتی کرمانشا و ئەردەلان و بەشێك لە ولایەتی ئازەربایجانی ئێران و کۆی هەرێمی لوڕستان دەگرێتەوە، هەروەها بلاون لە مازەندەران و شارەکانی دیکە. لە عێراق زۆربەی کورد لە پارێزگاکانی باکوور لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك نیشتەجێن و رێژەیەکی زۆر لە پارێزگاری کەرکوك پێکدێنن. هەروەها رێژەیەکی زۆر لە موسڵ دان، سەرەڕای خانەقین و بەدرە و مەندەلی لە پارێزگای دیالە، هەروەها لە بەغدا و کوت هەن.

تایبە تمەندییە رەواکانی نەتەوەی کورد:

لە سوریا کورد لە شاری حەلەب و دێرەزور داهەن، کەمینەیەکیش لە دیمەشق هەیە هەروەها شارەکانی دیکەی سوریا. لە لوبنان ئاوارەی کورد هەیە لە بەیروت و بیقاع. سەرەڕای بوونیان لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و شارە ئەورووپییەکان. بەهۆی کۆچی کوردان بەرەو ئەوروپا، بەهۆی مەینەتییەکانیان ڕێژەیان سالانە لەم ولاتانە زیاد دەکات: ئەڵمانیا، سوید، یۆنان، دانیمارك، هولەندا، رۆمانیا، ئۆکراینا. کورد گەورەترین کۆمەڵەی رەگەزین لە جیهاندا بێ نیشتمانن.

زۆرینەی کورد موسڵمانن وسونەن. کوردی لوڕی کە لەسەر سنووری عێراقی ئێرانێ و لەخانەقین و مەندەلی و بەدرە و کوت وبەغدادان شیعەن. تایفەی دیکە هەن وەك ئێزیدی و عەلی یوڵلاهی و کاکەیی و شەبەك.

زانای رووسی مینورسکی و دافێر ئاماژەی بە ئایینی کوردان داوە دەڵێت: ((کورد پێش ئیسلام بێ مەسیحی بوون و لە نێوانیاندا بلاو بوو)). هەندێ لە توێژەرانی دیکە ئاماژەیان بەوە داوە کەوا کورد لە ئایینە کۆنەکانەوە (مانەوی – زەرادەشتی) کە لەنێوانیان باو بوو، بوونە موسڵمان بێ ئەوەی بە مەسیحیەتدا رەت بێ.

لە راستیدا هەبوو مەسیحی بوو یان جولەکە، بەلام لە سەرەتادا کورد پابەند بوو بە زەردەشتیەت و زۆرینەیان مەسیحی نەبوون، دواتر بوونە موسڵمان بە خواست و گوڕێکی زۆرەوە لایەنە گیانیەکانی کاری تێکردن. سەبارەت مەسیحیەکان کە لە ناوچە کوردییەکان هەن، وەك: کلدان و ئەرمەن و ئاسووری، لە رەگەزدا کوردن بەلام بوونە مەسیحی لە نەتەوەی کورد دانابڕێن یان لە کۆمەڵەی سیاسی کوردستان.

لەڕاستیدا رەگەزی کورد 85٪ ی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان پێکدەهێنێت، ئەوەی دیکە تورك، ئازەربایجانی، تورکمان، ئاشوری، ئەرمەن، کلدان و عەرەبن.

زۆربەی کوردان لە لادێ دادەژین و کەمیان لە شارن، بەلام فرەوان بوونی شارە کوردییەکان و ئاوەدانی وایکردووە ڕوویکەنە شارەکان و وەك شارە گەورەکانی دەوڵەتانی دیکە ئاوەدانن گەلی کورد تیایدا دەژی[1].

---

(1) تاریخ الكرد القديم، ص 15.

بێژەی کورد لە زمانی عەرەبیدا

کَرَد ـ کرد الدابة : ساقها / واتە ولاخی هاژۆت.

و ـ العدوّ : طرده (دەری کرد). کارد مکاردة : طارده، دافعە (واتە لە دووی چوو، کەوتە دووی).

کرّد ـ کرد الشیئ : قطعة (واتە کەرتی کرد).

الکرد ـ اصل العنف، یقال اخذه بکرده أو بکردنه ای بقفاه (واتە بنجی توندوتیژی، گەردەن یان ئەستۆی گرت).

کردح : عدا عدو القصیر (رای کرد، کورتە راکردن)، (راکردنی بەژن کورتانە).

تکردح فی عدوه : خێرا هەلات وەك هەلاتنی کورتە بالا و گلۆر بوونەوە.

الکرداح : (کورت). الکرداح : المتقارب المشی فی عدوه (واتە راکردنێك پێ لەیەك نزیك بێت لە غاردانادا).

الکردحه : خێرایی راکردن.

کردح فلاناً : لە زەویدا، بردیەوە.

کردس : لە رۆیندا هەنگاوەکانی لەیەك نزیك کردەوە وەك بەند کراو.

کُردس : ئەوەی دەست و پێکانی کۆکرابنەوە باریەك.

الکردس : بڕبڕەیەك لە بڕبڕەکانی مل یا ئەستۆ.

الکردسە، کرداس و کرادیس : هەر ئێسکێك گۆشتی لەسەر کۆ بوویێتەوە.

المکردس : چڕ لە خولقەتدا، بەو واتایە یۆنانییە.

کردم : وەك راکردنی کورتە بالای قەڵەو.

کردم القوم : کۆی کردنەوە. تکردم : راکردنی ترساوێك. ج کرادم : پیاوی ئازا، کورتەی ئەستوور.

الکردوم من الرجال، کرادیم : کورتەی هەلامساو[1].

کرد : الشدید ـ توندو بەهێز و پتەو و رەق.

ئاسایی بەو کەسە دەوترێت پیاوێکی کورتە بالا و جەستە کەتە بێت پڕ گۆشت بێت. هەروەها بەو پیاوەش دەوترێت شەڕوان بێت و راهاتبێت لەسەر هونەرەکانی جەنگ، توند بێت لە زۆرانێ و ململانێ. کرد بەستنەوە بە وشەی فارسی (کُرد — کۆرد) واتە پاڵەوان (Guard).

کُرد : بەرمیەکی خەڵك کە باسمان کردن. بەلام زۆربەی مێژوونووسان وتوویانە کُرد، لە نەوەی کُرد کوڕی ئێران کوڕی ئاشوور کوڕی سام کوڕی نوحە و لە ناوی ئەوەوە دارێژراوە.

زاراوەی (کاردوخوی) بەو گەلە وتراوە کە لە باکووری دیجلە ژیاوە، ناوی وەك ناوە باوەکانی زمانەکانی دیکەی سامی دایە وەك ئەکەد و ئاشوور.

سەرەڕای ئەوەی رابرد، بەڵگەیەکی دیکە هەیە لەسەر ئەوەی ناوچەی (کردا) ئەو ناوچەیەیە کەوا کوردەکانی کوردستانی لێوە هاتوون، نەك تەنیا کوردەکان، وشەی (قردو ـ کردو)ی ئەکەدیە واتە پاڵەوان و جەنگاوەر. هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە گەلی کوردستانەوە هەبوو بەهێز و توند و جەنگاوەر ناویان بردووە. لەبەر ئەوەی وشەی (قردو) ی ئەکەدی بەو نەتەوانە وتراوە کە لە ناوچەی (کردا) ژیاون، ناوی کورد لەوە وەرنەگیراوە، بەپێچەوانە بەڵگەی ئەوەی وشەی (قردو) پەیوەندی بە کوردەوە نییە، ئەوانەی دوای شکانی ئاشوورییەکان لە کوردستان بلاوبوونەوە، بەڵکو پەیوەندییان بە بەو نەتەوانە هەیە کە ناوچەی (کردا) دەرچوون و کەوتە بەکارهێنان لە لای ئەکەدی و بابلییەکان بە هەزار ساڵ پێش دەرکەوتنی کردوخ کەوا گەزنەفۆن ئاماژەی بۆکردن.

ئەوەی دڵنیایی دەدات ئەوەیە وشەی (قرادو)ی ئەکەدی پەیوەستە بە دانە پاڵ ناوچەی (کردا) واتە زمانی ئەکەدی دوو وشەی تایبەتی تێدایە پەیوەست بە واتای پاڵەوان و جەنگاوەر

(1) المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق، بیروت، ص 680.

یەکەم: (قرادو) Qarradu(m) کە وشەیەکی ئەکەدی ڕەسەنە.

دووەم: (قردو) Qardu) (m، وشەی دووەم لە (کردا) داتاشراوە، لە ڕێگای گۆڕینی دەنگی کاف بۆ (ق) قاف و زێدەکردنی ئامرازی ناسیاوی (m) (u) بۆ کۆتایی وشەکە و بەڵگەی دیکەش بۆ ئەوەی ناوی کورد دانە پاڵی چەمکێکی مێژوویی تایبەتە بە ئاشکرا لەو ناوانەی کورد بەخۆیانی دەڵێن، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا کورد بەخۆیان دەڵێن (کورد) و ناوی دیکەی وەك (کورمانج) یان (کرمانج). لەوە دڵنیاین کاردوخی کۆن لەسەر هەمان زەوی ژیا کە ئێستا بنکەیەکی سەرەکی کوردانە چی بڵێین (کاردو) گەلی سامین یان ڕەسەنی ناوچەکەن.

ناوی نەتەوەی کورد دوو سەرچاوەی مێژوویی هەیە (کورد) ی لە ڕیژەی (کوردا) دارێژراو کە لەسەر دەپ (لوح) ێکی ئەکەدی دا هەبووە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز. هەروەها لە (کورت) کە لە ناوی یەکێتی هۆزگەری میدی هاتووە کە لە کوردستان جێنشین بوون لە ماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز وەك لە تۆمارەکانی ئاشووریاندا هاتووە.

نازناوی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ناوی نەتەوەیی کە لە تۆمارە مێژووییەکاندا بە ڕیژەی کوردا Kurda، کوردوئاییا Kurduaea و کوردیا Kurdia، کوردانیا Kurdane و کوردوینی Kurduneو کوردستان کە خاك و ولاتی کوردانە.

وشەی کورد = Kurd لە بنچینەی زاراوەی کوردستاندا هەیە، کە تیایدا بنجی سۆمەری تیایدایە بە واتای (کێو) (کوە) چیا، پاشگری تی = Ti دانە پاڵە. بەمجۆرە وشەی کورتی = Kurti واتە چیاییەکان یان گەلی چیایی. ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی 3000 پ.ز و چەندان ناوی دیکەش هەیە.

لەبەر ئەوەی لولوییەکانی هاوسێی ڕۆژئاواییەکانی کورتییەکان کە هێشتا لە ساڵی 1000 پ.ز ئامادەگی بەرچاویان هەبوو، وشەی (گوندوانا Gondwana) بۆ ناوچەی کوردستان بەکار دێنن، واتە ولاتی گوندەکان و هێشتا وشەی گوند (Gond) لە زمانی کوردیدا واتای (دێ) دەبەخشێت. لەو کاتەیەدا ئاشوورییەکان لەکاتی دەسەلاتدارییان وشەی (نائیر)یان بەکار دێنا، نائیری واتە گەلی زێ، ئەوەش دەزانین فیدرالیەتی نائیری لەنێوان دوو زێی دیجلە و زاب دامەزراندراوە.

کەچی دەزانین ناوی (مادایین Madain) و ماد (Mad) سەنگین تره و بۆ بەشە فرمانەکە بەکار دێت واتە نیشتمانی کانزا. زانراوە ئەم ناوانە لە سەردەمی ئاشوورییەکان باوبوون لە ماوەی نێوان 1300 پ.ز و 600 پ.ز .

بە لێکدانەوەیەکی هاوشێوە وشەی (ئورارتو) Urartu کە بنجێکی سۆمەری هەیە، ئور ur واتە گردی بەرز (شار)، بەم جۆرە وشەی ئورارتو واتە زەوی بڵند یان ولاتی زەویە گردۆلکەکان، بەهۆی ئەوەی سۆمەرییەکان لە مێسۆپۆتامیا (Mesoptamia) ی خوارور ژیاون و هەمیشە ئاماژەیان بە سەرور و بالا دەدا، بۆ کوردستانی خاوەن زەوی چیای بەرز. زۆر شیاوە وشەی هوری (Hurii) لە هەمان سەرچاوەوە هاتبێت، واتە ولاتی بالا واتە گەلی چیا.

کەچی ناونانی (کوماگنس Komagenes) دەگەڕێتەوە بۆ بنجی هیلینی و ولاتی کوماگنا کە (ئەدیامان Adiyaman) بنکەکەی بوو لە سالانی 250 پ.ز تا 100 ز ، وشەی گوم واتە (بان)، ئەم ناوەش بە گرووپە نیمچە بەدەوییەکان وتراوە و بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان. وشەی (گنا Gene) واتە رەچەڵەک، هۆز، نێل. کەواتە کۆماگنا، واتە شوێنی هۆزە نیمچە بەدەوییەکان[1].

(1) عبدالله اوج آلان، دفاع عن شعب، مؤسسة اوج آلان للثقافة و البحث العلمي، 2005، ص 245.

دەرووی دووەم

گرنگی لێکۆڵینەوە لە مێژوو بۆ زانینی شارستانیەتی کۆن

The importance of studying the history knowledge ancient civilization

* مەبەست لە مێژوو (History) چیە؟

* مەبەست لە شارستانی (Civilization) چیە؟

* دۆزینەوەی شارستانێتی کورد لە ولاتی مێسۆپۆتامیا.

* سۆمەرییەکان (Sumerian) لە سەرەتای چاخە مێژووییەکاندا بنیاتنەری گەورەترین شارستانی مرۆیین.

مەبەست لە میژوو (History) چیە؟

وشەی میژوو (التأریخ) بە زمانی عەرەبی واتە دیاری کردنی کات لە بنجی (أرخ یان یـۆرخ) کە لە بنجدا دەگەرێتەوە بۆ وشەی (أرخ یان ورخ) واتە مـانگ لـە زمـانی عـەرەبی کـۆن، وەك ئەکـەدی و بـابلی و ئاشـووری لـە شارسـتانیەتی میـسۆپۆتامیا، هـەروەها بـە بەڵگەنامـەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و بارودۆخی پێشووی نووسراوە دوای زنجیرەیەك لە لێکۆڵینەوەی ناسـراو بـە توێژینەوەی میژوویی.

لە زمانە ئەورووپیەکاندا وشەی هیستۆری History بەکار دێـت، کـە یەکـەم کـەس کـە ئـەم زاراوەی بۆ ئەم چەمکە بـەکارهێنا میژوونووسـی یۆنـانی بـەناوبانگ هیرودتـس بـوو (سـەدەی پێنجەمی پ.ز)، مەبەستی گەڕان و توێژینەوە بوو لە ڕووداوەکـانی ڕابـردوو و تۆمارکردنیـان. وشەی هیـستەر History واتای تۆماری ڕووداوە گرنگەکانی دەبەخشی کە دەرکەوت یان لە ژیانی مرۆڤدا دەردەکەوێت.

ئیبن خەلدون (1332 - 1406ز) لە (مقدمە) بەناوبانگەکەیدا دەڵێت توێژینەوە و ڕوانین و ورد بوونەوە و هەڵسەنگاندنە.

لێکۆڵینەوەمان بۆ میژوو وێنەیەکی گەشی ڕووداوەکان دەکات و تیۆر و بـیر و بۆچـوونەکانمان دەداتێ کەوا پەیدا بوون و ڕووداوەکانیـان ئاراستە دەکرد[1].

لە میژووەوە دەتوانین بگەین بە ڕاستییەکانی ڕووداوەکانیان گوڕاندووە، بەتایبـەتی میـژووی کورد، بابەتی لێکۆڵینەوەمان، درێژە و ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵا. ئەوەی لامان گرنگـە دۆزینەوەی ئەم میژووەیە بۆ گەیشتن بە قووڵایی ڕاستەقینەی ئەم گەلە و ئـەوەی مـرۆی بـەرایی پێیدا ڕەتبووە و قۆناخەکانی تیایدا ژیاوە، بۆ زانینی شارستانیە کۆنینەکەی. هەروەها بۆ ئـەوەی ڕوونیکەینەوە مرۆی بەرایی کە لە چاخی کۆن ژیاوە پەیوەندی ڕاسـتەوخۆ و چەسـپاو و بـەهێزی هەبووە بە بارودۆخی مرۆڤ لەکاتی ئێستادا.

---

(1) طه باقر و د. عبدالعزیز حمید، طرق البحث العلمی فی التاریخ و الآثار، جامعة بغداد، 1980، ص 7–10.

لەبەر ئەمە تەوەری لێکۆڵینەوەکەمان لەبارەی رابردووی مرۆڤی کوردی بەرایی، زۆر گرنگە بەهۆی ئەوەی کەم چەمك و بەڵگەمان پێگەیشتووە لەبارەی رەوتی رووداوەکان و بارودۆخی کە تیایدا دەژیان، هەوڵدەدەین هەموو کارەکانی مرۆڤی بەرایی تۆمار بکەین کە ناووکی یەکەمی ئەم گەلە دەنوێنێت لەسەر زەویدا و لە چاخە جیاجیاکانەوە و بۆ هەزاران ساڵا، بۆ ئەوەی راستییە مێژووییەکان روونکەینەوە لە رێگای رێکخستنی خولە شارستانیەکان و حاڵەتە مرۆیی و سروشتییەکانی تیایدا ژیاون.

لە مێژووەوە هەموو ئەو راستیە وەردەگرین کە شارستانیەتی نەتەوە و گەلان پیشان دەدات، هەروەها ئەو هۆیانەی بوونە هۆی لەناوچوونیان یان ئەو هۆکارانەی هاوبەش بوون لە ونبوونیان. لە مێژووەوە دەتوانین بگەین بە شارستانیە رەسەنەکان و زانینی دابونەریت و کۆنی ئەم گەلانە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین هەموو کاریگەرییەکانی (Influence) دەروونی و کارای دیکەی بووەتە هۆی گرد بوونەوەی هێزە جیاجیاکان لەسەر مێژووی کورد، هەر لە ماوە مێژووییە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ. ئێمە بۆ ئەوە نانووسین خوێنەر بزانێت ئارەزووی چیمان هەیە لە زانینی مێژوو، تەنیا بۆ خوێندنەوەی رووکەشانە، بەڵکو پەند و وانەی لێوەردەگرین بۆ ئەوەی بۆمان ببێت بە دەروازەیەکی فرەوان بۆ زانینی مێژووی شارستانیە کۆنەکان. لەوانیشدا بابەتی ئێمە گەلی کورد، یەکێك لەو گەلە کۆنانەی لەرووی مێژووەوە شایانی بایەخ پێدانە و بنچینەیەکی گرنگە بۆ رەهەندی مرۆیی، لەم رێگەیەوە دەگەین بە زانینی رابردووی ئەم گەلە دێرینە.

ناکرێ بگەینە رابردووی هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوەکان بەبێ مێژوو. لەتەك مێژووی ماددی بەردەستی گەلی کورد، کە تیشك دەخاتە سەر رابردووی ئەم گەلە و رووداوەکانی بەسەریدا هاتووە و هەوڵدەدات رووداوەکان راڤە بکات و هۆکارەکانیان دەستنیشان بکات.

کۆمەڵە رووداوێکی دیکە هەن کەسایەتی و خودی کورد دەستنیشان دەکەن بەو وێنەیەی لە ئایین و ئەدەب و دابونەریتەکەی رەنگی داوەتەوە، کە سامانی گیانی ئەو گەلەن. ئەوەشیان بە مێژووی گیانی کورد ناو دەبرێت.

گۆڕانی ئەم دوو لایەنە، ئەم دوو زنجیرەیە لە ڕووداوەکان تەریب لەگەڵ یەك لە گۆڕانی هەر گەلێکدا. هەر یەکەیان بەهای مەزنیان هەیە بۆ توێژەرێ کە بیەوێت بۆچوونێکی تەواوی هەبێت سەبارەت ئەم گەلە و زەمین بداتە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەوەندەی شیاو بێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین هەموو توخمەکانی ڕێ هەموار بکەین بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی گەلی کورد لە چوارچێوەی مێژووی بەردەستی ئاسیای کۆن. ڕوونبۆتەوە بۆمان کەوا هۆکاری جوگرافی جیاجیا و کۆمەلایەتی بەتایبەتی ئەوەی هۆش و شێوازی بیرکردنەوەی و بنیاتی جەستەیی و گیانی پێکهێناوە.

گەلی کورد هەتا ئەمڕۆ نەیتوانیوە دەوڵەتێکی یەکخراو و سەربەخۆ دروست بکات. گەر بۆی هەلکەوت دەبێتە هۆی چەسپاندنی پێگەی سیاسی ومێژوویی لەتەك گەلانی دیکە کە هیچی لەوان کەمتر نیە. کەچی ئەم گەلانە سەرکەوتن و شوێنی تایبەتی خۆیان بەدەستهێنا، بەلام گەلی کورد تا ئەمڕۆکە لێی بێبەش بووە[1].

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کورد ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە گۆڕان و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری لە ئاسیای کۆندا.

(1) باسیل نیکیتین، الکورد، ص 99.

مەبەست لە شارستانیەتی (Civilization) چیە؟

چالاکی و رەفتارە جیاجیاکانی مرۆڤە، کە بە کاردانەوەی خۆڕسك ناژمێردرێت یان غەریزی بێت، ئەوەشیان چەندان ڕواڵەت دەگرێتەوە لەوانە زمان و ئایین و ئاکار و سیستەم و دابونەریتی کۆمەلایەتی و ئابووری و یاسایی و هونەر بە هەموو جۆرەکانیەوە و پیشەسازی و هەموو ئەوەی پێویستە مرۆڤ فێری بێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەیدا.

شارستانیەتی دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت:

ـ شارستانیەتی رەسەن: ئەو شارستانیەتەن کەوا پەیدا بوونە و گۆڕاون لە دوو توێی زنجیرەیەك لە قۆناخە شارستانییەکانی پەیوەندار، واتە لە ژیانی بەراییەوە تا شێوەی خۆی وەرگرت و توخمەکانی رسکان.

ـ شارستانیەتی لکەکی: ئەو شارستانیەتەیە کە پێکهاتەکانی لە شارستانیەتە رەسەنەکە وەرگرتووە.

شارستانیەتە رەسەنەکانی ناسراو لە جیهاندا زۆ کەمن یان تەنیا لە رۆژهەلاتی نزیکی کۆندا بوون و بەتایبەتی مێسۆپۆتامیا و شارستانیەتی دۆڵی نیل کەوا شارستانیەتی تێدا پەیدابوو و پێگەیشت و بوو بە داهێنەر و پەیداکاری شارستانیەتی مرۆیی بە گشتی[1]. ئەوەشیان واتای وانیە شارستانیەتی دیکە نەبوون، بەڵکو شارستانیەتی بالای دیکە هەبوون لە هیند و چین و فارس، هەروەها گەلی کورد کە کۆنترین کۆمەڵە مرۆڤە لەسەر گۆی زەوی ژیاوە و شارستانیەتی تایبەتی خۆی بنیات ناوە، هەرچەندە ئەو بایەخە پەیویستەی پێنەدراوە و هۆیەکانی شاراوە نین!!!

کورد شارستانیەتەکەی لە نەتەوەکانی دیکە وەرنەگیراوە بەڵکو داهێنانی خۆی بووە بە درێژایی چاخەکان و نەوە دوای نەوە و خۆی لە قوولی کەسایەتی کوردی دەبینێتەوە کەوا رەفتارو چالاکییە جیاجیاکانی دەکرد و تایبەتمەندی شارستانی هەبوو رەسەنایەتی ئەو دەسەلمێنن.

---

1) د. عامر سلمان ابراهيم، احمد مالك الفتيان، محاظرات في التاريخ القديم الموصل، 1978، ص 11 – 12.

شارستانیەتەکەی لە دوو تونی قۆناخە شارستانیە تێکبەستراوەکانەوە پەیدا بووە، واتە لە ژیانی سەرەتاییەوە (قۆناخەکانی بەرایی پەیدابوون و ئەفراندن) تا شێوەی گۆڕا و توخمەکان پێگەیشتن بە هەموو ڕواڵەتەکانی زمان و ئاین و ئاکار و سیستەم و دابونەریت و پیشەسازی. هەروەها هەموو ئەوەی مرۆڤی کورد فێری بوو لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەیدا.

گەلانی کۆنی عێراق شارستانیەتیان پێگەیشت و گەشایەوە لە ڕێگای کارلێکی ڕێکوپێکی هەموو ڕۆڵەکانی میسۆپۆتامیا و بەڕاستی بوونە چرای سەرجەم مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو، بێگومان بووە جێی بایەخی هەموو نەتەوە و گەلانی کە لە قووڵایی شارستانی و داهێنانە بەردەوامەکانی ئەوانیان هەڵێنجا لە لایەنە جیاجیاکانی ژیان.

لە ڕێگای مێژووەوە پاشماوەی ڕابردوو دەزانین و کاریگەریان لەسەر ئەوەی کاری مرۆڤ پێیگەیشتووە لە ڕۆژگاری ڕابردووی بەسەرچوو، لەبەر ئەوە مێژوو تاکە زانستە پشتی پێدەبەستین بۆ زانینی تایبەتمەندی گەلی کورد. لەبەر ئەوەی مێژوو تاکە زانستی گشتگیرە بەهۆی بایەخدانی بە چالاکی و کردارەکانی مرۆڤ لە وێژە و هونەر و ژینگە و سیستەم و هزر و بۆچوون. کە لە بارەی ئەرکی مرۆیی گەلی کوردی کۆن دەدوێین دەبینین پڕ بەخششە، شوێنەوارەکانی دۆزراونەتەوە لە شوێنە جیاجیاکاندا کە ژینگەی ڕاستەقینەی کورد بوون، بەڵگە و گەیێنی گۆشەی کۆمەڵایەتی ئەوان بوون.

لەوەوە ئەنجامگیری دەکەین کەوا ئەو شارستانیەتەی کورد پەیدا کردووە، خۆڕایی نەبووە، بەڵکو لە ئاکامی ئەرکی مرۆیی کارا و کاریگەر بە درێژایی چاخەکان هاتۆتە کایەوە. ئەم هەڵاواردنەش لەخۆڕایی نەبووە، بەڵکو پوختەی ئاکامی ململانێی درێژخایەنی مرۆڤ لە وڵاتی کوردان کردوویەتی لە بەرەنگاری سروشت بوونەوە و رامکردنی بۆ خزمەتی خۆی و بەرەنگاری دیکەش وەك هەڵمەتی نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری و لەم ڕێگەیەشەوە بەرەنگاری گشتگیر، مرۆڤی کورد توانی شارستانیەتێکی ڕەسەن لە نیشتمانەکەیدا بنیات بنێت. شارستانیەتێك تا رادەیەکی زۆر وەك شارستانیەتی عێراقی کۆنە، کورد تیایدا بەشێکی زیوەر بوون.

کورد هێزی خۆیان لە کارلێکی پێگەیشتوو و کاریگەری کارکردن و داڕشتنی حاڵەتی شارستانی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، کە یارمەتی پێگەیشتن و گەشانەوەی داوە. بەم جۆرە سروشتی تاك و دوور لە تێکەڵ بوون و توانەوە لە نێو شارستانیەکانی لەنزیك ژینگەکەی دەرکەوتن، بەڵکو هاوکار و هاوبەش بوو لە گەڵیان لە بنیات نانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی فرمواندا.

بایەخدانمان بە رابردوو رووکەشانە نییە،بەڵکو لەو راستیانەوە هەڵقوڵیوە کە نووسینەکانی کۆن هاوکاربوون تیایدا، بۆ تەواوکردنی وێنەی کەونی مێژووی مرۆڤی کورد و فرەجۆری چالاکییە تاکەکەسی و کۆمەلایەتییەکانی کە لە دێکۆمێنتەکانی نووسراو یان پاشماوە ماددیەکاندا جێهێشتووە، کە دەبێت بە نهێنییەکانی بزانرێت و وردەکارییەکانی ئاشکرا بکرێت، بەلام ئامرازی پەردەپۆشکردنی راستیەکان کەوا گەلانی دەورویەر کردوویانە، وایکردووە وێنەیەکی لێڵ دروست بێت و گەیێنە (مدلول) کانی ئەم شارستانیە نەگات، ئەویش بە مەبەستی پێشێل کردنو فەرامۆشکردنی مافی مێژوویی ئەم گەلە، بەوەی بێ بەڵگە و دێکۆمێنت و بەڵگەنامەی بهێڵنەوە بۆ پەراوێزکردنی ناسنامە (Identity) رۆشنبیری و شارستانیەکەی.

لە راستیدا ئەو نەتەوانەی لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، شارستانیەتیەکەیان لە دەرەوەی ناوچەی پێکهاتنی شارستانیە زانراوەکان نەبووە و سروشت بەخشەندە بووە بەرامبەر خاکی کوردستان، هەموو پێکهاتەکانی پێبەخشیوە کە مرۆڤی بەرایی سەر خاکەکەی بەرەو تەواوبوون و پێگەیشتنی شارستانی برد.

ئەو ژینگەیەی مرۆڤی کوردی تێدا بوو بارودۆخێکی نموونەیی بوو، یارمەتیدا بۆ ئەوەی شارستانیەتی کشتوکاڵی بنیات بنێت کە شار چراکەی بوو. خاکی فراوانی کوردستان و دەشت و دۆڵ و چیا چەسپاوەکانی و زێ و رووبارەکانی، کەش و هەوایەکی باشی بۆ دابینکردوون بۆ ئەوەی بگەن بە قۆناخی داهێنان.

وەك هێگل دەڵێت: شارستانیەتی کۆمەڵە شێوەیەکی ژیانی بابەتین، بەرهەمی تێکبەستەیی مرۆڤی تاکە لە کۆمەڵگەدا و کارلێکی لەگەڵ ژینگەی جوگرافی و مرۆیی و کە لە

پەیوەندییەکانی نێوان کەسایەتی و شارستانی لەسەر خاکی کوردستان دەکۆڵینەوە، دەبینین پەیوەندی پتەو دوورپات دەکاتەوە، ئەو شارستانیەتەی کە لەسەر خاکی کوردستان پەیدا بووە، ئەوەندە تەواویەی کار و چالاکی هۆشەکی و سروشتی یە کەوا رەفتاری بەکۆمەڵی ئەوانەی کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتی هەلاوارده پێکدێنن، کە داهێنانێکی بەرچاویان ئەفراندووە و توانای سەلماندنی ناسنامەی کەسیان بووە، کە بەرهەم و دەفرێکە مێژووی تاکە کەس و پێشینەی وی تێدایە. واتە بنجی رەگەزی دەسەلێنێت و کۆ ئەنجامەکەشی دیدگای ئێمەیە بۆ ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانە لە رێگای جێکەوتەی پەروەردە و پێگەیاندن.

لە هەمان کات هەندێ زانا دان بە رۆڵی شارستانیەتی دەنێن لە هاوبەشیکردن لە پێکهێنانی کەسایەتی لەبەر ئەوەی یارمەتی کەسایەتی دەدات و لە دیارکردنی شێوازی روانینە ژیان هاوکاری دەکات، واتە هاوکارە لە دیارکردنی کۆمەڵە بەهاکانی رۆشنبیری و رووکارەکان و بۆچوونە تایبەتییەکان لە جیهاندا، لەبەر ئەوەی تاکە کەس بەرە بەرە و بە رەوتی رۆژگار رۆشنبیری کۆمەڵگەکەی دەردەست دەکات و بە چەمکە ئایینی و بنەما ئاکارییەکانیشەوە.

ئەو رادە مەزنەی چەشنی بیر و رۆشنبیری و کۆمەلایەتیەی گەلانی کۆن جێیان هێشتووە، کە نیشتەجێی کوردستان بوون، بووەتە نادگاری بەرچاوی کەسایەتی کوردی، لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان کەسایەتی و شارستانی پەیوەندییەکی دوولایەنەیە. رۆڵی شارستانی کەمتر نیە لە دارشتنی کەسایەتی تاکەکەس، بۆ ئەوەی شارستانی و بەرهەمەکەی ببێتە بە بەشێك لە کەسایەتی تاکەکەس و جیابوونەوەیان نەبێت، وا باوەڕی باو لە شارستانیەتی باودا و ئاکامەکانی لە کۆمەڵگەیەدا، دەبێتە باوەڕ، و بەهای زاڵی وی دەخزێتە ناخییەوە و دەبێتە بەشێك لە سیستەمی دەروونی ئەو، دەیجووڵێنن و هانیدەدەن و وەلامگۆ(استجابه) کانی دیار دەکەن[1].

دیارکردنی نادگارە بنچینەیی و بەراییەکانی کەسایەتی کوردیی کۆن، لە رێگای گووران (بلورە) ی لە گیانگەرایی کە پێکهاتووە لە رێگای باپیرانەوە، ئەوانەی هاوبەش بوون لە بنیاتنانی ولات و ئیمپراتۆرییە مەزنەکان لەو سەردەمەدا وەك: ئیمپراتۆریەتی میدی و میتانیو

(1) دوان شلتز، النظریات الشخصیة، ص 30.

کاشی لەتەك شانشینی بەهێز، تیشکی شارستانی تایبەتییان هەبوو، وەك: شانشینی لووی و خلدی و حوری و خوری و ئورارتویی و کاسی و مانەی مێژوویان لەسەر خاکی کوردستان بەسەر بردووە و سروشتی شارستانی نەتەوەیی خۆی پێکهێناوە، کە خاوەن چەندان تایبەتمەندی و چەشنە رەفتار و ئادگاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەکەیەتی. سیستەمێکی رۆشنبیری هاوبەش کۆنترۆڵی دەکات.

شتێکی سروشتییە دان بەوەدا بنرێت شارستانیەتی لە بنجدا لە رێگای پەیدابوونی پێکهاتەی ناوخۆیی گیانی مرۆیی پەیدابووە، دواتر بە شێوە دەرەکیەکەی رەنگدانەوە، لە ئاکامی پەیوەست بوونی گیان (ی مرۆڤ) بە جەستە (واتە شارستانی). هەرچەندە شتگەلێکی ئاڵۆزبوون بۆ مرۆڤی کۆن، بەلام خێرا شێوازی ژیانی خۆی دیارکرد کەوا کارێکی پێکهێنا و رەنگی چەمکێکی یەکخراویی هزری دایەوە، لە دوانە فەلسەفی و ئەفسانەییەکەی دەری بڕی لەمەڕ ئەفراندن و پەیدابوون و مردن و ژیان و نەمری و سێکس و هونەر و نەدیش. لەوەشدا بلیمەتییەکی گەورەی نواند، توانایەکی رادەبەدەری دەرخست لە تێبینی زیرەکانە و بەستنەوە و پوختەکردنی پێکهاتەو رووداوە بینین[1].

هەموو بەرهەمی هزریان کردارێکی کارلێکی پێشەنگ دەنوێنێت لە نێوان تاك و زانیاری. شتێکیان بۆ نووسیوین نایزانین، ئەوەتا ئێمە ئادگار و نیشانەکانی ئەم شتەی هەوڵی نووسینی دەدەمین و دواتر دەمانەوێت بۆ جیهانی روون کەینەوە کەوا چەندە وتارێکی شارستانی قووڵ بووە، ئەوەی بۆ ئێمەیان جێهێشتووە، بۆ گەیشتنە پوختەیەکی هزری مرۆڤ لە کوردستانی کۆن و مێژووە فەرامۆشکراوەکەی و ئەوەی ئەم کەسایەتیەی بەرهەم هێنا لە چەمکی مرۆیی جوانکارانە.

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص 239.

دۆزینەوەی شارستانیەتی کوردی لە میسۆپۆتامیا

بۆ زانینی ڕووداوەکانی مێژووی کۆن لە دوو توێی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دوو جۆر لە سەرچاوە، وەك مێژوو زانان دوویاتیان کردۆتەوە:

شێوێنەوارە ماددی و نووسینە کۆنەکان:

هەموو پاشماوە ماددییەکانی لە رابردووەوە بۆمان ماوەتەوە و هەر لە دەرکەوتنی مرۆڤەوە، پێش لە زیاتر لە دوو ملیۆن ساڵەوە کە مرۆڤ یەکەم جار ئامێری بەردینی دروستکرد، وەك تەوری دەستی و بڕەر و نووکەرم و چەقۆی بەردینی دروست کرد لەگەڵ چەند ئامرازێکی بچووکی سادە لە ئێسکی ئاژەلانی کە راوی دەکردن. هەر لە چاخە بەراییەکانی مێژووییەوە فرەجۆر بوون، سەرەرای جۆرەها هونەری دی وەك بیناسازی و داتاشین و نەخشکاری و گڵینەسازی و نیدیش. ئەم پاشماوە ماددیانەی بەرچاون لەسەرووی میسۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە کە خاکی کۆنی بەرەی یەکەمی پێکهاتەی مرۆیی کورد بوون.

نووسینە کۆنەکانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتن ـ کە نووسنی داهێنا ـ وەك ئامرازێکی تۆمارکردن پێش زیاتر لە پێنج هەزار ساڵا، کۆڵینکارییەکان ئاکامی ململانێی درێژخایەنی مرۆڤ لە ولاتی کوردانی خستۆتەروو لە بەرەنگار بوونەوەی سروشت و خستنە بەردەستی خۆی و بۆ خزمەتی خۆی لەگەڵ هەلکەوتی بەرەنگار بوونەوەی چارەنووس سازانە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری. لە رێگای ئەم بەرەنگار بوونەوە گشتگیرە، توانی شارستانیەتێکی رەسەن لە ولاتەکەیدا دابهێنێت وەك شارستانیەتی عێراقی کۆن کەوا کورد هێزیان لە رێگەی کارلێکی کاریگەر و پێگەیشتوو لێ وەرگرت، کە بوو بە هۆی پێکهێنان و داڕشتنەوەی حاڵەتە شارستانیەکەی و یارمەتی گەشەسەندنی داوە. سروشتی تاکایەتی دوور لە ئاوێتە و توانەوە لەنێو شارستانیەکانی و خۆی پاراست، کە لە نزیك ژینگەکەی سەری هەڵداوە.

بایەخدانمان بە رابردوو بە پێی دیدگایەکی رووکەشی شارستانیەتێکی شێوەکی نییە، بەڵکو لەو راستیانەوە سەرهەڵدەدات کەوا نووسینە کۆنەکان هاوبەشیان تێداکرد بۆ تەواوکردنی وێنەی روون و دیار لەبارەی مێژووی مرۆڤی کورد و فرەجۆری چالاکی و چالاکییە تاکەکی و کۆمەلایەتییەکانی کەوا لە دێکۆمێنتە نووسراوەکاندا جێی هێشتوون.

یاد پاشماوەی ماددی، کە پێویستە لە نهێنییەکانی بگەین و وردەکارییەکانی بزانین. بەلام تیۆری پەراوێزکردنی کەوا گەلانی دەوروبەر ئامادەیان کردبوو، بینینی روونیان لێڵ کرد و گەیێنەکانی (مەدلەلاتی) ئەم شارستانیەی شێواند.

بەهۆی ئەوەی مێژووی درێژ و قووڵی کوردی، وەك نەتەوەکانی دیکە، چالاکی تاکە کەسی و کۆمەلایەتی مرۆڤی کورد فرەجۆر بوو، لەسەر دێکۆمێنتی نووسراوی جێهێشتبوو یان پاشماوەی ماددی، ئالێرەدا چەندان پرسیار قووت دەبنەوە... ئایا بەڕاستی راستەوخۆ لێکۆڵین لە ولاتی کۆنی کورداندا کراوە؟ ئایا نووسینی مێژوونووسان هاوکار بوو بۆ تەواو بوونی کەسایەتی کوردی؟ ئایا بەڵگەنامە مێژوویییەکان نووسراونەتەوە، ئەوانەی سەردەم و خولە جیاجیاکانی ژیانی کۆنی کورد دەنوێنن؟ ئایا لێکۆڵەران و زانا شوێنەوارییەکان هەڵوێستی بێلایەنیان هەبووە بە پشت بەستن بە پاکی پیشەوەرانە لەکاتی بەڵگە هێنانەوە و ئەنجامگریدا لەو شوێنەوارانە و دێکۆمێنتانە و دەقە نووسراوانەی قوولایی مێژووی نەتەوەی کورد دەنوێنن؟

کۆڵینکارییە شوێنەوارییەکان، چاخەکانی پێش مێژوویان دۆزیەوە. مرۆڤ هەر لە رۆژی دەرکەوتنی یەکەم تیرە مرۆییەکانی بنچی مرۆڤ دەنوێنن هەر لە نزیکەی 1،750،000 سال و بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەکان مرۆڤ لە عێراقدا لە رۆژگاری زۆر دوور و درێژ ژیاوە. شوێنەوارەکانی بەرایی لە ئەشکەوت و کون و کەلەبەرەکان ژیاوە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوورو باکووری رۆژهەلاتی عێراق. مرۆڤی نیاندرتال دۆزراوەتەوە لە ئەشکەوتی شانەدەر لە ماوەی نێوان 100000 ـ 35000 سالی رابردوودا لە باکووری عێراق[1].

واتە ئەم ناوچەیە بەشی هەرەزۆری مێژووی مرۆڤایەتی داگیرکردووە. جێگەی بەردە بەلك (Barda Balk) نزیك چەمچەماڵ لە کۆنترین ناوچەی چاخی بەردینی کۆن دەژمێردرێت لە عێراقدا. پاشماوە شوێنەوارییەکانی دەگەڕێنەوە بۆ چاخی کۆنی بەردین لە جۆری ناسراو بە ئاشولی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ماوەی نێوان 100000 تا 60000 سالا.

---

(1) د. فرج بصمه جي، العصور الحجرية في العراق على ضوء المكتشفات الحديثة، بغداد، ص 111 - 121.

بە هەمان شێوە لە ئەشکەوتی زرزی و هەزار مێرد لە پارێزگای سلێمانی، شوێنەواری قۆناخی دووەمی چاخی کۆنی بەردین دۆزراونەتەوە. لە ئەشکەوتی شانەدەر(Shanidar) لە پارێزگای هەولێر، کە تا ئێستا گەورەترین و فرەوانترین ئەشکەوتی دۆزراوەیە لە عێراقدا[1]، ئێسکبەندی سێ پیاو و منداڵێکی تێدا دۆزراوەتەوە، بە کۆنترین ئێسکبەندی مرۆڤی نیاندرتال دادەنرێت، کە مرۆڤی کۆنە، لەم ناوچەیەدا ژیاوە پێش مرۆڤی هۆشمەند (هوموسیپینس) پاشماوەی مرۆڤی نیاندرتالی تیادا دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مستیری و ماوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان 60000 ـ 45000 سالا. ئەوەشیان وەك دەزگای كاربۆن (14) (هاوچاوی تیشکدار ـ النظائر المشعة) ئامارەی پێکردووە و دەستنیشانی کردووە، دەشێ ئەشکەوتەکە پاشماوەی کۆنتری تێدا بوبێت لەبەر ئەوەی کۆڵینکارییەکان نەگەیشتوونەتە خاڵی رەقان تا ئێستا[2].

چەندان جێگەی دیکە هەیە پاشماوەی مرۆڤی ئەم قۆناخەی تێدا دۆزراوەتەوە، وەك: ئەشکەوتی (بالی کورا) و پەناگەی کەڤرینی بابخاڵ و سراندور لە نێوان هەولێر و شەقلاوە.

(1) عبدالقادر حسن علي، الانسان الأول (حول الاجناس البشرية في العصور الحجرية القديمة)، ص 67 – 69.

(2) طه باقر و د. عبدالعزيز حميد، طرق البحث العلمي في التاريخ و الآثار، جامعة بغداد، 1980، ص 11.

* سۆمەرییەکان (Sumerian) بنیاتنەری مەزنترین شارستانی مرۆڤ لە سەرەتای چاخە مێژووییەکانەوە پێزانراوە

سۆمەرییەکان (The Sumerian):

مێژووی سۆمەرییەکان لەگەڵ سەرەتای چاخە مێژووییەکانی رێك دێت لەگەڵ چاخی گزنگی رەچەڵەکەکان.

میللەتێك هەبوو لە ناوچەی سۆمەر (Sumer) نیشتەجێ بوو پێش دەرکەوتنی سۆمەرییەکان، بە سەدان یان هەزاران ساڵ، شارە سۆمەرییەکان هەموویان دوای ئەم چاخە بە هەزار ساڵ واتە لە گزنگی دەرکەوتنی رەچەڵەکەکان دەستی بە گەشەکردن کرد، وەك: لگەشی و وەسکا و ئوور و ئیدیش هەتا (ئەریدۆ)ش بە کۆنترین شاری ناوچەی سۆمەر ناژمێردرێت.

کەواتە گەلی سۆمەری کێن؟ کە هاوبەشی بنیاتنانی شارستانیەتی عێراقی یان کردووە لەسەر خاکی سۆمەر بۆ سەدەیەك دەچێت؟ چۆن گەیشتوونەتە سۆمەر؟ چۆن گەیشتوونەتە بەشی خوارووی دەشتی نیشتەنێ؟[1]

توێژینەوە بەردەوامە بۆ زانینی بنچی سۆمەرییەکان لەبەر تیشکی یەکەم پاشماوەکانیان... پرۆفیسۆر تەها باقر، پێمان دەڵێت: سۆمەرییەکان یەکێکن لە کۆمەڵەکانی لە هەندێ نەتەوەی خۆجێیی باکووری میسۆپۆتامیا کەوتوونەتەوە، لە چەرخی دێرینی پێش مێژوو. ئەوان بەناوی تایبەتی خۆیان ناسران کە (سۆمەرییەکان) ،، بە دانە پاڵ ئەو هەرێمەی لەدوا کایە تیایدا نیشتەجێ بوون، لە دەشتی نیشتەنی عێراق لە نزیکەی هەزارەی پێنجەمی پ.ز یان کەمێك دوای ئەوەیە. سۆمەرییەکان هێمای تایبەتیان بۆ چیا بەکارهێنا بۆ دەربڕینی ئەو واتایە کەوا ئەوان لە چیا جێگیربوونە لە عێراقدا پێش کۆچکردنیان بۆ ناوچەی دەشتی نیشتەنی.

---

(1) صمونیل نوح کریر، السومریون، ترجمة د. فیصل الوائلی و د. سامی سعید الاحمد، السومریون و تراثهم الحضاری.

دواتر خەریکی دروستکردنی زەقورە (زەگورە) بوون لە پەرستگاکانیان و بایەخیان لە ئاینی سۆمەری و بوونی دار و ئاژەڵی چیایی لە نیگارەی مۆرە لوولەکییەکانیان.

هەندێ مێژوونووس لەو باوەڕەدان سۆمەرییەکان لە چاخی عوبێد گەیشتوون بە بەشی خوارووی عێراق، کەوا سەرەتای تۆخمەکانی شارستانیەتیان تیادا دەر دەکەوێت[1]. کەواتە سۆمەرییەکان دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ولاتەن کەوا پێشینەکانیان کۆنترین دێی کشتوکاڵیان بنیاتنا لە باکووری عێراقدا، کەوا خولەکانی چاخی پێشی مێژوو دەنوێنێت[2]. باسماکوف لەو باوەڕەدایە وێنەی بەرایی کوردانن[3].

هەروەها مار (Marr) ئاماژە بەوە دەکات دەشێ نزیکی لەنێوان سۆمەرییەکان و کورد دا هەبێت، لەبەر ئەوە دەتوانێ گریمانەی ئەوە بکەین کەوا کورد لەجۆری (دۆلیکۆ Dolicho)ن تۆخمە کۆچکراوەکانن لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ولاتی ئەنادۆڵ ئاوێتە بوون، دەشێ ئەم تۆخمانە لە کاتێکی دواکەوتوو هاتبن، کە لە ناوەندەکانی قەوقاس یان لایەنی دیکەی دەریای ڕەش، بەتایبەتی دەزانێ کەوا پاشماوەی کوتییەکان لە قرم هەتا سەدەی شازدە ماونەتەوە. هەڵمەتبەران لە قەرمەوە هاتوون بۆ ئەنادۆڵ شتێکی سەلماوە لەڕووی مێژووییەوە دەزانێ کورد لەم سەردەمەدا لە ڕۆژهەلاتەوە بزاوتن بەرەو ڕۆژئاوا[4].

گەلی باکووری مێسۆپۆتامیا، یەکەم گەلن بنچینەی مەزنترین شارستانی دانا کە مرۆڤی کۆن پێیزانیبێت. ناوی ولاتی سوبار (Subar) یان سوبارتو بە بەشی باکووری عێراق دەوترا، ئەم ناوەش بە دانە پاڵ سوبارییەکان هاتووە کە نەتەوەی چیایی و لە باکووری مێسۆپۆتامیا جێگیر بوون.

---

(1) تاريخ السومريين السياسي و الحضاري، طه باقر، ص 252.

(2) هەمان سەرچاوە، ص 56 – 64.

(3) باسماكوف، الشعوب القاطنة حول البحر الاسود، باريس، 1930، ص 78.

(4) موسنرينسكي، بحوث عن اصل القبائل الاولية للشعوب السلانية، 1952، ص 187.

وا دەردەکەوێت ئەم نەتەوانە لەگەڵ ئاشوورییەکان یەکیان گرتبێ بۆ پێکهێنانی یەکێتیەکی سیاسی و سەربازی کە ئاشوورییەکان لە ماوەی هەزارەی سێیەمی پ.ز، دەشێ ئەم هۆیە لە پشت بەهێز بوونی ئاشوورییەکان بێت کە توانیان مەزنترین ئیمپراتۆریەت دانێن لە رۆژهەلاتی کۆندا.

دەرووی سێیەم

گرنگترین سەردەمە شارستانییەکان و چاخە مێژووییەکان بۆ پێکهێنانی شارستانیەتی کورد لە وڵاتی سوبارو – سوبارتو

Subar Country

* چاخی بەردینی کۆن (پالیولیسیک)
* چاخی بەردینی ناوەند (میسولیسك)
* چاخی بەردینی نوێ (نیولیسك)
* چاخی بەردینی کانزایی (کالکولیسك)

گرنگترین خولە شارستانی و چاخە مێژوورییەکانی بۆ پەیدابوونی شارستانیەتی کورد لە ولاتی سوبارو – سوبارتو (Subar Country)، لێکۆڵینەوە و گەڕانی جیولۆجی و شوێنەوار ناسی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردی، هەندێ زانیاری دەرخستووە سەبارەت سەرەتای پەیدابوونی ژیانی تیایدا[1]. سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لە کوردستان پێشی زیاتر یان کەمتر لە ملیۆن ساڵ بووە و داهێنانی نووسین لە نیوەی هەزارەی چوارەمی پ.ز ئەم چاخانە دەگرێتەوە:

چاخی بەردینی کۆن (پالیولیسیك)

ئەم چاخە لە نیوەی چاخی بلایستوسین تا کۆتایی چاخە بەستەڵەکەکانی ئەورووپایە، پێش نزیکەی 500،000 ـ 10،000 ساڵ پ.ز . نشیمەنی بەردە بەڵکە (Barda Balka) نزیك چەمچەماڵ لە کۆنترین شوێنی چاخی بەردینی کۆن بێت لە کوردستان، ولاتی کوردان.

توێژینەوەی شوێنەوارزانی خاتوو کاردو ساڵی 1928 لە ئەشکەوتی زرزی و هەزار مێرد لە پارێزگای سلێمانی پەیکەر ـ ئێسکبەندی مرۆڤی دۆزیەوە، منداڵێك و سێ پیاو، بە کۆنترین ئێسکبەندی مرۆڤی نیاندرتال ناسراون، کە مرۆڤی کۆن بوون و لەو ناوچانە ژیاون پێش مرۆڤی هۆشمەند و پاشماوەی لە شوێنی جیاجیای باکووری عێراق دۆزرانەوە.

ئەشکەوتی هەزار مێرد واتە (هەزار پیاو)، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر فرموانە و جێگەی هەزار پیاوی تێدا دەبێتەوە. دەشێ ئەم ناوە پەیوەندی بە پلە و پایەی سەربازیەوە هەبێت، واتە بەرپرسی هەزار پیاو، واتە سەرکردەی هەزار کەس.

ئەشکەوتی زرزی دەکەوێتە چیای بەرانبەر سورداش و زۆر لە دوو ئەشکەوتی قرقبان و کوڕ و کچ دوور نییە. توێژەری ئەمریکی خاتوو کاردو ساڵی 1927 کۆڵینی ئەنجامدا و شوێنەواری کۆتایی چاخی بەردینی کۆنی دۆزییەوە، کە زۆربەیان ئامێری ورد بوون دەگەڕانەوە ماوەی دوازدە هەزار ساڵ پێش.

---

(1) تاریخ الکرد القدیم، ص 17.

راستییەکانی تایبەت بە ئەشکەوتی هەزار مێرد و زرزی ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا ئەشکەوتی شانەدەر زۆر لەبار بوو بۆ ناوچەی کوردستان، تاکە ئەشکەوتی ژیان تیایدا لە 600،000 تا 10،000 ساڵ پ.ز بەردەوام بووە. لە نشیمەنی بەردە بەڵکەی 300م باکووری رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ چەندان تەوری دەستی دۆزراونەتەوە مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ هەزار ساڵا.

چاخی بەردینی ناوەند (میسولیسك)

ئەم چاخە بەوە هەڵداوێردرێت کەوا مرۆڤ لە قۆناخی راو و شـکار و هەڵگرتنـەوەی بـەرووبووم گواستیەوە قۆناخی کشتوکاڵ و شوانکارەیی. نشیمەنی زاوی چەمی لەسـەر زێـی سـەروو نزیـك ئەشکەوتی شانەدەر تا ئێستا بە کۆنترین نشیمەنی مرۆیی دەژمێردرێت لـە رۆژهـەلاتی نزیکـی کۆندا[1].

کۆڵینکارییەکان لە شوێنەکەدا پاشماوەی کۆنترین نشیمەنی ئەم چاخەی بـەخۆوە بینیـوە، کـە دەگەرێتەوە بـۆ هـەزارەی دەیەم پ.ز ، شـایانی باسـە پەیوەنـدی هونـەری نێـوان پیـشەسازی کوردستان لەم چاخەدا و نێوان پیشەسازییەکانی دەوروبەری دەریاچەی (قەزوین) ە[2].

لە هەڵکەوتی ئەم چاخە، شوێنی (کەریم شەهر) نشیمەنێکی کراوەیـە دەکەوێتـە رۆژهـەلاتی چەمچەماڵ بە نزیکەی 9 کیلۆمەتر. هەندێ ئامێر و ئامرازی بەردینی ورد دروسـتکراوی تیـادا دۆزراوەتەوە، لەوانە ئامرازی کشتوکاڵی وەك داسی دروستکراو لە دەوە، داسـی دروسـتکراو لـە پۆلا و چەپاو بە قیر و دەستاڕی ئارد و نان، شوێنی (ملفعات) ئەویش دەکەوێتە سەر زێی خـازر سەرووی وێی نێوان هەولێر و موسلا، تیایدا شوێنەواری بەردینـی مەزن دۆزراونەتەوە وەك ئەوەی لە (کەریم شەهر) و لە (گرد چای) لەسەر لێواری زێی گەورە دۆزراونەتەوە، بەلام نزیك دێی (گرد مالك) و شوێنەواری دیکە لە ئەشکەوتی هەزار مێرد و (بالی کورا) و شوێنانی دیکە[3].

ناوی ئەم چاخە، چاخی ئامرازە وردەکانە، ئەم چاخە ناسراوە لە:

أ ـ عێراق (لە خاکی کـورد دا) بـەناوی سـەردەمی زرزی (بـەناوی ئەشـکەوتی زرزی نزیـك سلێمانی)، شوێنەوارەکەی لە ئەشکەوتی شانەدەر لە چینی (B) دۆزراوەتەوە و لـە ئەشـکەوتی هەزار مێرد و شوێنی دیکە.

ب ـ لە ولاتی شام بەناوی سەردەمی (نتوفی).

---

(1) الوجیز فی تاریخ العراق القدیم، د. عبدالقادر الشـیخلی، ص 55 – 56.

(2) هەمان سەرچاوە، ل 55 – 56.

(3) طه باقر و د. عبدالعزیز حمید، طرق البحث العلمی فی التاریخ و الآثار، جامعة بغداد، 1980، ص 41.

ج ـ لە باکووری ئەفریقیا بەناوی سەردەمی (قەفسی ـ وەهدانی)[1] .

ناوچەکانی باکووری عێراق ژینگەی لەبار بوو بۆ گەشەسەندنی مرۆڤی بەرایی، ئەوەشیان ئاماژەیە بە رەهەندی مێژوویی نەتەوەکانی لە باکووری عێراق نیشتەجێ بوون بە کاکڵی یەکەم دادەنرێن بۆ بنیاتنانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا. بەم جۆرە دەبینین باکووری عێراق شانۆیەك بوو بۆ شۆڕشی نیولیسی کە گرنگترین چاخە پێش ئەوەی بە سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ بایەکەی بەرەو ئەورووپا هەڵبکات.

لە بناری چیاکانی کوردستاندا، کەوا بارانی ئەتڵەسی هەموو ساڵێك دەیگرێتەوە، مرۆڤ وازی لەوە هێنا راوکەر و شکارچییەکی گەڕۆك بێت و پشت بە لێزانی خۆی و بەختی خۆی ببەستێت لە بژێو پەیداکردن، بوو بە کشتکار و پەیوەست بوو بە پارچە زەوییەکی بچووك، لەم زەوییەدا خۆراکی خۆی دەست دەکەوێت، لە قوڕەکەی خانووی دروست کرد و ئامرازی نوێی داهێنا بۆ ئەنجامدانی جۆری نوێی دی لە کار. لە مەڕ و مالات سەرچاوەیەکی ئاسان و هەمیشەیی شیر و گۆشت و خوری و پێستی دابین کرد. لە هەمان کات رووکاری کۆمەلایەتی گەشەی سەند، لەبەر ئەوەی کشتوکاڵ کردن و بەرگری لێ کردن پێویستی بە هاوکاری کۆمەلایەتی پتەو هەبوو.

هەر خێزانێك کێڵگەیەکی بۆ خۆی تەرخان دەکرد رواندن و چەراندنی مێگەلەکەی، سەرەڕای دروستکردنی ئامرازەکانی، بەلام زۆر هۆکاری دیکە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ببن بە کلیلی رێکخراوێکی کۆمەلایەتی. دواتر شۆڕشی دیکە هەڵدەگیرسێت و کانزا شوێنی بەرد دەگرێتەوە و گوند دەبن بە شار و شارەکان یەکدەگرن و لەگەڵ یەك دەبن بە شانشینی و ئەوەندە نابات دەبن بە ئیمپراتۆری، بەلام کاکڵی بنچینەی ژیان و کاری مرۆڤ رووی لە زەوی دایك کرد و بە پشت بەستن بە وەرزەکان و تا ئەمڕۆ کە ئەو شتە نەگۆڕاوە[2] .

بەگشتی زۆربەی پیشەسازییە بەراییەکان لەو شوێنانەی ئاماژەیان بۆ کرا هاوشێوەن، بۆ نمونە ئامرازەکانی چاخی موستیری کە لە چینی (d) ی ئەشکەوتی شانەدەر دۆزرایەوە، لە چەشنی

---

(1) الوجيز في تاريخ العراق القديم، د. عبدالقادر الشيخلي، ص 55 – 56.

(2) جورج رو، تاريخ العراق، ترجمه: حسين علوان، ص 79.

ئامرازەکانی لە هەزار مێرد لە چینی (c) دۆزراونەتەوە و لە شوێنەواری (گلی سور) نزیك بێستوون لە کوردستانی ئێران هاوشێوەن.

سەرەڕای ئەو ئامرازانەی لە شوێنی ناوبراوەکان دۆزراونەتەوە، پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵ بینراوە، بە پلە یەك پێکدێت لە ددان و ئێسکی شکاوی ئاژەڵانی کێوی وەك گای کێوی و کەرە کێوی، سەرەڕای فیل لەو جۆرەی لە هیند دەژیێت. هەروەها هەندێ نزیکی لەنێوان ئەو ئامرازانەی لە کوردستان دۆزراونەتەوە و ئەوەی لە ولاتی هیندستان و ناوەڕاستی ئاسیا دۆزراونەتەوە لێ هەمان ماوە. هەر چۆنێ بێت، کۆڵێنکاری لە شوێنانەی دیکەی کوردستان کراوە، سەرەڕای کۆڵێنکاری کورە و بێخاڵ و براك و شەنگال و ناوچەی کوردی دیکەی عێراق.

گەڕان لە کۆمەڵە ئەشکەوتێکی چیای زاگرۆس لەناو ئێران (کوردستانی رۆژهەلات ، وەرگێڕ) بوونی نشیمەنی هاوشێوەی عێراق دۆزراونەتەوە بەتایبەتی ئەشکەوتی (تنك بیدا) لە چیای بەختیاری لە باکووری رۆژهەڵاتی شوشتەر، کە بە فرەوانی لە ساڵی 1949 ئەنجامدران، لە کوردستانی باکوور چەندان نمونەی ئامرازی چاخی بەردینی کۆن (بالیولیس) دۆزراونەتەوە بەتایبەتی لە چیای نمرود نزیك دەریاچەی (وان)، هەروەها ئامێری دروستکراو لە بەردی ناسراو بە ئویسیدی، لە ناوچەکانی هەکاری و قارس دۆزراونەتەوە وەك هاوشێوەکانیان لە چینی (c) لە ئەشکەوتی شانەدەر لە چیای برادۆست لە کوردستانی عێراق[1].

---

(1) بگەڕێوە بۆ ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە چاخی بەردینی کۆن لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا لە:
CHARLESBU RANY, DAVID MARSHALL ANG, THE PEOPLES OF THE HILIS.L.1971, P 14.

چاخی بەردینی نوێ (نیولیسك)

دێی چەرمو (Jarmo) ی 11 کیلۆمەتر دوور لە رۆژهەلاتی چەمچەمالا، کۆنترین نشیمەنی چاخی بەردینی نوێیە. خانوەکان لە قوڕ دروست کراون و بانەکەی بە حەسیر گیراوە و بناخەی هەندێکیان بەرد بووە. بەلام دانیشتوانەکەی شوانکارە بوون، هەندێ ئاژەلیان مالی کردبوو و ولاتیان بەخێو دەکرد و کشتوکالیان دەکرد لە بازنەیەکی تەسکدا. هەندێ ئامێری بەردین دۆزراونەتەوە، زۆربەیان لە هەسان دراون و ئامرازی لە ئێسك و خشل و بوکەلەی لە قوڕ دروستکراو دۆزراونەتەوە. دۆزینەوەی پارچە گلێنەی خاو لە چینە بالاکان لە شوێنەکە.

نێردە (بعثة) ی ئەمریکی بۆ کۆلێنکاری لە ناوچەکە لە سالی 1948 توانیان شازدە چینی شوێنەواری بدۆزنەوە، یازدە چینی یەکەمی گردەکە (بە هەژمار کردن لە خوارەوەرا) شوێنەواری گلێنەی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە ئەم چینانە بە ماوەی پێش گلێنە داندرا. ئەم چەشنە لە زۆر نشیمەنی کۆن (مستوطنة) ی دیکەش دۆزراونەتەوە لە رۆژهەلاتی نزیك وەك: ئەریحا لە فەلەستین و (گتل هیون) لە تورکیا و شوێنەواری گلێنە دیکە تەنیا لە چینەکانی پێنجەمی بالا دۆزراونەتەوە لەو گردە.

پرۆفیسۆری سەرپەرشتکاری کۆلێنکارییەکە لەو باوەڕە دابوو، ئەو ماوەیەی شازدە چینەکانی شوێنی چەرموو (جرمو)ی تیا دروست بووە بە نزیکەی 400 سالێ دەخەملێندرێت و لە کرداری شیکاری بە (کاربۆن ـ 14) دا دەردەکەوێت چەرموو دەگەرێتەوە مێژووی (7000) سالێ پ.ز، و خانووەکانی دێ نزیکەی سی خانوو دەبوون و کانیشتوانی 150 کەس دەبوون[1].

لە شوێنەوارەکانی دیکەی تیایدا شوێنەواری چاخی بەردینی نوێ دۆزراوەتەوە، گردی شمشارەی دەشتی رانیەیە. هەروەها گردی دەسونەی ناحیەی سمورەی 35 کیلۆمەتر لە خوارووی موسڵ کە شوێنەواری کشتوکالی دەنوانێد. هەروەها چەندان شوێنی دیکە دۆزراونەتەوە لە خوارووی کەرکوك و یارم تەپە لە دەشتی شەنگال (سنجار) و ئیدیش[2].

---

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 28.

(2) جورج رو، تاريخ العراق، ترجمة: حسين علوان، ص 57.

مرۆڤ لەم قۆناخەدا ژیانێکی نوێی دەست پێکرد لە کۆتاییەکانی ئەو چاخە بەردییە کۆنە و شێوازی گوزەرانی گۆڕا و فێری بژێو بەرهەمهێنان بوو لە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی ئاژەڵ.

سەبارەت باوەڕە ئاینییەکانی دانیشتوانی چەرموو (جرمو)، خوداوەندی پیت و بەرەکەتیان دەپەرست، هەروەها ئەوەی دەبێتە هۆی بەرهەمی زۆر. ئەم ئاماژەیان بە پەرستنەکانیان دەکرد بە پەیکەری هاوشێوەی خوداوەندی دایك[1].

یەکەم گۆڕان و پێشکەوتنی ئابووری (کودەتا) لە مێژووی مرۆڤدا کە سروشتی رامکرد بۆ خزمەتی خۆی، شۆڕشەکە رەوتی ژیانی گۆڕی بەرەو شارستانیەت و شارگەری پێگەیوو دواتر، پەیدابوونی گوندی کشتوکاڵی بەرایی بوو.

بەم جۆرە بینیمان چۆن بنارەکانی چیای زاگرۆس و دۆڵی دیجلەی باکووری عێراق، بوون بە نشیمەنی کشتکاران و شوانکارەکان لە چاخی بەردینی نوێدا لە (5000 ساڵ پ.ز) دوە.

مرۆڤی ئەو چاخی لە دێی بچووك دەژیا، خانووەکانی لە قوڕی پەستراو دروست دەکرا و ئامرازی بەردینی سادەی بەکار دەهێنا و جادووی چاخی بەردینی خۆی ئەنجام دەدا، بە کۆبوونەوە لە یەکەی کۆمەلایەتی سەربەخۆ، کەمجار بووە لە دە کەس (هۆز) یان خێزانی گەورە زیاتر بێت[2].

کۆڵینکارییەکانی زاوی چەمی ـ شانەدەر، نیشانەی دەرکەوتنی کشتوکاڵ لە ناوچە کوردیەکانن لە قۆناخەکانی بەرایی چاخی بەردینی نوێ. ئەم مولگەیە لە کۆنترین مولگەی کشتوکاڵی دەژمێردرێت لە جیهاندا و لە رێگای (کاربون ـ 14)، رالف سولیکی شوێنەوارزانی ئەمریکی، کە لەگەڵ خێزانەکەی رۆژا، کۆڵینکارییەکان لێرەدا کرد، کات و سەردەمی ئەم نشیمەنیان بە (10870 ـ 300 پ.ز) دانا.

---

(2) تاريخ الكرد القديم، ص 29.

(3) د. تقی الدباغ، (الثورة الزراعية و القرى)، حضارة العراق، ج 1، ص 87.

(2) جورج رو، تاريخ العراق، ترجمە: حسين علوان، 1984، ص 85.

دۆزراوەکانی ئەم نشیمەنیە، لە کوتەکی بەردین و ئامێری تەلیزمەکاری، ئاماژە بەوە دەکەن کەوا مرۆڤ لێرەدا، ئامراز گەلێکی بەکار هێناوە شێوەی وردە و لە شێوەی دروست کردنی ئەم ئامرازانە، خاتوو رۆزا سولیکی کاتەکەی بۆ ماوەی پێش چاخی بەردینی نوێ دانا، بە ماوەیەکی کەم ناوی نا پرۆتۆن لیس (Proton eolith)[1].

دێی زاوی چەمێ ـ شانەدەری سەر زێی گەورە، ئەم کۆڵینکاریانە سەلماندیان کەوا لە دێیە کشتوکاڵییەکانی پێش دێی چەرموو(جرمو) بە ماوەیەك و کۆڵینکارییەکان تیایدا سەلماندیان کەوا کۆنترین قۆناخەکانی فێربوونی مرۆڤ بۆ کشتوکاڵی تێدا روویداوە، لەبەر ئەوە لەم گوندە شوێنەواری گڵینەیان نەدۆزیوەتەوە، کەواتە هەمووی لە چەشنی پێش گڵینەیە (فخار)[2].

---

(1) بگەرێوە وتاری وایسباخ:

F.H. WEISSBACH KARDUKHO1,2 auly wissow a R.E.X.2. Stuttgart 1919. P. 203.

(2) تاريخ الكرد القديم، ص 29.

چاخی بەردینی کانزایی (کالکولیسك)

مێژووی ئەم چاخە لە نێوان 5600 ـ 3500 پ.ز دیارکراوە، مرۆڤ تیایدا توانی کانزا بدۆزێتەوە و ئامێر و ئامرازی لێ دروست بکات، سەرەڕای ئامرازی بەردین. لەیەکەم سەردەمیدا کە بە چاخی (حەلف) ناسراوە، نشیمەنی فرەوان دۆزراونەتەوە. زۆربەی لە باکووری عێراقدا بوون، بەرەو خواروو لە شاری مەندەلی لە دەشتی نیشتەنی رەت نابێت. بەناوبانگترین نشیمەنی ئەم قۆناغە گردی ئەرەبچی و گردی دەسونە و گردی سوان و مەتارە و تەپەکور و نوزی و گردۆلکەی یارم تەپە و جوخەمامی و هەندێ گردۆلکەی ناوچەی حەمرین لە پارێزگای دیالە.

قۆناخی دواتر کە بە سەردەمی عوبێد بەناوبانگە شوێنەوارەکانی لە باکووری عێراق وەك ناوچەی گردەکانی سەلاسات نزیك شەنگال و تەپەکورە و تەل حەسونە و ئەرەبچیە[1].

ئەم قۆناخە گرینگیەکی گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی واتای وایە خوارووی عێراق بووە بە ناوەندێك بۆ فراژوو بوونی شارستانی سەرەڕای باکوور. ئەمە یەکەم جارە لە مێسۆپۆتامیا Mesopotamia یەکێتی شارستانی تەواو هاتەدی، بەلکو دەشێ یەکیەتیەکی سیاسی بووبێت[2].

دواتر سەردەمی ئوروك (وەرکاء) دێت لە ماوەی 3300 ـ 3100 پ.ز ، پاشماوەکانی ئوروك، کە تەورات ناوی (ئەریخ) ی لێ دەنێت، کە ئێستاش پێی دەوترێت وەرکاء لە ناوچەی بیابانیدا لە نیوەی رێگای نێوان بەغدا و بەسرە نزیك شاری عەرەبی (سەماوە) ماوەی ئوروك شتێکی نوێی دیکەی گرنگی بەخۆوە بینی لە گرنگی داهێنانی چەرخی گڵینە (فخار) و مۆری لولەکی و نەخشی قووچەکی فسیفسائی. ئەم داهێنانەش دەرگای سەردەمێکی شارستانی نوێی کردەوە، گرنگی لە دۆزینەوەی کشتوکاڵی چاخی بەردینی نوێ.

---

(1) سیتون لوید، ص 39.

(2) جورج رو، ص 96.

لە پەرستگاکانی ئینانا لە ئوروك پێش کۆتایی ئەم ماوە، بۆ یەکەم جار نووسین دۆزرایەوە لە مێژوودا لە شێوەی نووسینی وێنەیی. دواتر سەردەمی نیمچە نووسین دێت، هەرچەند جیاوازی زۆر نەبوو لە رووی شێوە و جۆردا، بەلام جیاوازی بنچینەیی لە توخمە شارستانیەکاندا نەبوو لەگەڵ سەردەمی ئوروك کە تیایدا ئادگارەکانی پێشکەوتن و گەشەی شارستانی مێسۆپۆتامیا بە هەر دوو بەشی باکوور و باشووری دەرکەوت و رێی خۆشکرد بۆ تیشك خستنە سەر پاشماوە شارستانیەکانی سۆمەری، کە قۆناخی مێژوویی هەزار ساڵ دا دەسەلاتدار بوون لە هەرە خوارووی عێراقدا، لە نێوان شاری دیوانیە و کەنداوی عەرەبی، ئەم قۆناخە ناونرا بە راپەڕینی سۆمەری.

بە گشتی دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا دوو جۆر مولگەی کشتوکاڵی هەن:

جۆری یەکەم: پەیوەندی بە چاخی بەردینی نوێی زوو هەیە، ئادگارەکانی هەندێ جار لەگەڵ چاخی بەردینی ناوەند تێکەڵ دەبێت، وەك نشیمەنکانی (گردجمای) و چینەکانی ژێری لە چەرموو(جرمو) و گلینە سازی تیادا سەرەتایە.

جۆری دووەم: ئەوەیە لە پیتی بالای ئەم نشیمەن کشتوکاڵییەکان دەبینرێت، تیایدا گلێنە سازی پێشکەوت و توند و ئەستور بوون وەك ئەوەی لە چەرموو (جرمو) و هاوشێوەکانی هەبوون لە ئەریس و سیالك و حەسونە و سامەرا و جتال هیوك. دوای ئەم ماوەیە نشیمەنکانی کە پەیوەندیان (چاخی بەردینی کانزایی) هەمیە لە زۆر ناوچەی رۆژئاوای ئاسیا بلاوبوونەوە کە چاخی پێش قۆناخی دەرکەوتنی نووسین و سەرەتای تۆماری مێژوویییە[1].

---

(1) تاریخ الکرد القدیم، ص 22.

دەرووی چوارەم

گۆڕانی مێژوویی پەیوەندییەکانی گەلانی کۆن لە وڵاتی کوردان

The Historical development relations of the peoples in the old countrys kurds.

* کورد لە نێوان دەمارگیری نەتەوەیی و ئاییدا.
* ئاوێتە بوونی زمانی و گەشانەوەی کولتووری ئەدەبی و هونەری لە وڵاتی کوردان.
* یەکێتی هۆزەکی دانیشتوانە کۆنەکانی وڵاتی کوردان لە چاخەکانی پێش زاییندا.

کورد لە نێوان دەمارگیری نەتەوەیی و ئایینیدا

جەمالەدینی ئەفغانی لەو باوەڕەدایە دەمارگیری بە واتای هاوکاری و هێزی پارێزەری یەکێتی کۆمەڵگە دێت، دەمارگیری دەشێ خراپ بکەوێتەوە لەبەر ئەوەی ئەویش ڕێسا و ڕێچکەیەکە خۆی لە خۆیدا دەبێت ملکەچی بنەمای میانڕەوی بێت.

هەر دەمارگیرییەك نەکەوێتە ژێر ئەم بنەمایەوە و لەوەوە سەرچاوە نەگرێ، دەبێتە دەمارگیریەکی کوێرانە. دەمارگیری لەسەر بنچینەی جیاجیا دادەمەزرێنێت، دەشێ لە باوەڕی ئایینی هەڵقوڵێت یان پەیوەندی سروشتی وەك زمان.

لەوەدا جەمالەدینی ئەفغانی ترازانێکی بنچینەیی بینی لە نێوان دوو شارستانی ئەورووپی و ئیسلامی، باوەڕی باو لە ئەورووپا ئەوەیە کەوا دەمارگیری نەتەوەیی باشە، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی پێشکەوتن. دەمارگیری ئایینی هەمیشە دەمارگیرییەکی کوێرانەیە دژی پێشکەوتنە. دەشێ ئەمە بە گوێرەی مەسیحایەتی لە ئەورووپا وابێت، وەك جەمالەدین ئەفغانی دەڵێت، بەلام لە ولاتانی ئیسلامی وانییە. دەمارگیری ئایینی کوێرانە لە ولاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی دەگمەنە.

دەمارگیری ئایینی راستەقینە پێویستییەکی جەوهەرییە بۆ پێشکەوتن، کوردەکان توانیان بارێکی سەقامگیری دابین بکەن لە گونجان لە نێوان پەیوەستی ئایینی و پەیوەستی نەتەوەیی، بەلام زۆربەی جاران بەسەر پەیوەستی ئایینی زاڵ دەبێت.

پەیوەستی ئایینی لە نێوان رۆڵەکانی یەك کۆمەڵگەدا ناکۆك نییە لەگەڵ نەتەوەگەری کە لە نێوان نەتەوە جیاجیاکاندا هەیە لەو کۆمەڵگەیەدا. لەبەر ئەوە کورد موسڵمانن لە سادەترین شێوەی دا، بە تەواوی پەرستن دەکەن و لە قورئان گەیشتن و کردنە دەستووری نێوخۆیان لە کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکەن.

ناوچەکانی باکووری مێسۆپۆتامیا هەندێ لایەنی تاریك و نادیاری لە مێژوودا هەبوو وەك سەردەمی رۆڵی کورد لە داخستنی کە لەبەردەم بەدوە (کۆچبارە) باکوورییەکان (روسیا و خوارووی ئەورووپا)و هەوڵدانیان بۆ خزانە نێو ئەو ولاتە. کورد وەك گەلێکی دیار وا باوە بەرگریان

لە دەروازە ئیسلامییەکان کردووە و لێ نەگەڕاون لەوێوە هێرش بکرێتە سەر ئیسلام. ئەم ناوبانگە بەهۆی هێزی دڕندانەیان هاتووە.

بەداخەوە، نووسەر و توێژەران لە مێژووی کۆندا سەبارەت ئەو گەلانەی ڕۆڵیان هەبووە لە هێنانەدی تایبەتمەندی نەتەوەیی گەلی کوردی دێرین و کۆن، بایەخیان پێ نەداوە، وەك بایەخدان بە: گوتی و لولوبی و کاسی و خالدی و مانی و میدی و ئەوانی دیکەش. ئەم نەتەوە کۆنانەی لە باکووری مێسۆپۆتامیا جێگیر بوون. بەلام هەواڵەکەیان دواتر نووسرا و لەوانیش کوردۆخییەکان و کورتیەکان[1].

هەروەها هۆزەکانی لان (Alan) و پێشینەکانیان لە سکیس و کیمێرییەکان و سەرمان ئەوانەی لە باکووری مێسۆپۆتامیا لە ماوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەرکەوتن و دەوڵەتۆکەیان لە ولاتی کوردان دامەزراند ماوەیەکی کەم مایەوە. بەپێی بۆچوونی مێژوونووس گریکی هیرۆدۆتس، دواتر لە قەوقاسیا لەگەڵ سەرەتای چاخی ئیسلامی دەرکەوتن.

هەروەها هۆزە مادییەکان (میدیا) (Medes) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە گۆڕانکاری مێژوویی و ئایینی نەتەوەی کورد. تۆمارە ئاشووری و بابلییەکان لە دوو سەدەی هەشت و حەوتی پ.ز توانیان ئەم ڕۆڵە ڕوونکەنەوە سەرەڕای ڕۆڵی سکیس و کیمێرین ئەوانەی بوونە مەترسی بۆ ئەو دەوڵەتانەی لە نزیك ئەوان دروست بوون.

گەر شوێنەواری میدییەکان دەگمەن بێت لە کوردستان، ڕێگەی نەگرت لە بلاوبوونەوەی ئەم بۆچوونە کە کوردی ئێستا سەر بە میدییە کۆنەکانن. هەروەها سکیت و دوای ئەوان (ئالان) شوێنەوار و هونەری ولاتە مێژووییەکەیان دەوڵەمەند کردووە، هەندێکیان لە ناوچەی سەقز و حەسەنلو لە کوردستانی ئێران دۆزراونەتەوە کە زۆرترن لەو شوێنەوارانەی میدییەکان جێیان هێشتووە.

سەرەڕای ئەوەی باسکرا زۆر ڕواڵەت هەیە پەیوەستە بە لایەنی ئەتنۆگرافی کورد، بنجیان دەگەڕێتەوە بۆ سکیت بە پلەی یەکەم بەتایبەتی جلوبەرگی میللی و ناوی هۆز و جوگرافی، وەك

(1) دراسة لغوية حول تاريخ المناطق الكردية، بغداد، 1988.

مۆزی ئالان و میرنشینی ئەردەلان کە لە سەدەی رابردوو دەرکەوتن، یان ناوچەکانی ئالان و سیومیل لە سەردەشت و سلێمانی.

ئەم دیاردەیەی لە یەکچوونی ناوی ولاتی شکر (سکاسینی) لە رۆژئاوای دەریای قەزوین و شاری سەقز (سەکس) ی کوردی لە کوردستانی ئێران. هەروەها لە یەکچوونی ناوی کیمیرییەکان لە نیوە دوورگەی قرم (کیمیر/ کرم) ی خوارووی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو یان ئەوەی ئێستا بەناوی دەوڵەتی (ئوکراینیا) بەناویانگە.

گەشەسەندنی سیاسی کورد لە سەرەتای سەدەی دەی میلادی دەرکەوت، رێژەیەکی گەورەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان پێك دەهێنا، هەروەها کورد ولان لە رووی یەك بنەماڵەی زمان بەیەك دەگەن سەر بە یەك جیهانن، لەریز بوونی ئایینی لە نێوان ئیسلام و مەسیحی هۆی سەرەکی بوو لە ململانێی درێژ خایەنی نێوانیان لە قەوقاسیا[1].

گەر کوردەکانی ناوچەی کوردستان بووبوانە مەسیحی، کورد یەك ولات و یەك دەوڵەتی خاوەن سەروەری دەبوو وەك نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەریان. کورد کە بوونە موسڵمان و خۆیەخشیان لە بەرگری لێ کردنی وایکرد مەسیحییەکان هەست بە مەترسی راستەقینە بکەن لە هێزی کوردان لە تێکدانی یەکیەتی قەوارەیان. هەرێمی ئاران کە ولاتی ئازەربایجانە بنکەیەك بوو بۆ سیستەمێکی سیاسی کوردی سروشت ئیسلامی کە دەوڵەتی شەدادی بوو، بەنی شەداد (بنەماڵەی شەدادیان) فەرمانڕەوای بەهێز بوون لە کورد، شانشینەکەیان لە شاری (دبیل) و دواتر (گەنجە) (جەنزە) بوو، لە سەرەتای ساڵی 340 ك/ 951 ز دەرکەوتن و لە ساڵی 468ك/ 1075 ز لەناو چوون، ماوەی میرنشینیان 138 ساڵ بوو[2].

بەمجۆرە ئەم ناوچانە خاڵی بەیەك گەیشتن بوون لە نێوان لان و کورد، گەر کورد زۆر لە باکوور رۆنەچوون، ئەوا لان توانیان بخزێنە کۆمەڵگە کوردییەکان لە خواروو تا ئەو رادەی لە رۆگەکانی

---

(1) لقاء الاسلاف، الكورد و اللان في بلاد الباب و شروان، الاستاذ د. جمال رشيد احمد.

(2) بروانە برگەی چوارەم لە دەرووی (الشدادیە) ی کتێبی (جامع الدول)، تحقیق مینورسکی.

گەلی دریال هاتن و هەڵمەتیان کردە سەر هەرێمی ئاران لە سالانی 454 ك / 1062 ز و 457 ك / 1065 ز[1].

لە رێگای ناوە نەتەوەی و کولتووری زمان و ئەدەب لە وڵاتی کوردان دەشێ باوەڕ بکەن کەوا کۆمەڵە گەلێك لە لانەکان لەنێو هۆزە کوردییەکان بلاو بوونەوە. لە قەوقاس، نوسیتیونەکان تەنیا بوون لە جیهاندا زمانی ئالانیان پاراستبوو لە نێوان کۆمەڵە هۆزێکی زۆر کە لە ناوچەیەکی فروان لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا دەژیان بۆ ماوەیەکی زۆر، بەلام ئەوەی ماونەتەوە ئێستا لە ناوەندی قەوقاس دەژین و زمانیان دەبێتە دوو شێوەزار، رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی واتە ئیرونی و دیکوری[2].

ئاونانیان لەناوی (یاس) پەرەی سەندووە کە لە سەرچاوە روسیە کۆنەکاندا هاتووە لە وشەی (ئاس) ی جۆرجی داڕێژراوە[3].

لەنێو کوردان ناوی (ئاننی) وەك خۆی مایەوە بە واتای ئانی هۆزگەری و ئان وەك تیرەیەك لە هۆزی (سوسنی) دەدوێن کە دەبێتە دوو هۆزی بریاجی و میلکاری کەوا لەنێوان دوو ناوچەی سەردەشت و وزنە دا نیشتەجێن. ئەم ناوە بە واتای جوگرافی لە ناوچە کوردییەکاندا مایەوە، دەکەوێتە سەر سنووری عێراقی ئێرانی نزیك قەلادزێ.

ئەوەش سەرەڕای ناوچەکانی سەنەندەج (سنە ـ ئوستانێکە لە کوردستانی ئێران)، تا ئێستا ئەوێ بە ئەردەلان (واتە خاکی لان) بەناوبانگە. ناوچەیەکی دیکەی (ئان) هەیە لە سنووری عێراق ـ ئێران زۆر گوند دەگرێتەوە وەك: بێتووش (Betush) و گەرماوان (Garmawan) و ئەشکان و میرگاسە (Mergasa) و مزناوە و دولکە و گرویس (Girwess) و هرزنی (Harzane)، هۆزەکانی میراودەلی و باپیرئاغایی و کۆمەڵەیەکی دیکەش تیایدا دەژین[4].

(1) بروانە: کتاب مینورسکی. من تاریخ الباب – شروان، ص 14.

(2) هاوسێی تەتەر بوو لە رۆژهەلات هەروەها لە کەناری زێی دون، بۆ زانیاری زیاتر:
Mullenhoff. Uber Die Herkunft Undsprache Der Pontischendky then and sarmaten. Derk.Pr.Ak.Dw, 1866. P, 549.

(3) دائرة المعارف التاريخية السوفيتية، ج 1، ص 33.

(4) لقاء الاسلاف، الكورد و اللان في بلاد الباب و شروان، الاستاذ د. جمال رشيد احمد، ص 143.

لەوێ لە هەرێمی (دەرسیم) لە کوردستانی تورکیا و لەنێو زازای کورد دا، ئالان وەك هۆزێکی کوردی ناسراو لە ناوچەی (قزل کلیسە ـ کلیسای سوور)[1] ژیاوە. فلجیفسکی (Viltchevsiky) تایبەتمەندی سۆڤیاتی لە ئەتنۆگرافیای کوردی بۆ ئەوە دەچێت کەوا ((ئەم (ئالان) انە لە سەدەی یازدەی زایینی لە ناوچەی موکریان دەژیان)). لەگەڵ ئەم راستییەشدا، بە هەڵە داچوو کە دەڵێت ناوی ئالان لە وشەی سریانی (کالو) بە واتای قەلات یان (دژ) هاتووە. بەلام ئەوەی روونکردەوە کەوا ((بنجی ئالان قەوقاسیایە، ئەوانەی ئەمڕۆ لە ولاتای موکریانی کوردی دان ئەو ئەلبانە کۆنانەن کەوا لە کەنارەکانی دەریای خەزەر ژیاون و ناوەکە لە (ئاران) ەوە گۆڕا لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە زاراوەی ئاری))[2].

لەگەڵ تێبینی کردنی قسەکانی دوایی وی هەندێ بەهانەی جێی دڵنیایی نین بۆ تەواو رەوا نیشاندانی[3]. رۆمان ناوی ئەلبانیایان لە ولاتی (ئاران) نا و لە تۆمارە ئەرمەنییەکان بە شێوەی (ئاگون) هاتووە و بە (ئالوان) خوێندراوەتەوە. هەموو ئەم شێوانە پەیوەندی بە زاراوەی (ئار Ar) هەیە، بەدانە پاڵ ئارییەکان و بە میدی کە لە سەرەتای هەزارەی یەکەم پ.ز بلاوبووەوە.

کاریگەری رووداوە مێژووییەکان لە کولتووری زمان و ئەدەب و ئەتنۆگرافی گەلان، ئەوە دوای ئەوە گوازراونەتەوە، دواتر بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە بنچینەیەکی خۆیەکی نەتەوەیی (Self Nationalism). لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا چ لای کورد یان ئەرمەن یان ئازەربایجان ئەم پرۆسەیە روویداوە.

دەنگبێژان لە ناوچەی (کوختانا) هەواڵی هێرشەکانی ئالان بۆسەر ئەرمینیا دەگێڕنەوە، هەروەها غەزەل بۆ جوانی شاژنی ئالانی (ساتینیك) دەڵێن و لە بارەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەرتاشێر پادشای ئیکازین دەدوێن لە گۆڕانکاریەکاندا[4].

---

(1) بە زمانی تورکی بڕوانە:

Dr. vet.m. nuri Dersimi, kurdistan, 1952, p.56

(2) بڕوانە: لقاء الاسلاف، الكورد و اللان في بلاد الباب و شروان، ص 144.

(3) بە رووی بڕوانە:

o. rilghersky, kurdi, m , 1961, str.

(4) بڕوانە وتاری ئالیندیك بە زمانی رووسی:

Aauk Gruz in skoy ssry ugo – osetiu skiy (Tbilisi, 1977 str. 260).

ئاوێتە بوونی زمانی و گەشەی کولتوری ئەدەبی و هونەری لە وڵاتی کورداندا

هەرچەندە ئالان و پێشینەیان لە سکیت و سرمان دەقی نووسراویان بەجێ نەهێشتووە جێی بایەخ بێت، بەلام نازناوی کەسایەتییە بەناوبانگەکانیان و ناوی هۆزەکانیان کە لە سەرچاوە جیاجیاکاندا تۆمار کراون، رادەی کاریگەریان و بوونی زمانیان دیار دەکات لە زمانی گەلانی خوارووی رۆژئاوای ئاسیا، نەك هەر لەسەر ئەرمەن و کورد و ئازەر، بەلکو لەسەر هەموو زمانە سلاڤیەکان و بەتایبەتی رووسی و بولگاری و پولۆنی و ئەمەش لە زمانی مەجەری (هەنگاری) یش دەبینین، کەوا سەر بە زمانە هیند و ئەورووپیەکان نییە و نامۆیە[1].

لێرەدا وا باشە ئاماژە بە سەرۆکی ئێلاتی بولغاری بدەین کەوا سەرکردەی بولغارە کۆنەکان بوو و نیمچە دوورگەی بەلکان (بولگاریای ئێستا)، لە ناوچە رەسەنەکانیان لەسەر زێی ڤۆلگا، ناوێکی (ئالانی) هەبوو کە خان ئەسبروخ (Asgarukh) بوو. بولگاریا بەم جۆرە دوو دەوڵەتی پێکهێنا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست، یەکێکیان لەسەر زێی ئیتیل ڤۆلگا و ئەوەی دیکە لەسەر زێی دانووب لە باکووری بولگاریا.

بولگاریەکانی لە سەدەی حەوتی زایینی کۆچیان کرد بەرەو زێی دانووب و ناوچەکانی خواروویان داگیر کرد، دوای ئەوەی وازیان لە زمانی رەسەنی خۆیان هێنا، کە لە زمانە خەزەرییەکان بوو[2]، بەلام لە هەمان کات زۆر تاکە وشەی ئالانی و سرماتیان پاراست کە هاوبەشن لەگەڵ زمانی کوردی، لە کاتی رەتبوونیان بە دەشتایی سکیتیای کۆن.

---

(1) لقاء الاسلاف، ص 147.

(2) بڕوانە (دائرة المعارف الاسلامیە): بابەتی (بلغار)، ناوی بلغار (بولگار) بۆ یەکەم جار لە سەدەی شەشی زایین هاتووە لە مێژووی کلیسای (زکریا الخطیب) نزیکەی (555 ز) لەنێو هۆزەکانی تەفقاسی کۆچەر، کە لەنێو خێوەتاندا دەژین و لەسەر گۆشتی وڵسات و ماسی دەژین. بڕوانە:
Zachariah of myri lere to sytiaca, London, 1899, p 329.

بێگومان لە لایەکی دیکە، ژمارەی هەزار (Ezer) 1000، سەد (Sata) 100، دە (Daa) 10، حەوت (Het) 7، لە زمانی هەنگاری و فەنلەندی وەك یەکن. وشەکانی کوردی وەك رەسەن (Rasan)، جۆ (Jo)، مەر (Mer) یان مێرد (Merd) (پیاو)، گورگ (Gurg) ـ لە ئالانی ئەو وشانە هەمن (راسین، جو (Jo) یان جیڤا (Jiva)، مورت، ورك یان فورك[1].

هەرچەند ئەم راستیانە ئاشکران دەتوانین بلێین (ئالان) ئەوانەی بەرەو ولاتی کوردان کۆچیان کرد، هەرچەند تێکەڵ بوون لەرووی زمان و رەگەز و زمانی خۆیان واز لێهێنا کە نزیك بوو لە کوردی، بەلام ناوەکانیان هەر بەکار دەهات لەو ولاتەدا تا ئەمڕۆمان. لە یەك نزیکی زمانەوانی لە نێوان دوو گەلی (کورد و ئالان) دیاردەیەکی نوێ نیە و دەگەرێتەوە بۆ قۆناخەکانی بەرایی چاخی زایینی[2].

بۆ نموونە ناوە لێکدراوەکانی لەگەڵ بەکار هێنانی وشەی (ئەسپ ـ Asp) وەك لە کوردی باو بوو لە سکیسی و ئالانی و زمانەکانی دیکەی کەوتبوونە بەر کاریگەری ئەو. دەبینین سەرۆکێك لە سەرووی قەوقاسیا بەناوی (ئەسپۆراك Asporak) بەناوبانگە لە سەدەی چوارەمی زایینی ژیاوە و ناوی خۆی لای ئەرمەنەکان تۆمار کردووە[3].

هەروەها (ئەسپاروخ) ی بولغاری لە سەدەی حەوتی زایینی لە بەلکان بەناوبانگ بوو. ناوی لە دانراوە بیزەنتییەکان[4] تۆمار کرا. هەروەها (ئەسپابا) کە بە کۆنترین ناوی میدی دادەنرێت لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان، سەرکردەیەکی هەرێمی ئیلیبی بوو لە سەدەی هەشتی پێش زایین لە کوردستان[5]، ئاشوورییەکان تۆماریان کرد لە دەپە (لوحە) کانیان واتە (سوارچاك) ئەم ناوە

---

(1) بروانە، بە زمانی رووسی:
Idoirurak khnarodor, drpr ins rostok, I Antichni, miy, 13. 1972. Str 28,30.
(2) لقاء الاسلاف، ص 148.
(3) بروانە بە رووسی:
Roprosi iran skoy lo bshchey filologi. 1973, str 208.
(4) بروانە : N. Todoror, op. cit. p 20.
(5) دیاکونوف، تاریخ المیدیین، موسکو، 1956، ص 145.

بەهەمان ڕێژە لای ئالانییەکان مابوو، دەبینین (ئەسپابارا) لە سەدەی پێنجەمی زایینی، سەرۆکێکی ئالانی و سەرۆکێکی ڕۆمانی نزیك بوو لەوەی ببێتە خاوەن ڕای یەکەم لە پایتەختی بیزەنتی، دوای مردنی (مرقیان) لە 450 ـ 457 ز[1].

لای سکیس چەندان ناو لە چەشنی (ئاسپا باروسی) (Aspa – barus) لەگەڵ زێدەی پاشگری یۆنانی ـ وس ـ بۆسەر ناوی بوراسپوس (Brasp – us) و ئەسپاخوس (Aspaxol) و ئیدیش[2].

لەڕاستیدا واتای ئەم ناوانە لە کوردی و ئالانی و سکیسی (ئەسپی سپی)یە، (ئەسپاروخ) واتە سوار، (ئەسپابارا) لە کوردیدا باری ئەسپ ڕێژەی (سوار) ی وەرگرتووە کە لە سپابارە ـ سپارە ـ تا بە (سوارە) گەیشتووە، هەر لەوێشەوە زاراوەی (سوپا) کەوتۆتەوە کە لە بنجدا لە سوارەکانەوە پێکدەهات. وشەی بوراسپ، بێ پاشگری یونانی لە کوردیدا ئێستا واتای (ئەسپی بۆر) (Aspabor) یان (Bor Asp) دەگەیەنێت.

چەندان ناوی ئالانی ـ سکیسی هەن وەك (بازوك) و (ئەمبازوك) دوو برای پادشای نوستییەکان، کەوا فەرمانڕەوای قەوقاس بوون لە دوو سەدەی یەکەم و دووەمی زایینی، لە وشەی (بازو) لە کوردی و ئالانیدا واتای قۆڵ دەگەیەنێت، ئەم ناوە ئەرمەن باسیان کردووە[3]. وشەکە لە کوردیدا بە ڕێژەی (بازنك) یان (بازنە) بەواتای بازن باوە.

پادشاەکی هەولێر لە دواییەکانی چاخی بت پەرستی و سەرەتای چاخی مەسیحی بەناوی (مونو بازوس) ناونراوە، کە مونوبازو برا و مێردی شاژن هێلینا بوو لە خێزانی سکیس کە لە ناوچەی هەولێر فەرمانڕەوایی دەکرد لە چاخی هیلینی، بەم جۆرە وشەکانی زمانی ئالانی ـ سکیس و کوردی تێکدەکەونەوە. ئەوەتا (مژدە) ی سکیسی بە ڕێژەی مژدە (Mijda) ی کوردی و شادی (سادی) بەیەك دەگەن، یان (ئەخشین) دەبێتە (ئەخشین) بەواتای ئەسمەر و (ساوە)

---

(1) محمود سعيد عمران، معالم تاريخ الامبراطورية البيزنطية، بيروت، 1981.

(2) بڕوانە بە ڕووسی ـ کتێبی لقاء الاسلاف:
R.i Abear – ose tinskiy Yazikifo Lklor – T.A.M.L. zd – room. Sssr. *1946. Str, 157.*

(3) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 26.

دەبێتە (سیاە) واتە رەش. لەم وشەوە ناوی گشتی (سومارت ـ سرمات) هاتووە وەك لە دەستخەتەکانی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی زایینی ناوێکە کەس و نێری دارژاو لە رێشەی (سورماخانم) واتە (کل ـ الکحل) و هێشتا لە زمانی کوردی (سورمە) بە واتای کل بەکار دێت.

زۆر وشەی دیکەی سکیسی هەن هاوشێوەیان لە کوردیدا هەیە، وەك: زوردو (Zord)، بولون (Bolon)، دەرگ (Darg)، ئوریتین (Oruytin)، ئونین (Unin)، خودین (Khudin)، زونین (Zonin)، ئارازین (Arazin)، ئەم وشە کوردیانە بە رێژەی زراو (دڵ)، وران لە شێوەزاری زازا، درێژ (Darg) لە شێوەزاری زازا(دەرگ darg). هەروەها هنارون (هەناردن)، بینین یان (ینین)، رازاندنەوە (جوانکردن) و خەنین (پێکەنین) و زانین یان زونین..

بنجی هەموو ئەم وشانە دەگەرێتەوە بۆ یەك زمان کە ئاری کۆنە، لە لایەنی کولتووری ئەوەی دەشێ هەست بە پەیوەستەگی کوردی و ئالانی بکرێت لە رێگای چیرۆکی فۆلکلۆری (Folklores) و ئەدەبی کوردی، مەمی ئالان (Mami alan) کە لە ولاتی کوردان هەر زۆر لەمێژە باو بووە و زارەکی دەگێردرێتەوە، دواتر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر کرا و ئاوڕ لە لایەنە مێژووییەکەی نەدراوەتەوە بۆیە کەموکورتی هەیە[1].

رۆجێی لیسکۆ (Roge lescot) دەڵێت:[2] لە سەدەی حەڤدە، لەو کاتەیەدا ئەحمەدی خانی هۆزانڤانی کورد توانی زمانی نەتەوەیی کورد بگەیەنێتە ئاستی زمانی ئەدەبی باڵا، کارێکی ئەدەبی گەورەی کرد داستانی (مەمی ئالان) ی کردە بابەتێك بۆ هۆنراوەکەی و دەڵێت: خۆمان لە بەردەم دوو هۆنراوە دەبینینەوە، لە یەك جیاواز لە گیان و شێوازدا و زۆرجار لە ناوەرۆکدا، ئەویش (مەمی ئالان) وەك چیرۆکزانان دەیگێڕنەوە و (مەم و زین) وەك ئەحمەدی خانی هۆنیویەتەوە...

ئەم چیرۆکە پانتاییەکی گەورەی لە فۆلکلۆری کوردیدا گرتووە، دوای کۆچکردنی بەشێکی گەلی ئالانی و نیشتەجێ بوونی لە کوردستان، لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی و سەرەتای

---

(1) لقاء الاسلاف، د. جمال رشید احمد، ص 149.

(2) Roger Lesscot. Mame Alan, texts kurdes. Peuxieme partie, ((Beyroth, 1942).

چاخی ئیسلامی. ئەم نزیکیەی نێوان ئەم چیرۆکە و چیرۆکی رۆمیۆ و جولیێت لە ئەدەبی ئینگلیزیدا لەوەوە دێت، رەسەنی چیرۆك لە ئەدەبی ئالانی دەسەلمێنێت و گواستنەوەی بۆ دوور گەلانی بەریتانیا، دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پەلکێشی ئەوێکردن، لە سەرەتای چاخی مەسیحی و وەك چیرۆکێکی فۆلکلۆری بلاو بۆوە تا شکسپیر لە سالی 1583 ز ـ 1616 ز لە قالبێکی شێعردا دایڕشتەوە، بە هەمان شێوەی ئەحمەدی خانی 1650 ـ 1706 ز، لەبەر ئەوە لە هەمان قۆناخدا کرا.

گەر رووداوێکی لەم جۆرە لە کۆمەلگەی کوردی رووبدابێت پێویستە پالەوانەکەی لاوێك بووبێت بەناوی (مەم) کە لە ولاتی قەوقاس و سەرووی ئێران باوە و لەنێو کورد و دەیلەمدا بلاوە. چی بە هەمان شێوە یان شێوەی (مەملان) کە وشەیەکی لێکدراوە لە (مەم) و (ئالان).

ئەم چیرۆکە باپیرەکانی پالەوانەکانی چیرۆکەکە ئاشکرا دەکات (مەمی ئالان) کە لە قەوقاسیاوە هاتوون بۆ کوردستان و بەتایبەتی لەو کاتەیدا کە ئالان لاگری بیزەنتە بوون لە رووی سیاسی و لەرووی ئایینیەوە بۆ کەنیسەی جۆرجی.

ئەوروپا لە سەرەتای چاخی مەسیحیدا، مەیدانی چالاکی هۆزە بەربەرییەکان بوو لەوانەش هۆزی ئالان. بەرەی قەوقاس لەو ماوەیەدا چالاك بوو بە کۆچی ئەوان بەرەو باشوور.

ئاشکرایە شاری (بایەزید) زێدی شاعیری بەناوبانگ ئەحمەدی خانی خاوەن چیرۆکی شێعری (مەم و زین) لەسەر تخووبی قەوقاسیایە و لە بنچینەدا دەگەرێتەوە بۆ ماوەی پێش بلاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا[1]. هیچ جێگەی سەرسوڕمان یان ئنکار نییە کەوا پەیوەندی مێژوویی لە نێوان ئالان و کورد هەیە.

بێگومان رووداوی مێژوویی کە پەیوەستە بە قوولی ئەتەوەیی، پێویستە لە هۆش ویژدانی رۆلەکانی بچەسپێت و ئەوە دوای ئەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی یان کۆلەکەیەك بێت ئەتەوە پشتی پێ ببەستێت. دەتوانین تێبینی کاریگەری بکەین لەسەر ئەدەب یان زمان یان فۆلکلۆر و لە هەموو لایەنە رۆشنبیرییەکانەوە، لەم بنەڕەتەوە کورد هەستی بە ئاسوودەیی نەکرد

---

(1) لقاء الاسلاف، ص 158.

لە پەرسەندن و گەشەسەندنی پەیوەندی میژوویی لەگەڵ ئالان. لەبەر ئەوە تێبینی دەکەین کەوا چەندان ئاماژە لە لایەن میژوونوسی بەناوبانگ میر (شەرەفخانی بەدلیسی) لە کتێبەکەی (شەرەفنامە) (Sheref namah) ساڵی 1005 ك / 1597 ز ، هەنە سەبارەت ئەو بابەتە.

بەدلیسی فەرمانڕەوا و میرە کوردییەکانی پۆلێن کردبوو، لە هەموو بەشێکی تەرخان کردبوو بۆ باسی میرەکانی (ئەرون) کە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دیالێکتێکی زمانی ئالانی (ئوسیتی) بە فارسی دەنووسرێت (شعبه دویم در ذکر ایرون بالفعل میر ملك بم میر حسن از اولاد میر شمس الدین حسن است که قلعه ایرون را پدرش در هنگام قسمت ولایت موروثی بمیر شمس الدین ارزانی داشته بود بطریق زعامت منصرفست و او جوانیست در مابین کردستان بسمت شجاعت و سخاوت معروف[1].

ئەم دەقەی باس کرا لە کۆتایی سەردەمی عوسمانی لە لایەن د. فریج لە کتێبەکەی (کردلر) بەزمانی تورکی باسی ئەم بابەتەی کردووە، لە ئاخاوتنی سەبارەت میرانی (شێروان) و بە دەق نووسیویەتی ـ بە زمانی تورکی ـ ((میر حسن اوغللرندن دیکر بدیس اولان میر شمس الدین الدنیك حصنه (ایرون Iron) ناحیەسی اصابت اینمش ایدی))[2].

دکتۆر جەمال رەشید دەڵێت: لە راستیدا بابەتەکانی ئەم کتێبە وەرگێڕانی تورکی شەرەفنامەیە، لەگەڵ پێشەکی یەکی کورت سەبارەت پەیدابوونی کورد و زمانەکەیان و ئەدەبیانو شیکردنەوەی میژوویی بنجی وشەی کورد.

مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی ئەو دەقەی لە شەرەفنامە وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی بەم شێوەیە: ((الشعبة الثانية في ذكر أيرون، الامير ملك بن الامير حسن، ان الامير ملك هذا من سلالة الامير شمس الدين بن الامير حسن الذى منحه ابوه قلعة ايرون حين تقسيم ولايته الوراثية

---

(1) كتاب الشرفنامة : تحقيق وليا ميتوف زرنوف
Scherefdes kourdes. Prince. De Bildilis, re Liamin of – zemof (st peter sboursj, 1860).

(2) فريج، كردلر، تاريخى و اجتماعى تدقيقات، استنبول، 1334، ص 21، من منشورات اكاديمه الشرق، برلين.

بین اولاده، و یقوم الان بتصرف هذه القلعة کز عامة، و هـو شـاب جمیـل، اشتهر فی جمیـع انحـاء کوردستان بالشجاعة و الکرم الی جانب الزهد و التقوی و کثرة العبادة))[1].

(لکی دووەم لە باسی ئیرون، میر (ملك) کوڕی میر حەسەن، ئەو میر (ملك) ە لە رەچەڵەکی میر شەمسەدین کوڕی میر حەسەنە، کە باوکی قەلاتی ئیرونی پێبەخشی کاتێك ئاستانەکەی لـە نێوان رۆڵەکانی دابەشکرد، ئێستا سەرداری ئەم قەلاتـە دەکـات. لاوێکـی جوانـە، لـە هـەموو لایەکی کوردستان ناوبانگی دەرکردووە بە ئازایەتی و بەخشش لەتـەك خـۆ پـارێزی و تـەقوا و زۆری پەرستش).

دکتۆر جەمال رەشید دەڵێت: دەشێ قەلاتی ئیرون کە میر شـەرەفخانی بەدلیـسی مەبەسـتی بووە هەر ئەو (ئیرون Iroon) ە بووبێت کە پەیوەستە بە (سی کورە) و (جو قوپ) کە ریچ (Rich) باسی کردووە لە گەشتەکەی ساڵی 1820 ز[2].

راستی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان کورد و ئـالان ئـەو ئاماژەیـە کـە لـەبارەی یەکـەم هەرێمی کوردستان لە مێژوودا راگەیەنراوە و لە رووی کارگێڕییەوە لە سەردەمی سوڵتان (سنجر) (سەنگەر) کە لە 1157 ز کۆچی دوایی کرد، لە سـەدەی دوازدەمـی زاییـنـی رێکخـراوە، وەك حەمەدوڵلای مستەوفی قەزوینی لە کتێبەکەی (نزهە القلوب) ئاستانی ئالانییە[3].

---

(1) بگەڕێوە بۆ کتێبی ((الشرفنامە)) وەرگێڕان و لەسەر نووسینی ملا جمیل روزبیانی، بغداد، 1372 هـ / 1953 م، ص 243، بە عەرەبی 440.

(2) رحلة ریج، الجزء الاول، بغداد، 1951، ص 310، الترجمة العربیة.

(3) بگەڕێوە بۆ: القزوینی حمدالله المستوفی، نزهة القلوب، تحقیق کای لیسترانج، طبعـة لیـون، 1913، ص 108 و مابعدها بالفارسیة.

یەکێتی هۆزگەری لە چاخی پێش لەدایکبوون لەنێوان دانیشتوانە کۆنەکانی ولاتی کوردان

لەگەڵ ئەوەی باسمانکرد لەبارەی ئەو راستیانەی پەیوەندی نێوان ئالان و کورد، ئەم پەیوەندییە لە چاخی ئیسلامدا دەستی پێنەکردووە، رەگ و ریشەی ئەم پەیوەندییە دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین، لەو کاتەی پێشینەی ئالانیەکان و پێشەنگەکانیان دەگەن بە ناوی سکیس و کیمەری و میدییەکان لە ولاتی کوردان و دانیشتوانە کۆنەکانی ولاتی کوردان، لەگەڵ دانیشتوانی کۆنی ئەم ولاتە سەرەتای نەتەوەگەری گەلی کوردیان دانا.

لە راستیدا مەسەلەکە دابەشی سەر دوو قۆناخی دیار دەکرێت، هەر قۆناخێك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە. قۆناخی یەکەم دەکەوێتە پێش جێگیربوونی هۆزە کۆچ کردووەکان بۆ رۆژئاوای ئاسیا و کاریگەری لەسەر دانیشتوانە خۆجێییەکان و گۆرانکاری کە ناوچەکە لە ئاستی زمان و ئایینی دێتەدی. قۆناخی دووەم، پەیوەستە بە دەرکەوتنی نەتەوەکان و جێگیربوونی لەو ولاتانەی سنووردارن لەرووی ئەتنۆگرافی و دیمۆگرافی و ململانێی کە لە نێو نەتەوەکان دەردەکەوێت لەسەر بنچینەی ئایینداری[1].

هۆزە میدییەکان (ماد Mad) توانیان کۆمەڵەیەك یەکێتی هۆزگەری دروستبکەن بەتایبەتی ناوچەی دەوروبەری دەریای قەزوین و لەلای باشوورەوە و باکووری رۆژئاوای ئێرانی ئێستایان هەڵبژارد وەك نیشتمانیان و پاوانی لەوەراندنی وڵاتەکان، لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایین لە سەرووی زێی (قیزل ئوزون) تا دەشتی کافیر. مادیەکان یان میدییەکان باپیرانی کوردانی بەرایی لە باکووری رۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون، هاوسنووری نیشتمانی پارسییەکان Parthians ی خوار ئەوان.

---

(1) لقاء الاسلاف، ص 163.

یەکەم پادشای ئاشووری کە باسی (ماد) ی کردبێت لـە نووسـینەکانی شلمانـسری دووەم بوو کە ساڵی 844 پ.ز هێرشی کردە سەر خاکی ماد (کوردستانی ئێرانی ئێستا)، دواتـر پاش حەوت ساڵی تر دیسان هێرشی کردنە سەر، لە هەواڵەکانیدا (هـادا ـ مادیـا - Hada Madai) ی باسکردووە. هەروەها لە رۆژانی شمس ئددی چوارەم کوڕی شلمانسەری ناوبراویش ناویان هاتووە.

چەندان سەرچاوەی نووسراو دۆزراونەتەوە تیایدا ئاشوورییەکان، میدییەکانیان کردۆتە دوو بەش: یەکەم، ناویان ناون میدییە بـەهێزەکان بـە زاراوەی ئاشـوورییـەکان (مـادی داننـوتی) لەوانەش میدییە دوورەکان، بە زاراوەی ئاشووریان (مادی روقوتی) وەك بۆ یەکـەمجار ناویـان هاتووە لە تۆماری ئاشوورییـەکان لە سەردەمی شلمانسری سێیەم[1].

لە نیوەی یەکەمی پێش زاین میدییەکان توانیان ئـەو ناوچـانە داگیر بکـەن کـە پێیـدا رۆیشتوون و دواتر لە چیای زاگرۆس رەتبوون. ئەوەش بووە هۆی پێکدادانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئاشووری، تا لەدوا کایە توانیان دەوڵەتی ئاشوور بڕوخێنن. پاش چەدان جەنگ لـە ئاکامـدا میدیەکان دەوڵەتی ئاشووریان رزگار کـرد و لەگـەڵ شکـستی دەولـەتی ئاشـووری دەولـەتی ئورارتـو (Urartu) ی بـەهێز شـکا کـە ئیمپراتۆریـەتێکی بەهێز بـوو، تـوانی کـۆنترۆڵی ناوچەیەکی فرەوان لە ئاسیا بکات.

شکـستی هەردوو دەوڵەتەکە زۆر هۆکاری هەبوو، وەك ململانێـی درێژخایـەنی خوێنـاوی نێوانیان بۆ داگیرکردنی ولاتی کوردان، لەگەڵ هاتنە سـەر تـەختی فـەرمانڕەوای بێهێـز کـە نەیانتوانی کۆنترۆڵی کاروبار بکەن و شکستیان هێنا. ئەوەش وایکرد میدییـەکان جـێگیربن لە ناوچەکە و هەڵمەتی سکیسی و کیمەرییەکان کاریگەر بوون لە شـکانی دوو دەوڵەتەکـەی (ئاشوور و ئورارتو).

(1) T. cuyler. Rouny dr. (The Iranian Migration in to the zagros), iran – journal of britsh inst. Of Persian studies. Vol. v, 1967, pp 11 – 34.

شایانی باسە پادشایانی ئاشوور هەر لە دوو سەدەی سێیەم و دووهەمی پێش زایین، هەواڵی زۆر لە پادشایانی هاوپەیمانی ولاتی ئائیری (ئورارتو) یان تۆمار کردبوو، کە لە خوارووی دەریاچەی وانی ئێستا دەژیان. ئەم هاوپەیمانیەتیە بە دەوڵەتی پادشایانی (بیاینا) ناسرا. لە لای ئاشوورییەکان بە شانشینی (ئوورئاتری)=ئورارتو ناسرا.

سنووری تا چیای قەوقاس دەچوو لە باکوورەوە ـ چیای ئارارات و دۆڵی زێی ئاراکس (ئاراس) و دەریاچەی سیڤان ـ لە رۆژهەلاتدا بەرەو میلیتین (مالَتای ئێستا) دەچوو، لە باشوور دەسەلاتی دەوڵەت گەیشتە (موساسیر) ناوەندی پەرەستنی خوداوەندی گەورەیان (خالد Khalid) لە باکووری رۆژهەلاتی هەولێری ئێستا (Arbil) نزیك رواندز، دواتر دەسەلاتی ئورارتی تێکچڕژان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی مانە Manne ی خۆجێیی کەوا لە خوارووی دەریاچەی ورمێ (لە کوردستانی ئێران) لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین دەرکەوتن.

فەرمانڕەوانی هەرێمەکانی ئۆرارتو یاخی بوون لە پادشا روسای یەکەمی ئورارتو 730 ـ 713 پ.ز کە بووە هۆی لاوازبوونی دەسەلاتەکەی. لەو کاتەدا ئاشوور هێزی هاتەوە بەر، سارگۆنی دووەم (Sargon II) ی ئاشووری لە ساڵی 714 پ.ز هەلمەتێکی بەهێزی کردە سەر ئەم ولاتە و سوپای ئورارتوی لەناو برد، بەلام شانشینی ئورارتو تا سەردەمی روسای چوارەم 590 ـ 585 پ.ز مایەوە. لەبەر ئەوە لە تەوراتدا[1] ناوی هاتووە.

هەواڵێك لە بابلەوە دەڵێت: ((قدسوا علیها الامم نادوا علیها ممالك اراراط و منی و اشکناز و قدسوا علیها الشعوب ملوك مادی)). واتە ((نەتەوەکانی پیرۆزکەن، شانشینی وەك ارارتو و منی و ئەشکناز و گەلانی پادشایانی مادی پیرۆزکەن)). مەبەستی شانشینەکانی ئورارتی و مانی و سکیسی و میدییەکانە.

دوای لەناوچوونی ئورارتییەکان و ئاشوورییەکان، شێوازی هۆزەکان لەسەر خاکی هەر دوو دەوڵەتدا بلاو بووەوە، لە رێگای دەسەلات و ئایین، ئەوەشیان رێگای هەموار کرد بۆ ئەم

(1) الکتاب المقدس، 51 صحاح 51.

هۆزانە و لە ئازەربایجان و کوردستان نیشتەجێ بوون. بەرە بەرە زمانی دانیشتوانە کۆنەکان ئاوێتەی کۆچەرە نوێیەکان بوو و لەیەك کۆمەڵگادا توانەوە بەهۆی تێکەڵ بوونی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی لەگەڵ کۆچبارە نوێیەکان[1].

هاوکات لەگەڵ کۆچی میدییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە و جێگیربوونیان لە کوردستان دوای ڕەتبوونیان لە چیای زاگرۆس، کۆچی هۆزەکانی سکیسی و کیمەری بۆ ناوچەکە دەستی پێکرد لە باکوور و ڕۆژئاواوە، بەتایبەتی تەوەرەی ڕۆژئاوای قەزوین و ڕێگای دەربەند (دەرگای دەرگایان)، ئەوەش وایکرد ڕێگا والابێت بەرەو خاکی ئازەربایجان و کوردستانی فرەوان و بەرچاوترین سەرکردەکانی سکیس (بارتاتورا) و کوڕەکەی (مادیس) فەرمانڕەوای خۆیان بسەپێنن لەسەر ناوچەکانی خوارووی دەریاچەی ورمێ (موکریان) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (ئێران) دواتر پانتایی فەرمانڕەوایان فراوان بوو تا گەیشتە زێی هالیس (قزل ئیرقی ئێستا) لە ناوەراستی ئاسیای بچووك و شاری (سەقز) یان (لە کوردستانی ئێران) کردە پایتەختی دەسەلاتە سیاسیەکەیان.

مێژوونوسی رووسی مینورسکی لە راپۆرتەکەی کە پێشکەشی کۆنگرەی بیستەمی جیهانی بۆ ڕۆژهەلاتناسی کردبوو لە ساڵی 1938 لە بروکسێل، ئاماژەی بەوە داوە کەوا[2] : سەرچاوە کۆنەکان دەرکەوتنی کیمەری و سکیسی لە ولاتی میدی و مانە ڕەتدەکەنەوە بەتایبەتی لە کاتی شکستی نەینەوا و ئاشووردا. هەروەها ئاماژە بە زاراوەی ئاشووری گشتی کە دەڵێت (أوفمان ماندا) واتە (خەڵکە نەناسراوەکان) ئەوانەی مەبەستی لەوان هۆزەکانی کیمەری و سکیسی بوو.

ئەم شوێنەوارانەی لە ناوچەی کوبان دەرهێندراون لە قەوقاسیا بەڵگەن بۆ بوونی سکیس لێرەدا و ڕەتبوونیان لێرەوە بەرەو ناوچەکانی خوارو، لە دەربەندەکانی قەوقاسیا بە دوو

---

(1) لقاء الاسلاف، ص 73.

(2) دائرة المعارف البريطانية الحديثة، 1937، مادة سكيثيا:

Horo dotus, op. cit. Minorsky, " Les prigins des kurds ". Travauxdux Congeres des orienta Listes, (Bruxell, 1938).

کۆمەڵە رەتبوون. یەکەمیان کۆچی بەرەو خواروو کرد، بەرەو دەریاچەی ورمێ و لەگەڵ قەڵەمڕەوی میدیا پێککەوتن لە کوردستانی ئێران (رۆژهەلاتی کوردستان ـ ناوچەی موکریان). کۆمەڵەی دووەم لە کۆچکردن بەردەوام بوون بەرەو ئەنادۆڵ و کۆتایی بە فەرمانڕەوای فەیەی هێنا، لە دوای ئەم رووداوە پادشا (میداس) خۆی کوشت، ولاتی لدییاش بەختی باشتر نەبوو پادشاکەی کوژرا[1].

ئەوەی ئێستا گرنگە لامان لە سکیس کۆمەڵەی یەکەمن، ئەوانەی گەیشتنە بەرەی رێی هەمەدان (ئەکباتانا) ی پایتەختی میدییەکان و لە سنووری ولاتی ماننا جێگیربوون کە تیایدا شانشینی یەکی گەورەیان دامەزراند کە ناوچە کوردییەکان و ئازەربایجانی ئێستای گرتەوە لە ئێران. ناوەندەکەیان لە خوارووی دەریاچەی ورمێ بوو، مانناییەکان دانیان بە سەروەری ئەوان نا و چەند شاریان دروستکرد وەك (سەقز) کە ناوەکەی لە ناوی ئەوانەوە داڕژراوە (سکس)، بێگومان ئەوان لە کۆچکردنیان بەردەوام بوون تا گەیشتنە هەولێر و کەرکووك و سەروەری خۆیان تیادا سەپاند، ئەوەیش لە دوو سەدەی دووەم و یەکەمی پێش زایین، دوای ئەوەی میدییەکان[2] لە رۆژگاری (کی ئەخسار) دا پەرتەوازەیان کردن.

---

(1) فریشمان، تفاصیل الحیاة ماقبل التاریخ فی کوردستان، میراتیە، ص 106.

(2) تاریخ الکرد القدیم، ص 104.

دەرووی پێنجەم

نەتەوە کۆنەکانی

لە ولاتی کوردان ژیاون

The olden communities which Country's in the country kurds

* سونی (سوبارتو) ییەکان	Subares
* لولویی ـ یەکان	Lullueans
* گوتی ـ یەکان	Guties
* کاشی ـ یەکان	Kassites
* خوری ـ یەکان	Khuras
* خالدی ـ یەکان	Khaldes
* کاسی ـ یەکان	Kasuon
* میتانی ـ یەکان	Mitanni
* حوری ـ یەکان	Huldes
*ماننی ـ یەکان	Manness
* میدی ـ یەکان	Medes

سووئی (سوبارتو)

لە دوو توێی ئاماژە میژوویییەکانی بەردەستدا، وادیارە سوئییەکان دانیشتوانی ناوچەی (سو) ن کە لەپێشدا باسکران، کۆنترین دانیشتوانی کوردستان دەژمێردرێن، بەلگەش ناوی ناوچەکەیە (سوبار Subar) کە بۆ یەکەمجار لە نووسینەکانی پادشا (ئی ئەنتام) نزیکەی 2470 ـ 2430 پ.ز دا هاتووە کە سێیەم پادشای بنەماڵەی لکشی یەکەمە، نزیکەی 2520 ـ 2355 پ.ز[1].

ئەم ناوە لێکدراوە لە (سو ـ su) ناوی کۆنی دانیشتوانی ناوچەی (سو) ی خوارووی دەریاچەی (وان) و لە وشەی (بار ـ bar) کە لە زمانی سۆمەریدا بە واتای (دەرەوە) دێت، وەك لە وشەی عەرەبی خۆجێیی (برە) (بەڕە = دەرەوە) دایە. بەم جۆرە ناوی (سوبار) سوئییەکان ئەوانەی لە دەرەوەی (سنوور) دەژیان. ناوەکەشی (سوبار) لە دەقە بزمارییەکان لە شێوەی (سوبارتو) تۆمار کراوە. لەبەر ئەوەی (تو) پاشگرە و لە لایەن سۆمەرییەکانەوە دەخرایە سەر وشە بۆ گەیاندنی واتای جوگرافی وشەکە، وەك ئورارتو، مارتو، سوبارتو.

سەبارەت بە سنووری ناوچەی سوبارتو بە تەواوی ناتوانین سنووری بۆ دابنێین، بەلام لە هەموو بارێکدا لە نێوان چیای زاگرۆس لەلای ڕۆژهەلات و زێی خاپوور لەلای ڕۆژئاواوە بوو. لەبەر ئەوە ناوەکەی (سوبارتو) لە سەرەتای چاخە میژوویییەکاندا بە ناوچەی ئاشووری دەوترا. کۆمەلگەکانی لەتەك ئەو دابوون، چەندان ناو دەرکەوتن، نەتەوە و یەکێتی هۆزەکان دەنوێنن لە کوردستان، کەوا ڕۆلی سیاسی و شارستانیان لە ناوچەی نیشتەجێ بوونیان یان لە دەرەوە گێڕاوە.

((هەولەکانیان ـ زۆربەیان ـ لە ڕێگەی تۆمارە سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و ئورارتییەوە پێگەیشتووە، دواتر میژووەکەیان پۆلێن دەکەین)). لەو ڕاستییە تایبەتیانەی میژووی ناوچەی کۆنی کوردستان، ئەوەیە کۆنترین نەتەوەی دەقە سۆمەرییەکان باسی کردوون وەك نیشتەجێی ناوچەی ناوبراو، لە بنەجدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ڕۆژئاوا و خوارووی دەریاچەی (وان). ئەم

---

(1) د. فوزي رشيد، ترجمات لنصوص سومرية ملكية، ص 71.

راستییه به شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر شوێن و نیشتمانی بنەڕەتی ئەو نەتەوانەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە ناوچەی کوردستان ژیاون، لەوانەش کورد.

ئەم نشیمەنە وەك زانیارییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن دوو ناوچەی سەرەکی تیادا بووە. یەکەم ناوچەی (سو) و دووەم ناوچەی (کردا). راستی ئەم زانیاریانەشمان بۆ دەرکەوتووە، لە رێگای نووسینە بزمارییەکانی پادشا (شوسین) 2036 ـ 2028 پ.ز جێی هێشتوون. باشترین گەواهیدەر بۆ ئەمەش ئەو یاخیەی لە دژی دەسەلاتی ئاشووری لە بابل باسی لێوە دەکات، مەردوك بلاداز (721 ـ 710 پ.ز) کە تیایدا باسی نەیارەکەی پادشای ئاشووری سەرجون (سارگۆن) دەکات و دەڵێت: ئەو پادشای ولاتی سوبارتویە.

سوئییەکان توانیان لەگەڵ ئیلامییەکان لە کۆتایی هەزارەی سێیەم یەکبگرن، توانیان شاری ئور بگرن و یەکبوونیان لەگەڵ عیلامییەکان، ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا سوئییەکان خوازیاری سەپاندنی دەسەلاتەکەیان بوون بەسەر ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەلاتی سۆمەری و ئەکەدیەکان دابووە تا دەرفەت رەخسا و توانیان بە هەڵمەتێکی گەورە بۆ سەر شاری ئور داگیری بکەن.

لولوییەکان:

ناوی لولوییەکان، بە دانەپاڵ سەرکردەیان کەناوی (لولو LuLLU) بوو یان دانەپاڵ ناوچەکەیان کە تێیدا بلاو بوونەوە کە (لولو) بوو. گەلێکی کۆنی کوردستانن، رۆڵی بنەرەتیان هەبوو لە پێکهێنانی گەلی کوردی ئەمرۆ. لە کۆنترین ئەو گەلانەن کە زانراوە لە خاکی کوردستان نیشتەجێ بوون. پەیوەندی شارستانی و زمانی بەهێزیان هەیە لەگەڵ گەلانی دیکەی لە دەوروبەریان ژیاون، وەك سوبیییەکان و گوتییەکان.

لولوییەکان لە دوو دەشتی شارەزور و زەهاو ژیاون، لەگەڵ درێژەی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی کە لە سەردەمی ئاشوورییەکان بە ناوی ولاتی (زاموا) یان (مازاموا) بەناوبانگ بوو.

چەندان دەقی سۆمەری هەیە بە ئاشکرا دەڵێت، سوبارییەکان لە گەلانی رەسەنی کوردستانن. هاوچاخی لولوییەکان و خورییەکان بوون. رۆڵی هاوشێوەی رۆڵی ئەوانیان بینیوە لە پێکهێنانی کوردانی ئەمرۆ. ((وادیارە هەر دوو کۆمەڵە، لولویی و سوبارییەکان هاوچاخ بوونە و یەك کۆمەڵە بوونە، بوونەتە دوو. یەکەمیان لە ناوچەی باکووری ولاتی مێسۆپۆتامیا ژیاوە و ناوی سوبارتو بووە، و بەشی دووەم بەگشتی لە دەشتی زەهاو و شارەزوور ژیاوە))[1].

تیمی کۆڵینکاری دانیمارکی کە لە گردی شمشارە کاریان دەکرد، نزیك هاوینە هەواری دوکان، توانیان پارچەی شوێنەواری بدۆزنەوە کە دەگەرێتەوە بۆ لولوییەکان، ئەوانەی رۆڵیان بەرچاوە لە شارستانیەتی کۆنی کوردیدا.

هەرچەندە لادێ نشینی یەکەم دیاردە بووە کەوا پێشینەکانی کورد دایانهێناوە لە مێژوودا، بەلام ئەوەندەی کورد دێنشین بوون و کۆچەر و نزیك لە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێو کردن، بەلام واتای وانییە دوور بوون ل شارنشینی، لەبەر ئەوەی خاوەنی چەندان شارستانی شاری بوون، بەتایبەتی میتانی و خوری و کاشی و میدی.

لولوییەکان کاریگەریان لەگەڵ گەلانی دیکەدا لەسەر لایەنی کولتوور و رۆشنبیری جێ بهێڵن

---

(1) تاریخ الکرد القدیم، ص 43.

کە بووە هەوێنی دروستبوونی کەسایەتی کوردی لە کوردستاندا. رۆڵی لولوییە کوردەکان ئەوکاتە بەرچاو بوو کە هاوچاوی بوونە نەژادیەکانی دیکەیان کردووە. حکومەتێکیان دامەزراند، زۆر جێگیر و شیاو بوو لە ناوچەکە و چڕی دانیشتوانی بەخۆوە بینی لەو کاتیدا. رۆڵێکی بەرچاویان بینی لە نموونەی هۆزگەلی یەکگرتوو بۆ بەرگری و نیشتەجێ بوون و بەرهەمهێنان.

لەراستیدا لولوییەکان کارای کاریگەر بوون لە پتەوکردنی بوونی هۆزگەری کوردە سەرەتاییەکان (رەسەنەکان) لە کوردستاندا. لولوییەکان کۆمەڵێك شوێنەوار و کاری هونەرییان لە پاشی جێ ماوە کە ئاستی شارستانیان پێشان دەدات. لولوییەکان لە هونەری بیناسازی بەناوبانگ بوون لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا. لەبەر ئەوە ئاشور ناسرپاڵی دووەم 882 ـ 859 پ.ز ژمارەیەکی زۆری لولوییەکانی هێنایە ولاتەکەی، ئەوانەی وەستا و پەیکەرتاشی بەتوانا بوون، لەو ولاتەدا ژمارەیەك باڵەخانە و پەیکەریان دروستکرد لە دەربەندی (راسکان) نزیك سەرچاوەکانی زێی خوارورو (بچووك) لە رۆژهەلاتی رانیە و لە هەورێنی شێخان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان شوێنەواری واهەن گەواهی بۆ کارە هونەرییەکانی ئەوان دەدەن[1].

---

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 52.

گوتییەکان Guties:

گوتییەکان لەو نەتەوانە بوون کە لە باکووری ڕۆژهەلاتی عێراق ناوچەی خوارووی دەشتی شارەزوور، واتە ناوچەی نێوان زێی خواروو و زێی دیالە نیشتەجێ بوون. ئەرابخا (شاری کەرکووکی ئێستا) یان کرد بە ناوەندی خۆیان. ناوچەی نیشتەجێ بوونیان، لە کۆتایی چاخی ئوری سێیەم ـ ناوچەکانی دەوروبەری ڕێگای سرابول ـ زوهاب (سەر پێڵی زەهاو) ی عێراق بە ئێران دەبەستێتەوە.

بەڵگەنامە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایین، ئەم ناوە بەو خەڵکانە وتراوە کەوا نیشتەجێی ڕۆژهەلات باکووری ڕۆژهەلاتی لولوییەکانن. دواتر هەموو هۆزە جیاجیاکانی کە لە باکووری ڕۆژهەلاتی بابل دەژیان لە هەزارەی یەکەمی پ.ز دەگرتەوە. ئورارتوییەکان مەبەستیان لەم ناوە دانیشتوانی ولاتی مانئا و میدیا بوو[1].

گوتییەکان هاوکار بوون لە شکست هێنان بە ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی و زۆربەی خوارووی عێراقیان داگیر کرد و لە ولاتی میسۆپۆتامیا بۆ ماوەی یەك سەدە حوکمڕان بوون.

سەرچاوە کۆنە عێراقییەکان هەتا کۆتایی چاخە مەزنە سیاسییەکانی ولات هەر باسیان دەکرد. سەبارەت بە ناونانیان ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو ناوچەیەی لێیەوە هاتوون، کە خوارووی ناوچەی (کردا) یە کە سۆمەرییەکان بەپێی زمانی سۆمەری لەبەردەم ناوی شاردا پێشگری ئوروو (uru) دادەنێن بە واتای (شار) و نیشانەی (ki)، سەبارەت ناوی ناوچە و شارەکانی باکوور و چیایی نیشانەی کور (kur) لەپێش ناوەکان دادەنێن لەبری (uru) وشەی (کور) واتە چیا و خاك. لەبەر ئەوە سۆمەرییەکان نیشانەیان لە پێش ناوچەی (کردا) داناوە، بەم جۆرە شێوەکەی وای لێدەهات (کورکاردا kurkarda) و بەهۆی پریپۆزیشنی تایبەت بە شاری (کردا) کە (u) ی وشەی (کور) هەیە ناوی شارەکە لە سەردەمی ئەکەدی لە لایەن سۆمەرییەکان بە شێوەی کور کوردو (kurkur:du) ی لێهات.

---

(1) تاریخ الكرد القديم، ص 53.

یەکێك لە ڕێساکانی دەنگی سۆمەری ئەوەیە هەر بڕگەیەك کۆتایی بە یەك دەنگی (پیتی) نەبزوێن (کۆنسونانت) بێت ئەم دەنگە (پیتە) نەبزوێنە (کۆنسنانتە) نامێنێت گەر لە دوای ئەوەوە، بڕگەیەك بێت بە نەبزوێن (کۆنسونانت) دەست پێبکات. بەم پێیەناوی شارەکە دەبێتە (کورکوردو kurkurdu).

دیارە ئەکەدییەکان هەموو (د ـــ D)یێکی سۆمەرییان کردۆتە (تـ T)[1]، لەبەر ئەوە وشەکە لە زمانی ئەکەدی بۆتە کوتو kutu، بەهۆی ئەوەی زمانی ئەکەدی زمانی رۆشەنبیری و سیاسەت بوو لەکاتی گوتییەکان، لەبەر ئەوە ناویان بە شێوەی کوتو kutu بێژراوە، ناوی ولاتیان بە شێوەی (کوتیوم) هاتووە[2].

ناوی (کوتو) لەو نامانەدا هاتووە کە لە (ماری) (تل الحریری) و سالنامەی ئاشوورییەکاندا پێمان گەیشتوون. هەروەها چیرۆکی توفانی بابلی ناوی چیای کوتییەکانی لە چیای نسیر ناوە کە چیرۆکەکە باسی وەستانی کەشتی دەکات لەسەر ئەم چیایە دوای نیشتنەوەی ئاو، سەرچاوە بابلیەکان دەڵێن گوتییەکان ـ زۆریەی ـ لە خوارووی عێراق ژیاون لە نزیکەی سەد ساڵی 2180 ـ 2060[3].

گوتییەکان لە شانشینی جەنگاوەرانی بە توانای ئەودیو چیای زاگرۆس هاتوون و فەرمانڕەوایان نزیکەی چوار سەدەی خایاند، پادشا (لاسیراپ Lasirap) لە بەناوبانگترین پادشای گوتییەکان دەژمێردرێت. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا دەشێ شاری سقز یان سپاریان هەڵبژاردبێت وەك پایتەختی دەوڵەتەکەی و وا دەردەکەوێت کەوا (سپار) نزیکترینیانە بۆ ناوچەی بنەرەتی جێنشین بوونیان.

لاسیراپ نازناوی پادشای گوتییەکانی لەخۆنا کە نیشانەی ڕێکخراوەیی سیاسی و یەکبوونیان دەگەیەنێت. ناوە بەردەستەکانی پادشا گوتییەکان بۆ سەلماندنی پادشا سۆمەرییەکان، باشترین

---

(1) د. فوزی رشید، قواعد اللغة السومرية، ص 39 ـ 44.

(2) wegner, Gestaltund Lutder Ishtar shawu shkain kieinasien Hurritologish student 3.

(3) د. سامی سعید احمد، العراق القدیم، جامعه بغداد، 1983.

سەرچاوەیە. هەروەها پارچە نزانامەیەکمان دەست کەوتووە کە تەرخانە بۆ پادشا (شارراتیگوبیسین sharratigubisin) لە (نیگدو Nigdupa) لە ناوچەی (جوخە) دۆزراوەتەوە و توێژەران گێراویانەتەوە بۆ ماوەی گوتی و رایان وایە شاررا پادشایەك بوبێت لە گوتییەکان و ناوی لەو پارچانە نەبێت کە لە ناوی گوتییەکان بەردەستە لە بەڵگەنامەی تۆماری پادشا سۆمەرییەکان.

وادیارە لاسیراپ زۆر ولاتەکەی خۆش ویستووە و بایەخی بە هونەر و کولتوور و زمان و ئەدەب داوە، لە سقر کاتێك (رقیم) دۆزراوەتەوە ناوی (ئەنرید) ی لەسەرە کە بەرچاوترین پادشای گوتی بووە کە باوەڕی سۆمەری خۆش ویستووە. تۆمار نووسە عێراقیە کۆنەکە سەبارەت ئەم ماوەیە هەر ئەوەندەی نووسیوە کە پشێوی گشتگیر لە ئارادایە[1].

پادشاکانیان نازناوی (پادشای چوارلایان) لەخۆ ناوە و بەڵگەنامەکە ناوی بیست و یەك پادشای تۆمار کردووە، بەلام ئێمە سەبارەت زۆربەیان تەنیا ناویان دەزانین. ئەم ژمارە زۆرەی پادشایان بۆ ماوەیەکی کەم کە فەرمانڕەوا بوون تیایدا، بەتێکڕایی پێنج ساڵ بۆ هەر پادشایەك، وادیارە بەراستی سەردەمێکی پڕ ئاژاوە و پشێوی بووبێت.

سروشتییە ولاتی مێسۆپۆتامیا پشێوی و شڵەژان بەخۆوە ببینێت لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە، بەتایبەتی خۆیان لەژێر دەسەلاتی نەتەوەیەکدا بینیەوە کە بە توندوتیژی و زەبر بەناویانگە. ئەم سیفەتە ناکرێ ببێتە هۆی ئەوەی بڵێین گوتییەکان شارستانیەتیان نەزانیوە، لە هەمان کاتی شارستانیەتی بابلی کاری تێکردوون. ئەوەش لە پەرەسەندنی خوداوەندەکانی ولاتەکە دەردەکەوێت و ناوی ئەکەدی لەخۆنان.

گوتییەکان دەسەلاتی سیاسیان بەسەر خواروودا زاڵ بوو، هەوڵیان ئەدا سنووریان فرەوان بکەن. ئەوەندە بەروبوومەی لە ولاتەکەیان هەبوو بەس بوو. ئەوەشیان هێمایەکە بۆ ئەوەی بوترێت گەلێك بوو ئارەزووی جێگیری و سیستەمی هەبوو.

لۆکال ئەنناد و فەرمانڕەوای شاری (ئوما) دەڵێت، لەو کاتەی (شولی) پادشای گوتییەکان بوو، ولات بۆ ماوەی 35 ساڵ خۆشگوزەرانی بەخۆوە بینی، بێ هاوتابوو. چەندان شوێنەوار

(1) هەمان سەرچاوە، ص 72.

دۆزراونەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماوەی دەسەلاتی گوتیەکان لە خوارووی عێراق. زۆربەی گلێنەکان لەم ماوەیە دۆزرانەوە لە شوێنی (لگش). ئەم شوێنەوارانە لە شێوەی لوولەکی دابوون و لەسەر بنکەیەك دانرابوون خڕ بە قەوارەی زارکی گۆزەیەك.

نەخشەکان زۆربەیان دەگەڕێنەوە سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکان هەندێ شێوەی قاش هەیە لەنێو بواری ئەندازەیی، ڕەنگی پەسندکراو ڕەشی کەلێندار، بابەتی هەرە پەسند وێنەی ئاژەلان بوو کە بە شێوەی سادە نیگاریان کێشرابوو گەر بەراورد بکرێت بە چاخەکانی رابردوو، لە یەکێکیاندا ئاژەڵێکی شێوە نامۆ دەبینین وەك شێری چیا وایە[1].

هەندێ پاشماوەی دیکە دۆزراونەتەوە لە کۆڵێنکاری لە (ماری) لەو (مۆر) ە لوولەکیانەی گوتی، کەوا شێوازی نیگارکێشانی هێڵ و گۆشەی تیادا پەیڕەو کراوە، لە مۆرە لوولەکیەکانی ئەکەدی باشتر بوو لەوەدا کە ڕەق و پتەوتر بوو، زیاتر گونجاو بوو لەگەڵ مۆرەکانی دیکەی لە ناوچەی باشوور دۆزراونەتەوە. سەرەڕای ئەوەش چەندان پارچەی کۆنینە دۆزراونەتەوە لە هەمان شوێن لە کۆشکی (زمری لم) لە (ماری) کە دەشێ بگەڕێتەوە بۆ کەسایەتییەکی گرنگ ناوی (لاسگان Lasgan) کوڕی (ئەسماتین Asmatin) بوو.

لەماوەی دەسەلاتی گوتی (Guti) بەسەر خوارووی عێراق (لاکشی) بوو بە بنکەیەکی شارستانی بەرچاو لە لایەنی سیاسی و پێشکەوتنی هونەری و دەوڵەمەندی ئابووری لەو ماوەیەی بنەماڵەیەکی نوێ حوکمڕانی دەکرد کە بە بنەماڵەی لکشی دووەم ناسرابوو.

واتە گوتییەکان، تەنیا میللەتێکی چیایی نەبوون کە هیچ بنەمایەکی شارستانیان نەبێت، وەك سەرچاوە مێژووییە عێراقییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن. سەبارەت کارە هونەرییەکانی ئاستی شارستانی گوتییەکان پێشان دەدات تابلۆی شێخان (هورین ـ شێخان) ناسراوە لە کوردستان، کاری گوتییەکانە ناتەواوە و نووسینەکانی سەری ئاماژە بەوە دەکەن کەوا لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەوەیە یان کۆنترە. نیگاری کەسێك کێشراوەتەوە ناوی بە شێوەی (لیشر ـ بیرانی)

(1) انطوان مورتكات، الفن في العراق القديم، ص 191.

نووسراوە، ناوی بە پادشا نەهاتووە. ئەم ناوە لە نـاوە خۆجێییەکانـە پەیوەنـدی بـە ئەکەدییـەوە نییە، وەك دیاکونۆ دەڵێت[1].

شوێنەوارناسی فەرەنسی ئەرنست دی سارزیك (1877 ـ 1878 ز) لە (لکش) کۆڵینکاری ئەنجامدا لە دوو شوێنی (کرزو ـ تل المالیـە) و لکـش (شـوێنی الهبـة المالیـە) پێکـدێت، گـردە سەرەکیەکانی کۆبوەوە لە دەورەی شوێنەکە گردەکانی بەپێی ئەلفوبێ ریزکـراون کـەوا لێکۆڵـەرە فەرەنسیەکان پەیڕەویان دەکـرد. ئـەم لێکۆڵینـەوە شـوێنەواریانە سـەلماندیان کـەوا لکـش لـە سەردەمی فەرمانڕەواکەی ئوربابا (ur.baba) دوواگـر (خلیفـە) ی ئوورمامـا (ur.mama) دوای لوکال ئوشومـگال (magal،ushu) هات. ئوربابا زۆر پەرستگەی دروستکرد و کەنداوی هەڵکەندو کچەکەی کردە کچە ئایینداری باڵا (کاهینی کچ) بۆ خوداوەند (سن) لە ئور دوای کوڕەکەی (نرام سن) پادشای ئەکەد.

واتە زۆر بایەخیان داوە بە رۆڵی ئاین و کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەلایەتیان، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمێك ژیاون کەوا باری سیاسی سەقامگیر بوو. لـە هـەمان رۆژگـار گوڵـدانێك ماوەتەوە کەوا کچە کاهینەکە بە دیاری داویەتیە خوداوەند سن لە ئوور. ئووربابا کـە کـچەکەی لەم پلە ئایینیە گرنگە دامەزراند هێزی (لکـش) دەگەیـەنێت دوای ئـەوەی بنەماڵـەی ئەکـەدی دەسەلاتەکەی لەدەست داوە.

هەروەها لە بنەماڵەی دووەمـی لکـش هـەواڵی پادشـا گوتییـەکانمان پـێ گەیـشتووە و دوا پادشایان (تارینمان) کەوا (ئوتو حیگال) لە شەڕێکدا نزیك شاری دوبروم (Dubrum) بەسـەریدا زاڵ بوو، لە سەرووی ولاتی سۆمەر. بەلام ئوتوحیگال، کە بەڵگەنامـە سـۆمەرییەکە بنەماڵـەی وەرگـای پێنجـەمی دەداتـەپاڵ، بـۆ ماوەیـەکی زۆر خۆشـی لـە سـەرکەوتنەکەی نـەهێنا و سەرکردەیەکی سۆمەری دیکە بەسەریدا زاڵ بوو کـە یارمـەتی دابـوو لـە روخانـدنی دەسـەلاتی گوتی، ناوی (ئورنامو) بوو.

---

(1) دیاکونۆ، تاریخ المیدین، ص 116.

شایانی باسە کە ناوی پادشاکانی گوتی کە حوکمڕانی خوارووبان دەکرد لە دوو لیست دان کە وەك یەك نین. لیستی یەکەم 124 ساڵ دادەنێت وەك مـاوەی حوکمڕانیـان لـە خـواروو، کەچـی لیستی دووەم ئاماژە بە 125 ساڵ و 46 رۆژ دەکات وەك کۆی ماوەی حوکمڕانیان لە خواروو و ژمارەی پادشاکانی گوتی بە 21 پادشا دیار دەکات وەك لە دێکۆمێنتەکەدا هـاتووە ئەمانـەن: ئیمتـا (imta)، ئینکیـشو (inkishu)، نکـل لگـاب (nikeligab)، شـولی (shulmi)، ئلولومیش (alunmish)، ئینیمابگش (inim bagash)، ئیگیشوش (igishush)، ئیارلگـاب (ayar lugab)، ئباتا (ibata)، ئیارلگش (iyar lgish)، کـوروم (kurum)، نـاوی پادشـای دوازدەم فەرامۆشکراوە، ئیبراروم (ibraum)، ئیبرانومی (ibranumi)، خابالوم (khabalum)، پوزورسن (puzur-sin)، ئیارلگند (ayar laganda)، ناوی پادشای نۆزدەم تێکـچووە، شـولی دواتر تارینی[1].

شایانی وتنە کۆڵیاران، توانیان سەرێکی برۆنزی لە نزیك شاری هەمەدان لە ئێران بدۆزنـەوە، بە (بربایسرکالیری) ناسراوە، کە سەری پادشایەکی گوتییە، هەرچـەندە نووسـینی لەسـەر نییـە. ئێستاکە لە مۆزەخانەی ئەمریکی لە نیۆیۆرك پارێزراوە.

سـۆمەرییەکان (summerian) و دوای ئـەوانیش ئەکەدییـەکان دانیـان نـا بـە شانـشینی گوتییەکان، لە چوارچێوەی نیمچە کۆنەی نێوان زێی بچووك و زێی دیجلە و گردەکانی سلێمانی و زێـی دیالـە لەگـەڵ پایتەختەکـەی (ئـەرابخا). بەڵگـەی ئـەوەش پاشمـاوە شـوێنەوارەکانی مێسۆپۆتامیایە.

ولاتی گوتییەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو، دانیشتوانەکەی یـەکگرتوو و پتـەو بـوون، یـەك پادشا فەرمانڕەوای دەکردن. هەر لە ناوەڕاسـتی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز ەوە شانـشینی بـووە. دیارە سـۆمەرییەکان و ئەکەدییـەکان و ئاشـوورییەکان لـە کوشـتاری بـەردەوام دابـوون لەگـەڵ گوتییەکان و لەباری بـەرگری کـردن زیـاتر لـەوەی هێـرش بـەرن. بـەپێی مێـژوو، گوتییـەکان

(1) بڕوانە: د. سامی سعید الأحمد، العراق القدیم، مصدر سبق ذکرە.

هەڵمەتیان دێنا بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی بەتواناى ئەکەدی و فەرمانڕەوای ناوچەی بابـل (babyl) بوون بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك (لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز).

پێویستە مێژوو دادپەروەرانە بێت بەرامبەر گەلانی کە رۆڵیان هەبووە و کاریگەر بوون لەسەر دیاردەکانی ژیانی گشتی و شارستانییەتی بەتایبـەتی، بـەبێ هـیچ لاگرییـەك، بـەهۆی ئـەوەی نووسینەوەی مێژوو پێویستە بابەتیانە بێت و بێ لایەنی تەواو بێ ئـەوەی سـۆز و دەمـارگیری و شاردنەوەی راستیەکان بـۆ خۆیانـان رابکێـشێت. ئـەوەی لـەبارەی گوتییـەکان وتـراوە، لـەوەی میللەتێکی چیایی بەربەرین، شارستانیەتیان نەبینیوە، زۆر زێدەڕەوی تێدا کراوە و پێویستی بـە چاوپێداگێڕانەوە هەیە.

پێویستە ئێستا بەرنامەکان و کتێبە مێژووییەکان بەو ئاراستەیە نووسراوە مێـژووی عـەرەبی زاڵ و باڵ بەسەر مێژوو و شارستانیـەتی گەلانی دی ناعەرەبی پێشان بدات، وەك: گوتی و لولـوو کاسی و میتانی و خوری و خلدی و سوباری و کاشی و میـدی و شانـشین و ئیمپراتۆرییـەکانی دیکەی کوردی، کەوا بنەرەتی پێکهاتن و گۆڕانی قەوارەی نەتـەوەیی گـەلی کـوردن و هـەر لـە کۆنەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاون.

شایانی ئاماژە پێکردنە دانیشتوانی کۆنی مێسۆپۆتامیا لـە هـەزارەی یەکـەمی پ.ز نـاوی گوتییەکانیان بە هـەموو ئـەو گەلانـە دەوت کـە لـە سـەروو و رۆژهـەلاتی بابـل دەژیـان. بـە میدییەکانیشەوە ئەوانەی ئەو کاتی هاتن بۆ ناوچەکە و ئاوێتەی پاشماوەی گەلانی زاگرۆس بوون و دوا رۆڵیان بینی لە گۆڕاندنی قەوارەی گەلی کورد.

بۆ دووپاتکردنەوەی لەیەك نزیکی کاروباری کـۆنی کـوردی، پێویـستە ئامـاژە بـە سەرچاوە ئاشـوورییـەکان بکـەین کـە دەگەڕێنـەوە بـۆ دوو هـەزارەی دووەم و یەکـەمی پـێش زایـین، بـە خورییەکانی دەوت (سـوباری) کـە لـە هـەزارەی سـێیەمی پ.ز دا گـەلێکی سـەربەخۆ بـوون، هەرچەندە لەرووی زمان و باری کۆمەلایەتی و شارستانی لەگەڵ خوری و لولوییـەکان و میللەتانی دیکەی زاگرۆس خزم بوون.

کاشییەکان: kassites

کاشیەکان لە هۆزە چیاییەکانن، کەوا سەرەتا لە بەشی ناوەراستی زنجیرە چیای زاگرۆس، کە ئێستا پێی دەوترێت لورستان (Lurstan) نیشتەجێ بوون. دواتر لە ناوچەی رۆژهەلاتی دیجلە و باکووری رۆژهەلاتی. لە نەتەوە هیندۆ ئەوروپییەکانە و لە هۆزە کوردییە کۆنەکان دەژمێردرێت. ناوی کاشییەکان لە ناوی خوداوەندی گەورەی نەتەوەییان (کاش)ەوە هاتووە (وەك دیار دەکەوێت).

کاشییەکان بنەماڵەیەکی نوێیان لە بابل (babyl) دامەزراند بەناوی بنەماڵەی سێیەمی بابل. کۆتایی بنەماڵەی یەکەمی بابل لە نزیکەی 1600 پ.ز یان 1580 پ.ز بووە. رەوتی رووداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا حیسییەکان زۆر لە ولاتدا نەمانەوە، بەڵکو ئامانجیان تالانو برۆ بوو. کاشییەکان توانیان دەریان بکەن. فەرمانڕەوایان لە عێراقی کۆن نزیکەی پێنج سەدەی خایاند (لە سەرەتای سەدەی شازدەمی پێش زایین تا سەدەی یازدەی پ.ز) بنەماڵەکەیان بە بنەماڵەی سێیەمی بابل ناسرا.

لەسەر بنچینەی ئەوەی بنەماڵەی حەمورابی بەناوبانگ یەکەم بنەماڵەی بابلە. بنەماڵەی دووەم لەو پادشایانە بوو کە میری سۆمەریان بوون لە بەشی خوارووی عێراق، سەربەخۆ بوون لە نزیك کەناری بەنداو لەبەر ئەوە بنەماڵەیان بەناوی بنەماڵەی دەڤەری دەریایی ناسرا[1].

سەرچاوە عێراقییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا کاشییەکان بەڵگەنامە و تۆماری مێژوویان بەجێ نەهێشتووە بە زمانی نەتەوەیان بێت، بەڵکو زمانی رەسەنی ولاتەکەیان بەکار هێناوە، واتە زمانی بابل و سامی و زمانی سۆمەری لە هەندێ بۆنەی ئایینی وەك چۆن خەڵکی ولاتەکە پەیرەویان دەکرد لەبەر ئەوەی شارستانیەتی ئەو ولاتەی داگیریان کرد بەسەر ئەوان زاڵ بوو و ئاوێتەی بوون.

هەرچەندە بەراستی شارستانیەتی ولات بەسەر ئەوان زاڵ بوو و ئاوێتەی بوون، بەلام ناشێ گەلێکی گەورەی وا کە توانی کۆنترۆڵی ناوچەیەکی فروان بکات، بەتەواوی زمان و کولتور و

---

(1) مقدمة في حضارة وادي الرافدين، طه باقر، ج 1، 1951.

مێژووی خۆی فەرامۆش بکات. ئەم بابەتە وردبوونەوەی زیاتری دەوێت لە باسی مێژوویی و دووبارە نووسینەوەی مێژووی کۆنی ئەم گەلەی بە مەبەست فەرامۆشکراوە و لەرووی شارستانیەوە گۆشەگیر کرا. لەبەر ئەوەی رەسەنی مێژوویی خۆیان سەلماند و هاوکاریان کرد لە پێشکەوتن و گۆڕانی ولات لەو سەردەمەی مێسۆپۆتامیادا. بەپێی دەق و بەڵگەنامە ئاماژە بە رۆڵی ئەرێنی و کارایان دەدەن لە بنیاتنانی گەورەترین شارستانیەتی مرۆیی لە سەردەمی ئەوان.

وادیارە ئەو پەرستگایەی شا (کراینداش) دروستی کرد و بەخشیە ژنە خوداوەند (ئینانا) لە بابل و کەوا کۆلکارییە شوێنەوارییەکان دەریان خستووە لە (ئوروك) (الورکاء) بەو سیفەتانەی هەڵیداوێرێت لە هونەری بنیاتنانی هەرکۆنی بابل،

((شوێنەوارێکی گرنگە و بەڵگەیە بۆ شارستانی تایبەتی کاشی و پەیوەندی بە شارستانیەتی گەلانی چیایی، جوانکاری سەر دیوار هاوشێوەی نەخشەکانی سەر دیواری (دەرگای عەشتار) ە لە شاری بابل لە دوایین سەردەمدا. بەگشتی زۆربەی پادشا کاشییەکان خۆیان خەریکی پرۆژەی ئاوەدانی دەکرد لە زۆربەی شارە بابلیە گرنگەکان و لە پێشەوەیان نوێکردنەوەی پەرەستگا لە شاری (نفر) و (ئور) و (لارسا) و (وەرکا) بە هونەری بیناسازی بەرچاو و نوێ، کە دواتر مایەوە بۆ ئەخمینی یەکان و بۆ بالاخانەکانی پایتەختەکەیان (پرسیپولیس)[1] بەکاریان هێنا)).

لەگەڵ ئەوەی پادشا کاشییەکان پاراستنی هەندێ لە خوداوەندە نیشتمانییەکانیان پاراست، بەلام ئایینە بابلییەکانیان وەرگرت ، خوداوەندەکانی بابلیان بە پیرۆز گرت. هەروەها ژمارەیەك لە پادشاکانیان ناوی خۆیان کردە ناوی بابلی و هەندێ گۆڕانی گرنگیان لە شارستانیەتی بابلی داهێنا وەك رێبازی نووسینی مێژووی رووداوەکان بەپێی ساڵەکانی فەرمانڕەوای پادشاکە لەبری رێبازی تایبەتی سۆمەری ـ بابلی کۆن کە مێژووی بەپێی رووداوە گرنگەکان دەنووسی.

لە سەردەمی کاشییەکان بەکارهێنانی بەڵگەنامەی نوێ دەستی پێکرد کە بە کێلی سنوور (کەڤری سنوور) (کدرو) دەستی پێکرد کە رووبەری زەوی و سنوور و خاوەنەکانیان تیایدا تۆمار دەکرا.

---

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 63.

پادشاکانی کاشی سەرەتا لە پایتەختی ولات (بابل) فەرمانڕەوایان دەکرد، بەلام دواتر لە نیوەی ماوەی فەرمانڕەوایان شارێکی نوێیان دروست کرد گەورە و فرەوان، بۆ ئەوەی ببێتە پایتەخت بە ناوی پادشاکەیان (کوریکالزو) کرا، ناونرا (دورکوریکالزو) واتە شار یان قەلای (کوریکالزو)[1].

ئەوەشیان نیشاندەری ئەوەیە کاشییەکان خۆیان لە بابلییەکان جیاکردۆتەوە بەوەی خۆیان خاوەن کارگێڕی و ناوی تایبەتی خۆیان بن. زۆر بایەخیان بە نووسین و تۆمارکردن دەدا، لەبەر ئەوەی گۆڕینی ناوی پایتەخت و بەناوی پادشاکەیان، واتە کاشیەکان ویستیان شارستانیەتی خۆیان دەربڕن جیا لە شارستانیەتی بابل.

لێکۆڵیارییەکانی کەوا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی لەم شارە ئەنجامی داوە لە کۆشکی پادشاکانیان و پەرستگا فرەوانەکانیان کە جیابوو لە پەرستگا و کۆشکەکانی بابلییەکان. هەروەها نموونەکانی پاشماك (آثار) ی هونەری گرنگ و تۆماری مێژوویی دۆزراونەتەوە. ئەم کۆلێنیاریانە لایەنێکی گرنگی مێژووی عێراقی سەر بە سەردەمی کاشییەکانیان ورووژاند کە ((سەردەمێکی تاریکە بەهۆی کەمی سەرچاوە و هەڵەی مێژوویی کەوا لێوە هاتووە))[2].

نازانین گەر مەبەست سەردەمی تاریکی وەك هەندێ توێژەر ئاماژەیان پێکرد، سەردەمێکە کەمی لێ دۆزراوەتەوە و زانیاری و سەرچاوەی لە بارەوە کەمە یان لەبەر ئەوە تاریکە چونکە شارستانیەتی تێدانییە!! بێگومان ئەوەی دوایی وەلا دەنێین، لەبەر ئەوەی سەردەمی کاشییەکان لە عێراقی کۆندا، وێنەیەکی جوانی پێشکەش کرد سەبارەت دەسکەوتە شارستانییەکانی ئەم گەلە مەزنە لەو سەردەمەدا.

هەر لەگەڵ فەرمانڕەوای کاشی لە باکووری عێراق شانشینی ئاشووری پەرەی سەند، لە نێوان دوو شانشینیەکە جەنگ و ئاشتی روویدا. دەستی بالا لە سەرەتادا بۆ کاشییەکان بوو بە تایبەتی لە کێشەی سنووری نێوانیان، تا ئەو رادەیەی لەسەرەتادا دەسەلاتیان سەپاندە سەر شانشینی

(1) د. فوزي رشيد، قواعد اللغة السومرية، ص 53.

(2) مقدمة في حضارة وادي الرافدين، طه باقر، ص 79.

ئاشوور. شانشینی ئاشووری دوچاری تەنگەژە و باری ناخۆشی ناوخۆ بوو بوو، بەتایبەتی گوشاری حیسی و میتانییەکان هەتا ئەو رادەیەی توانیان ململانێی سەرکردایەتی سیاسی لەگەڵ کاشییەکان بکەن. پەیوەندی نێودەوڵەتی باشیان بەست، ئەم پەیوەندیانە فروان بوون تا رۆژهەلاتی نزیکی هەموو گرتەوە.

هەرچەندە ململانێی نێوان میللەتانی ناوچەکە بەردەوام بوو، بەلام هەموویان توانیان پەیوەندی نێودەوڵەتی ببەستن و بە سەرەتای کاری دیپلۆماسی دەژمێردرێت لە مێژوودا. ئەم دیپلۆماسیەتیە توانی میسریەکان و کاشییەکان و ئاشووری و حیسییەکان و میتانییەکان لەیەك نزیك بکاتەوە. ئەم پەیوەندیانە لە رێگای نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان پادشایانی ئەوکاتی زانراوە، هەروەها لە رێگای ئەو پەیماننامە سیاسیانەی لە نێوانیاندا بەستراون، سەرەڕای ژنخوازی بە مەبەستی سیاسی نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکان. بەرچاوترینیان ئەوە بوو لەنێوان ئیمپراتۆریەتی میتانی لە رۆژئاوای کوردستان و فیرعەونەکانی بنەماڵەی هەژدەمی شانشینی نوێی میسر بەسترا.

کاشییەکان ئاسایش و ئاشتی و یەکگرتوویان بەخشیوە بە ولاتێك جەنگی بەردەوام بە درێژایی پێنج سەد ساڵ شەکەتی کردبوو. پادشا کاشییەکان دابونەریتی خۆجێییان پاراست لە هەموو بوارەکاندا، وا هەڵسوکەوتیان دەکرد وەك پادشای بلیمەتی باش. لەبەر ئەوە دەبینین یەکەم کاری کە (ئاکوم کاکرایم) 1602 ـ 1585 پ.ز کردی، دوای ئەوەی بوو بە پادشای بابل، گەڕاندنەوەی پەیکەرەکانی (مردوخ و سربانتیم) لە (عنە) و دووبارە خستنەوە پەرستگایان کە بە شێوەیەکی شکۆمەند بۆ ئەم یادە ئامادە کرانەوە[1].

ئەم هەوڵە سەلماندی کەوا پادشاکانی کاشی دانیان ناوە بە (مردوخ) وەك گەورەی شانشینی نوێ و خۆیان بە میراتگری رەوای بنەماڵە لەناوچووەکە دانا. دوای ئەم رێکەوتە بە هەشتا ساڵ (ئولامبوریاش) پادشای بابل (ئیارکمیل) ی بەزاند، کە پادشای بنەماڵەی دەڤەری هاریا بوو، بەم جۆرە تەواوی خاکی سۆمەری دوای ساڵی 1500 پ.ز گەڕاندەوە سەر بابل.

---

(1) مخطوطة ئاكوم ـ كاكرايم المنشورة من قبل

P.JENSEN IN KB.III (1892), pp, 134-53.

نازانین ئایا جەنگی دیکە روویداوە لەوەی پێشوو سەرکەوتووتر بوو بێت لە نێوان بابل و ئاشووردا و نەنووسرابێت تۆمار نەکرابێت، یان کاشییەکان وازیان لە بنیاتنانەوەی چ شتێك هێناوە لە ئیمپراتۆریەتی حاموورابی. ئێمە دەزانین دواگرێکی (خلیفە) (ئاکوم) کە (بورنا ـ بوریاشی یەکەمە) لەگەڵ میری ئاشووری (بزر ـ ئاشووری سێیەم) رێکەوتننامەیەکی مۆر کرد، پەیوەست بە سنووری نێوان هەردوو شانشینی کە بە دەوروبەری ناوچەی سامەرا دادارِوات. هەروەها مۆر کردنی دووەم پەیمانامەی لەم جۆرە دوای ئەوە بە سەدەیەك لە نێوان (کارا ـ ئنداش و ئاشوور بعل ـ نشیشو) 1430 پ.ز ، بەم جۆرە دابەش بوونی مێسۆپۆتامیا بۆ دوو بەش کە بابل و ئاشوورن، ئەو دابەش بوونەش بۆ ماوەی هەزار ساڵ کاریگەری دەمێنێت.

کاشییەکان لە هەموو سەردەمەکەیاندا خەریکی بنیاتنانەوە و جوانکردن و نەخشسازی پەرستگای (نفر) ی بەناوبانگ و پەرستگای لارسا و ئور و ئوروك بوون. یەکێك لەو پادشایانە، پادشا (کارا ـ ئندش) کارێکی هونەری جوانی جێهێشتبوو کە پەرستگایەکە رووی پێشەوەی بە کەرپووچی دروستکراو بە شێوەیەك وێنەی بوونەوەری پیرۆز بەخشێت لە شێوەی داتاشینی زەق و سووك کە تێك دەبەسترێت[1]. ئەم تەکنیکە داهێنەرانەیە دەشێ دروست کرابێت بۆ ئەوەی شوێنی نەخشەکە بگرێتەوە. ئەوەشیان شتێکی نوێ بوو لە مێسۆپۆتامیا. دواتر لە لایەن بنەماڵەی کلدانیان لە بابل بەکار دەهات، هەروەها لە لایەن ئەخمینییەکانەوە لە (سوسە) و (پرسپۆلیس) بەکار هات.

کوریالزوی دووەم 1345 ـ 1324 پ.ز لە هەموو بنیاتکارە کاشییەکان بەگورِتر بوو، تەنیا شاری ئوری چاك نەکردەوە، کە لە سەردەمی فەرمانرِەوای شمشو ـ ئیلونا خراپ کرابوو، بەڵکو شارێکی نوێی گرنگی دروست کرد. ئێستا پاشماوەکانی کەلاوەی (عقرقوف ـ عگرگوف) دەینوێنێت. قوللەی عەگەرگوف کە سێبەری دەکەوێتە سەر دەشتەکە، شوێنەوارێکی بەرچاوە لە ناوچەیەك بەرزی 170 پێیە لە دووری بیست میل لە رۆژئاوای بەغدا و بە کاکڵی دروست کردنی زەقورەیەکی گەورە دادەنرێت کە رۆژێك لە رۆژان راست وەستابوو لەنێو دورکوریگالزو ـ

(1) J. JORDAN, URB, 1 (1930), P, 30, AAO, PP, 63 – 4, PL, 70.

شاری قەلای پارێزراو (دور) شوێنی نیشتەجێ بوونی پادشا کوریکالزو.

ئەو کۆڵینکارییەی شوێنەواری عێراقی لە عەقەرقوف کردی لە نێوان سالانی 1943 ـ 1945 بنگەی زەقورەیەك و پەیژەیەکی جوانی دۆزیەوە، سەرەرای سێ پەرستگا و بەشێکی کۆشکێکی رازاوە بە داتاشراوی گەچی[1]، دالانێکی بە بنمیچی چوار کۆڵەکەداری تیابوو کە نیشانەی نوێکاری دووەمن لە بیناسازیدا.

ئەم پەرستگایانە، خێزانی پەرۆزی (ئەنلیل، ننلیل، کورەکەیان ننورتا) یان پاراست. بوونی ئەم خوداوەندە سۆمەرییانە لە شارێکدا کە پادشایەکی کاشی بنیاتی ناوە، پلەی رێزگرتن و لەخۆ گرتنی ئەم کاشییە بیانیانە پێشان دەدات بۆ ئەم کولتوورە شارستانیەی نیشتمانی مێسۆپۆتامیا. هەروەها چەندان شتی دیکەی جێی بایەخ دۆزراونەتەوە وەك پەیکەرێکی کوریگالزو Kurigalzu بە قەبارەی گەورەتر لە سروشتی، نووسراوێکی سۆمەری درێژی لەسەر تۆمار کراوە[2].

هەندێ مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کاشییەکان بوون ئەسپیان هێنایە مێسۆپۆتامیا. دەرکەوتنی گالیسکە (ارابە) ی کەوا ئەسپ رایدەکێشێت بۆ مەیدانی شەڕ لە رۆژهەلاتی نزیك بوو بە هۆی شۆڕشێك لە هونەری جەنگ. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گالیسکەی کە ئەسپ رایدەکێشێت بەکار بێت بۆ گواستنەوەی بار نەك کەر. ئەوەش وایکرد گواستنەوەی کەل و پەل ئاسانتر و خێراتر لەوەی پێشوو ئەنجام بدرێت. سەرەڕای ئەوەش گۆڕانکاری سەرەکی و لاوەکی دیکەی زۆر روویدا بەهاتنی کاشییەکان پەیدابوون.

لە بواری ئەدەبدا، لە ماوەی کاشییەکان ئەرکی گەورە کێشرا بۆ پاراستنی کولتوور و رۆشنبیری لە سەردەمانێك وەرگیراوە کە داهێنانی گەورە و بالای ئەنجامداوە. گۆشە نیگایەکی

---

(1) طه باقر، تنقيبات في عقرقوف، العراق، ملحق عام 1941 ـ 1945، العدد 8، (1946)، ص 73 ـ 92.

(2) S.N. KRAMER, TAHA BAQIR, S.J.LEVY, Fragments of adiovite statue of kurigalzu in Iraq museum, sumer, ir (1984), pp.lff, S.N. KRAMER, ANET. pp, 579.

ئایینی لەپشت ئەم کارانەوە بوو، گۆشەنیگایەکی نوێ و نموونەیی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گیروگرفتەکانی پەیوەست بە باوەڕ، کارە زانستییەکان وەك تێبینیە پزیشکی و ئەستێرەزانییەکان گرد بووە و لە ماوەی فەرمانڕەوای ئیست و لارسا و ماوەی بابلی کۆن نووسرانەوە، لە کۆمەڵەی جیاجیا پۆلێن کران.

هەروەها فەرهەنگ و لیستی هێما بزمارییەکان نووسرانەوە. لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەمی بابل، ئەفسانە و چیرۆکە سۆمەرییە ئەکەدییەکان دووبارە رێکخرانەوە و ریزکرانەوە، بۆ ئەوەی ئاسانتر و روونتر و بە شێوازێکی جوان و نوێتر نووسرابێنەوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوای کاشی ئەم چیرۆکانە لەبن دەست چەند ئەوە لە نووسەرانی پەرستگا و بە زمانێکی پەتی (زمانی بابلی پەتی) نووسرانەوە جیا لە شێوەزاری بابلی ناوەڕاست و چەمکە ئایینی و فەلسەفییە کولتوورییەکان مابوون.

پەیوەندی نێوان مرۆڤ خوداوەندەکان لەسەر (وازهێنان) و (ملکەچ کردن) بۆ خواستی خوداوەندەکان دامەزرابوو، لەبری (متمانە) و لەسەر خورافات لەبری باوەڕ و روونکردنەوەی ئەم گیانە نوێیە[1] بە شێوەیەك روون و رەوانبێژیانە ئەدەبی پەندیاریدا، وەك چیرۆکی (لودلول بعل نیقی) کەچی دەمارگیری کوێرانە لە رۆژنامەکانی رۆژی ئەهامەتی و کۆمەڵە نوشتەکانی دەرکردنی شەیتانەکان رەنگ دەداتەوە، هەموو ئەم چەمکانە رەسەن نین لە هزری مێسۆپۆتامیا.

کاهینەکانی بابل، ئەوانەی زۆر شارەزا بوون توانیان ئەدەبی مێسۆپۆتامیا بپارێزن بۆ ئەوەی لەبیر نەچێتەوە، وەك چۆن قەشە ئەوروپاییەکان لە چاخەکانی ناوەڕاست توانیان شارستانیەتی گریکی رۆمانی لە ون بوون بپارێزن.

پشێوی کەوتە بارودۆخی بابل، بێهێزی تێکەوت باری ناوخۆیی شێوا، بنەماڵەیەکی بەهێزی ولاتی ئیلام لە سەردەمی پادشایی (ئوتتاش سکال)، هێرشیان کردە سەر بابل و پادشای کاشی

(1) طه باقر، تنقيبات في عقرقوف، ص 92.

(کاشتلیاشی چوارەم) 1242 ـ 1235 پ.ز لەبەردەم عیلامیەکان شکا و شاری بابلیان گرت، تا پادشای ئاشووری (توکوتی ـ ننورتای یەکەم) 1244 ـ 1208 پ.ز بابلی لە دەست داگیرکەرانی عیلامی رزگار کرد و بۆ ماوەی حەوت سالان سەر بە ئاشوور بوو. لەو ماوەیەدا پادشای ئاشووری سێ پادشای سەر بە ئاشوورییانی دانا، دوای مردنی پادشای ئاشووری، کاشییەکان توانیان سەربەخۆیی سیاسی خۆیان لە بابل بەدەست بێننەوە.

دیسان عیلامییەکان هێرشێکی نوێیان کردە سەر بابل لە نزیکی 1168 یان 1162 پ.ز ، لەسەر دەستی شا (شوتروك ناخوتنی) کە بابلی وێرانکرد و تالانی کرد و زۆر لە گەنجینەکانی برد بۆ پایتەختەکەی و کوڕەکەی کردە پادشای بابل، بەلام میرێکی کاشی بەناوی (ئەنلیل ـ نادن ـ ئاخی) توانی سەربەخۆ بێت و عیلامییەکان لە بابل دەربکات. فەرمانڕەواییەکەی سێ سالی خایاند، دواتر عیلامییەکان لە 1162 پ.ز هێرشێکی ناکاویان کردە بابل، بە سەرۆکایەتی شا (شیلاك ئەنشوشناك) بۆ ئەوەی زەبرێکی کوشندە لە بنەماڵەی کاشی بدات بۆ ئەوەی یەکجار بشکێن. بەمجۆرە سەردەمی کاشی لە نزیك سەدەی یازدەی پ.ز کۆتایی هات. لە ئاکامی ئەو هەلمەتەی عیلامییەکان لە رۆژهەلاتەوە کردیانە سەر عێراق و بنەماڵەی کاشی کۆتایی هات بەبێ ئەوەی دواتر هیچ دەرکەوتنی سیاسی نوێ هەبێت لە مێژوودا.

دوای دەرکردنی عیلامییەکان ELAM بە جەنگ لە لایەنی خەلکی عێراق لە بابل (BABYL) بنەماڵەیەکی دیکە دامەزرا. دوای کۆتایی هاتنی کاشیەکان، یەکەم بنەماڵە لەوانەی عیلامییەکانیان دەرکرد پادشا نەبوخود نەسری یەکەم بوو.

خورییەکان: khurus

لەرووی مێژووییەوە سەلماوە کەوا خورییەکان لە دوو هەزارەی دووەم و یەکەمی پ.ز لە کەرکووك و دەوروبەری نیشتەجێ بوون. کەرکووك ئەو کاتی بەناوی (ئەرەبخاویلانی) ناسراو بوو واتە شادی خوداوەندەکان. خورییەکان گەلێکن هەر لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز لە چیاکانی باکووری کوردستان هاتوونەتە خوار و لە هەزارەی دووەمی پ.ز رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە مێژووی سیاسی و رۆشنبیری رۆژهەلاتی نزیك[1].

نێردەی کۆلیاریی دانیمارکی لە دوکان بەتایبەتی لە گردی شمشارەی باکووری رۆژئاوای بانی دوکان نزیك هاوینەهەواری دوکان، توانی شوێنەواری خوری بدۆزێتەوە کەوا دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پ.ز ، لەوانەش حەوزێکی ئاجووری (خشتی سوورکراو) لەو جۆرەی لە نوزی بەکار هاتووە[2].

لە چارەکی یەکەمی هەزارەی دووەم پ.ز توانیسان بۆ زۆرلا لە (کەوانەی بەپیت) (الهلال الخصیب) بلاوبینەوە و گەیشتنە (لالاخ) (تل عەتشانە) ی نزیك حەلەب و ئینتاکیا هەتا لازقیە، شوێنەواریان لە چەندان شوێنی دیکە دۆزراونەتەوە وەك: تەپەکورە و (تەل ببلا) نزیك موسلا[3]. ونوزی ئەو ناوەیە کە خورییەکان خۆیان بە شاری کەرکووکیان وتووە[4]. کەوا چەندان تابلۆی تۆمارکراوی بە زمانی ئەکەدی لەسەر نووسراوی تیادا دۆزراوەتەوە زانیاری مێژوویی گرنگی لەبارەی خورییەکان و ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریان تێدایە[5].

---

(1) جان بوتیرو، بلاد الرافدین، ترجمة البیرأبونا، پێداچوونەوەی د. ولید البادر، بغداد، 1990، ص 99.

(2) البروفیسور هارولنا ینغلتون ، بعثة التنقیب الدانمارکیة في دوکان، سومر (مجلة)، بغداد، الجزء الاول و الثاني، المجلد الثالث عشر 1975، ص 197 ـ 198.

(3) تاریخ الکرد القدیم، ص 69.

(4) g. wilheim, Grund Zuge Der Geshichte und kultur Der Hurriter, Darmstad, 1982, p 10.

(5) seto Lioyd, Twin Rivers, Oxford, 1943, p 46.

هەندێ سەرچاوە ژمارەی دەپەکانی دۆزراونەتەوە لەو ناوچەیەدا و بە تەواوی لە ناوچەی گردی (یورگان تەپە) بە زیاتر لە پێنج هەزار دەپ مەزەندە دەکرێت[1]. ئەوەشیان ئاماژەیە بە قوولایی شارستانی گەورەی خورییەکان، بەپێی پێوەری چاخی ئەوان. بێگومـان واتـای وایـە خورییـەکان فەرمانڕەوا بوون لە ولاتی ئاشوور لە ماوەی سەدەیەك، ئەوان بوون چەندان شارۆچکەی دەوروبەری کەرکوکیان دروست کردووە وەك (دوزخورماتو) کە تا ئێستاش ناوی ئەوانی هـەڵگرتووە. نـاوی بنەرەتی شارەکە (خورماتو) ە لە دوو وشەی (خور) واتە خورییەکان و (مـاتو) کـە واتـای شـار دەگەیەنێت لە زمانی ئەکەدیدا واتە (شاری خورییەکان). خورماتو لە چاخە ئیسلامییەکانیشدا هەر بکار هاتووە[2].

شایانی باسە لێرەدا سوودبەخشە ئاماژە بە چـەندان نـاو بکـەین لـە شـوێنگە خورییـەکان و ئیدیش لە کوردسـتان کەوا هێشتا تا ئەمڕۆکە، بە داڕشتە کۆنەکەی ماوەتەوە، وەك: نـاوی دێـی ئەشارەی نزیك دوکان، لـە کۆنـدا نـاوی (شوشـرا) بـوو کـە تیـایـدا شـوێنەواری خـوری زۆری تیادۆزرایەوە پێش ئەوەی بەنداوەکە دایپۆشێت.

شایانی ئاماژە پێکردنە پەیوەندی پتەوی نێوان خورییـەکان و ئارییـەکانـە، ئەوانـە بێگومـان خورییەکان ئاوێتـەی بـوون، ئارییـەکان لـەنێو خوریەکانـدا چـینی ئەرسـتوکراتی سـەرکردەیان پێکدێنا، لە دوو سەدەی پازدە و چواردەی پ.ز ، واتە لەو کاتەیدا کـە خورییـەکان بـە کـردەوە تەواوی باکووری عێراقیـان لەبەر دەست دابوو. لەسەر ئەم بنچینەیەوە بە شانشینی خوریان دەوت (شانـشینی میتـانی Mitanni) میتانییـەکان ئازناوێکـە بـە ئارییـەکان دەوتـرا[3]. لـە دەقـە بزمارییەکان سەلماوە کەوا گوتییەکان هەمان رۆڵی لولو و خوری و سوبارتوییەکانیان گێـڕاوە لـە پێکهێنانی گەلی کورد دواتـر، لـە هـەزارەی سـێیەمی پ.ز دا لـە ناوچـەی خـوارووی دەشـتی

---

(1) سـیتون لویـد، بـلاد الرافـدين، ترجمـة: د. سـامي سـعيد احمـد، دار الرشـيد، بغـداد، 1982، ص 206.

(2) التاريخ الغياثي، دراسة و تحقيق طارق نافع الحمداني، بغداد، 1975، ص 90.

(3) د. كمال مظهر احمد، كركوك و توابعها حكم تاريخ و الضمير، ج 1، 2005، ص 9.

شارەزوور[1] ژیاون، کەرکووك بنکەیان بووە و شارەکە ئەوکات بە ئەرابخا (arbakha)[2] ناسراوە.

زمانی خوری پەیوەندی بەو زمانە هەبووە کە لە ناوچەی سوبارتوو باو بووە و لەگەڵ زمانی لولوییەکان هاوشێوە بووە، کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی ئەم میللەتانە لەو ناوچەیەدا تا رادەیەك لەیەکچووە، لەبەر ئەوەی لە یەك بنجەوە هاتوون.

سەبارەت رۆڵی خورییەکان وەك هێزێکی فەرمانڕەوا لە ناوچەکەی فەرمانڕەوا بوون تیایدا، لە کۆتایی سەدەی شازدە پ.ز کۆتایی هات، کە دەقە بزمارییەکان بەڵگە پێشکەش دەکەن کەوا دەسەلات لەدەست ئەوانەوە گوازرایەوە بۆ میتانییەکان[3].

---

(1) سەبارەت پەیوەندی گوتییە کوردەکان بڕوانە: sovetskaya Istoriche skaya.

(2) د. فوزی رشید، القواعد اللغة السومرية، ص 53.

(3) تاريخ الكرد القديم، ص 70.

خالدییەکان kaldes :

ئەو ولاتەی خالدییەکان کردیانە جێ نشیمەنی خۆیان لە کوردستان بە (نەیری Neri) ناسـراوە (لە ناوچەی شەمزینانی کوردی هاوچاخدا) لە زۆر ناوچەی کوردستان کۆمەڵـە دەپێکـی بـەردین دۆزراونەتەوە بە هێڵی بزماری لەسەریان نووسراوە و بە زمـانی خالـدی، لەوانـە دەپـی (تـوپرك قەلا)ی پەیوەندی بە پادشـا (ساردوری دووەم) هەیـە و دەپێکـی دیکـە پەیوەسـتە بـە پادشـا (ئەرکیشی کوڕی مینوا) و دەپێکی دیکە تایبەتە بە پادشا (ئەشبوینی) و کوڕەکەی (منوا) کە بەناوی دەپی (کێلە شین) ناسراوە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ 810 پ.ز .

لە دەقە خلدی یەکە هاتووە: ((ئشبوینی پادشای مەزن. پادشای جیهـان. پادشـای بیاینـا. سەرۆکی شاری توشبە..)).

((لە دەقی ئاشوورییەکە لەبری (پادشای بیاینا) بە شێوەی (پادشای نایری) هاتووە))[1].

دەقەکە لەبارەی کارەکانی هەریەك لە ئشبوینی و مینوا دەدوێت لە خزمەتکردنی پەرستگای گەورەی خوداوەند (خلدی) کە دەکەوێتە دووری 18 کیلۆمەتر لە رواندزەوە. ئـەم دوو پادشـایە بەوە بەناوبانگن کەوا لە زۆربەی ناوچەدا دەپ و کێلیان داناوە، وەك دەپی (میهرقابوسو) لەسـەر چیای (زمـزم داغ) نزیـك ناوچـەی وان، و قـەلا و قوللـەیان دروسـتکردووە، وەك لـە ناوچـەی (زڤستان)و (ئنزف) نزیك شاری (وان) و قەلای سەر ڕێگەی (خۆی) لە ناوچـەی شـکاکی کـوردی (لـە سـەرووی ورمـێ لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان. وەرگێـڕ)، سـەرەڕای نـەمرکردنی کـارە سەربازییەکانیان کەوا شوێنەواری لە کوردستانی ئێران ماوە.

دەوڵەتی خلدی بە هەوڵ و کۆششی پادشا سردوری یەکـەم دروسـت بـووە، لـەو کاتەیـدا بـۆ یەکەمجار ناوی (نورارتو) لە تۆمـاری پادشـای ئاشووری ئاسـرالی دووەم 883 ـ 859 پ.ز دا هاتووە کەوا فەرمانڕەوای شاری کلخو (نەمرود) ی کردووە. لە ئاگادارییە جەنگیەکەیـدا دەڵێـت هێرشی کردۆتە سەر ولاتی نائیری و کرخی و شوباری و نیرب و نورارتـو، دواتـر هەڵمـەتی بـردە

(1) تاریخ الکرد القدیم، ص 36.

سەر ولاتی بابل لە دەربەندی کروری رەت بوو تا ولاتی کلیزان و لەپشت زابی بچووك سووڕایەوە بەرەو ولاتی زابان[1].

ئاشوورناسرپاڵ پادشایەکی زۆردار و دڕندە بوو، هەمیشە لە جەنگدا بوو، ولاتی باکووری وێران و خاپوور کرد. سەردەمی وی بە زۆریی ژمارەی جەنگەکان بەناوبانگ بوو، کە مرد خلدییەکان دژی ئاشوورییەکان وەستان لە هەموو شوێنێکدا و هەوڵی خۆ ڕزگار کردنیان دا لەو زۆرداریەی ئاشوورییان و رزگار کردنی ولات لە دەسەلاتی ئەوان. هێزە ئورارتوییەکان هێرشیان کردە سەر ئۆردیە ئاشوورییەکان و ناوچەکانیان یەك لە دوای یەك لێ ستاندنەوە، پادشای نوێی ئاشووری شلمانسری سێیەم کە دوای مردنی باوکی بوو بە پادشای ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لە سالی 859 پ.ز ناچاربوو هەڵمەتێکی سەربازی گەورە رێك بخات دژی ولاتی (نائیری) لە سالی سێیەمی فەرمانڕەوایەکەی، لە رێگای (خوبوشکیا) ناوچە چیاییەکەی لە زاخۆوە دەست پێدەکات تا سەرچاوەی زێی گەورە لە نێوان دوو شاری (وان) لە باکوور و رواندوز لە خواروو، توانی لە دڵی کوردستان رۆبچێت.

شلمانسر وەك باوکی زۆردار و دڕندە بوو، ئەو پەڕی دڕندەیی نواند لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا شانشینی ئورارتو ملکەچ نەبوو و هێزی خۆی کۆ کردەوە، سەر لەنوێ دەستی کردەوە بە وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی لەدەستی دابوون تا ئەو رادەی هەموو ناوچە ئاشوورییەکانی باکوور لە رۆژئاوایەوە لە باکووری سوریا تا رۆژهەلاتی نزیك زێی (ئاراکس) کەوتەوە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی خلدی، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەندان پادشا فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریەتی ئاشووریان کرد بێهێزبوون و توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئاشووریان نەبوو لەبەر فرەوانی، لەوانەش شلمانسری چوارەم 781 ـ 772 پ.ز ، ئاشوردانی سێیەم 771 ـ 754 پ.ز و ئاشور نیراری پێنجەم 753 ـ 746 پ.ز .

لە بەرامبەردا لە شانشینی ئورارتو پادشای مەزن پەیدا بوون، خاوەن بلیمەتی و هێز و

(1) بگەرێوە بۆ:

Luckeubill, Ancient Records of Assyria, 1, pp, 487 – 555.

توانست لە کارگێڕی ولات وەك سردوری یەکەم 846 ـ 830 پ.ز کەوا لە (وان) تۆمارێکی بەجێ هێشتووە تیایدا باسی لە رزگارکردنی هەندێ ناوچە دەکات کەوا شکۆمەندی بوو بۆ گەلی خلدی، دواتر کوڕەکەی ئشبوینی (830 ـ 810 پ.ز) زەویەکانی دیکەی رزگار کرد و کەوتە ژێر دەسەلاتی خلدی، نەوەکەی مینوا (810 ـ 781 پ.ز) لەوان کەمتر نەبوو. تا توانیان سەرفرازی سیاسی و سەربازی بۆ ناوچەکە دابین بکەن و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئورارتو رزگار بکەنەوە.

هەرچەندە خلدییەکان روالّەتی ژیانی سیاسی و سەربازی و هونەری نووسین و ئەرشیف کردنی بەلگەنامەکان و کاری ئەدەبی لە ئاشوورییەکان فێربوون، بەلام خلدییەکان توانیان شتێکی زۆری بۆ زیاد بکەن، بۆ ئەوەی پێشکەوتووتر بێت و بەرچاوتر بێت.

لە پەیوەندی نەتەوەیی نێوان دوو زمانی حوری و خلدی روون بۆتەوە کەوا بێژەرانیان لەیەك رەچەلەکی زاگرۆسی کەوتوونەتەوە کەوا لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین یان پێشتر لە کوردستان ژیاوە. کوردستان ناوەندێکی شارستانی گرنگ بوو، سەرنجی هۆزە ئارییەکانی بۆخۆی راکێشا و کۆچیان بۆ کرد.

خلدییەکان ناوی ولاتی خۆیان نابوو بە ناوی (بیاینیلی) کە لە شاری (توشیا) یان (تووروشیا) ی نزیك شاری (وان) هەلکەوتووە،بەلام زۆربەیان لە نێوان چوار دەریاچە دەژیان: (جیلدر، وان، ئورمیە، سیفان) دواتر هەندێکیان کۆچیان کرد بۆ دۆلّی فورات.

زمانی خلدی زمانی فەرمی دەولّەتی ئورارتی بوو، لە ماوەی نێوان دوو سەدەی نۆ و کۆتایی حەوتی پ.ز . ئەم راستیە ئەوە دەسەلمێنێت کەوا کوردانی کۆن، لە ناوچەیەکی فرەوانی ئاسیا ژیاون و لە میللەتانی دیکە بە مێژوو و شارستانی سەربەخۆ هەلّداوێردرێن. شارستانیەتێك لە هەموو روالّەتەکانی ژیان رەنگی دابووە. خالدییەکان دانیشتوانی کوردستانی ناوەڕاست و باکوورو بەشێك لە ئەرمینیا رۆلّی بەرچاویان هەبوو لەو ماوەیەدا لە ولاتی کورداندا.

کاسییەکان kasuon:

زاڵ بوونی شێوەزاری ئارییەکان بەسەر زمانی کاسی و حورییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش لە زایینەوە روویدا و بوو بە بەردی بناغەی لەدایکبوونی زمانی کوردی لە مێژوودا. دروستبوونی دەوڵەتی کاردونیاش kar-dun-ias لە بابل و میتانی (Matanni) لەگەڵ پایتەختەکەی لە ولاتی کوردان (Mat-kurdaki) (جەزیرە) لە ژێر فەرمانی رەگەزە ئارییەکە زەمینەی نەتەوەیی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی نەتەوەی کورد[1].

هەروەها کۆنترین هەواڵی ولاتی سوبارتوی تۆمارکراو بە هێڵی بزماری لە مێسۆپۆتامیا دەگەرێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز . ئەو ولاتە لە ناوچەی جزیرە و قامیشلۆو عامودا و حەسەکە و دۆڵی زێی دیجلە و خاپوور بوو، لەو سەردەمەدا لە هەرێمی خاکی کوردا (kurda)[2] خرایە گەر.

کاسییەکان لە پێشەوەی کۆمەڵە رۆشنبیریە ئاریەکاندا بوون لە زنجیرە چیای زاگرۆس، کاسییەکان لە سێبەری پتەو کردنی شار لە کۆمەڵگەیەکی چینداری پێشکەوتووی گەشەسەندووی خاوەن بەرهەم و بازرگانی فرە رەهەند لە رۆشنبیری و زمان ژیاون. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ماوەی مێژووی کاسییەکان نموونەیەکی گەشەسەندووی رۆشنبیری بو، هەروەها کۆڵەگە و پێکهاتەی جوگرافی و مێژوویی لەم رۆشنبیریە کۆمەلایەتیەوە دەبیندرێت، بە باشترین شێوە لە بناری چیای زاگرۆس و توروس و پێدەشتەکانی کەوا شوێنەوار و پاشماوەی بەهێزی کاسییەکان دۆزراونەتەوە و بووە بە ناوەندی شارستانی لەو رۆژگاریدا و قۆناخەکانی دیکەی مێژوو.

---

(1) د. جمال رشيد احمد، ظهور الكرد في تاريخ،؟

(2) سەبارەت تۆمارەکانی بزماری کە باسی کاروباری کورد دەکات، بروانە:

B. Hrozny, History Tprogres De Dechifferment Destertes Arch ir orientalin, vol. lll. No, 1, progme, 1931, p 200.

بگەرێوە بۆ: د. فوزي رشيد، ترجمات نصوص مسماريه، ص 71.

بگەرێوە بۆ: غروبندریغ Gronerberg الموقع الجغرافي لمقاطعة كوردانوح.

بگەرێوە بۆ: دراسات نوح كرامر و ارنست هرتسيفلا ، الدراسات المنشراقيه الالمانيه.

میتانییەکان Mitannies :

گەورەکانی شانشینی میتانی لەنێوان 1500 ـ 1245 پ.ز بوون بە گەورەی ناوچەکانی باکووری مێسۆپۆتامیا لە پایتەختەکەیانڕا (وتوشوکانی) حوکمڕانیان دەکرد، دواتر جێگیر بوون پاش رووخانی ئیمپراتۆریەکەیان و لە ناوچەی (خاینکبان) لە کوردستانی رۆژئاوا[1].

شانشینی میتانی بۆ دوو سەدە پێگەیەکی مەزنی لە رۆژهەلاتی نزیك هەبوو لە رووی سیاسی و سەربازی ((توانیان شانشینیەکەیان فرەوان بکەن، شاری حەلەبیان خستە ژێر دەستی خۆیان تا فەلەستین، لەبەر ئەوەی میتانییەکان ئەسپیان بەخێو دەکرد و گالیسکەی جەنگی دووڕموڕەو داریان دروست دەکرد، ئەوەش یاریدەی دان بۆ ئەوەی خێرا بلاو ببنەوە لە ناوچەکە، بە شێوەیەك رووبەری نێوان کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و شاری نەینەوا و نوزی نزیك کەرکووکی گرتەوە))[2].

هێزە ئاشوورییەکان دەرنەکەوتن لەسەر شانۆی سیاسی تەنیا دوای بەرەنگاروونەوەی پادشای میتانییەکان نەبێت بۆ هێزە فیرعەونیە میسرییەکان لە باکوور و رۆژئاوای سوریا و شوێنی حیسییەکان لە ناوچەکانی قرقمش و حەلەب و دەوروبەری و خوازیاری پادشا کاردونیاش لە داگیرکردنی ناوچەکانی ئێستای خوارووی کوردستان، نەك هەر لەسەر ئاستی سەربازی بەلکو لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش، شانشینی میتانی لەم ماوەیەدا ناوبانگێکی جیهانی دەسکەوت لە رێگای سەرکردایەتی کردنی رۆژئاوای ئاسیا بۆ ماوەی نزیکەی یەك سەدە.

یەکەم پادشای میتانی (بارتارنا) بوو کە لەنێوان دوو سەدەی 6 ـ 15 ی پ.ز ژیا بە نازناوی (شوتتارنای یەکەم)[3] بەناوبانگ بوو. دەشێ ئەو پادشایە بووبێت کە شاری حەلەبی داگیر کرد. توشراسای سانسکریتی 1360 پ.ز پەیوەندی باشی لەگەڵ میسرییەکان فرەوان کردبوو، لە رێگای ئەوەی خوشکەکەی (کیلوحیب) و کچەکەی (تادوحیب) ی لە میسر بە نازناوی (نفرتیس)

---

(1) د. جمال رشید احمد، ظهور الکرد في تاریخ، ص 390.

(2) تاریخ الکرد القدیم، ص 72.

(3) انطوان مورتکات، تاریخ الشرق الادنی القدیم، دمشق، 1967، ص 204.

بەناوبانگ بوو دا بە (ئاموخوتبی سێیەم) و (ئاموخوتبی چوارەم)، ئـەم راسـتیانە لـەو نامانـە زانراون کە لە ئەرشیفی (تل العمارنە) دۆزراونەتەوە.

بەپێی واقیعی سیاسی کەوا دەسـەلاتداری ئیمپراتۆریـەتی میتـانی سـەلماند و لـە ئەوپـەڕی شکۆمەندیدا ناوچەکانی نێوان بناری چـیای زاگـرۆس و کـەنارەکانی دەریـای سـپی ناوەڕاسـتی دەگرتەوە (خواروو و ناوەڕاست و رۆژئاوای کوردستان)، دۆزینەوەی مۆر (مۆهر) ی ساوششتاری شاهانە بۆ مۆر کردنی بلگەنامە کارگێڕیـەکان، لەنێو پاشماوەکانی شاری (نـوزی) بەلگەیـە بـۆ بلاوبوونەوەی ئاریـەکان لە هەموو ئەم ناوچانە کە لە ڕێگەی ئەوانەوە سەرەتاکانی نەتەوەی کورد پێکهات.

پادشای میتانی توشراتتا، کچەکەی خـۆی (تـادو ـ فیبـا) ی مـارەکرد لـە پادشای میـسر (ئەوریا). ئەم ژن و ژنخوازیە سیاسیە، بلیمەتی میتانییـەکان و خواسـتی ئـەوان بـۆ بەیەکـەوە ژیانی ئاشتیخوازانە دەردەبڕێت لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان، هەرچـەندە خـاوەن هێـزی سـەربازی گەورە بوون لەو کاتیدا. لە سەردەمی فیرعەون ئەمینوفسی دووەم (1428 ـ 1400 پ.ز) کە پێش ئەوتمسی چوارەم بوو، یەکەم هەوڵی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان هەردوو دەوڵەت دەسـتی پێکرد، لە ئاکامدا پەیماننامەی ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان هەردوو دەوڵەت بەسترا.

لە ئاکامی ئەم پەیماننامەیە پادشای میتانی (ئەرتاتامای یەکەم) نـەوەی پادشـا شاوشـتترا، کچەکەی وەك خێزانی فیرعەونی میسری ناردە میسر، ئەم رووداوەش ئاماژەیەکە بۆ ئـەوە کـەوا دەوڵەتی میتانی هاوشانی میسر بووە[1].

---

(1) تاریخ الکرد القدیم، ص 73.

حورییەکان Huldes:

ئاکامی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا کۆنترین دانیشتوانی کوردستان لە سەرەتای چاخەکانی مێژوودا بـەناوی گـوتی و لولـوبی و کاسـی ناسـرابوون. ئـەوان رەچـەڵەکی دانیشتوانی چاخی نیولیس بوون. بە شێوەزاری خۆجێیی دەئاخـاوتن. شوێنەوارناسـی ئـەمریکی (ئەفرام پایز) ناوی زمانە زاگرۆسییەکانی لێ ناوە.

بە رەوتی رۆژگار لەگەڵ تیرەی دیکەی ئەو نەتەوانەی کۆچیان کرد بۆ باکووری مێسۆپۆتامیاو بەرزاییەکانی چیای زاگرۆس ناوێتـەبوون. یـاخود بـەهۆی ئـاین یـان سیاسـەت بالادەسـت بـوو بەسەریاندا. سەر بە بنچی جیاوازبوون لـەرووی دەنـگ و مۆرفۆلـۆژی، بەرچاوترینیان حـوری و سۆمەری بوون کـەوا لـە ناوچـەی ئـەرابخا و دۆڵـی زابـی بـچووك لـە هـەزارەی سێیەمی پ.ز بلاوبوونەوە.

لەسەر بنەرەتی راستیە مێژووییەکان دەتوانن زمانی حوری خۆجێیی کە لەدوای خـۆی خلـدی جێهێشت یان وەك ئاشوورییەکان ناویان نا بـە ئورارتییـەکان بـە زمـانی پـێش زمـانی کـوردی دابنێن.

زانای جۆرجی ملکشڤیلی ئاماژە بـەوەدەکات کـەوا حورییـەکان لـە کوردسـتان بـە رەوتـی رۆژگار، چەندان شـێوەزاریان دروسـت کـرد، وەك: خلـدی و کـاردۆخی و تـاوخی. گرنگترینیـان شێوەزاری فەرمی دەوڵـەتی ئورارتـو بـوو کـە پادشـاکانی وەك (روسـا و ئـشبوینی و مینـو و ئەرکیشتی) هەواڵی کارەکانیان و جەنگەکانیان پێ نووسیوە.

شوێنەوارناسان 400 دەقی نووسراوی ئەم شێوەزارەیان لە ناوچەکانی نێوان زێـی ئـاراس لـە باکووری کوردستان و شاری مەلاتیە لە رۆژئاوا و زێی زابی گەورە لە خوارووی و بە دوو تاتەبـەر (مسلە) ی کێلەشین و تۆپزاوەش لە ناوچەی رواندوز[1].

---

(1) زانای جۆرجی ملکشڤیلی:

G.A.Melikisvili, Dei urartasche sprache Rome, 1971.

هەروەها نامەیەك لە (تل العمارە) دۆزراوەتەوە لە میسر، کە دەقێکی بزمارییە ئاماژە بە حوریەکان دەکات. لە تەوراتدا ناوی (حوریتیون) لە (سفر تکوین 35 : 20 ـ 120) دا هاتووە.

حوریەکان بوون بە بابەتێکی جێی بایەخ پێدانی زۆر لای زانایانی مێژوو و شوێنەوار، زۆر لە ((ئاماژەکان وادەگەیەنن رەگەزێکی گرنگ و کارایان پێکدەهێنا لە دانیشتوانی مەزۆپۆتامیا و سوریا لە هەزارەی دووەمی پ.ز))[1].

خوداوەندی نیشتمانیان (تیشوب) خوداوەندی باو و بۆرانی چیا و هاوسەرەکەی (هیبا) کە جۆرێکە لە خوداوەندی دایکەوە. زۆر لە گڵێنە دۆزراونەتەوە لە نشینگەکانیان ە زۆر جیاواز بوون. پیاڵەی ناسك و جوان و رازاوە بە گوڵ و باڵندە و شێوازی ئەندازیاری زەرد لەسەر پاشخانی خاکی تیر، ئەم گڵێنانە جیاوازن لە گڵێنەکانی مێسۆپۆتامیای سادەی ئەو ماوەیە. گڵێنەی حوریەکان بێگومان قۆناخێکی شارستانی دەنوێنێت، لەم بوارەدا رۆڵێکی هاوشێوەی دەفری رەنگاورەنگی چاخی حەلەف و عوبێدی هاوشێوەی چاخی مێژووی دەنوێنن.

بنجی ئایینی و زمانەکی حوریەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا گەلێکی چیایی بن، نشیمەنی بنەڕەتیان کوردستانە، چەندان شانشینیان بۆخۆیان لە دۆڵەکانی سەرووی دیجلە و فورات دامەزراند لە سەردەمی ئەکەدیدا. لەگەڵ زیندەبوونی ئامادەگی حوریەکان لە خەرمانەی بەپیت (هیلال خصیب)، لە چارەکی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز ، بەلای کەم لە چەند ناوچەی دیاریکراو تا بوو بو خێزانێکی ئاشتیانە و رێژەی زۆرینەیان پێکهێنا لە شاری (ئەلالاخ) ی سوری (لە نێوان حەلەب و ئەنتاکیا) هەر لە 1800 پ.ز ، سەرەڕای چڕی بوونیان لە کوردستانی عێراق، زۆر لەناو دەقی ئایینیان لە ئەرشیفی (ماری و جکربازاردا) دۆزرانەوە.

دوای ئەم رێکەوتە بە سەدەیەك یان کەمتر، حوریەکان سەرجەم باکووری عێراقیان لەبەر دەست دابوو، شاری کاسور نزیك کەرکووکیان داگیر کرد و ناویان نا (نوزی)، هەروەها زمان و

---

(1) مقدمة فی حضارة وادی الرافدین، طه باقر، ج 1، 1951.

دابونەریتی خەلکەکەیان کە (سامی) بوون گۆڕی، بەم جۆرە قەوارەیەکی حوری گەورەیان دروست کرد.

(تەپە کورە) و گردی (بلا) ی نزیك موسڵ کەوتە نێو کەژووی دەسەلاتیان. دوای ساڵی 1600 پ.ز گلێنەی حوری شوێنی گلێنەی حەوزی خاپووری گرتەوە، کە سەرەتایی و رەنگی ناجۆر بوو، بەم شێوەیە رەگەزی حوری لە باکووری عێراق و سوریا و جزیرە زاڵ بوو. لەبەر ئەوە شتێکی نامۆ نییە گەر شانشینی حوری لەو ناوچانە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پ.ز دروست بێت، ئەوەندە بەتوانا بێت هەڵمەتی هەر یەك لە ئاشووری و حیسییەکان لە رۆژهەلات و میسرییەکان لە رۆژئاوا رەتکاتەوە.

هەندێ دەق شانشینی حوری لە جزیرە بە (شانشینی میتانی) ناویان دەبات. نازناوی میتانی کە بە رەگەزی هیندو ـ ئەورووپی دەوترێت بۆ جیاکردنەوەی لە کۆمەڵگەی حوری لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

نازانین کەی هیندو ـ ئاری و حوری ئاوێتە بوون! یان چۆن هیندوئارییەکان حورییەکانیان ملکەچ کرد؟ بەلام بە گومانێکی کەمەوە هیندو ـ ئارییەکان لە ماوەی دوو سەدەی پازدە و چواردەی پ.ز لەنێو حورییەکاندا چینێکی سەرکردەی ئەرستۆکراتی بوون.

دەشێ هەندێ ناوی پادشاکانی میتانی (میتدازە ـ تتراتا ـ ماریانو) کە بە هەندێ لە جەنگاوەرەکان دەوترا بنجی هیندو ـ ئەورووپی هەبوبێت، سەرەرای ئەوەش دەبینین یەکێك لە پەیماننامەکانی نێوان میتانی و حیسی لە خوداوەند (میتراسل ترووناس، ئەندرا، ناساتیانا) دەپارێتەوە کە هەمان خوداوەندی ئاری بەناوبانگن (میترا، فارونا، ئندرا، نساتیاس) لەتەك دوو خوداوەندی (یتشوب، هیبا).

بێگومان ئەم کۆچەرە دێرینانەی لە دەشتایی روسیا هاتوون، ئەوانن حورییەکانیان فێری ئەسپ سواری کرد. لەراستیدا، دانیشتوانی کۆنی باکووری عێراق لە دانیشتوانە بەرایییەکانی

ڕۆژهەلات نزیك بوون، بایەخیان داوە بە ئەسپ بەخێوکردن. ئەسپەکانیان بەهێز و خێرا بوون. زۆربەی شانشینەکانی دەوروبەری کوردستان هەولیان دەدا ئەم ئەسپانەیان دەست بکەوێت، بەتایبەتی ئاشووری و حیسییەکان خۆیان. لەبەر ئەوە زێدەڕۆییە گەر بوترێت حیسییەکان لە دەشتایی روسیا هاتوون، حورییەکانیان فێری ئەسپ بەخێوکردن کردووە، وادیارە پێچەوانەکەی راستە.

تۆمارەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا چەشنێك لە هیندو ـ ئاری، بەتایبەتی لەنێو چینی ئەرستۆکراتی کۆمەلگەی کاشی دەولەتی (کاردونیاش) یان لە بابل دامەزراند. هەر ئەوانن ئیمپراتۆریەتی میتانیان دروست کرد لە نێو حورییەکاندا. لە بەرزاییەکانی زاگرۆس و باکووری مەزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون، پێش دەرکەوتنی ئێرانییەکان تیایدا بە هەزار سالا، رۆلێکی گرنگیان لەنێو دانیشتوانە خۆجێییەکاندا گێڕا لە بەرجەستە کردنی رەگی مێژوویی شێوەزارە ئارییەکان، کە بە قۆناخی یەکەم لە ژیانی زمانی کوردی هاوچاخ دەژمێردرێت[1].

بلاو بوونەوەی حورییەکان لە ناوچەیەکی فرەوانی ولاتی سوبارتو و مەزۆپۆتامیا، وەك ناوە حورییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، کە لەنێو چەکە کارگێڕییەکان و دەپە بزمارییەکاندا هەمن کە دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی پێش رۆژگاری حامورابی (ماوەی فەرمانڕەوای بنەمالەی سێیەمی سۆمەری بۆ شاری ئوور)، سەرەڕای ئەوەی لە (نوزی) ی خوارووی کەرکوك بینراوە لە تاقە قوڕینەی یاسایی و بازرگانی و ئەوەی لە ئەرشیفی شاری (ماری) دۆزراونەتەوە لە دەقی ئایینی بە زمانی حوری نووسراون،دەگەرێنەوە سەردەمی (زیمریلیم) نەیاری حەمورابی[2].

---

(1) بگەرێوە بۆ: فلادمیر مینورسکی و توماسبوا فی دائرة المعارف. بروانە: دراسات المتخصصین الالمان کاوتکارمان/ الاسلامیە.

(2) بگەرێوە بۆ: انطوان مورتکات، تاریخ الشرق الادنی القدیم، دمشق، 1976.

دەڵێین لەگەڵ ئەوەشدا نشیمەنی حورییەکان لە کوردستاندا لەو قۆناخەدا، ناوەندێکی لەبار بوو بۆ بلاو بوونەوەی هیندوئاری تیایدا. لەم ماوەیەدا ئەوان کاشیەکانیان ئاراستەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی مەزۆپۆتامیا کرد و بۆشاییە سیاسیەکەیان پڕ کردەوە کەوا مورشیلی دوای مردنی سەمسودیتانا میراتگری حامورابی لە خوارووی عێراق جێی هێشتبوو.

ئەو سەردەمە هەڵداوێردرێت بەبوونی سیستەمێکی سیاسی میتانی لەو ناوەدا لە ماوەی سەدەی حەڤدەی پ.ز ، لەبەر ئەوەی دواتر دەسەلاتی کشا بەرەو دۆڵی زێی خاپوور و بەرەو دەشتی بابل، وەك د. ئەنتوان مورتکات ئاماژەی پێداوە. هەڵمەتە میتانیەکە لە سەدەی پازدەی پێش لە زایینەوە ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد بەهۆی ئەوەی نزیکەی یەك سەدە بوو بە سەرکردەی رۆژهەلاتی نزیك بە سەرۆکایەتی خەلکانێکی نامۆ لە دانیشتوانە رەسەنەکان و لە بنجدا لە رەسەنی خۆیان جیا بوونەوە لە خوارووی روسیا هەر لە هەزارەی سێیەمی پ.ز . کولتووری ئەم گەلانە ناوێتەی یەکتر بوون، لە پێکهاتەیەکی زمان و ئایین و داستان و دابونەریتو پەند خۆی نواند، لە رەوتی مێژوودا وەك دەربڕی دەسکەوتە شارستانی و ئەزموونی مێژوویی دانیشتوانی کوردستان.

زمانی حوری لە سەرەتای نووسین، زمانێك بوو لە هەموو ناوچە کوردییەکانی نێوان چیاکانی زاگرۆس و دەریای سپی ناوەڕاست بلاو بووەوە لە نشیمەنی وەك کەرکوك و نوزی و کوروخانی و شمشارە لە سەروچاوەکانی زێی بچووك لە دەشتی (بیتوێن) نیشتەجێ بوون، هەروەها لە هەرێمەکانی سەر زێی خاپوور و قرقمیش و حەلەب هەتا کیزواتنا (ئەدەن) و دەوروبەری، کە دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست خوارووی ئەنادۆلا.

ئەم زمانە کاریگەری هەبوو لە دەقە نووسراوەکانی لەم نیشتمانانە دۆزراونەتەوە دەرکەوت، کۆنترینیان ئەو دەقە بوو کە ئی پادشا (تیش ئەتل)(2045 ـ 2037 پ.ز) بوو، تیایدا لە

بارەی دروستکردنی پەرستگای تایبەت بە خوداوەند نەرگ (Nerg) دەدوێت: ((تیشاری پادشای ئورکیش پەرستگای خوداوەند نرگال، پەرستگای پارێزراو لە لایەن خوداوەند لوبادکا، هەر کەسێك وێرانی بکات لوبادکا وێرانی دەکات و ڕێ نادرێت خوداوەند (ئان) نزاکانی وەرناگرێت، لەبەر ئەوە هەر کەسێك وێرانی بکات خوداوەند (نینا کاروشیمیکا، یتشوب) هەزار هەزار جار وێرانی دەکات))[1].

---

(1) لە وەرگێڕانی ئەم دەقە پشت بە دەقی ڕووی بەستراوە کە دیاکونۆڤ بڵاویکردەوە، ص 443 لە کتێبەکەیدا.

مانییەکان : Manness

وەك زانراوە کوردستان، نیشتمانی زۆر میللەتی کۆنە کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بەردەست کردنی پێکهاتەی نەتەوەی کورد. لەو میللەتە کۆنانەش (مانی) کە تیشك دەخەینە سەر، بەهۆی ناوبانگ و زۆری هەواڵەکان لە بارەیانەوە. ئەوەیش واتای وانیە شانشینی مانی باشتر و بەهێزتر بوون لە رووی سیاسی و سەربازی لە کوردستان، مێژوویان لە تۆمارەکانی ئاشووری و بابل دۆزراونەتەوە دەگەرێتەوە بۆ دوو سەدەی هەشت و حەوتی پ.ز . شوێنەوارەکانیان مێژووی کوردیان دەوڵەمەند کردووە بەو گەشە شارستانیەی لەو ماوەیەدا لە مێژووی گەلی کوردی کۆن هەیانبووە. بە چاوپۆشی لەو ئاستەی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری پێیگەیشتبوو لە سەرتاپای ژیانی سیاسی و سەربازی و ئابووری لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز .

ئەو ئاستەی هۆزە میدییەکان پێیگەیشتن لە هێز و دەسەلات لە توانستی سیاسی و سەربازی لە سەدەکانی دوایی لە ژیانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری و جەنگ و کوشتار کرا بۆ دەسەلاتی نوارتی سەپاندن و کێشەی بەردەوامیان لەگەڵ ئاشووری و کەسانی دیکەش، بەلام شانشینی مانییەکان توانی خۆی بسەلمێنێت لەنێو هەموو شانشینی خۆجێیی کۆن لە ولاتی کوردان لەرووی کارگێری کاروبارەکانی سیاسی و ئابووری و پاراستنی شارستانیەتیەکەی و بەرگە و بەرەنگاری هەموو هۆکارێك بێتەوە کە سەربەخۆیی کارگێری و نەتەوەیی لەکەدار بکات و بوون بە بەربەستێکی پتەو لەبەردەم کۆچی هۆزە شوانکارەکانی هەوڵی داگیر کردنی خاکەکەیان داوە.

لە کۆتایی سەدەی هەشتی پ.ز بەشێك لە ولاتی زامووای کۆن (نیشتمانی لولوییەکان) ی کەوتوونەتە ناوچەی سلێمانی و تا خوارووی دەریای ورمێ ناوی (مانە) یان وەرگرت لەرووی سیاسیەوە. هۆزەکانی (ماننی) لە سەرووی یەکێتی هۆزەکی بەهێز دابوون، هۆزەکانی سوندی و تینولی و دالی و کومووردی و میس لەخۆ دەگرت، هەموویان دانیشتوانی خۆجێیی بوون سەر بە کوتی یان لولویی کۆن بوون. گۆڕان و گەشەسەندنی ئابووری و زۆری خێر و بێری ئەم ناوچەیە

(کوردستان)، زۆر میللەتی دیکەی هاندا هەوڵی هێرش کردنە سەری بکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو سەروەت و سامانەی ولاتی کوردان هەبوو. دەشێ گەشەسەندنی کشتوکاڵ و زۆری وڵسات و ئەسپی رەسەنی بەهێز لە پشت ئەم چاو برینەی میللەتانی دیکەی دەوروبەری کوردستان بێت، بەلام ئاکامی گۆڕان و پێشکەوتن لەسەر خاکی مانە بووە هۆی بەستنی پەیماننامەی بازرگانی لە نێوانخۆی و بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی ئەوکاتی کە لە دەوروبەری ئەودا بوو، ئەویش دەوڵەتی ئاشووری بوو. ئەمەش دەیسەلمێنێت کاتێك ئاشوورییەکان هەڵمەتیان کردە سەر ئورارتیەکان لە ساڵی 714 پ.ز مانییەکان ئارد و شەراب و ئەسپیان دەدا ئاشوورییەکان بەرامبەر چەك و بژێوی دیکە لە ئاشوورییەکان.

لەگەڵ پێشکەوتنی کشتوکالا، جۆری جیاجیای پیشەیی گەشەی سەند وەك مافوور و کووتار دروست کردن. ئەو کەرەستەی کەونارەی دۆزرانەوە لە هەردوو شاری سەقز و زیوە لە کوردستانی ئێران، ئاماژە بە ئاستی پێشکەوتنی کوردستان دەدات لە گۆڕان و پێشکەوتن لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی، لەم دۆزراوانە ئاگاداری کارامەیی پیشەوەران بووین لەم ولاتە و ئاستی پێشکەوتنیمان زانی. گەورەترین شارستانی کۆن ئەو گەلانە دروستیان کرد لەیەك نزیك بوون و شت لەیەك فێر دەبوون و ئەوەی بەسوود بوایە لە یەکیان وەردەگرت. شارستانیەتی مادی لە دەوڵەتی (مانە) ی کوردی لە ئاستی شارستانیەتی ئاشوور و عیلام و بابل بوو. گەنجینەکانی سەقز و زیوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدەی نۆزدە و هەژدەی پ.ز زۆر لەیەك نزیك بوو لە هونەر و شێوە و لە هونەرەکانی شانشینی ئورارتو و ئاشوور.

د. جەمال رەشید ئاماژە بەوە دەکات کەوا تا ئێستا زۆر لە تایبەتمەندان و ئەوانەی بایەخ بە شارستانیەتی کۆنی کوردی دەدەن، لە شوێنەوار و کۆنەواری دەوڵەتی (مانە) دەکۆڵنەوە و دەپشکنن، هەرچەندە توانا و دەسەلات و پشتگیری سنووردارە، بەتایبەتی باسی (م. پەدرام) ی کرد کە لە ساڵی 1990 بەرپرسی رۆشنبیری و کولتوری شاری مەهابادی کوردی بوو لە ئێران، لە رێگای ئاگاداربوونی لە هەندێ تێبینی تۆمارکراو و بلاوکراوە بە زمانی فارسی.

((بەهۆی بەرزی سازکاری کانزایی لە شارەماننییەکان و رۆڵی لە بنیاتنانی ئابووری نەتەوەیی دەوڵەتی مانە، ئەم سازکارییە ئاستی ژیانی هونەری پێشان دەدات کە ئەم ولاتە پێگەیشتوو، هەندێ جار هاوشانی هونەری ئورارتی و ئاشوورییە. دەشێ ئەوەی لە شاری سەقزو زیوە و شارەکانی کوردی دیکە لە ئێران دۆزراوەتەوە، لە ماددەی کەونار ئاستی شارستانی ماننییەکان پێشان دەدات کە بەشێکن لەو شتانەی لە مۆزەخانەکانی ئێرانی هەن. لە دووری 44کم لە شاری سەقز بەرەو رۆژهەلات چەندان شاری ماننەیی هەبوون، دوای شکستی دەوڵەتیماننی بوون بە بنکەی گرنگ و بنکەی ئابووری بەناوبانگی میدییەکان و لە ئاکامی پێشکەوتن و گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەناو شارە ماننییەکان لە شانشینی ماننی چینێکی ئەرستوکراتی لەتەك چینە کۆمەلایەتییەکانی دیکە پەیدابوون، لایەنێکی گرنگی ئەو ململانێیە سیاسیە ناوخۆییە بوو خراپ کاری کردە سەر شانشینییەکە و شکستهێنانی لە مێژوودا))[1].

(1) تاریخ الكرد القديم، ص 86.

سیستەمی حوکمڕانی لە شانشینی مانە :

شارستانیەتی مانە، زۆر مێژووان و توێژەری هاندا بۆ دۆزینەوەی هێما شارستانییە بالاکەی، چی لە رێگای توێژینەوە و کۆلیاری بێت یان لەرێگەی توێژینەوە و لێکۆلینەوەی تیوری بێت. لەم بنەڕەتەوە، مێژونووسی روسی فلچیڤسکی قسەکانی هاورێکەی (دیاکونوڤ) ی بە تەواوی رەتکردەوە، کە تیایدا وتبووی ئەم کۆمەلگەیە سیستەمی کۆمەلگەی کۆیلەداری پێشکەوتووی تێدابووە، بەلام زانیاری و سەرچاوەکانی دەردەست کراون ئەوە دوپات دەکەنەوە کەوا سیستەمی ولاتی مانا لە دوو سەدەی هەشت و حەوتی پێش زایین، بە شێوەیەك بوو دەکرێ ناوی بنێین سیستەمی هۆزگەری هێشتا سیستەمی کوێلەداری تیایدا دەرنەکەوتبوو، وەك دیاکونوڤ ئاماژەی پێکردووە. لە رێگای سیستەمی هۆزگەری دەولەتیماننی دروست بوو. سیستەمێك بوو وەك ئەو سیستەمە باوەی شانشینی حیسی بوو لە ئەنادۆل و دەکرێ باس بکرێ یان پێناسە بکرێ بە ئولیکاریەتی چینایەتی بەرایی، وەك د. جەمال رەشید ئاماژەی پێکردووە. ئەو چینە لەرووی دەسەلاتی سیاسی وەك ئەوەی ولاتی بابل و ئاشوور وابوو، سیستەمی حوکمڕانی تیایدا بنەمالەیە و پاشاکییە (وراثي). پادشا و خزمانی لە پیرە ئاسراوەکان فەرمانڕەوایی دەکات لەگەل ئازادی بە دانیشتوان بەخشین لە چالاکی و تێکۆشانیان لەگەل چینە حوکمڕانەکان لە دژی ئاشوورییەکان[1].

سیستەمی حوکمڕانی لەو کاتیدا وەك سیستەمی (معینییەکان) ی عەرەبی بوو، کەوا کۆنترین دەولەتۆکەی فەرمانڕەوا بوو لە یەمەن لە پێش ئیسلامدا، پادشا بە یارمەتی هەندێ لە خزمەکانی و برا و کوڕەکانی شانشینییەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەنجومەنی راوێژکاریش هەبوو یارمەتی دەدا لە حوکمڕانی. ناوی شانشینی مانە لە نووسینە بزمارییەکاندا لە شێوەی (مانا،

---

(1) ف. فلجفیسکی، هەمان سەرچاوە، ص 54 ـ 55، بە زمانی روسی، بگەڕێوە بۆ: ((دائرة المعارف التأريخية السوڤيتيه)) بابەتی ((مانه)) سەرەڕای گەڕانەوە بۆ (تاريخ المانه، دكونوف، تاريخ الميديين، باللغه الروسيه، وكريشـان ـ ايران ـ لندن، 1945، بە ئینگلیزی.

مانتا، موننا، ماننا) هاتووە، ئەوەشیان رەسەنی و گرنگی و رۆڵی ئەم شانشینییە دەگەیەنێت لەو سەردەمەیدا. هەروەها لە تەوراتدا بە شێوەی (مینێی) هـاتووە و وەك شانـشینیەکی بـەهێز ئاماژەی بۆکراوە کە لە خوارووی دەریاچەی وان دیارکەوتووە.

رۆڵ کە شانشینی ماننی گێڕاویە و هاوکاری پێشکەوتنی شارستانی و گۆڕان بوونە، رۆڵێکـی ئەرێنی بوو لە مێژووی گەلی کورد، وەك مێژووی ئورارتورییەکان لە مێژووی گـەلی ئەرمـەنی و رۆڵی ساسانییەکان لە مێژووی گەلی فارس. دەوڵەتی ماننی کوردی لە سەرەتادا ئـەم ناوچـانەی دەگرتەوە کەوا ئێستا دۆڵی زێی (جەغەتو) پێکدێنێت و پایتەختەکەی ئیزرتـو (زیرتـە) یـە لـە کوردستانی ئێران. شایانی باسە دەوڵەتی مانەی کوردی لە هیچ شەرێکدا لەگەڵ ئاشـووریی یـان ئورارتییەکان نەدۆڕاوە، هەرچەندە لەم دوو دەوڵەتە کەمتر ناسراوبووە لەو چاخیدا بەلام گـرنگ و بەدەسەلات بوو لەرووی شارستانی و ئابووری تا ئەو رادەی بوو بە کۆڵەکە و دڵی دەوڵەتی میدی لە سەدەی حەوتی پ.ز .

باسی مانە لە هەندێ لە هەواڵەکانی ئاشوورییەکاندا لەبارەی ئەم ولاتە هاتووە، بۆ یەکـەمجار ساڵی 843 پ.ز ، کە ویستیان هێرشی بکەنە سەر، لە یەکـەم هـەوڵی سـەربازیدا بـۆ ئـەوەی بیخەنە ژێر دەسەلاتی ئاشووری، بەلام هەموو هەوڵەکانیان، کە چـەندان جـار دووبارە کرایـەوە سەری نەگرت و شکستی هێنا، ئەوەش وایکرد ئاشوورییەکان رێکەوتننامەی لەگەڵ ببەسـتن بـۆ دەسکەوتنی بەروبوومی کشتوکاڵی و وڵسات (الماشية) و ئەسپ و لە بەرامبەردا دەوڵـەتی مانـە چی پێویست بێت لە دەوڵەتی ئاشوور وەربگرێـت، ئـەوەش وەك رێککـەوتنی بازرگـانی وابـوو. هەروەها شانشینی ئورارتییەکانی ئەرمەنی ئەویش هەوڵی دا ئەم شانشینییە بندەست بکـات و خێروبێری بخوات، بەلام شکستیان هێنـا وەك ئاشـوورییـەکان و ولاتـی مانـە تـوانی ئاسـنامە و سەروەری خۆی بپارێزێت، هەرچەند هەوڵی هێرش کردنە سەری لەلایەن ئاشـووری و ئـورارتی درا بۆ دەستگرتن بەسـەر ئەم ولاتە، بە ناچاری چەندان جار کەوتۆتە جەنگەوە لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیە بەوردی لە دوو سـەدەی نۆ و هەشتی پ.ز .

هەرچەندە دەوڵەتی مانە، گۆڕانی ئابووری و پەیوەندی بازرگانی و ڕێك و پێكی ڕێکخستنەکانی و بنیاتنانی کۆمەلایەتی بەهێزبوو بەلام هێشتا لە چوارچێوەی خێڵ دابوو و بەرەو گۆڕان دەچوو. کۆمەلگەی مانی بەتوندی هەوڵیدا خۆی بسەپێنێت و لەو ئابلۆقەی پاشاکی پێشوو سەپاندبووی بەسەری دەرچێت، بەلام ڕووبەڕووی هێزێکی گەورە دەبوومەوە ڕێگەی دەگرت لە گەیشتنە چلەپۆپە، هەرچەند لەڕووی ڕێکخستن و ئامادەگی سیاسی و شارستانی لە سەرەتادابوو، لە چوارلاوە گوشاری دەخرایە سەر کە ئەوکات ئەو هێزانە سەنگی سیاسی گەورەیان هەبوو لە جیهانی کۆندا ئەوانیش، ئاشوور و ئورارتو و میدیا و سکیس بوون. ململانێی بەردەوام تەوەرەکەی ناوچەی کوردی بوو کە دەوڵەتی مانی چەقەکەی بوو. لەبەر ئەمە کوردستان وەك مەیدانێکی جەنگ بوو لە زۆربەی جەنگەکانی لە مێژوو دارووپانراوە و گەلی کورد باجێکی گەورەی داوە لەم شەڕانەدا. لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە دەگەڕایەوە و خۆی ڕێك دەخستەوە لەڕووی سیاسی و ئابووری و شارستانی، هەرچەندە گوشاری دەرەوەی زۆر بوون.

لە سەدەی نۆی پێش زاین ئاشوور ئاسرپاڵ توانی سێ شانشین لەناو ببات، شانشینی زاموا کە (بونایس) بوو پادشا موساسینا حوکمڕانی دەکرد و (لابوسا) پادشا کیرتای و (دکار) کە نور ـ ئەدد حوکمڕانی دەکرد لە دەربەندی بازیان. ئاسرپاڵ دڕندە بوو، زۆر بەتوندی ڕەفتاری لەگەڵ خەلکەکە دەکرد، باجی زۆری خستنە سەر، بە کانزای وەك زێڕ و زیویشەوە سەرەڕای ئەسپ و وڵسات و ئەوەی بە تالانی برد لە مەڕ و مالات.

شلمانسر سەرکردایەتی سوپای دایە دەست دوو کەس (دوای ئەوەی دابەشی دوو کەرتی کرد)، کەرتی یەکەم درایە دەست (نورتان) و کەرتی دووەمیش درایە دەست (دایان ئاشوور) بۆ ئەوەی لە دوو قۆڵەوە هێرش بکەنە سەر ناوچە کوردییەکان و گەمارۆی بدەن. دایان ئاشوور بەرەو (خوربوشکیا) چوو لە ڕێگای کەناری زێی گەورە و ناوچەکەی لە خوارووی دەریای وانی ئێستا بوو، دوای ئەوەی لە خاکی (ماکدوبو ـ مالحیسی) ڕەت بوو ڕووی لە خوارووی ڕۆژهەلات کرد و چووە خاکی ئوئالکی پادشای مانی، ئەویش بە هۆزەوە پەنای بردە بەر چیا. هەلاتنی لەبەر بێ توانایی نەبوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای ئاشووری، بەلکو بۆ پاراستنی سامانەکەی بوو لە

ئەسپ و وڵسات، واتە پاراستنی شانشینییەکەی بوو لە رووخان و کەوتنە دەست ئاشـوورییەکان.
بەلام ئاشورییەکان توانیان ئەوەی مابووە لە وڵسات تالان بکەن دوای ئەوەی گەیـشتنە ناوەنـدی
ولات کە ناوی (ئیزیرتو ـ ئوزیرتو) بوو، وادیارە ئاشوورییەکان ماننیەکانیان ناکاوگیر کردبـوو و
لەو شوێنەوە هەڵمەتیان بردبوو کە چاوەنوارِ نەبوون لەوێوە هێرش بکرێت، هەر لەبەر ئەوەش بوو
دایان ئاشوور سەرەتا رووی کردە شاری (خوبوشکیا) و پشت لە ولاتی مانی گرتن و چوون بـەرەو
شانشینی (خارون) کەوا (نولوسوتو) حوکمرانی دەکـرد و داگـیری کـرد کـە یـەکێك بـوو هـۆزە
سیاسیەکانی مانی، بەلام پادشاکەی لەگەڵ داگیرکەر رێکەوتننامەی بەست کـە سـالانە سـەرانە
(جزیە) بداتە ئاشوورییەکان، کە ژمارەیەکی زۆری ئەسپ بوو، لەبەر ئەوە ئاشوورییـەکان هەوڵیان
دەدا ماننی لەبن دەستی ئەوان دابێت بۆ سوود وەرگرتن لە سامان و داهاتی و بـۆ ئامـادەکردنی
سوپای گەورەتر. دواتر هێزە ئاشوورییەکان توانیان بچنە ولاتی (شوردورا) لەسەر کـەناری بـالای
زێی بچووك (کە ناوچەی سەردەشت و قەلادزێی ئێستا دەگرێتـەوە) و (ئارتاسـەری) پادشـا بـوو
ئەویش ملکەچ بوو باجی زۆر و دیاری گرانبەهای دا بە ئاشوورییەکان. دایان ئاشوور بـەوە وازی
نەهێنا بەڵکو چەندان جاری دیکەش هێرشی بردە سـەر ناوچـەکە، وایـان کـرد ناوچـەکە ببێتـە
دەریایەك خوێن.

بەهۆی شەڕەکانی 834 ـ 827 پ.ز ، خاك و دارایـیە (ممتلکات) کانی خوارووی دەریاچەی
ورمێ کەوتنە دەست دەسـەلاتداری پادشای خـۆجێیی بـەهێزی وەك (ئوبـو، کلیـزان، ئوئـالکی،
شولوسونو و ئەرتاسـەری) و کەسانی دیکەش و توانیان ئاشوورییـەکان لە ولاتی خۆیان دەربکـەن.
ئەم هەولانە وایان کرد چەندان گردۆکە دروست بن وەك گردەوەبوونی شانشینییەکانی (ینك دیاراو
ئینك دیا و نینی و ئاریدو) لەگەڵ شانشینییەکانی دیکە لە کۆبوونەوەی سیاسی لەژێر دەسەلاتی
شانشینی ماننی کە لە ململانێ دابوو لەگەڵ چاوبڕینەکانی ئاشووریان لە ولاتی ماننی بۆ زیـاتر
لە سەدەیەك، بێ ئەوەی بگەن بە داخوازییەکانیان دوای هەڵمەتی دایان ئاشـوور، کـە ئەوەنـدەی
نەخایاند دەرکران و ئەوەندە بەهێز بوونەوە کە توانیـان بەرگـەی هەڵـمەتی دیکـەی دەسـتدرێژی
دەرەکی بگەن. هەروەها لەبەر ئەم هۆیە بوو فەرمانڕەوانی هەرێمی زیکیرتور و دانیـشتوانی لـە

هۆزە میدییە کۆچەرەکان لە سالانی 719 ـ 714 پ.ز لەگـەڵ شانـشینی ئورارتـو پەیاننامـە بەستن بۆ وەستان لەرووی شایەکانی مانني، بە هەمان شێوە ئاشوورییەکان کـە زانیـان جـەنگ لەگەڵ مانني یەکان سوودی نییە پەنایان بردە بەر ئاشتی.

دەسەلاتی سیاسی شانشینی مانەی کوردی:

لەو ماوەیەدا پەیماننامە لە نێوان ئاشوورییەکان و مانەییەکان بەسترا، دانیشتوانی مانە توانیان بەسەر هەموو دوژمنانیان زاڵ بن و دەسەلاتی سیاسی بەرچاویان لە ناوچەکە هەبێت، ئەم سەروەرییەیان بە سەرکەوتن بەسەر ئورارتو و هۆزەکانی میدی سەلماند. ئەو سەرکەوتنانەی هاوکار بۆ بەرزبوونەوەی سەرفرازی شانشینی مانی، لە ساڵی 714 پ.ز مانییەکان توانیان ناوچەی نێوان دەریای ورمێ و تا کۆتایی ئاراکس لە باکووردا بخەنە سەر دەوڵەتەکەیان. لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەم فەرمانڕەواییان بەرەو رۆژئاوا کشا تا گەیشتنە زێی گەورە ولەلای باکوورەوە تا سنووری ناوچەی خوارووی رۆژهەلاتی قەوقاسیا، بەم جۆرە زۆربەی ولاتی کوردانی ئێستای دەگرتەوە.

لەسەرەتای سەدەی هەشتی پ.ز پادشای نوێی دیکە دەرکەوتن لە شانشینی ئورارتو توانیان رۆڵی بەرچاو ببینن لە هەردوو لایەنی سیاسی و سەربازی و هەوڵیاندا دەسەلاتی خۆیان بەسەر ناوچە کوردییەکاندا بسەپێنن. ئەو بێهێزییەی مانییەکان تووشی هاتن پارمەتیدەربوو، سەرەڕای بوونی پادشای بێهێز و هاوپەیمانە ئاشوورییەکانیش ئەوکات بێهێز بوون لەرووی سیاسی و سەربازیدا. لەبەر ئەوە ئورارتورییەکان هەوڵیاندا داگیرکارییەکانیان فرەوان بکەن بە داشکاندن لە دەوڵەتی مانی و ناچاری بکەن ملکەچ بێت بەلام بێ ئەوەی هیچ ئاکامی سیاسی بەرچاو بێننەدی. نووسینەکانی ئورارتی و ئاشووری ئاماژە بەوە دەکەن کەوا هێزی سیاسی شانشینی ئورارتو گەیشتە ئاستێکی بەرز، ئەوەشیان لەسەر گاشەبەردی ((کێلە شین)) تۆمار کردووە کە لە کوردستان لە سنووری عێراقی ئێرانی داندراوە نزیك شنۆ (ئەشنەویە) و لە لایەن پادشای خلدی (ئشبونی) و کوڕەکەی (مینوا) نووسراوە، کە لەگەڵ باوکی پادشایی ئورارتویان کردووە لە

سەردەمی شانشینی خوداوەندی خلدی (khaldy) ساڵی 810 پ.ز[1]. ململانێی خلدی تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی مانی نەبوو بەڵکو ماننی و ئاشووری دەگرتەوە.

لە سەردەمی فەرمانڕەوای شای ئورارتی (ئەرگیش) سێ هەوڵدان بۆسەر ولاتی مانني و دوای بەرگرییەکی گەورە توانی بچێتە ناوچەکانی (ئارسیتا و دوو شاری بوشتوو باروتا) لە ساڵانی 775 و 774 و 773 پ.ز بۆ ماوەیەك داگیر کرا، بەلام بەخێرایی مانییەکان توانیان وەری بگرنەوە. ئورارتییەکان لەو هەڵمەتانەیاندا و ئامادەکاری سەربازی کردیان بۆ داگیر کردنی ئەم شارانە، بەلام ئاکامی سەربازی چاوەنوارِ کراوی نەبوو. هەرچەندە دەوڵەتی مانی توانی لە ماوەیەکی کەمدا بەهێزبێتەوە و دەسەلاتی بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ئورمێ جگە لە رۆژئاوا و باکووردا بگرێتەوە. خۆڕاگری و ئازایەتی مانییەکان لە کاتی جەنگدا دژی ئورارتوییەکان و شکست دان بەو هەوڵە سەربازییەکانیان بۆسەر ئەم ناوچانە، دوای ئەم رێکەوتنە ئورارتوەکان نەیانتوانی چی دیکە بچنە ولاتی مانني یان باجیان بخەنە سەر، هیچ شارێکی ژێر دەسەلاتی سیاسی مانني و هەڵمەتە سەربازییەکانیشی راگرن دژی مانني. بە هەمان شێوە مانییەکان توانیان زنجیرەیەك سەرکەوتن بەسەر ئاشوورییەکاندا بێننەدی، کە رێگربوون لە بەردەم هەوڵی هەر هێرشێکی سەربازی دیکە بۆسەر ولاتی ماننا لەسەردەمی تجلات بلاسەری سێیەمی ئاشووری لە ساڵی 743 پ.ز.

باری سیاسی لە ولاتی کوردان ئاڵۆز بوو، بە هاتنە ناوەوەی لایەنێکی دیکە لە کێشە کە ئەویش سکیس بوون، ئەوانەی لەگەڵ ئاشوورییەکان هاوپەیمان بوون لە ساڵی 671 ـ 670 پ.ز، بەتایبەتی کە هۆزە سکیسییەکان دوژمنایەتی مانییەکانیان دەستپێکرد و دەستیان کرد بۆ کۆچکردن بۆ ولاتی ئەوان. لە ئاکامی بێهێزی کارگێری و رێکخستنی کۆمەلایەتی و ئابووری کە دەوڵەت دووچاری هاتبوو لە ئاکامی زۆری جەنگ و ململانێی خوێناوی لەگەڵ میللەتانی

---

(1) دائرة المعارف سوفياتية الكبرى: مادة خلدی

Bolshaya Sorets Klqediya, Khaldia – R. chrishman (Iran - London, 1954, P. 93)

دەوروبەر و کاروبار ئەوەندە ئاڵۆزبوو بوو بەهۆی ئەوەی راپەڕینی میللی دژی دەسەلاتدا خۆی لە ولاتی ماننی بەرپابێت و پادشای ماننی (ئەخشیرتی) کوژرا و کوڕەکەی (ئوللی) پەنای بردە بەر ئاشوورییەکان بۆ یارمەتیدانی تا دەسەلات وەرگرێتەوە بەرامبەر باجێك کە دەیدایە ئاشوورییەکان.

ئەم مەینەتیە جارێکی دیکە بوو بەهۆی ئەوەی ئاشوورییەکان هەڵمەت بکەنەوە سەر ماننی و بە یارمەتی ئاشوورییەکان دەسەلاتی گرتەوە دەست و پەیماننامەی لەگەڵ ئاشوورییەکان بەست کە پشتگیری ئاشوورییەکان بکات لە دژی دەوڵەتی کلدانی کە لە مەیدانی سیاسیدا وەك هێزێکی گەورەی سەربازی دەرکەوتن. تەختی ئوللی زۆری نەخایاند بەهۆی زۆری پشێوی و گیروگرفتی ناوەخۆ کە هەموو ولاتی گرتبووە و گوشاری میدیەکان و هەوڵدانیان بۆ هاتنە ولاتی ماننی بەتایبەتی میدیەکان هاوپەیمانی بابلییەکان بوون، یارمەتی دا بەردەوام گوشار بخاتە سەر ماننی لە لایەنی رۆژهەلات و خوارووە لەگەڵ گوشاری ئورارتییەکان لە باکوور لە کۆتاییدا بووە هۆی شکستی هێزە مانییەکان لە سالی 616 پ.ز لەگەڵ شکستی هێزە ئاشوورییەکان لەبەردەم پادشای بابل نابوپلاسەر و هاوپەیمانە میدییەکانی لە شەڕی (کابلینا) لەسەر زێی فورات، ئەم شکستە وایکرد میدییەکان کۆنترۆڵی هەموو ولاتی ماننی بکەن لە نێوان سالانی 610 ـ 615 پ.ز و تالانکردنی، بەم جۆرە ماننی بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی میدی.

لەسەرەتادا کۆمەڵی خاوەن زمانە جیاجیا لە ولاتی ماننی نیشتەجێ بوون، زۆربەیان لە میللەتە کۆنەکانی وەك گوتی و لولو و خوری یەکان بوون کەوا دواتر کەوتننە بەر کاریگەری هۆزە میدییەکان و سکیسییەکان کەوتنە بەر گۆڕانکاری زمانی و شارستانی کە لە باکوور و رۆژهەلات بەسەریان زاڵبوون و بنکەی کۆبوونەوەی سیاسیان لە سەقز و هەمەدان دا، کە دوو نشیمەنی تێکەڵیان دامەزراند[1]. دیاکونۆڤ (Dyaknov) دەڵێت: ((ماننی و گوتییەکان

---

(1) لقاء الاسلاف، جمال رشيد احمد، ص 174.

دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵەی کاسی یان قەزوینی، لە لایەنی زمانەوە پەیوەندی پتەویشیان هەبوو بە حوریەکان))[1]. د. جەمال رەشید ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەم رایە هێشتا درووپات نەبۆتەوە لەرووی زانستیدا، تەنیا تیۆرییەکە خراوەتە ڕوو[2].

ئەوەی هانمان دەدات بەڕاستی بزانین یان پشتگیری بکەین ئەوەیە کەوا فرەوان بوونی دەسەلاتی ماننی و گوتی لە دوو سەدەی هەشت و حەوتی پ.ز و تێکەڵ بوونیان، بوار دەرەخسێنێت کەوا ئەم جۆرە گۆڕانکارییە شارستانی و زمانیە روویبون. دانیشتوانی ئەم ولاتە لە کۆمەڵە هۆزێك پێکهاتبوون جێگیر و شوانکارە و زمانی جیاجیایان هەبوو، لە بنجدا لە گوتی و لولو و هەتا حوریەکانیش کەوتوونەتەوە، بەلام لەرووی زمانەوە کەوتنە کاریگەری زمانی هیندو ـ ئارییەکان کە کۆچیان کرد بۆ ولاتەکەیان لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز بەشێکیان توانیان دەوڵەتی میتانی لە باکووری مێسۆپۆتامیا دابمەزرێنن، هەتا هەندێکیان توانیان لە ڕێگای ولاتی مانەوە بگەن بە ولاتی کاشیەکان. دواتر بە تەواوی لە هەمان توخمانەدا توانەوە لە ماوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، لەو کاتەی هۆزە میدی و ئەسکیسیەکان هەڵمەتیان هێنایە سەر ولاتەکەیان.

شایانی باسە نەمانی دوو دەوڵەتی ئورارتو و ئاشوور لە ئاکامی هەڵمەتی میدییەکان و سکیسی و کیمیرییەکان نەبوو ئەوەندەی لە ئاکامی ململانێی درێژخایەنی نێوان دوو دەوڵەتە ناوبراوەکە بوو، شانشینی مانەش بۆ ماوەیەکی زۆر هاوبەش تیایدا، بەلام زەبری کوشندە لە میدیی و بابلیەکانەوە هات بەیەکەوە. هەرچەندە بابلییەکان هەموو دارایی ئورارتو و مانیەکانیان تالانکرد لە باکوور و باکووری رۆژهەلاتی ولاتی ئاشوور[3].

---

(1) I. M. Dyaknov ((Narody Drevne Aperednes Azil)) Prednen Ziafsky Etnograficheslìy Sboruik I,M. 1950 str, P 23 – 38.

(2) لقاء الاسلاف، ص 175.

(3) تاريخ الكرد القديم، ص 85.

باری ئابووری شانشینی مانە:

بنیاتی ئابووریماننی هەتا رووخانی بە پتەوی مایەوە وەك چینێکی ئابووری گرنگ بوو بۆ دەوڵەتی میدی. لەبەر ئەوەی لایەنێکی گەورەی گۆڕانی ولاتی مانە لە هەموو لایەنەکانی ژیانیان، بەتایبەتی بەرچاوترینیان بەرێوەبردنی کێڵگە و کشتگەکانیان بوو. ولاتی مانە بەوە بەناوبانگ بوون توانای بەخێوکردنی ئەسپ و وڵساتیان هەبوو کە بنچینەی بنیاتی ئابووری هەر دەوڵەتێك دادەنرا لەو رۆژگاریدا.

گۆڕان لەو ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو دۆزراوە کۆنارە کانزاییەکان سەلماندیان کەوا سازگاری لە ولاتی مانە سەرەرای گۆڕانی هونەرەکان کە هاوشانی هونەری ئاشووری و ئورارتوییەکان بوو، بەرچاوترین رواڵەتی شارستانی ئاشووری و ئورارتویی بوو.

بەرچاوترین رواڵەتەکانی شارستانی مانییەکان:

بەرچاوترین رواڵەتی شارستانی لای مانییەکان نووسین بوو کە شتێکی زانراو بوو لەو ولاتە، هاوشێوەی نووسینی ولاتی ئورارتو (urartu) و ئاشوور و بابل بوو، سەرەرای بوونی چەشنە نووسینێکی پێوار (رمز) ی (هیرۆگلیفی) خۆجێیی کە بەشێکی لەنێو کەنار و گەنجینەکانی شاری سەقزی کوردی لە ئێران دۆزراونەتەوە. لێرەدا پێویستە ئەوەش روون بکەینەوە کەوا هونەری میدی و ئەخمینی و سکیسی و نەتەوەکانی دەوروبەر، بەشێوەیەك لە شێوەکان وامداری هونەری ولاتی مانە (واتە هونەری کوردستانی رۆژهەلات) ە، بەم جۆرە ئەم ولاتە تیشکی شارستانیەتی جیاجیای دەدایەوە و شارستانیەتی مێسۆپۆتامیای بەسەردا هەیە، لەگەڵ پاراستنی دەسەلاتی خۆجێیی.

ئەم بارە ولاتی مانەی لە ناوچەکانی دیکە جیا کردەوە، لە کوردستان و سەرووی مێسۆپۆتامیا کە میللەتی میتانی و خلدی و کردوخی و ئیدیکەشی تیادا دەرکەوتن. بە دەستەواژەیەکی دیکە واقیعی مێژوویی سروشتی نەتەوەیی و زمان و شارستانی دانیشتوانی

خوارووی دەریاچەی ئورمێ (رۆژهەلاتی کوردستان) و دانیشتوانی رۆژئاوای ئەم دەریاچەیە (ناوەراستی کوردستان) و دانیشتوانی خوارووی کوردستان لەگەلّ سەرەتای نیوەی یەکەم لە هەزارەی یەکەم پ.ز، پەیوەستی بەتین و سازی نەبوو وەك ئەم پەیوەندی و کارلێکە دوای رووخانی دەولّەتی ئاشووری هاتەدی لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پ.ز لە سالّی 612 پ.ز[1].

وادیارە دەولّەتی ئاشووری بۆ چەندان سەدە سوودی لە دەولّەتی بەهێزی مانە وەرگرتووە وەك دیوارێکی پتەو لەبەردەم هەلّمەتەکانی هۆزە بەربەرییەکانی سکیسی و ئیدیش.

بەرگری ئازایانەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە لایەنی لەبارییەوە بەسوودی ئاشوورییەکان گەراوەتەوە. لەهەمان کات شانشینی ئورارتوی بەهێز وەك دیوارێکی پتەوی دیکە سوودی لێ وەرگرتوون دژی کۆمەلّە هۆزی کۆچبار، بەهۆی گەورەیی رووبەری جوگرافی و نەبوونی بەربەست لە بەردەم هۆزەکان بۆ هاتنە ولاّتی کوردان، ئەرکی نەتەوەیی ئەم میللەتە بەرگری کردن بوو و خۆراگری بوو لە ولاتەکەی و رەتکردنەوەی هێرش و هەلّمەتی میللەتانی دیکە.

شایانی باسە واقیعی جوگرافی و بارودۆخی تۆپۆگرافی کە چیا و سەختە دۆلّەکان پێکدێنێت، سروشتێکی تایبەتی هەیە، گرنگترین هۆ بوو رێ هەمواری بوو یان هاندان بوو بۆ میللەتانی دیکە تا بوێرن هەلّمەت بێنن بۆ ناوچەکە یان ولاتی کوردان. بەتایبەتی سیستەمە حکومیە خۆجێییە کۆنەکان کە لەو ناوچانە دەرکەوتن، لەیەك دوور بوون و قەوارەی سیاسی و سەربازیان بچووك بوو. وای دەکرد ئامانجی ئاسان بن بۆ چاوتێبرینەکانی شانشینە گەورەکان. دەشێ گرنگترین هۆی هاندەری هێزەکانی ئاشوور و ئورارتو بووبێت، دواتر هۆزە شوانکارە میللیە میدییەکان بوو بۆ چوون بۆ ئەو ولاتە و لەگەلّ بوونی هۆزە خۆوارییەکان (محلی) هێزێکە گەورەی پێکهێنابوو بە کۆلّەگەی ئیمپراتۆریەتی میدی.

پێشینەی (لان) لە (سکیس) یەکانی بەهێز و بەربەری بوون لە باکووری مێسۆپۆتامیا و کوردستان، یارمەتی میدییەکانی داوە لە دیارکردنی کەسایەتی یان ناسنامەی نەتەوەیی ولات، یەکەم ئاماژەیەکی مێژوویی بوون پێشینەی لان لە سکیسی لە کوردستان دەگەرێتەوە چارەکی

(1) لقاء الاسلاف، ص 176.

دووەمی سەدەی نۆیەمی پ.ز، لە سەر دەپێکی پادشای ئاشووری ئاسری دووەم دۆزرایەوە. ئاشوورییەکان ناوی ئەشکوزانی واتە سکیسی و ناوی کیمەرای بۆ کیمەرییەکان بەکار دەهێنا.

کریشمانی مێژوونوس هەوڵی داوە شوێنی جوگرافی کە ئەم میللەتانە لێیەوە هاتوون دیاری بکات، دەڵێت: ((لە قرم (Grimea) وە گەیشتوون. دیسان دەڵێت: ئەم دوو میللەتە لەگەڵ یەك نەبوون، خەڵکانی دی بە زمانێکی هاوبەش دەدوان. لە سەردەمی پادشا ئەسەرحدونی دووەمی ئاشووری ولاتی ئورارتو لە پێشەوەی ئەو ولاتانەدابوو کە جێی هەڵمەتی کیمەرییەکان بوو، ولات گەیشتە بارودۆخێکی یەکجار خراپ لە کۆتاییدا پادشای ئورارتی (روساسی یەکەم)[1] خۆی بکوژێت.

باری پشێوی ئەم میللەتە شوانکارانە جێیانهێشت بووە هۆی رووداوی شڵەژان هەموو ولاتان لەدەست هێرشەکەیان رزگار نەدەبوون، بەلام ولاتی مانەش کاریگەر بوو، ئاشکرایە تێکچڕژانی واقیعی سیاسی هۆکاری سەرەکییە ئەم میللەتە کۆنانەی لە ئاسیادا نیشتەجێ بوون هەڵداوێژێت.

رووخانی شانشینی مانە و دەرکەوتنی سەروەری میدیا لە ولاتی کوردان:

لە سەدەی حەوتەمی پ.ز و لە ئاکامی بارودۆخی خراپ کە ولاتی مانە تیایدا ژیا، بوو بەهۆی راپەڕینی میللی دژی سوڵتەی فەرمانڕەوا، لە بەرچاوترین ئاکامی، وەك باسکرا، بوو بەهۆی کوشتنی شای مانی (ئەخشیری) کە بە سەرەڕۆیی و خۆویستی و بەفیڕۆدانی سامانی ولات بەناوبانگ بوو، باجی زۆری لە میللەت دەستاند و ئازادی نەهێشتبوو. لە بەردەم ئەو هەڵمەتە بەربەرییەی سکیسی و زێدە بوونی کۆچ و هاتنیان بۆ ناوچە کوردییەکان، بوونە هۆی ئەوەی هەڕەشە لە قەوارەی ئاشووری بکەن، کە ئەوکاتی بێهێز و رووخاو بوو و توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەو هێزانەی نەبوو. بەهۆی زێدە بوونی دەسەلاتیان، پادشای ئاشووری کچەکەی دا بە پادشای سکیسی بۆ ئەوەی لە زیانیان خۆی بپارێزێت و بیانکاتە هاوپەیمانی خۆی. ئەم نەریتە

[1] کریشمان ـ Skythian

گرنگترین و باشترین رێگای پادشایان بوو کاتێك هەستیان بە بێهێزی و دڕان دەکرد لەبەردەم هێز و دەسەلاتی پادشایەکی دیکە ئەم رێگەیان دەگرتە بەر، کچیان بەشوو دەدایە پادشای ولاتەکەی دی.

ئەوەی ئاشوورییەکانی هاندا بۆ ئەم هاوپەیمانییە ناچارەکی نەبوو، پادشای ئاشووری ئەوەی پێ باش بوو، لە هەولێکی دا بۆ پاراستنی شانشینییەکەی، دوای ئەوەی هەستی بە سەرەتای رووخانی دەوڵەتی ئاشووری کرد، هەرچەندە شانشینی مانە وازی لە هاوپەیانی نەهێنابوو لەگەڵ ئاشوورییەکان و لاگری ئەوان بوون لە ململانێیان لەگەڵ سکیس بۆ ماوەیەکی زۆر و تا ململانێیان لەگەڵ پادشای بابلی، ئاکامی ئەم هاوپەیمانیەتییەش رووخانی دەوڵەتی مانە بوو لەگەڵ ئاشوورییەکان بێ ئەوەی واز لە هاوپەیمانیەتی بێنن، ئەو هاوپەیمانیەتیەی زیانی ستراتیژیەتی نەتەوەیی بە مانە گەیاند و شکستیان هێنا و باجەکەی میللەتی مانی دای.

هەرچەندە پادشای ئاشووری لایەنی بەرامبەری دیاری باران کرد و کارامەیی سیاسی نواند و پلانەکەی سەرکەوت و ئەسرحدون توانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بە ساخی بهێڵێتەوە بۆ ماوەیەکی درێژ تا زەبری کوشندەیان پێکەوت لەسەر دەستی هاوپەیمانەتی نێوان بابلی و میدییەکان و داگیرکردنی ئاشوور و مانە. لەبارەی ئەم رووداوانەدا مێژوونوس گریکی بەناویانگ دەڵێت: ((سکیس هەموو ئاسیایان داگیرکرد و هەموو ئەوەی میللەتەکان هەیانە بردیان))[1].

ئەم تالان بڕۆیەی سکیس کردیان هەتا ولاتی فەلەستینی گرتەوە. لەرێگای ئەوەی پادشای ئاشووری ئەسرحدون (Asharhadon) (681 ـ 669 پ.ز) باسی لێوە کردووە، کە لەگەڵ کیمیرییەکان جەنگا لە ساڵی 679 پ.ز، کە لەو بارەیەوە دەڵێت: ((تیوشبی کیمیری کە ولاتی دوورە، کوشتم و سوپاکەم وێران کرد)). دواتر روو لە خوداوەندی (شمش) دەکات و داوای لێدەکات پشتگیری بکات لە جەنگی دژی کیمیرییەکان، وادیارە کیمیرییەکان هاوپەیمانیان بەست لەگەڵ سکیس بۆ گەیشتنە ئەو هێزەی توانیان بگەنە فەلەستین، بەپێی قسەی نووسەری تۆمارەکانی پادشا ئاشوور بانیپال 668 ـ 628 پ.ز، باوباپیرانیان نە ترسان و نە دواکەوتن،

---

(1) هیرودتس، التاريخ، الفصل الاول، ص 706.

دواتر ئەو دژی کیمەرییەکان تێکۆشا. لە هەمان کاتدا پادشای لیدیا (کیکس) دژی ئەوان جەنگا. لە دەقی ئاشووریدا (کیکس) 660 پ.ز، تا دوو سەرۆکی کیمەری بەدیل گرت و ناردنی بۆ ئاشوور بانیپال، بەلام (کیکس) لەشەڕی نێوانیاندا کوژرا.

کیمەرییەکان لە سەردەمی کوڕی کیکس کە ناوی (تەمردیس) ە (600 ـ 625 پ.ز) پایتەختەکەیان کە ناوی (سارو) بوو گرتیان. لیدیا کەوتە ژێر گوشاری کیمەرییەکان و شاری (سارو) دووبارە گیرایەوە، بەلام رووبەرووی شەڕێکی توند بوون لە (قیلقیا).

(سترابون) ئاماژەی بە گەیشتنی ئەوان کردووە بۆ ئاسیای بچووك بە سەرۆکایەتی پادشاکەیان (لیکدام) و دەشتی تراقییەکان لەگەڵ ئەواندا هاتن بۆ کەرتە زەمینی ئاسیا، دوای ئەوەی لە (ئەهلسبونتس) (دردەنیل) پەڕینەوە و پادشای لیدی (ئەلیات) 651 ـ 565 پ.ز دژیان وەستا. لەنێو ئەم رووداو و ململانێیانە، میدییەکان سوودیان لەم بارودۆخە وەرگرت زیاتر لە هەر میللەتێکی دیکە. دیارە بە پێشێل کردنی مافی میللەتەکانی دیکە بووە یان شانشینە کۆنەکان بووە، لەوانەش شانشینی باکووری مێسۆپۆتامیا و کوردستانی ئێران، هاوکات لەگەڵ شکانی هێزی سەربازی هاوپەیمانان لەگەڵ ئاشوورییەکان و رووخانیان لەبەردەم هێزی سەرکردەی بابل نابوپلاسەر رێی خۆشکرد بۆ چوونە نێو ولاتی مانە و بەتەواوی کۆنترۆلکردنی، ئەوەشیان لەگەڵ نەبوونی هیچ دەسەلاتێك لە هیچ شانشینییەك بۆ راگرتنی ئەم هێرشە یان وەستاندنی هێرشی سکیسی کە هات مەیدانی بۆ چۆل بوو، هیچ بەرهەڵستی تێدا نەبوو یان بەرەنگاری لە دانیشتوانی ئەم ولاتانە بۆ ناوبڕی کردن لە گەیشتنە ئەم ناوچەیەی چەندان جار هەولّیان دابوو بیگەنێ، بەلام هەموو جارێك شکستیان دەهێنا.

ئەمجارە سکیس توانیان بنکەیەکی سادەی سیستەمێکی سیاسی بنیات بنێن دوای ئەمانی دەسەلاتی حوکمڕانی ماننی لە ناوچە کوردییەکان لە (ساوج بولاق ـ سابلاغ ـ سەقز ـ زیوە). لەو خاکەی سنووری عێراق ـ ئێرانە لە لای (ئەغەدە و شنۆ)، بەلاّم ئەم سیستەمە زۆر نەمایەوە، میدییەکان توانیان داگیری بکەن دوای ئەوەی دەسەلاتی سەرکەوتوو بوون لەرووی سیاسی و سەربازی.

هیرودوتس دەڵێت: ((لەوکاتەی (کی ئەکساریس) سەرۆکەکانی سکیسی بانگ کرد بۆ چێشت، خواردیان و خواردیانەوە تا سەرخۆش بوون دواتر هەموویانی کوشت، بەم جۆرە میدییەکان شانشینی خۆیان پاراست و ئەوانەی مانەوە لە سکیس گەڕانەوە ولاتەکەیان لە دەشتاییەکی نزیك دەریای رەش لە باکووردا))[1]. دواتر لە ناوچەی نێوان (کوبان) و خوارووی روسیا دەرکەوتن و بەشێکیان لەنێوان (ئاران) و (دەریای قەزوین) جێگیربوون. هەندێکیان بەناوی (ئەلبیرت) بەناوبانگ بوون لە دەوروبەری سەدەی چواری پ.ز، دواتر کۆچیان کرد بۆ هیندستان و شانشینیان لەوێ پێکهێنا[2].

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا بەشێك لەم سکیسانە لە ناوچە کوردیەکە مانەوە (کوردستان ـ ئێران) لە گەڕانەوە بەرەو قەوقاسیا یان لەگەڵ ئەوانەی چوون بۆ هیندستان. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئەم سکیسانە لەدەست بەدواداچوونی میدییەکان رزگاریان نەبوو، ناچار دەربەدەر بوون لە بەردەم هێزە میدییەکانی (ئسکارتیا ـ زیکرتو ئوزاکروتی) لەدوا کایە لە ناوچەکانی (ئەربیا و کەرکورك) جێگیر بوون، هەتا چیای حەمرین. خانەوادەی پادشایەتی هیلینا و ئیزاتیس (عزە) مونوباس و نێوان (یزدین) لە سەردەمی سلوقی دا. شایانی باسە هێشتا لەم ناوچانەدا، ناوچە هەیە ناوی جوگرافی سکیسی پاراستووە. دەشێ بەرچاوترین بەڵگە و نیشانە بۆ سەلماندنی ئەوەی کەوا ئەم میللەتە لەو ناوچانە مانەوە ئەو گەنجینەیە کە لە شاری سەقز دۆزراوەنەتەوە، کە بوونیان دوورپات دەکاتەوە. لەم گەنجینانەش کە شوێنەوارناسان و توێژەران دابەشی سەر چوار کۆمەڵەیان کرد بوون گەنجینەکانیان دانە پاڵ ئەمانەن:

1- گەنجینەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بنجی سکیسی پوخت.
2- گەنجینەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بنجی ئاشووری.
3- گەنجینەی کە تێکەڵە دەگەڕێتەوە بۆ هونەری ئاشووری و سکیسی.
4- گەنجینەی بنجی وارگەیی (محلی) بنجی مانّنی.

---

(1) دیاکونوف، تاریخ المیدیین، ص 280 ـ 281.

(2) دائرة المعارف البریطانیة الحدیثة، مادة سکیثیا.

لەسەر بنچینەی ئەم دۆزینەوەی گەنجینە و کۆنارانە، کریشمان، روونی کردەوە کەوا بنچینەیەکی سەلماوە بۆ بوونی ئەوان و نیشانەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی روونیکردەوە کەوا سەقز پایتەختی سکیسی بووە و ناوی شاری سەقز لە شێوەی رۆژهەلاتی ناوی (سەکس ـ سکیس) هاتووە، لەبەر ئەوەی ناوی پایتەختەکان لە ناوی میللەتەکان وەردەگیرا[1].

وا دەردەکەوێت ئەوەی کریشمان دەیلێت شایانی باوەڕ پێکردن بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی نیشانەکان لە سکیس پەیوەست کران، سەرەڕای ئەوەیکە شتێکی لۆجیکییە ناوی پایتەختەکان بە ناوی میللەتەکانەوە بێت، لە کۆنداش هەر ئەوە باو بووە. ئەوەتا ئاشوور، پایتەختی ئاشوورییەکان بووە و بابل پایتەختی دەولەتی بابل بووە و لەناوی میللەتەکەیەوە هاتووە، و چەندان ناوی پایتەختی دیکە.

لەوەی رابرد دەردەکەوێت پێشینەی (لان) هەرچەندە زۆربەیان لەبەردەم هێزەکانی دراێوسی ئەخمینی پاشەکشەیان کرد لە ئاسیای بچووك لە ماوەی کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایین (512 پ.ز)، بەیەك گەیشتنیان لەگەڵ میدییەکان لە ولاتی کوردان (کوردستانی ئێستا) بنچینەی گۆڕانکاری نەتەوەیی بوو کە لەنێو سنووری شانشینی ئاشوور و ئورارتو و مانە روویداو لە ئاکامدا سەرەتاکانی سەرهەلدانی نەتەوەیی کورد پەیدابوو[2].

هاوپەیمانیە سەربازی و سیاسیەکانی نێوان هێزە ململانێ کارەکان لە باکووری مێسۆپۆتامیاو رۆژئاوای ئێران رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گۆڕانکاری پێگەی هێزەکان ((هاوپەیمانەتی نێوان ئاشووری و مانئیەکان دەبوایە بکرێت، لەبەر ئەوەی کەوتبوونە بەر هەڕەشە لە لایەن میدییەکان لە پێش ئاشووردا، هەروەها سکیس ئەوانەی لەگەڵیان وەستان لەبەردەم مەترسی ئورارتییەکان لە باکووردا))[3].

---

(1) کریشمان، سەرچاوەی پێشوو، ص 107.

(2) لقاء الاسلاف، ص 188.

(3) حول التحالفات الآشورية السكيثية، راجع دار المعارف البريطانية مادة SXYTHA . بڕوانە: دیاکونوف، تاریخ المیدیین، ص 46. کریشیان، ص 98.

لەبەر ئەمە میدییەکان تەنیا ئەوەیان بۆ مایەوە لەگەڵ کلدییەکان لە بابل پەیمان ببەستن، ئەوانەی ئەوکات لە لایەن ئاشوورییەکان هەڕەشەیان لێکرابوو[1]. لەنێو ئەم ململانێیەدا و حاڵەتە تێکپڕژاوەدا دەوڵەتی ئورارتو لەبەردەم سکیس و کیمیرییەکان شکستی هێنا و لە ساڵی 616 پ.ز هێزە ئاشوورییە ـ مانئیە هاوبەشەکان لە شەڕی (کابلینا) لەسەر زێی فورات لەبەردەم بابلی و میدییەکان دۆڕاندیان[2]. بەم جۆرە هێزی مانئی لە مێژوودا کۆتایی پێهات.

هۆزە میدییەکان ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ هاتنە نێو ولاتی مانئی و کۆتاییان بە حوکمڕانی مانئی هێنا، دواتر رووبەڕووی هاوپەیمانی ئاشووری سکیسی بوونەوە لە مێسۆپۆتامیا. بەهۆی ئەوەی ناوچەکانی کوردستان لە قۆناخە مێژووییەکاندا کەوتۆتە بەر زۆر دیاردەی شارستانی، هۆزە هیندو ئەوروپیەکان هێناویانە و خوری و لولوی و گوتی و کاشی پێ زاخاو داوەتەوە سەرەڕای ئەوەی میدییەکان هێنایان، لە بنچینەی زمان و ئایین لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین و ئەوەی فری خستیە سەر کێشە ئەتنۆگرافیەکان لەم کۆمەڵگایانەدا، هەموویان لایەنێکی سەرەکی پێکدێنن لە کولتووری هزری و زمان و میللی کورد لەو چاخانەی پێش ئیسلام[3].

---

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 97 ـ 98.

(2) بگەڕێوەبۆ:مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ص2،1956.سەبارەت هاوپەیمانی میدیو بابلی.

(3) بگەڕێوە بۆ: دیاکونوف، تاريخ الميديين، ص 302.

میدییەکان: Medes

مادیەکان یان میدیەکان، باپیرەی بەرایی کوردن. لە ولاتی ئێراندا لە باکووری رۆژئاوای نیشتەجێ بوون، لەتەك خوارووی نشیمەنی پارسییەکان[1]. یەکەم هێما و ئاماژەی تایبەت بە میدییەکان لە نووسینەکانی پادشای ئاشوورییەکانەوە هاتووە کە لە سەدەی نۆی پ.ز نووسیویانە، بەتایبەتی نووسینەکانی پادشای ئاشووری شلمانسری سێیەم 854 ـ 824 پ.ز، کە سەبارەت هەڵمەتی جەنگی بۆسەر ناوچە چیاییەکانی ئێران و چیای زاگرۆس دەنووسێت[2].

خاکی میدییەکان ئەمرۆ بەناوی کوردستان ـ ئێران باس دەکرێت. میللەتی مادی Madi لە سەرەتاکانی بەرایی پێش گەیشتنە قۆناخی تەواوی سەربازی و ئابووری و سیاسی و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی مەزنی ماد، حکومەتێکی جێگیری نەبوو هەتا پادشای میدی دیاکۆ (Dyaukko) لە ساڵی 713 پ.ز توانی دەوڵەتێکی بەهێزی گەورە و فرەوان پێکبێنێت دوای یەکخستنی میدیەکان و بنیاتنانی سوپایەکی گەورەی وا بتوانێت رووبەڕووی ململانێ بەردەوامەکان ببێتەوە لەگەڵ گەلانی دەوروبەری، هەروەها پادشای سێیەم لە مادییەکان کە بەناوی هوڤەخشترە (Huve khshtra) ناسرا، توانی سنووری دەوڵەتی میدیا فرەوان بکات و گەورە جەنگاوەرەکان کۆ بکاتەوە، زۆر شانشینی لە ولاتە نزیکەکانی دەوڵەتی میدی خستە سەر دەوڵەتەکەی خۆی تا لە ساڵی 612 پ.ز بە هاوکاری بابلیەکان توانی شاری نەینەوا، پایتەختی ئاشوورییەکان بگرێت و لاپەڕەی ئاشوورییەکان لە تۆماری حکومەتەکان بسڕێتەوە، دوای ئەوەی ئاشوورییەکان گەورەترین ئیمپراتۆریەتیان لە رۆژهەلاتی کۆن دامەزراند. ئەم رزگار کردنی نەینەوا لە دەستی ئاشوورییەکان، ناوبانگی میدییەکانی بلاو کردەوە و رۆڵی سیاسیان لە هەموو ئاسیای بچووك بلاوبووەوە.

---

(1) مسعود محمد، لسان الكرد، ص 19.

(2) تاريخ الكرد القديم، ص 11.

دوای پادشا هوڤەخشترە کوڕەکەی ئەشتوڤیگو (Ishovygo) لە ساڵی 584 پ.ز بوو بە پادشا و بایەخی بە هێزی سەربازی میدی دا، لەگەڵ گرینگی دان بە زێدە بوونی هێزی بەرهەڵستکاران لە بابل و بەردەوامی میدییەکان لە ململانێ لەگەڵ هێزە هەرێمەکانی دیکەی ئاسیا، تا ئەو کاتەی پارسە هەخامنشیەکان لە کۆتاییدا توانیان حوکمڕانی میدییەکان لەناو ببەن. کورووش گەورە کوڕی ئەرشامی پارسی، نەوەی ئەشتوڤیگو لە کچەکەی (دوغدو) توانی دەسەلات لە ولاتی مادییەکان بگرێتە دەست. بەم جۆرە حوکمڕانی لە مادە کوردەکانەوە گوازرایەوە بۆ پارسە هەخامنشیەکان (فارسە ئێرانییەکان)، ئەوانیش هەموو مەزنی و دەسکەوت و کارە شارستانیەکانی مادییەکان لە ڕۆشنبیری ئاڤێستا و زمانی ماد و ئایینی زەردەشتیان دایە پاڵەخۆ.

ئایینی زەردەشتی لە خاکی کوردستانی ئێران توانی ڕەگ داکوتێ، هەرچەندە پارسەکان توانیان زمان و ئایینی مادە کوردەکان بێننە نێو قەوارەی ڕەگەزی خۆیان. لە یەکەم هەوڵی بالاچوونی فارسە کۆنەکان بە لەخۆگرتنی کولتووری شارستانی میللەتی کورد، بەلام ناو و باسی میدییەکان لە مێژوودا چەسپا و گەواهیەکی زیندوو بۆ ئەو بەخششەی بە شارستانیەتی مرۆڤایەتیان بەخشی وەك کۆنترین پێشینیانی کوردی ئێستا.

شایانی ئاماژە پێکردنە لە هەندێ ئەشکەوتدا لە ناوچەی سلێمانی هەندێ گۆڕ دۆزراونەتەوە، شیاوی ئەوەیان لێ دەکرێت کە گۆڕی هەندێ لە میدیەکان بێت. لەنێو ئەوانیشدا گۆڕێکی شاهانەی تیادایە لەم ئەشکەوتانە (قزقبان و کوڕ و کچ) ی لە بناری چیاکەیە پشت دێی شرناخ. باوەڕ وایە کەوا گۆڕی پادشا فراوەرتیس دەکەوێتە نزیك (سری ـ پول) لەقەد پاڵی ڕۆژئاوای چیای زاگرۆس و ڕووی پێشەوەی بە داتاشینی زەق ئەخشێنراوە. دیمەنی داتاشینیەکەی رووکەشی گۆڕەکانی چیای نەخشاندووە، تاکی میدیای دەنوێنێت بە ڕیش و جلوبەرگی لە پێستی ئاژەڵ

دروستکراو و پێلاوێکی بلندی لە پێدایە و لای پێشەوەی بۆ سەرەوە چەماوەتەوە[1]. دەوڵەتی میدی لە سەردەمی (کی ئەخسار) ئیمپراتۆریەتێکی گەورە پێکدێنێت لەگەڵ بابلییەکان موڵکو دارایی ئاشوورییەکانیان دابەشکردووە و شانشینیەکەی ولاتی میدیا و ولاتی فارس و ولاتی ئاشووری تا سنووری ئاسیای بچووك گرتەوە.

(1) تاريخ الكرد القديم، ص 114.

دەرووی شەشەم

مێژووی هەندێ دەوڵەت و میرنشینی کوردی لە سەردەمی ئیسلامیدا

History of some states Kurdish and countries in the period Islamic

دەوڵەتی رەوادی: 343 ك ـ 954 ز

دەوڵەتی شەددادی: 340 ك ـ 168 ز

دەوڵەتی مەروانی (دۆستەکی): 380 ك ـ 990 ز

دەوڵەتی ئەیوبی: 1171 ز ـ 1250 ز

میرنشینی حەسنەوەیهی: 328 ك ـ 959 ز

دەوڵەتی ڕەوادی: 343 ك ـ 954 ز

لە سەردەمی میژووی ئیسلامیدا، چەندان میرنشین و سەرکردایەتی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆی کوردی پەیدا بوون. سەرکردە و فەرمانڕەواکانیان ڕۆڵی بەرچاویان لە میژووی کورد و کوردستان گێڕاوە، ئەم میرنشینانە کۆڵەگەی پشتی میژووی کوردی پێکدێنن[1]. لەم باسە کورتەدا هەندێ لە گرینگترینی ئەم میرنشین و دەوڵەتانە بەسەر دەکەینەوە:

1ـ دەوڵەتی ڕەوادی:

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی میژوویی کورد لە قەوقاسیا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ میژووی ئەم دەوڵەتانەی بەشێك بوون لە دێرینی و هێز و بەشێوەیەك توانیان فەرمانڕەوای ئازەربایجان و بەشێك لە ئێران و ئەرمینیا بکەن. دەوڵەتی ڕەوادی دەسەلاتی سیاسی خۆی بەسەر ئازەربایجان سەپاند، لەو کاتەیدا دەوڵەتەکە سنووردار بوو بە ناوچەکانی سێگۆشەی نێوان دوو زێی ئاراکس و کر، سەرەڕای زۆر ناوچەی دیکەی دەوروبەری قەوقاسیا.

لەراستیدا ((دەتوانین بڵێین کەوا میرنشینییە کوردییەکانی دروست بوون لە قەبارە و هێز و دەسەلات و رادەی فەرمانڕەوای جیاواز بوون، هەندێکیان میرنشینی گەورە بوون دەسەلات و هێزی فرەوانیان بوو و توانیان بۆ ماوەیەکی درێژ حوکمڕانی بکەن وەك میرنشینی سۆران و بەهدینان و هەکاری و ئەردەلان، و هەندێکی دیکە بچووك بوون و ماوەی حوکمڕانیان زۆری نەبرد وەك: میرنشینی دونبولی و مەحمودی و برادۆستی و موکری و ... بڕوانە: کتێبی شەرەفنامە...چۆن بەدلیسی دەتوانێت بۆ جیهانی ڕوونکاتەوە کەوا کورد دەوڵەت و میرنشین و بنەماڵەی حوکمڕانی هەبووە پێش سەردەمی عوسمانی بە چەندان سەدە، وەك میرنشینی

---

(1) شرف خان البدليسي و منهجه التاريخي من خلال كتابه شرفنامه، مصطفى احمد النجار، ص 172.

لورستانی بچووك و لورستانی گەورە و حەسنەوەی و خورشیدی و مەروانی...ئەم میرنشینانە و سەرکردایەتیانە تایبەتمەندییەکی بنەماڵەیی و دەرەبەگی و ئایینی هەبوو[1].

چۆنەتی دروستبوونیان جیاواز بوو، هەیانە بەهۆی سیاسی دروست بووە، سەرکردە و سەرۆکی ئازا و پاڵەوان و بوێریان تێدا هەڵکەوتووە توانیویانە ئەندامانی خێڵەکەیان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و دەسەلاتیان فرەوان بکەن بە کۆنترۆلکردنی خاکێکی فرەوان و رۆژ لەدوای رۆژ روو لە بڵندی بکەن، تا ئەو رادەیەی هەندێکیان دەوڵەت و حکومەتی ناوەندی پەیمانیان پێبەخشین بە فەرمانڕەوای کردن لە میرنشینییەکەیان و سەربەخۆبوون لە حوکمڕانی[2]. بۆ نموونە ئەحمەد کوڕی مەروان، بەناوبانگترین فەرمانڕەوای جزیرە بوو توانی پلە و پایەی بەرز بێت لە دەسەلاتداری و شکۆمەندی و دەسەلاتی خۆی بسەپێنێتە سەر ناوچەیەکی فرەوان لە ولاتدا لە سەردەمی خەلیفە (القادر باللە) تا ئەو رادەی خەلیفە ناوی (نصر الدولە) ـ (سەرکەوتنی دەوڵەت) ی پێبەخشی. ئەم فەرمانڕەواە نزیکەی هەشتا ساڵ ژیا. پەنجا و دوو ساڵ سوڵتانی ولایەتی دیاربەکر و جزیرە بوو، خاوەن دەسەلات و سەربەخۆیی بوو. هەروەها وەك ئەتابەك یوسف شا حاکمی لۆرستان، ئەبقان کوڕی هۆلاکۆ پەیمانی دایە هەڵمەتی نەکاتە سەر. هەروەها شا ئیسماعیلی سەفەوی زۆر مەڵبەند و قەلاتی لە موکریان بەخشیە میر غازی قران و دانی نا بە میرنشینییەکەی بە فەرمانێکی شاهانە.

مینورسکی باس لە شەش لە میرەکانی بنەماڵەی رەوادی دەکات لەگەڵ هەندێ زانیاری کەم لە بارەیانەوە لە دەقێك پەیوەندی بە (باب الابواب) هەیە، بەلام نەیتوانی سەرچاوەی ئەم

---

(1) لازریف، المسالة الکوردیة (891 ـ 1917). جلیلی جلیل، من تاریخ الامارات، ص 56. سعدی عثمان، کردستان، ص 153.

(2) شرفنامە، ص 496. محمد امین زکی، تاریخ الدول، ص 223. کامران عبدالصمد، کردستان العثمانیة، ص 54.

زانیاریانە بزانێت. ناوەکان بە گواستنەوە لە مینورسکی بەم شێوەیەی خوارەوەن:

روادیـیەکان توانیـان زۆربەی ولاتی ئازەربایجان بخەنە ژێر دەسـەلاتی ناوەنـدی و شـاری تـەبریز (تـەورێز) یـان کـردە پایتـەختی فـەرمانڕەواییان سـاڵی 343 ك / 954 ز، یەکـەم کەسـی فەرمانڕەوای دەوڵەتی رەوادی پادشا محەمەد کوڕی حسێن بوو کە توانی دەسەلاتی سیاسی خـۆی لەسەر ئازەربایجان و ئەرمینیا بسەپێنێ. دوای کۆچی دوایـی کردنـی کوڕەکـەی حـسێن کـوڕی محەمەد کوڕی حسێن بوو بە پادشا، بە پادشایەکی بەهێز ژمێردرا و دەوڵەتی رەوادی لەسەردەمی ئەودا ـ وەك مێژوونوسان لەسەری رێك کەوتوون ـ حکومەتێکی سەربەخۆی خـاوەن دەسـەلات و سـەربەخۆ (Autonony) بـوو لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری خـۆی و ملکەچـی دەسـەلاتی هـیچ دەوڵەتێکی دیکە نەبوو. لەبەر ئەوەی سیستەمی پاشاکی (وراثـی) بـوو، کوڕەکـەی ئەبولهـەیس محەمەد حسێن محەمەد کوڕی حسێن جێی گرتەوە.

ئەم میرە لە بەکارهێنانی هێز بەناوبانگ بوو لە مل پێکەچکردنی دەوڵەت بۆ فـەرمانڕەوای، لە ماوەی فەرمانڕەوایـیەکەی، برایەکی مەرزبان کوڕی حسێن لێی یاخی بوو و تـوانی لـە سـاڵی 386 ك / 996 ز عەلی کوڕی هەیجا بگرێت و بیخاتە بەندیخانـەوە، بـەلام زۆری نەخایانـد لـە فەرمانڕەوایدا لەبەر ئەوەی پاش چەند ساڵێکی کەم لە سـاڵی 391 ك / 1025 ز مرد. دوای مردنی برایەکەی ئەبومەنسور و دواتر فهردان کوڕی محەمەد بوونـە فـەرمانڕەوا، ئـەوەی دواییـا جیابوو لە هەموو فەرمانڕەوانی دەوڵەتی رەوادی لەوەیدا مـاوەی فەرمانڕەواییەکـەی درێـژترین ماوە بوو تا مرد لە 451 ك / 1059 ز، دوای ئەو کوڕەکەی محەمەد جێی گرتەوە.

وادیارە سیستەمی فـەرمانڕەوای لـە دەوڵـەتی رەوادی وەك شانـشینەکانی دیکـە وا بـاوبوو فـەرمانڕەواە کوردەکـان سـەرکردایەتی سـوپایان دەکـرد لـە جەنگـدا، بـەڕێوەبردن پـشتی بـە مولکداریی زەوی دەبەست و بـاجی لەسـەر زەوی و بازرگـانی دادەنـا، هـەروەها هەنـدێ بـاجی دیکەی بە شێوەیەکی کاتی دەسەپاند تا خەرجی دروسـتکردنی قـەلا و سـەنگەر یـان هەڵمـەتی جەنگی دابین بکەن.

فەرمانڕەوای پاشماکی بوو، لە باوکەوە دەگوازرایەوە بۆ کوڕەکانی و پادشایەتی دەگوازرێتەوە بۆ برا لەگەڵ بوونی کوڕ لە سەرۆك و سەرۆك خێڵ و گەورە پیاوانی ئایینی دەگوازرێتەوە. لەبەر ئەوە روون نییە کە ئایا پادشایانی دەوڵەتی رەوادی رووکاری خودبەسەرانە (دیکتاتۆرانە) یان هەبووە یان نەخێر، پشتیان بە راوێژ (شوری) دەبەست، واتە دەگەڕانەوە بۆ ئەو ئەنجومەنانەی نوێنەری گەل بوون بۆ راوێژ پێش بڕیاردان. پێگەی گەورە سامانداره‌کان و موڵکدارەکان و شێخ و پیاوانی ئایینی (Relegion means) لە بەرایی دابوون لەرووی چینە کۆمەلایەتییەکان رێزی زۆریان هەبوو.

دەوڵەتی رەوادی ئەنجومەنی ((هۆزەکان)) ی دامەزراند کە نوێنەری هۆزە جیاجیاکانی تێدابوو، چی کورد بن یان سەر بە نەتەوەی دیکە بن کەوا لەژێر سەروەری (Soverignty) ناوەندی دەوڵەتدابن. ئاشکرایە ئەم ئەنجومەنە بڕیارەکانی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو سیستەمی ئابووری و بازرگانی دەردەبڕی. پادشا دەربارێکی نزیکی هەبوو، گەورە فەرمانبەرانی تیادابوو لە خزمانی خۆی وەك (ئەنجومەنی راوێژ) وابوو کە گەورە فەرمانبەرانی دڵسۆز و خاوەن موڵکەکان و پیاوانی ئایینی دەگرتەوە.

کوردان بایەخێکی گەورە بە پیاوانی ئایینی دەدەن و لە دیوەخان و ئەنجومەنەکانیان نزیك دەکەنەوە و پشتیان پێدەبەستن بۆ راوێژ. فەرمانڕەواە کوردەکان توند بوون لە بەجێهێنانی یاسا و رێساکانی شەریعەتی ئیسلام.. مافیان بە پیاوانی ئایینی دەدا داوای لێبوردن بکەن بۆ بەندکراوەکان تەنیا لە حاڵەتی (ناپاکی) نەبێت. کوردان ناپاك بە شایانی سزا دەزانن، بەبێ ئەوەی هیچ راسپاردەیەك بەهاتای بێت. پادشا خۆی بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر ناپاکاندا دەردەکات کە ناپاکی بەرامبەر دەوڵەت دەکەن، گەورەترین تاوان سیخوڕی و کارکردنە بۆ دوژمن. ((میرنشینە کوردییەکان سیستەمێکی کارگێڕی ئاست بەرزی هەبوو لەرووی رێکخستنو وردی، لە سیستەمی زۆربەی دەوڵەتانی ئیسلامی جیاواز نەبوو لەو سەردەمەیدا، زۆر دامودەزگا و ئەرکی کارگێڕی هەبوو کەوا فەرمانبەر و کارگێڕییەکان بەڕێوەیان دەبرد یان بۆ ئاسانکردنی کاروباری میرنشینەکە بەرەو باشتر))[1].

(1) الشرفنامە، ص 178.

وادیارە سیستەمی حوکمڕانی لە دەوڵەتی ڕەوادی ئاماژە بەوە دەکات توانیبێتی رادەیەکی گەورەی لە پێشکەوتن هێنابێتەدی تا ئەو رادەی نزیک کەوتبێتەوە لە چەمکی دەوڵەت (State)ی یاسایی بنیاتنراو لەسەر سەروەری یاسا (Soverigeneity Law) لەبری سەروەری حوکمڕانی تاك (سەرۆکایەتی تاکە کەس) کە لە چاخەکانی پێش سەردەمی دەوڵەت پێش 954ز باو بوو.

ناوی فەرمانڕەواکانی ڕەوادی:

محەمەد کوڕی حسێن 463 ك / سەرەتای سەدەی دە 1071 ز

حسێن کوڕی محەمەد 340 ك / 951 ز

ئیبراهیم کوڕی مرزەبان 373 ك / 983 ز

ئەبولهەیجا محەمەد 386 ك / 996 ز

ئەبوناسر کوڕی حسێن 416 ك / 1025 ز

ئەبومەنسور فەهسودان کوڕی محەمەد 451 ك / 1059 ز

محەمەد کوڕی فەهسودان 463 ك / 1116 ز[1].

---

(1) مینورسکی، دراسە تاریخ قفقاسیا، ص 8 ـ 9.

دەوڵەتی شەدادی 340 ك / 468 ك:

دەوڵەتی شەدادی لە ئەرمینیا دامەزرا، لە ساڵی 340 ك / 951 ز یەکەم پادشای محەمەد کوڕی شەداد کوڕی قەرتەق بوو. شاری دڤین (دوین ،دبیل) پایتەختی کارگێڕی و سیاسی و دەسەلاتیان بوو. مێژوونوسان لەوانەش عەرەبە موسڵمانەکان ستایشی دەوڵەتی شەدادیان کردووە، فەرمانڕەواییەکەی لەسەر لەسەر هەمان بنەما و بنچینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوو، حوکمڕانیان ناوبانگی دەرکردبوو بە دادپەروەری و یەکسانی و خۆشگوزەرانی. لە کتێبێکی مێژوونوسی عوسمانی ئەحمەد کوڕی لوتفوڵلای ناسراو بە (مونەجیم باشی) لە یەکێك لە بەشەکانیدا هاتووە، سەبارەت دەوڵەتی شەدادیی کوردی کە فەرمانڕەوای ئاران و ئەرمینیا بوو، وادیارە ئەم مێژوونوسە لە کتێبەکەیدا پشتی بە راستییەکانی مێژوو بەستووە و لە کتێبێکی مێژوویی کۆن لە ساڵی 500 ك نووسراوەتەوە دەڵێت: ((سەرەتای دەرکەوتنی بەنی شەداد لە ساڵی 340 ك بوو و لەناوچوونی ساڵی 468 ك بوو، ماوەی حوکمڕانیان 128 ساڵ بوو، لە یەکەم پادشایانەوە محەمەد کوڕی شەداد کوڕی قەرتەق))[1]. هەروەها ئیبن ئەسیر باسی بنەماڵەی شەدادیانی کردووە و لە بارەیانەوە دەڵێت: ((بنەماڵەیەکی ئیسلامییە دەگمەنە کە بە وردی لە مێژووکەیانی کۆڵیوەتەوە))[2].

لە کاروبارە دەگمەنەکانی ئەمانە و بەهۆی راهاتنیان لەسەر شەڕ و چالاکییان لە سەردەمی ئاشتیدا، راستەوخۆ لەگەڵ هاوسێ مەسیحییەکان لە ئەرمەن جۆرجی و ئەبخازی و روسی و هۆزەکانی دیکەی باکوور هەڵوسەوتیان هەبووە کە سروشتی شوانکارەیی جەنگ و تالان و بڕۆیی بەسەردا سەپاندوون.

گەر لە مێژوو بکۆڵینەوە دەبینین چەندان (حەلقەی) گەوی بزر هەیە سەبارەت ململانێ و رووداوەکان و سەبارەت ژیانی هەندێ لە گەلانی کۆن کە رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی لە رۆژهەلاتی ئاسیای بچووك. بەرچاوترین ئەو ئەلقە و تانەش ئەو

---

(1) منجم باشی، جامع الدول ـ باب الدولة الشدادية.

(2) ابن الاثير، الكامل في تاريخ، المجلد التاسع، ص 289.

ململانێ و ڕووداوە مێژووییانەن کە لە کۆندا پێش دەرکەوتنی تورك و نووسینەوەی هەواڵەکانیان لە مێژوودا ڕوویان داوە.

سەبارەت دەوڵەتی شەدادی، ئەو دەوڵەتەی دەماری سیاسەتمەدارانی بیزەنتی ڕاگرت، کە هەمیشە لە خەمی دابینکردنی بارودۆخیان بوون لە ئەرمینیا و قەوقاسیا. کوردە شەدادییەکان، خەنجەری سەر ئەستۆیان بوون، لە بەرزترین ئاستی بەرهەڵستی ئازایانەی وا ئیمپراتۆرە بیزەنتییەکەیان والێکرد چاوەڕێ بن بارودۆخی دەسەلاتی بیزەنتە لەو ناوچانەدا باشتر بێت بەهۆی دەسەلاتی کوردی پڕ چالاکی جەنگی بێ کۆتایی. فەرمانڕەوای کوردی شەدادی لەو ماوەیەدا گرنگ بوو ڕۆڵی سەروەری کوردی تێدا بەرچاو بوو کەوا ناوبڕی نێوان ڕۆڵی سەروەری عەرەبیی ئیسلامی و داگیرکاری تورکی بوو.

وادیارە خواستی نەتەوەیی لەنێوان دەوڵەتی ڕەوادی و شەدادی بەم شێوەی سەرکەوتنی گەورە لە چالاکییە سەربازییەکانیان بێنێتەدی، لەبەر ئەوەی هەر دەوڵەتێك بەتەنیا کاری دەکرد جیا لەوەی دیکە و بەو شێوەیەی پێی باشە بۆ جێگیرکردنی حوکمڕانی خۆی.

((مێژووی میرنشینە کوردییەکان تایبەتمەندییەکی هەبوو و ئەویش زۆری کێشە و ململانێی ناوەخۆ بوو و جەنگی بەردەوام بوو بە درێژایی مێژوو، ئەوەیان بووە هۆی بێهێزی قەوارەی سیاسی و ڕێگاخۆشکەر بۆ دەستێوەردانی بیانی، بەتایبەتی لە لایەن فورس و تورکەکانەوە))[1].

((زۆربەی ئەم ململانێ و ناکۆکیانە بەهۆی خوازیاری و چاوتێبڕینی کەس بوون و ڕکابەری لەنێوان سەرۆکەکانی کە هەوڵیان دەدا بگەن بە دەسەلات، هەریەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و دەردەست کردنی دەسکەوت و زەوی زیاتر))[2].

((کەواتە دەکرێ بڵێین ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی هۆز و خێڵە کوردییەکان ئادگارێکی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردی بووە بە درێژایی مێژووەکەی، لەهەمان کات گرنگترین هۆ بووە کە بووەتە ڕێگر لە بەردەم دروست بوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو))[3].

---

(1) محمد زکی امین، ص 260.

(2) باسیل نکتین، الاکراد، ص 158. لیمرخ، دراسات حول الاکراد، ص 10.

(3) محمد زکی امین، ص 149.

هەرچۆنێکی بێت، ئەوا محەمەد کوڕی شەداد سەرۆکی دەوڵەتی شەدادی ڕووبەڕووی هێرشێکی گەورە بووەوە لە لایەن بنەماڵەی بەکراتی جۆرجی لە نێوان سالانی 952 ـ 977 زایینی و توانی ئەم هێرشە شکست پێبێنێت و بیسەلمێنێت کە سەرکردەیەکی کوردی ئازا و جەنگاوەرێکی پلە یەکە و دوای مردنی، کوڕەکەی فەزلوڵلای یەکەم 985 ـ 1031 ز شوێنی گرتەوە، کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بەناوی (فەزلون) ناسراوە. کارەکانی ناوبانگیان دەرکرد زیاتر لەوەی باوکی ئەنجامیدان، توانی دەسەلاتی سیاسی دەوڵەتی شەدادی فرەوان بکات.

ناوی فەرمانڕەواە شەدادییەکان:

1- محەمەد کوڕی شەداد کوڕی قەرتەق 340 ك / 944 ز
2- عەلی لەشکری یەکەم کوڕی محەمەد 360 ك / 971 ز
3- مەرزبان کوڕی محەمەد 368 ك / 978 ز
4- فەزلی یەکەم کوڕی محەمەد 375 ك / 985 ز
5- ئەبولفوتوح موسا 422 ك / 1031 ز
6- عەلی لەشکری دووەم 425 ك / 1049 ز
7- ئەبوشێروان کوڕی لەشکری 440 ك / 1049 ز
8- ئەبو ئەسوار شافوری یەکەم 441 ك / 1022 ز
9- ئبن فەزل 413 ك / 1022 ز
10- فەزلی دووەم کوڕی شافور 459 ك / 1067 ز
11ـ فەزلی سێیەم (فزولون) 468 ك / 1073 ز
12- ئبن فەزل 1075 ز
13- منوچهر کوڕی شافوری یەکەم 512 ك / 1118 ز
14- فەزلی چوارەم (فەزلون) 519 ك / 1125 ز
15- کوڕی شافوری دووەم (ئەبوئەسوار) ؟
16- محەمەد کوڕی شافوری دووەم ؟
17- خۆشچیهر 525 ك / 1131 ز

18- فەخرەدین شەداد 550 ك / 1155 ز

19- فەزلونی پێنجەم ؟

20- سولتان شاهەنشا 559 ك / 1174 ز[1].

توانی دەست بەسەر بەشێکی گەورەی ئەرمینیا دابگرێت و فەرمانڕەوایییەکەی نزیکەی 47 ساڵی خایاند، تیایدا بلیمەتی و ئازایەتی و ڕۆڵی خۆی لە ئەنجامدانی کاری شکۆدار بۆ ئیسلام نواند، وەك: سەرانە (جزیە) ی خستە سەر جۆرجی و ئەرمەن و هەوڵیدا ئاینی ئیسلام بڵاو بکاتەوە لە بەشێکی فرەوانی ولات و ئەم ئەمیرە کوردە نازناوی فەرمانڕەوایێك موسڵمانی بەسەر خۆی لێندرا[2].

مەسیحییەکان کە بینیان دەوڵەتی شەدادی موسڵمان بەهێزن و ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە و هیچ ئاکامێکی جەنگی لەبار دژی وی و بالادەستی سیاسی ئەو بەدەست بێنن، هەوڵیاندا چەندان هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتە مەسیحییەکانی دەوروبەر ببەستن، سەرەڕای داوای یارمەتی لە بیزەنتیەکان بەناوی (خاچ پارێزی) بۆ ئەوەی پشتگیری مەسیحیەکان بەدەست بێنن بۆ وەستاندنی ئەم بالا دەستییەی موسڵمانان لە ناوچەی ئاسیای بچووك، ئەوەی یاریدەری ئەم هەڵوێستەش بوو پێکدادانی دەوڵەتی حەمدانی عەرەبی لەگەڵ بیزەنتیەکان بوو، ململانێیەکی توند بوو شەدادیەکان هاوبەشیان تیادا کرد بۆ پشتگیری موسڵمانەکان بێ هیچ ئامانج تەنیا بلاوکردنەوەی ئیسلام و فرەوانکردنی دەوڵەتی شەدادی بوو تا ناوچەکانی خوارووی ئاراکس بگرێتەوە.

میر فەزلی یەکەم کوڕی محەمەد کوڕی شەداد لە ساڵی 422 ك، کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو کوڕەکەی ئەبولفتوح موسا هاتەسەر تەخت و نزیکەی سێ ساڵ حوکمڕانی کرد. لەو کاتەدا ڕوسەکان هاتنە مەیدانی سیاسەت، ململانێ و ڕووداو هاتنە پێشەوە، زۆر توندبوون بۆ کوردان و لە جەنگی دڕندانەدا، بنەماڵە کوردیەکان بە تەنیا نەیانتوانی بەرگەی گرن، تەنیا لەرێگەی هاوپەیمانێتی سەربازی نەبوایە لەگەڵ دەوڵەتانی مەسیحی هاوسێ نەبێت، وەك: ئەبخاز و جۆرجی و ئەرمەن و ئەوانی دیکە.

---

(1) مینورسکی، ص 36 ـ 132.

(2) مینورسکی، ص 42.

لە ناکامی پیلانی ئەرمەن لەگەڵ کرج و جارێکیش لەگەڵ بیزەنتییەکان دژی شەدادیەکان بەتایبەتی و دژی ئیسلام بە گشتی، توانیان بەسەر ئەم میرنشینە زاڵ بن و لە ساڵی 595 ك / 1191 لەناویان برد. لەگەڵ مەغۆلەکان هاوکاریان کرد و هێرشێکی هاوبەشیان کردە سەر رۆژهەلاتی ئیسلامی، بە ناوەندی میرنشینی شەدادیشەوە شاری (ئانی) ئەوکاتی، بەم جۆرە فەرمانڕەوای ئەم میرنشینییە لە مێژوودا کۆتایی هات، شەدادیەکان هیچ رۆڵێکی سیاسیان نەما، تەنیا ئەوە نەبێت هەندێ کتێب و ژیاننامە و مردووان باسی زانیانیان دەکەن[1].

(1) الامارة الشدادية الكوردية فى بلاد ئاران، اسماعيل شكر رسول، أربيل، 2001، ص 89.

دەوڵەتی مەروانی (دۆستەکی) 372 ك / 1085 ز:

مێژوونوسان ئاماژەیان بە بالادەستی روسەکان نەکرد بەسەر دەسەلاتی سیاسی کوردی لە ناچەکەدا. دەوڵەتی دۆستەکی کوردی دەرکەوت، میر ئەبو عەبدوڵلا حوسێن کوڕی دۆستەك ناسراو بە (باز ئەبی شوجاع) ی سەر بە هۆزی حەمیدیەی کوردییە، ئەوانەی لە گەورەترین و بەناوبانگترین هۆزی ئاکرێ دەژمێردران کە لەو چیایانە نیشتەجێ بوون کە لە شارەوور تا ئامەد دەگرێتەوە.

میر (باز) چەندان شەڕی لەگەڵ بوەیهی و هاوپەیمانانی لە حەمدانیەکان کرد ـ بەپێی پەیماننامەی نسیبین 374 ك / 914 ز کە لەنێوان بوەهییەکان بەسترا توانی ناوچەیەکی فرەوان لە دیاربەکر ـ ئامەد دەستبەیەراگرێت، وەك حسەن کیف (حصن کیف) و ئامەد و نسیبین و جزیرەی ئبن عومەر و حسن کیفای کردە پایتەختی خۆی[1]. خەلیفەی عەباسی قادربیللا نازناوی (شاباز ئەبی شوجاع) ی پێبەخشی و دراوی تایبەتی هەبوو لە ساڵی 360 ك / 968 ز بلاوی کردەوە کە نەخشێکی لەسەر بوو نازناوەکەی بوو و لە وتاری رۆژانی هەینی ناوی لەسەر مینبەر دەخوێندرایەوە لەتەك ناوی خەلیفەدا.

بنکەی حوکمڕانی مەروانیەکان لە میافارقین بوو، میر (باز) ی ناوبراو زۆر جەنگا لەگەڵ بوەیهییەکان تا ئەو رادەی سوپاکەی گەیشتە نزیك موسڵ و لە ساڵی 380 ك / 990 ز داگیری کرد[2]، و لەبن دەستی دەیلەمیەکانی رزگار کرد. ئەم هەواڵە گەیشتە گوێی سەمامولدەولەی بوە یهی، زۆر ترسی لێنیشت و توند و نائارام بوو سوپایەکی گەورەی پێکەوەنا بەرەورووی بووەوە، بە سەرکردەیی زیاد کوڕی سهراکویە هەردوو سوپا لە نزیك تکریت تێکپڕژان. ئەبوشوجاع ترسا و گەڕایەوە، لە موسڵ نەوەستا بەڵکو یەکسەر گەڕایەوە دیاربەکر و هەردوولا

(1) ابن الاثیر، الکامل، ج 7، ص 123. ابن الأرزق الفاروقی، تاریخ الفاروقی، تحقیق بدوی عبدالطیف، بیروت، 1974.

(2) بگەڕێوە بۆ: عبدالرقیب یوسف، الدوله الدوستکیه، ج 1، بغداد، 1972، ص 117 ـ 127.

پەیاننامەی ئاشتیان بەست.لە ساڵی 377 ك / 978 ز (شاباز ئەبوشوجاع) سوپایەکی گەورەی رێکخست و بەرەو موسڵ هات. ئەوکات شەرفولدەولە حوکمڕانی بەغدای دەکرد. ئەوکاتی ئەبانەسەر خواشازەی کردە سەرکردە بۆ بەرگری کردنی، بەلام (باز) خۆی رانەگرت ناچار پاشەکشەی کرد و داوای یارمەتی و فریای کرد. ناچار داوای یارمەتی لە دوو خێڵی بنی عەقیل و بەنی نەمیری عەرەبی کرد و ئەبوشوجاع براکەی (تەلیعەتولدەولە) ی کردە سەرکردەی سوپا و لە شەڕدا براکەی کوژرا و سوپاکەی تێکشکا.

لە ساڵی 380 ك / 900 ز نیازی گرتنی موسڵی هەبوو، وارێکەوت ئەسپەکەی ساتەی کرد بەریدایەوە، لە ئاکامی ئەوە لە رۆژی دووەمی جەمادی ئاخر کۆچی دوایی کرد. دەڵێن: یەکێك لە بەنی عەقیل بە کوژراوی بینیویەتی هێشتا ژیانی لەبەر دابووە، ئەویش سەری بڕیوە وبردوویە بۆ حەمدانییەکان، ئەوانیش بردویانە بۆ بەغدا و لەسەر دەری میرنشینەکەیان هەڵواسیوە لە موسڵا[1].

دوای ئەو کوڕی خوشکەکەی ئەبوعەلی حەسەن کوڕی مەروان دەسەلاتی گرتە دەست و شاری حەسەن کێفی کردە بارەگا و دەستی کرد بە فرەوانکردنی حوکمڕانی دەسەلات و کۆنترۆلکردنی ناوچەکانی دیکە بۆ ماوەیەکی زۆر[2]. لەو ماوەیەدا هەریەك لە ئەبوتاهیر ئیبراهیم و ئەبی عەبدوللا حوسێن حەمدانی بۆ دەستگرتن بەسەر ولاتی (باز) ی بێ خاوەن، ئەبوعەلی حەسەن کوڕی مەروان رووبەڕویان بوومەوە و شەڕی لەگەڵ کردن، شەڕێکی توند و ئەباعەبدوللای بەدیل گرت و دواتر وەك پیاوەتی بەرەڵلای کرد. دوای ئەم سەرکەوتنە رووی کردە دیاربەکر و حکومەتە بەناوبانگەکەی دامەزراند بەناوی (حکومەتی مەروانی) و بە دادپەروەری و پیاوەتی جوولایەوە لەگەڵ میللەت و بایەخی بە ئاوەدانکردنەوەدا و ولاتی خۆی فرەوانکردتا لە باکووری رۆژهەلات گەیشتە موسڵ و دەوروبەری لە لایەن خۆیەوە حوکمڕانێکی بۆ دانا و دراوی بەناوی خۆی لێدا. ئەبوعەلی کوڕی مەروان لە ساڵی 387 ك / 997 ز دەستێکی چەپەڵ لەناوی برد.

---

(1) الشرفنامە، ص 101.

(2) عادل تیکن، دیاربکر، استنبول، 1971، ص 24.

لە دوای ئەو براکەی ئەبو سەید مەنسور مومهیدی ئیسلام[1] بوو بە حوکمڕان، ئەویش بایەخی بە کاروباری دەوڵەت دا و دراوی لێدا و بە بلیمەتی حوکمڕانی دەکرد تا ساڵی 402 ك / 1011 ز، شروە کوڕی مامی خاوەن قەلای (ئوتاق = هتاج = لیجە) میوانداری کرد بە پلانی کوشتنی. لە دوای ئەو پادشای دادپەروەر ناسرولدەولە ئەحمەد بوو بە پادشا کەوا بلیمەت و لێزان بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی[2]. بەمجۆرە پادشایانی مەروانی تا ساڵی 478 ك / 1058 ز حوکمڕانیان کرد کە سەلجووقیەکان دەوڵەتی مەروانیان لەناو برد، دوای ئەوەی وەك هێزێکی سیاسی و سەربازی لە ولاتی خەلافەتی عەباسیدا دەرکەوتن. سەلجووقیەکان بە هێزەکانیان هێرشیان کردەسەر ولاتی بەنی مەروان و داگیریان کرد لە ئامەد و میافارقین و جزیرەی ئبن عومەر و حەیمن کێف لەبن دەستی بەنی مەروان ئەما هەموو کەوتە بن دەستی بەنی جەهیر[3]. بەم جۆرە دوڵەتی مەروان تێکشکا[4].

لەگەڵ دەرکەوتنی روس و هاتنی بیزەنتییەکان بۆ ناوچەکە لە سەدەی دوازدەدا، یارمەتیدەر بوو بۆ پتەوکردنی کۆڵەگەکانی یەکەم جەنگی خاچپارێزی کە تیایدا بیزەنتییەکان مەبەستیان بوو هێز و فرەوانبوونی ئیسلام رابگرن. سەنگی گەورەی ئەم جەنگەش کەوتە سەر ئەستۆی کوردان، سەرکردایەتی رزگاریی ئیسلامیان کرد لە ئاسیای بچووك زۆر بە توندی و دڕندەیی. دەشێ بەرچاوترین پلەی توند و تیژی مەسیحایەتی بۆسەر کورد ئەوکاتە دەرکەوت کە (باز) میری کورد سەرۆکی دەوڵەتی دۆستەکی کوردی کۆچی دوایی کرد کە باسکرا، دوا بە دوای ئەوە پێشەنگی مەسیحیەکان هاتن بۆ پایتەخت کە (میافارقین) بوو لە لایەن سەرکردەی ئەرمەنی داود ئەنهولین گەمارۆدرا، لەوەشدا جۆرجیەکان و لایەنی دیکەش یارمەتیاندا تا دانیشتوانە کوردەکە خۆیان بە دەستەوەدا دوای بەرگرییەکی توند و ئازایانە، لە دواکایە نەمانی بژێوی و تفاق ناچاری کردن خۆ

---

(1) ابن الاثیر، الکامل، ص 144. ابن العربی، تاریخ مختصر الدول، ص 173.

(2) الشرفنامە، ص 102.

(3) تاریخ الفارقی، ص 209.

(4) التکریتی، الامارة المروانیة، ص 105.

بەدەستەوە بدەن. ئەرمەن و هاوپەیمانەکانیان کوردیان لە شارەکە وەدەرنا و سەروەت و سامانیان هەموو بە تالان بردن و مزگەوتە گەورەکەی شار کە بە مزگەوتی دۆستەکی ناسرابوو وێرانکرد.

ئەم کارە نامرۆییە کاریگەری زۆری هەبوو لەنێو میرە کوردەکان و داوایان لێکردن شارەکە جێبهێڵن و بیدەنەوە خاوەنەکانیان لە کوردان، ئەوانیش رازی نەبوون، سەرکردەیەکی کورد بەناوی محەمەد کوڕی نەبی هەیجای ڕەوادی میری دەوڵەتی ڕەوادی لە ئازەربایجان سوپایەکی گەورەی ئامادە کردو بەرەو ئەرمینیا کەوتە ڕێ، سەرەتا بە ولاتی (جاغکوید) دەستی پێکرد لە نزیک چیای ئارارات و دواتر بەرەو شاری مەلازگرد[1] و تۆڵەی لێکردنەوە.

---

(1) تاریخ الفارقی، تحقیق د. بدوی عبدالطیف، القاهرة، 1959، ص 58.

دەوڵەتی ئەیوبی 1171 ز ـ 1250 ز:

ئەم دەوڵەتە سەرکردەی گەورەی کوردی بەناوبانگ سەلاحەدین دایمەزراند، دراپاڵ باوکی ئەیوب کوڕی شادی، لە میسر و سوریا و وڵاتی شام و یەمەن حوکمڕانی کرد[1].

یەکەم (ئەیوبییەکان لە میسر):

ناسر، سەلاحەدین یوسف کوڕی ئەیوب 1174 ز

عەزیز، عوسمان کوڕی سەلاحەدین 1193 ز

مەنسور، محەمەد عوسمان 1119 ز

عادیل، ئەحمەد کوڕی ئەیوب 1119 ز

کامیل، محەمەد کوڕی محەمەد 1238 ز

سالح، نجم الدین ئەیوب کوڕی محەمەد 1240 ز

موئەزەم، تورانشا کوڕی نەجمەدین 1249 ز

دووەم: ئەیوبییەکان لە دیمەشق:

نورەدین عەلی کوڕی سەلاحەدین 1193 ز

عادل[2] ئەحمەد کوڕی ئەیوب 1218 ز (میسر و شام)

موعەزەم عیسا کوڕی ئەحمەد 1219 ز

ناسر داود کوڕی عیسا 1127 ز

---

(1) سەلاحەدین، کە پادشایی و سوڵتانی گرتە دەست، قودسی خەلیل و لرەحمانی لە دەست مەسیحییەکان دەرهێنا، قەراقوشی کوڕە بەرای نارد بۆ داگیرکردنی مەغریب و بە سوپایەکی زۆر تەڕابوسی لەدەست فەرەنگەکان سەندەوە و براکەی شەمسولدەولەتوران شای ناردە یەمەن و داگیری کرد. لە ساڵی 1174 ز شاری دیمەشق و وڵاتی شامی کەوتە بەردەست دواتر میسر.

(2) (محیدونەیی کوڕی مەهدی) کە بەسەر شانشینی یەمەن زاڵ بوو بەزۆر و زوڵم و زۆرداری لە خەڵك کرد، گۆڕێکی بۆ باوکی لەژێر دروست کرد و خەڵکی ناچار کرد لە دەورەی بخولێنەوە لەبری کەعبە، تورانشا گرتی و بە خراپترین شێوە کوشتی لە ساڵی 569 ك / 1182 ز.

ئەشرەف موسا کوڕی ئەحمەد 1229 ز

سالح ئیسماعیل کوڕی ئەحمەد 1237 ز

کامیل محەممەد کوڕی ئەحمەد 1238 ز (میسر و شام)

عادل محەممەد کوڕی ئەحمەد 1238 ز (میسر و شام)

سالح نەجمەدین ئەیوب کوڕی محەممەد(1) 1239 ز

سالح نەجمەدین ئەیوب کوڕی محەممەد (2) 1245 ز

سالح ئیسماعیل کوڕی ئەحمەد (2) 1239 ز

موعەزەم تورانشا کوڕی نەجمەدین 1245 ز (میسر و شام + یەمەن)

سێیەم: ئەیوبییەکانی حەلەب:

عادل ئەحمەد کوڕی ئەیوب 1138 ز

زاهیر غازی کوڕی سەلاحەدین 1218 ز

عەزیز محەممەد کوڕی غازی 1216 ز

ناسیر یوسف کوڕی محەممەد 1236 ز

چوارەم: ئەیوبیەکان لە حەمات:

تەقیەدین عومەر کوڕی تورانشا کوڕی ئەیوب 1178 ز

مەنسور ئەحمەد کوڕی عومەر 1191 ز

ناسر قلج ئەرسەلان کوڕی سلێمان 1220 ز

موزەفەر (1) مەحمود کوڕی مەحمود 1229 ز

مەنسور محەممەد کوڕی مەحمود 1224 ز

موزەفەر (2) مەحمود کوڕی مەحمود 1214 ز

پێنجەم: ئەیوبییەکان لە حەمس:

مەنسور شێرکۆ کوڕی شادی 1169 ز

قاهیر محەممەد کوڕی شێرکۆ 1178 ز

موجاهید شێرکۆ کوڕی محەممەد 1116 ز

مەنسور ئیبراهیم کوڕی شێرکۆ 1240 ز
ئەشرەف موسا کوڕی ئیبراهیم 1246 ز

شەشەم: ئەیوبییەکان لە میافارقین:

ناسر سەلاحەددین کوڕی ئەیوب 1185 ز
عادل ئەحمەد کوڕی ئەیوب 1194 ز
ئەوحەد ئەجمەدین کوڕی یوسفەدین 1199 ز
ئەشرەف موسا کوڕی سەیفەدین 1210 ز ـ دواتر شام
موزەفەر شەهابەدین غازی کوڕی یوسفەدین 1121 ز
کامل ناسیرەدین محەمەد کوڕی شەهابەدین 1244 ـ 1284[1].

---

(1) (المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق، بيروت، ط1986، ص 104.

میرنشینی حەسنەوەیهی 348 ك / 959 ز:

دامەزرێنەری میرنشینی حەسنەوەیهی کوردی، حەسنەوەیهی کوڕی حەسەن بوو. ئەم حکومەتە بە دەوڵەتی حەسنەوەیهی ناونرا بەدانە پاڵ میر حسێن باوکی حەسنەوەیهی ـ حەسەن وای، سەرۆکی لکی (برزیکان) ی کە کاردار (عامل) بوو لای روکنولدەولەی بوە یهی، کە ئەم پادشا بوە یهیە سکالای تالان و برۆی کوردان کرا، وەلامی دانەوە: کوردیش پێویستی بە خواردن هەیە... مێژوونوسە عەرەبەکان ستایشی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و سیاسی حەسنەویـیەکانیان کردووە[1].

خەلیفەی عەباسی موتەقیللا ئیبراهیم لە میری حەسنەویە ترسا، سوپایەکی گەورەی کۆکردەوە و بە سەرکردەیی وەزیرەکەی رەوانەی کرد، بەلام سەرنەکەوت و شکستی هێنا. میرحسێن زۆر چەك و تفاقی گەورە و سەنگینی دەستکەوت. نیازی فرەوانکردنی ولاتەکەی کەوتە سەری و دەستی کرد بە داگیرکردنی قەلا و قوللەی دەوروبەری شانشینییەکەی کە ناوچەی ئەهواز، خوزستان، ئەسعەد ئاباد، شارەزوور و جێی دیکەش بوو. موعیزلدەولەی بوەیهی

---

(1) ئەوەی حەسنەوییەکان لە ناوچەی برادۆستی ئێران جێگیربوون بەپێی مێژوونوسی کورد محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبەکەی (تاریخ الامارات الکردیە)، ترجمە العربیە، 1945، ص 388.مینورسکی ئاماژە بە رۆڵی پەروەردەیی بەدر کوڕی حەسنەوی دەکات کە حوکمڕانی خێڵەکەی دەکرد بە توندوتیژی و رێی بە هیچ هەڵەیەك نەدەدا کەس بیکات. چەندان میرنشینی دیکە هەن وەك: میرنشینی بەنی عەناز (380 ـ 510 ك) کە لە ناوچەی چیایی لە ساڵی 1116 ز دروست بوو، میرنشینی (شوانکارە) ی کە لە فارس دروست بوو لە سەدەی یازدە, میرنشینی (هەزار ئەسپ) کە لە ماوەی (1148 ـ 1139 ز) لە ناوچەی لورستانی گەورە دروست بوو. هەموو ئەم میرنشینانە تایبەتمەندی دەسەلاتی راستەقینەیان هەبوو.

لەوەی رابرد دەردەکەوێت، بەگشتی کورد خاوەنی رۆڵێکی گەورەبوون لە سەدەکانی بەرایی ئیسلامدا لە دیاریکردنی چارەنوسی خەلیفەکان و نەیارانیان، لەبەر ئەوەی خاوەنی توانایەکی گەورەی جەنگاوەری بوون، هێزێکی پێویست بوون.

خوازیاری موڵك و سامانی بوو، فەرمانی بە سەرکردەکەی (ینال کوش) کرد سوپایەك لە بەنی تەغلیبی حەمدانی ئامادە بکات و هەڵمەت بکاتە سەری. میر حەسەنەوی کە گوێبیستی ئەو هەواڵە بوو بۆی دەرکەوت و تێکپرژان لە رۆژئاوای ئەربیل ـ هەولێر، شەرێکی گەورە روویدا. یەنا کوش شکستی هێنا و هەلات. حەسنەوەیهی بە سەرکەوتوویی و دەسکەوتی زۆرەوە گەراوە. موعیزولدەولە کە ئەم هەواڵەی بیست سوپایەکی دیکەی لە بەنداوە کۆکردەوە و ناردی بۆ (دینور) و تالانی کرد و گوندەکانی سووتاندن.

کە میرحسێن بەوەی زانی سوپایەکی گەورەی ئامادە کرد بۆ بەرەنگاربوونەوە و سەر ریی لێگرتن، بەلام بەختەوەر بوون خۆیان لە پێکدادان لادا. لەبەر ئەوەی روکنولدەولەی بوەیهی شەرێکی گرانی کردبوو لە دژی کوردان لە گورگان = جورجان ئەوەندەی نەمابوو شکست بێنێت و پەنای بردبووە بەر براکەی موعیزولدەولە، ئەویش وایکرد، پەیاننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ میرحەسنەوەیهی مۆر کرد، بە مەرجێ ناوی لە وتاری نوێژی هەینی بێت، میر حەسنەوەیهی ئەو مەرجەی رەتکردەوە و نیازی هەڵگیرساندنەوەی شەریان هەبوو. بەلام موعیزلدەولە شاندێکی بۆ نارد لە ژمارەیەك میر و پیاو ماقولان بۆ خۆیانی رابکێشن و پەنجا هەزار دیناری بۆ نارد بەوە رازی بوو پەیمانی ئاشتی مۆر کرد. پەیوەندی نێوان هەر دوو حکومەتی برزینی و بوەیهی خۆش بوو میر حەسنەوەیهی لەگەل ئەوان دژی دوژمنەکەیان جەنگا.

لە ساڵی 356 ك / 963 ز شەرێکی گەورە لەنێوان عیززولدەولە و بەختیار کوری موعیزولدەولە و میرحەسنەوەیهی هەڵگیرسا، بەلام عیززولدەولە شکاو خراپ شکا، میر حەسنەوەیهی هێز و توانا و دەسەلاتی بەرز بووە ـ ساڵی 357 ك / 967 ز ـ نەهاتبوو تا پێکهاتنەوە و ئاشبوونەوە بەختیار عیززولدەولە دیاری زۆری بۆ نارد. هەروەها پەنای بۆ برد لە جەنگی دژی تەغلوبی حەمدانی بۆ بێهێزکردنی دەسەلات و سام شکاندنی، میر حەسنەوەیهی لەگەڵ نەبی تەغلیب جەنگا و سەرکەوت و هەتا (رقە) دوایکەوت. دواتر بە سەرکەوتوویی گەرایەوە بۆ دەینور لە هەولێر و شارەزووورەوە.

ئەم ڕێکەتنەی نێوان عیززولدەولە و میر حەسنەوەیهی، هۆیەك بوو بۆ نارەزایی روکنولدەولەی بومیهی، زۆر توڕە بوو رکی هەڵسا، وەزیرەکەی ئبن ولعەمید ئەبافەزل محەمەدی نارد بۆ هەڵمەت کردنە سەر دینور و شارەزوور و لە دەست حەسنەوەیهی دەربێنێت، بەلام مردن مەودای نەدا و کوڕەکەی ئەبی لفەتح سەرکردایەتی گرتە دەست. ئەویش بە چاکی زانی بە ئاشتی لەگەڵ میر حەسنەوەیهی بکات، بە مەرجی گێڕانەوەی زیانەکانی شەڕ، حەسنەویهی ئەم بارەی بەسەر کەوتنی مەزن دانا. دوای ئەو کوڕەکەی بەدرسەنەوی جێی گرتەوە و لە دیوانی خەلیفایەتی نازناوی (ناسرولدەولە) ی پێبەخشرا، دوای ئەوە کوڕەکەی هیلال کوڕی بەدر جێی گرتەوە. لە سەردەمی وی زۆر جەنگ روياندا تا لە سەردەستی سەربازێك کوژرا. دواتر تاهیر کوڕی هیلال دەرکەوت و لەگەڵ شەمسولدەولە کەوتە شەڕ، بەلام بەخت یاوەری نەبوو و گیرا و خرایە زیندانی هەمەدان. شەمسولدەولە کەزانی جەلالودەولە، میرنشینی شارەزوور و دەوروبەری داوەتە میر ئەبی لفەتح محەمەد کوڕی عەیار، دەستی بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ تاهیر و ڕێکەوتنێکی لە ساڵی 406 ك / 1015 ز لەگەڵ بەست، بە مەرج و پەیمان و رەهای کرد و دانی نا بە میرنشینی لەسەر شارەزوور و سوپایەکی گەورەی بۆ ڕێکخست بۆ ئەوەی شانشینییەکەی وەرگرێتەوە، ئەبولفەتح محەمەد میری شازنجان سوپایەکی گەورەی بە سەرکردایەتی کوڕەکەی ئەبی شەوك فارس ڕێکخست تا ڕێگەی لێ بگرێت، بەلام نەیتوانی و تاهیر بەسەریدا زاڵ بوو براکەی سەعدی کوشت و بەردەوام بوو تا هەموو ولاتە داگیرکراوەکەی وەرگرتەوە، لە دواکایە پێکهاتنەوە و تاهیر خوشکی ئەبی شەوکی لەخۆی مارە کرد، بەلام ئەبی شەوك بە رواڵەت خۆشەویستی خۆی پێشان دەدا، بەلام لە ژێرەوە دژایەتی و نەیاری دەکرد تا دەرفەتی بۆ رەخسا و کوشتی لەبری خوێنی براکەی و بە مردنی میر، دەوڵەتی حەسنەویی کۆتایی هات و بنەماڵەی عەیاریی کوردی پەیدا بوون[1].

---

(1) بگەڕێوە بۆ کتێبی (شرفنامە)، ص 113 _ 111. بڕوانە: (شەرەفنامە)، مێژوونووسان لە چاك نووسینەوەی ناوەکە ناکۆکن، هەیە دەڵێت (عیار)هەیە دەڵێت (عیاز) ، هەروەها (ئبن ئەسیر) بە (عناز) نووسیوە. هەندێکی دیکە بە (عەنان) ، بەلام راست نووسینەکەی شەرەفنامەیە(عیار) واتە مەکەرمر ، گزی و فێڵ کەر و سیاسی و لێزان و بلیمەت ئومشیان وشەیەکە لە نێو کوردانی زۆر بە کار دێت.

دەرووی حەوتەم

هزری نەتەوە گەری و هیوا و ئاواتە رەواکانی نەتەوەی کورد

(The idea of nationalism and Legitimate aspirations of kurdish nation)

- چەمکی نەتەوەگەری Nationalism
- چەمکی نەتەوە Nation
- نەتەوەگەری لە گۆشە نیگای کوردان
- پەیوەندی نەتەوەگەری بە مرۆڤایەتی و جیهانیبوون
- تەواو پێگەیشتنی نەتەوەگەری کوردی
- قۆناغە زێرینە کانی نەتەوەی کورد تیا یدا دەژیا
- تایبە تمەندییە رەواکانی نەتەوەگەری کوردی

چەمکی نەتەوەگەری Nationalism

نەتەوە کۆمەڵە مرۆڤێکن لە سەر خاکێك دەژین، پەیوەندی ژیان و چارەنووسی هاوبەش بە یەکیان دەبەستێتەوەو نیشتیمان و مێژوویەکیان هەیە.لە فەرهەنگی فەلسەفی (المعجم الفلسفي)[1]دا هاتووە: نەتەوەگەری لە زمان دا : کۆمەڵەیەکن لە خەڵك پەیوەندییەك کۆیان دەکاتەوە، نەتەوە لە زاراوەدا : کۆمەڵە خەڵکێکن یەکێتی زمان و داب و نەریتی کۆمەلایەتی و بنجی رۆشنبیری و هۆیەکانی بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. نەتەوە nation هاو واتای ئەوە کۆمەڵە کەسانێکن یەکێتیەکی سیاسی پێکدێنن لەسەر بنچینەی یەکێتی نیشتمان و مێژووو هیوا و ئاواتەکان دامەزراوە. نەتەوەیی (national) ئەوەی خراوەتە پاڵ نەتەوە. نەتەوەگەری، پەیوەستییەکی کۆمەلایەتی سۆزداریشە، لە ئاکامی هاوبەش بوون لە نیشتمان و رەگەز و زمان و رۆشنبیری و مێژوو و شارستانیەتی و هیوا و بەرژەوەندییەکان پەیدا دەبێت.

وشەی (قەوم) لە فەرموودەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) هاتووە : قال رسول الله (ص) لابي رافع و كان مولي الرسول ثم اعتقه عندما بشر باسلام العباسي : يا ابا رافع انا اهل البيت لا تحل لنا الصدقة، و ان مولي القوم منهم ((اى انه لا تحل الصدقه ايضاً على ابي رافع لانه من اهل البيت)).[2]

پێغەمبەر (د.خ) بە ئەبی رافعی فەرمووە ، کە کۆیلەکی پێغەمبەر بوو دواتر ئازادی کرد، کە مژدەی ئیسلام بوونی عەبباسی پێراگەیاند: ئەبا رافع ئێمە سەدەقەمان پێناشێت، کۆیلەی هەر قەومێك لە وانە(واتە سەدەقە پێدانی رەوا نییە واتە سەدەقە دانە ئەربی رافع ناشێ چوونکە ئەندامی هەمان بنەماڵەیە)).

هەروەها زەکوان کۆیلەی حسێن کووڕی عەلی(س) لە رەددانەوەی عەلی کوڕی زوبێر کوڕی عەوام بە ئامادەیی مەعاویە وتی: ئەم بەندەیە لە تۆ چاکترە، پێغەمبەر (د.خ) فەرموویتی

---

(1) المعجم الفلسفي، د.جميل صليبا ، مج 2 ، القومية ، ص205،دارالكتاب اللبناني ، بيروت

(2) الطبقات ابن سعد ، المجلد رابع، القسم الاول، ص125.

(مولی القوم منهم) واتا کۆیلەی قەوم لە وانە، مـن کۆیلـەی پێغەمبـەری خـودام (د.خ) و تـۆ زوبێری کوڕی عەوام کوڕی خوێلیدی، ئێمە چاکترین لە لاگری و چاکترین لە کار دا[1].

(1) العقد الفريد، لابن عبد ربه الاندليسي، المجلد رابع ص 15، دارالكتاب العربي، بيروت.

چەمکی نەتەوە

فارابی لەو باوەڕە دایە کەوا کۆمەڵەی شارنشین (کۆمەڵەیەکی تەواون) لە بەر ئەوەی دەرفەتی گەیشتنە تەواو پێگەیشتن بۆ ئەندامەکان دەرەخسێنێت، ئەتەوەش کۆمەڵەیەکی تەواوە،کۆبوونەوەی خەڵکی ئاوەدانی کۆمەڵەیەکی تەواون.

تەواوێتی کە لە هەر یەك لەو کۆمەڵبوونانە دێتەدی یەك لە یەك جیاوازە، کۆمەڵبوونی لە شاردا لە خوار کۆمەڵبوون لە نەتەوە دایە ئەوەی دواییش لە خوار کۆمەڵبوونی گشتگیری هەموو مروڤایەتییە .

هەر نەتەوەیەك لەوەی دیکە بە سێ تایبەتمەندی جیاوازە:

1- دروستی سروشتی (کۆی سیفەتە جەستەییەکان).

2- خەسڵەتە سروشتییەکان (تایبەتمەندییە رەفتار و خوازیارییەکان).

3- زمان[1].

فارابی چەمکی نەتەوە و میللەت لە یەك جیا دەکاتەوە، نەتەوە یەکەیەکی سروشتی کۆمەلایەتی سیاسییە، کە چی میللەت کۆمەڵە رای جیاوکارێکی ئادگاری ژیانی کۆمەڵەیەکی دیاری کراوە. بەم جۆرە چەمکی میللەت هاو تایە بۆ چەمکی شەریعەت بە واتا فراوانەکەی هاو واتای ئایین دێت.

دەشێ نەتەوە بەوە پێناسە بکەین: کۆمەڵەیەکی جێگیرە لە خەڵك لە دیرۆك دروست بووە، خاوەن زەوی و زمان و ژیانی ئابووری و پێکهاتەی دەروونی هاوبەشن، کە خۆ لە رۆشنبیری هاوبەشی گەل دەدۆزێتەوە. نەبوونی هەر مەرجێك ئەم کۆمەڵە پەك دەخات لەوەی نەتەوە بێت[2].

---

(1) الفارابی، مفهوم الامه .

(2) مذاهب و مفاهیم فی الفلسفة والاجتماع، ترجمة د. عبدالرزاق مسلم الماجد، ص45.

لەم ڕێسازییەدا، دەتوانین بڵێین گەلی کورد بە پێی هەڵقوولانی مێژوویی کۆن و قۆناخەکانی پەیدا بوونی، بە کۆمەڵەیەکی جێگیر دەژمێردرێت خاوەن زەوی هاوبەش، دیارە کە کوردستانە، زاراوەکە واتای خاکی کوردان دەگەیەنێت، زمانێکی هاوبەش و ژیانێکی ئابووری هاوبەش و مەرجەکانی دیکەشیان هەیە کە باس کران لە بەر ئەوەی دەتوانین بە گەلی (People) کورد بڵێین نەتەوە (Nation).

کەمینەی بێهێز نییە وەك هەندێك باسی دەکەن یان توخمێك بێت لە توخمە تواوەکان(تێکەڵ بوو) لە گەڵ گەلانی دیکە. لە بەر ئەوەی رەگەز یان توخم چەندان سیفەتی بایۆلۆژی هەیە، وەك: رەنگی پێست یان موو یان شتی دیکە، کەچی نەتەوە دیاردەیەکە کۆمەلایەتییە. نەتەوە لە هۆزیش جیایە، لە بەر ئەوەی دیاردەیەکی مێژووکردە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەرمایەداری (Capitalism) ی روو لە بالا دروست بووە، کەچی هۆز دیاردەیەکی ئەتنۆگرافییە. زۆر نەتەوە هەن لە خەلکانێك پێك هاتوون سەر بە رەگەز و هۆزی جیا جیان، وەك نەتەوەی فەرەنسی کە لە گالی و رۆمانی و جێرمانی و ئیدیش پێك هاتووە.

نەتەوەی کورد لەگەڵ مێژووی دووردرێژی چەندان رەگەز و هۆزی دی تیادا ئاوێتە بووە، بەلام هەر لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا ئەمرۆ ،توانیویتی بە توندی ناسنامەی نەتەوەیی تایبەتی خۆی بپارێزێت، وادیارە هەر نەتەوەگەرییەك پەیوەستە بە زمان بە توندی و ناتوانیت لە زمانی جیا کەیتەوە بە هیچ شێوەیەك وەك پەیوەندی کوردان بە زمانەکەیان.کەواتە زمانی کوردی زمانێکی رەسەنە و پەیوەستە بە گەلی کورد، سەر بە هیچ گەلێکی دیکە نەبووە هەتا گەر هاوبەش بێت لە گەڵ زمانی گەلانی دیکە لە هەندێ وشە و دارشتەی رێزمانی، لە ئاکامی هەزاران ساڵ لە هاوسێیەتی مێژوویی هاوشێوەیەی لە گۆکردنی بێژەوی هەندێ وشە دروست بووە.

هزری هەر نەتەوەیەك رەنگ دانەوەی بەهاکانییەتی کە کولتووری شارستانی دەردەبرێت، بێگومان ئەم کولتوورە لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دەنوێنێت روونبۆوە کە وا هزر پێش بزووتنەوە دەکەوێت بەلکوو پێش بیرۆکەی دەوڵەت خۆشی دەکەوێت، بەلکو تەنیا دەربڕینی راو بنەما و هزرە باوەکانی کۆمەڵەیەکی مرۆیی دیاری کراوە (نەتەوە و گەل) لە ماوەیەکی دیاریکراو دا [1].

(1) د.فاضل زکی ،هزری سیاسی عەرەبی ئیسلامی لە نێوان رابردوو و ئێستای دا،ص9-10

نەتەوەگەری لە گۆشەنیگای کورداندا

نەتەوەگەری لـە گۆشـە نیگـای کوردانـدا راسـتییەکی نـەمرە، هەسـتی نەتەوەگـەرییان لـە ڕشیارییەکی رەسەنەوە هەڵقوڵیوە، تاك پەیوەست دەکات بە نەتەوەکەی پەیوەستییەکی پتـەو و نوند، بە دڵنیاییەوە هەستێکی پیرۆزە هەموو کەسێك هەستی پێدەکات نەتەوەکەی خۆش بوێت. ئەم پەیوەندییە هاندەرێکی بە هێزە هـانی دەدات قوربـانی بـدات و هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی بکاتو مرۆی تاکی کورد ئاراستە دەکات، ئاراستەیەکی زانستی و سودبەخش.

کەواتە بیرۆکەی نەتەوەگەری لای کورد بۆ سەلماندنی ناسنامەیان جیهانییە، ویـستی هـەموو گەلی کوردە، ئەم هەستە هانیداوە بۆ ئازادی و نەهێشتنی راسپاردەیی دەوڵەتـە شـۆڤێنییەکان، ۆ هەوڵی دەردەست خستنی دەرفەتی مێژوویی بۆ هێنانەدی هیوا و ئاواتە رەواکانی بـۆ ئـەوەی ەکتیڤانە کار بکات و هاوکاری ئەرێنی بکات لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە و گەلانی دی بـە پێـی ناسـا نێودەوڵەتییـە باوەکـان، بـە شـێوەیەك مرۆڤایـەتی دابـین بکـات ... ئاسـایش Security...ئاشتی و خۆشگوزەرانی.

نەتەوەی کورد ئەمرۆ، داوای راپەڕینی لێدەکرێت، بە شێوەیەك کارلێکی ئەکتیڤانە لە ژیانیدا وێ بکاتەوە، کە رێکە لەگەڵ رەوتە مێژوویەکەی بـۆ بنجـداکوتانی بـەها مرۆییـەکان و گەشـە پێدانی هەماهەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتی.

هەرچەندە هێزە شۆڤێنییە دیکتاتۆرییەکان بیرۆکەی رابوونی مێژوویی گەلی کـوردی ناوێـت، ە پێشێلکردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێـت.هـەموو هـەوڵێکی شکـست پێهێنـانی و لـە گۆرنانی هیوا رەواکانی نەتەوەی کوردە لـە سـەر بـەخۆیی و یـەکبوون، هـەر ئەوەشـە مێـژووی تێکۆشانی درێژخایەنی گەلی کوردلە چەندان سەدە دا راڤە دەکات.

کوردان هەوڵ دەدەن و لە زۆر کۆنەوە سیستەم و بنـەمای دادپەروەرانـە پەیـدا بکـەن بـۆ بـە ئاشتی ژیان لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە بە تایـەتی گەلی عەرەب کە وا لە گـەڵ کـورد پەیوەنـدی گیانی برایەتیان هەیە و ئایینی ئیسلام پەیوەندییەکان پتەو دەکـات.سـەلاحەددینی ئـەییوبی و

سەرۆکە کوردەکانی دوای ئەو سەروەری ئیمپراتۆرییەتێك بوون فەرمانڕەوای زۆر ولات بوون.بە پێی ڕێساکانی فەرمانڕەوایی و کارگێڕی و لە سەر بنچینەی دادپەروەری و بەرژەوەندی (Intrestes)

گشتی حوکمرانیان کردووە، بە بەجێهێنانی سەروەری ئاسایش و یاسا و سیستەم لە نێو قەوارەی دەوڵەتی ئیسلامی بە هەموو نەتەوەکانییەوە عەرەب، کورد، تورکمان،مەسیحی و ئیدیش لە وانەی هاوبەشن لە نیشتمان و خواپەرستی.

کورد نموونەی بەرزی نواند لە ئاکاردا، نموونەی گەلێك تا ئێستاش زایەڵەی دەنگدەداتەوە بە ڕێز و پێزانین و شانازییەکی بێوێنە.[1]

دەتوانین گرینگترین خەسڵەتە باشە ئاکارییەکارییەکانی کورد لەم خالانە کۆ بکەینەوە:

1- ئازایەتی:

مرۆڤی کورد،ئازادی بە بژێوی گیان دەزانێت نەك ئاکامێکی توندی ژینگە و ژیانی هۆزگەری بێت کە لە سەر ئاکۆکی دامەزراوە و ژیانی نەمرونەژی، کورد ئازادی خۆش دەوێت سەربلندی هەمیشە هانیداوە بۆنەوەی کۆشش بکات قوربانی بۆ بدات[2] .

ئەم سیفەتە خۆڕسکە لای گەلی کورد بوونی ئازایەتی زۆر و بەگوڕ و لە سەرهەڵدان لە سیفەتە خۆییەکانی مرۆڤی کوردە، پەیوەستە بەم نەتەوە و خۆڕسکە تێیاندا هەر ئەوەشە وایکرد ناویان بنێن کورد[3]، ئاماژە بەوە دەکرێت کە وا ناوی کورد واتای ئازایەتی دەگەیەنێت بۆیە ئەم ناومیان لێناون.

2- دڵسۆز و بەوەفابوون :

بەجێهێنانی بەڵێن و پەیمان گرنگترین لە پێشینەی میرە کوردەکان بوو، بە پیرۆزیان دەزانی ڕێزیان دەگرت، زۆر جاران هۆکاری ناکۆکی نێوان میرنشینەکان دەگەڕێندرایەوە بۆ بێ بەڵێنی میرەکان لە بێ پەیمانی بەرامبەر ئەوی دیکە.[4]

---

(1) احمد اسلام ،من الاکراد، الریاض، 1991،ص51

(2) لیرخ، دراسات حول الكورد،ص16

(3) شرفنامە،ص109

(4) هەمان سەرچاوە, ل77.

((کوردان لە مێژوویاندا بەڵێن و پەیمانیان هێناوەتە جێ و ناپاکیان لەگەڵ نەکردوە و غافلگیریان نەکردوە، دەوڵەتی کوردی کۆن لە مێژوودا سەلماوە کە رێز لەدیل دەگرێت))[1].

بەهۆی ئەم بەڵێنداریيەی کوردان و ناپاکی نەکردنە، زۆر لە پادشاکانی ئێران و سوڵتانە عوسمانييەکان و والیەکانیان هەوڵیان دەدا پاسەوانی تایبەتی خۆیان و خانەوادە فەرمانڕەواکەیان لە رۆڵەی کورد بن[2]. زۆر نموونە هەن، شاتەهماسپ هەردوو میری زمینەل بەگ مەحمودی و میرحاجی بەگی دونبلی خستە ریزی پاسەوانی شاهانی[3]. بەهائەدین بەگ ساسونی یاوەری سوڵتان سلێمانی قانونی بوو((پیادە بوو هەندێ جار، هەندێجاری دیکە سوارە، هەتا لە راوکردنیشدا لەگەڵیدا بوو))[4]. بەهەمان شێوە قران بەگی برادۆستی راوێژکار و هەمدەم و جێبباوەڕی ئەو بوو.

3- بەسەڵندی (قەناعەت) و دەروونپاکی :

هۆزی کوردی بەوە هەڵداوێردرێت پابەندە بە دابونەریت لە باپیرانەوە نەوە دوای نەوە بۆی ماوەتەوە. لەسەرووی ئەم نەریتانەش بەسەڵندی (قەناعەت) یە، مرۆڤی کورد ناسراوە بەسەڵند و دەروونپاکە و خاوەن لە خۆرازیبوونێکی زۆر بەرزە[5]. تائەو رادەی دزی و رێگری و تالان برۆ دەکەن لە بری خۆ بەهەژار پیشاندان و سوالکردن و دەست پانکردنەوە، زۆر ئازایی و بە خۆنازین وای لێکردن دزی و خۆبەختکردن لە رێگری و تالان و برۆ و بەباشتر بزانن لە خۆ بەهەژار پیشاندان و دەستی نەبوونی درێژکردن بۆ دەروون نزمەکان و ناکەس بەچەکان[6].

---

(1) هەمان سەرچاوە ل74.

(2) رلوی، الاسس النفسیە, ل45.

(3) شەرەفنامە, ل368.

(4) هەمان سەرچاوە, ل496.

(5) السندي، المجتمع الكردي, ل56, عقراوي، الاسس النفسية, ل35.

(6) شرفنامە ل60, پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت:(شەڕ لە بەتاڵی باشترە) واتە شەڕکردن باشترە لەوەی بێکار و هەژار بی.

4- وازی سەربەخۆیی و ئازادی :

هەوێنی تاکی کورد ئازادی(و سەربڵندییە، بەهۆی بۆ ماوە کۆمەلایەتییەکەی وسروشتی خاکەکەی، رۆڵەی کوردان هەواو بۆنی ئازادی هەڵدەمژن لە نێو چیاو دارستان و دۆڵەکاندا بەرگری لە ئازادییەکەیان دەکەن ئەوەندەی لە توانا و هێزیان دابێت. [1]

تا ئەو رادەی توێژەرێك دەڵێت مرۆڤی کورد ئامادەیە(بۆ هەموو قوربانیدانێك لە رێگای دەست خستنی پارچە چەکێك) [2]

گەر لاپەڕەکانی هەر میرنشینییەك هەڵدەینەوە لە میرنشینیە کوردییەکان دەبینین مێژووی پڕ لە پاڵەوانەتییە کەمێر و رۆڵەکانی خێڵ نواندوویانە لە

بۆ گەیشتن یە ئازادی و سەربەخۆیی، شەرەفخان ئەوە رووندەکاتەوە و دەڵێت: تورك و فارس (و نەتەوەکانی دیکە) زۆر زیانیان بەرکەوت، بێ ژمار، بەهۆی دژایەتی کردنیان بۆ ئازادی گەلی کورد، کە سەلماندوویەتی بەملکەچی رازی نابێت و سەرکزی ناکات و باسدەکات: (گەر فەرمانڕەوایەك و سوڵتانێك ویستی هێرش بکاتە سەر ولاتی کوردان ئەوا هەزاران هەزار مەینەتی هاتۆتە رێی و شکستی بینیوە و هەلاتن و دۆڕاندن بەشی بووە)[3].

5- جەنگەوازی و یاخی بوونو رێك نەكەوتن :

کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و جوگرافی هەن کار لە رەفتار و سروشت و دابونەریتی گەلان و رواڵەتی ژیانیان دەکەن، گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە، چیا بەرزەکان و دەشتە بەرینەکان و دۆڵە قوڵەکان و رێچکە دژوارەکان و ئاوهەواکەی هەموو وای کردووە وازی جەنگ و یاخیبوونیان هەبێت[4]. توێژەرێك ئاماژە بەوە دەکات کەوا (سەر بەفلان بوون(التبعیە)، بەکردەوە لای

(1) باسیل نیکتین, الاکراد, ل94, السندی, المجتمع الکردی, ل24

(2) هەمان سەرچاوە, ل86.

(3) شرفنامە, ل60

(4) شرفنامە, ل60

ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە کوردییەکان نادۆزێتەوە[1]. شەرەفخان ئەم سیفەتەی لەواقیعدا بەرجەستەکرد لە کتێبەکەی،بابەتی کتێبەکەی تایبەتەندە بە وردەکاریی ئەم ناکۆکیانە و ململانێیانە و شەڕنەو مۆتەکەیەی کەوازی لەمێژووی کورد نەهێناوە بەدرێژایی چاخ و سەردەمەکان.

تا ئەو رادەی لە بەرانبەردا وتراوە: (چۆن کورد و چیا لەیەك جیانابنەوە چەك یان کوشتار و کوردیش لەیەك جیانابنەوە).هەر دەبێ زۆر هۆکار و هۆ هەبن کۆببوونەوە بۆ ئەوەی وابکەن کورد واز و ئاراستەی بەرەو کوشتار و جەنگی بەردەوامەوە بێت، هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی لەتەك هۆکاری ناوەخۆیی، هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر کورد هۆیەك بوو لە هۆیەکان[2]. هەموو ئەو هێزانەی کوردستانیان داگیرکرد، نیازیان پاك نەبووە بەرانبەر بە کورد، تەنیا مەبەستیان

هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان بووە و بنپێکردنی مافەکانی کورد بووە، لەبەر ئەم هۆیە کوردان تێکۆشان و بەچڕی وەلامی ئەم خاڵەیان داوەتەوە[3].

سەبارەت بەجیاجیایی و پەرت و بلاوی و یەکنەگرتن، لەنێوکردا نەیاری و چکۆس و ناکۆکیو رارایی بەتوندی هەیە، عەمری ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: ((کوردان خەڵکێکی زۆرن و لە ژمار نایەن، گەر شمشێری ناکۆکی و شەڕەنگێزی نەبوایە، کە بەئاگاکەیان دەیاندروێتەوە و خەوتووەکەیان بەئاگادێنێت، ولاتانیان دادەگرت، واباسیان دەکرێت، خاوەن رای جیاجیا و یەك راو وشەنین،ئەم ناکۆکیە لەنێوانیاندا شمشێرێکی لەکالان دەرهاتووە و خوێنرشتنی بەردەوام و بێ سیستەمی باو))[4]

(1) شرفنامە, ل60

(2) خالفین, الصراع علی کردستان, ل54

(3) جلیلي جلیل, من تاریخ الامارات, ل53.

(4) التعریف بالمصطلح, الشریف, ل58

هەتا شەرەفخانیش ئەم سیفەتەی لەزۆر شوێندا دووپاتکردۆتەوە، لە کتێبەکەیدا کە دەڵێت: ((کورد لەسەر ناکۆکی و دووبەرەکی ئەفرێنـدراون، پـشتی یـەك نـاگرن و گوێڕایـەڵی یـەکترنین پەیوستی یەکێتی و ڕێککەوتنیان نییە))[1]

سەرەڕای ئەوەی دەقێك لە مێژوونووسی تورکی سەعدەدین خواجە[2] دەگوازێتـەوە، کـە ئـەم سیفەتە باس دەکات و دەڵێت:(کورد خاوەن رای سـەرەڕۆن، هەریەکـەیان هـەر خـۆ خۆیـەتی... لەسەر هیچ شت یەکرانین جگەلە وشەی شادە نەبێت)[3]

فرەزان ئیدریسی بەدلیسی لەمبارەیـەوە دەڵێـت: (ئـەم میرانـە ژمارەیـان زۆرە، خۆویـست و خۆخوازن، گوێڕایەڵی یەکتر نین)[4]

---

(1) شرفنامە, ل57

(2) بگەڕێوە بۆ ژیاننامەی (ترجمە), ل112.

(3) شرفنامە, ل57

(4) هەمان سەرچاوە, ل661

پەیوەندی نەتەوەگەری بەمرۆڤایەتی و جیهانگەری

لە راستیدا زۆران لەو باوەڕەدان، ناکۆکیەك هەیە لەنێوان نەتەوەگەری و نێونەتەوەیی دا هەیە، کەس بەگوڕ بۆ نەتەوەگەرییەکەی مرۆیی و جیهانی نابێت، بەڵکو گۆشەگیر و داخراو دەبێت لەسەر خۆشەویستی نیشتیمانەکەی و نەتەوەکەی. ئەم باوەڕە لە تێگەیشتنی مارکسییە نەریتییەکان بەڵگە نەویستە و گفتوگۆ هەڵناگرێت، بە هەمان شێوە لە هزر و بیری پیاوانی ئایینی دەمارگیر هەمان بۆچوون هەیە، ئەوانەی باش لە ئیسلام نەگەیشتوون و چاك و دروست و هەڵکەوتانەی زیندوو لێکیان نەداوەتەوە، کەوا لۆجیکی گۆڕانی نێو گەل و کۆمەڵگەکانی لەبەرچاوبێت، هەردوو دەستە، هەرچەندە نەسازن لە بنەڕەتە باوەڕییەکانیان، بەلام لەم کێشەیەدا بەیەك دەگەن، بەهۆ ی روانینە نەرێنییە پێشوەختەکەیان بەرانبەر هزری نەتەوەگەری، کە بەکۆسپ دەزانن بۆ ئارەزووەکانیان و ئەو بیرەی بانگەوازی بۆ دەکەن لەبیری نێو نەتەوەیی یان جیهانیەی مارکسی و ئیسلامی. ئێمە لە دروشمی نێو نەتەوەیی زانراوە مارکسیەکە دەگەین کە دەڵێت: (کرێکاران نیشتیمانیان نییە)، (کرێکارانی جیهان یەکگرن) دەشزانین دەوڵەتە نوێیەکانی ئەورووپی لەسەر بنچینەی نەتەوەگەری لەسەدەی نۆزدەدا راپەڕین و سەرمرۆیی داگیرکەرانەیان پەیرەوکرد و پشتگیری رژێمە گەندەڵە کۆنە خوازەکانیان دەکرد و رواڵەت و دیاردەی دەمارگیریو سەرمرۆیی و خۆویستی نەتەوەگەرییان لا سەریهەڵدا، بەلام ئەوەیان واتای وانییە هزری نەتەوەگەری بەرپرسە لەم خەوشە نەرێنیانە، بەڵکو ئەوەی بەرپرسە ئەو داگیرکاری خوازانەبوون[1] کە ئەم چەمکە نەرێنییە خراپەیان پێبەخشی و خراپ جێبەجێیان کرد، ئیسلام، دەروانێتە لایەنی نێونەتەوەیی و جیهانی و لایەنی نەتەوەیی رەت دەکاتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین نا عەرەبەکان لاگری ئیسلام بوون، لاگریەکی بەهێز، بەپشت بەستن بە چەمکی بنەما ئیسلامییەکان هانی برایەتی و دادپەوەری و یەکسانی دەدات،

---

(1) عروبة الأسلام و عالميتة, شبلي العيسمي, ل142

لەهەمان کات هەموو جیاکاریەکی رەگەزی لەنێوان گەلان رەتدەکاتەوە، ئەم چەمکە لە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دایە دەڵێت: (لا فرق بين عربي وأعجمي الا بالتقوى) جیاوازی لەنێوان کەسی عەرەب و ناعەرەب نیە مەگەر بە خواپەرستی و خۆ پارێزی. هەروەها فەرموودەکەی پێغەمبەر(د.خ) لە حەجیماڵئاوایی (حجه الوداع) دەفەرموێ : (يا أيها الناس ألا ان ربكم واحدا وان اباكم واحد، ألا لافضل لعربي على أعجمي ولا لاعجمي على عربي ولا حمر على أسود ولا لاسود على أحمر الا بالتقوى)[1] واتە ئەی خەلکینە، بزانن پەروەردگارتان یەکەو باوکتان یەکە، بزانن هیچ عەرەبییەك باشتر نییە لەنا عەرەبیەك و ناعەرەبیەك باشتر نییە لە عەرەبییەك و نەسوور باشترە لە رەش و نە رەش باشترە لە سوور تەنیا بە خۆپارێزی و لە خوا ترسان نەبێت.[2]

واتە پێوەری باشتربوون لەنێو موسڵمانان رادەی ئیمانی موسڵمانە و پابەندبوونە بە رێنوێنییەکانی ئیسلام و هیچ پێوەری دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی نییە، نە خزمایەتی و نەرەچەڵەك، نە سامان و نەهێز، نە رەگەز و نە رەنگ لەبەرچاو ناگیرێت لە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ برا مرۆڤەکەی[3].

پێغەمبەر (د.خ) دەیفەرموو: (بعثت الى الناس كافة الاحمر والاسود)[4] واتە من بۆ هەموو خەڵك نێردراوم سوور و رەش دووپاتکردنەوەی ئەم حاڵەتەی موسڵمانانی بەرایی رەفتاریان لەسەر کردووە لە پێغەمبەرەوە(د.خ)، ئازادی و ئاسایش و سەرفرازی مرۆڤی دابینکردووە، هەروەها

---

(1) مسند أحمد بن حنبل, مجلده, ل411, ئەم دەقە لە تەفسیری (المنار) ی شێخ محمد رشید رچا, داهاتووە, المجلد الاول, ل30.

(2) مسند أحمد بن حنبل, مجلده, ل411, ئەم دەقە لە تەفسیری (المنار) ی شێخ محمد رشید رچا, داهاتووە, المجلد الاول, ل30.

(3) عروبه الاسلام و عالميته, شبلي العيسمي, ل135

(4) مسند محمد بن حنبل, المجلد الاول, ل301, والمجلد الخامس, ل145, وتفسير ابن كثير, ج3, ل308.

یەکسانی نێوان گەلانی دابین کردووە. هەموو ئەو بنەمایانەی دادپەروەری و راستگۆیی و لێبوردەیی و خاکەڕایی و وشەکانی دیکەی ئیسلام بە ئێمەی بەخشیوە دووپات ناکەنەوە و پەیڕەوی ناکەن ڕەت دەکرێتەوە. لەبەر ئەوە ئەرێنی لە ئیسلامدا، پەیوەست بوونی کوردانی پتەکرد بە ئیسلام و لەپێناویا تێکۆشان و بۆ بەردەوام بوونی و بەجێهێنانی قوربانیان داوە، لەبەر ئەوە گەلی کورد لەو نموونە بەرچاو و جوانانەیە کە ناسۆی مرۆڤایەتی لە ئیسلامدا هێنایەکایەوە. لەبەر ئەوە گەلی کورد جیاکاری و هەلاواردنی ڕەتکردەوە و پابەندبوونی بە بنەماکانی راستی و دادپەروەری و راستگۆیی و میهرەبانی و خاکەڕایی و خەلکخوازی راگەیاند، پاکانەی کردووە و بۆنەکردنی غەدر و ناپاکی فەرمانی داوە.

هەروەها هەموو ئەو رەفتارانەی دژی ناکارپارێزی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە، ئەو گەلانەی چوونە ژێر ئالای ئیسلام و لە ژینگەی ئەمدا پێکهاتن و بیروباوەڕە لێبووردەکەی کاری تێکردن، یەکی دەخستن و وزەی پێدەبەخشین و داخوازیەکانیانی دەربڕی و قەوارەی لە شکست دەپاراستن و ژیانی پڕ دەکردن لە باوەڕ و بانگیدەکردن بۆ ئەسڕی لە ڕۆژی پەسلانێ، عومەری کوڕی خەتاب(ر.خ)فەرموویەتی: ناخۆشییەك کەوتە نێوان سەعد کوڕی وەقاس و سەلمانی فارس، سەعد، کەلە دانیشتنێکدا بوون وتی: ڕەچەڵەکم ئەمەو ئەویش ڕەچەڵەکی ئەمەیە و ئەویش ڕەچەڵەی ئەمەیە تا گەیشتە سەلمان. سەلمان وتی:من هەر ئیسلام دەزانم، بەلام سەلمان موسڵمانە. ئەم قسانە گەیشتەوە عومەری کوڕی خەتاب، عومەر بە سەعدی گوت: ڕەچەڵەکت بڵێ، سەعد وتی: توخودا میری موسڵمانان وازبێنە، وەك ئەوەی بەقسەکەی زانیبێت کە لەسەر مەسەلەی گەنگەشەکەیەتی لەگەڵ سەلمانی فارسی، عومەر دیسان بە سەعدی گوت: ڕەچەڵەکت بڵێ وازی لێنەهێنا هەتا ڕەچەڵەی خۆی وت دواتر ئەوی دی هەتا نۆرە گەیشتە سەلمانی فارسی: عومەر پێی وت ڕەچەڵەکت بڵێ، ئەویش وتی: ڕەچەڵەکم دەڵێم خودابەخششی ئیسلامی پێداوم، ڕەچەڵەکم ئیسلامە. عومەر وتی: قوڕەیش هەموو دەزانن خەتاب لە هەموویان زیاتر لەرەچەڵەکدا شێرگیربوو، من عومەری کوڕی ئیسلام برای سەلمانی کوڕی ئیسلام. خودا دەزانێ لەبەر ئەوە نەبوایە سزایەکم دەدای خەلکی شاران پێیان بگەیشتبوایە، ئەرێ نەتزانیوە مرۆیەك

رەچەڵەکی خۆی وت تا نۆ پشت لەجاهیلیەت دەیەمیان لەئاگردابوو، پیاوێکی دیکە لاگری پیاوێك بوو لە ئیسلام داو ئەوەی سەرووی وی باسکردن کەلە بەهەشت لەگەڵیدان[1].

هۆزەکانی لە هەموو ئەو زەویە فراوانەدا دەژیا، بەهێز تیایدا نیشتەجێ بوو، بەداخەوە هەستی بەکوردبوونی نەدەکرد لەمێژووی کۆندا، واتە بەناسنامە کوردایەتییەکەی هەرچەند پەیوەندی نێوانیان زۆر بوو وەك زمان، رۆشنبیری، دابونەریتی هاوبەش، بەلام دەمارگیری هۆزگەری باوبوو لەتەك ناکۆکی و ململانێی خوێناوی بۆ دەستبەسەرداگرتنی گەورەترین رادەی زەوی کشتوکاڵی ومولك و دارایی و کەنیزەکان. هەموو ئەم هۆکارانە وایانکرد یەکێتی سیاسی دروست نەبێت کەوا دەکات هۆز ئاوێتەی یەك نەتەوە بێت، دەشێ هەر ئەم هۆکارەش بێت، گرنگترین هۆیێت، کەلەپشت ون بوون و نەبوونی قەوارەی کورد لە مێژوو دا، هۆزەکان دەژیان بێ یارمەتی هۆزەکانی دیکەی لە رووی نەتەوەییەوە یەك بوون لەبەر ئەوە هەڵمەتیان دەبردەسەر گەلانی دی و بەرگریان لەخۆ دەکرد وەك یەك تاکە هۆز پەیوەندییان بە دەستەلاتێکی ناوەندی نەبوو، هەر ئەوەشیان جێی شانازی سەرفرازی هۆزەکەیان بوو لەبەر ئەوەی توانا و لێهاتوویی جەنگیان دەردەخست، کورد شانازی بەوە دەکرد لەو رۆژگارانەدا. وزەیان لەکاتی جەنگدا دەتەقیەوە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی جوگرافیداو بەپێی کەسایەتی ئاغا، سەرۆکی هۆز، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی کورد، هەر ئەوەشیان بوو هەمیشە دەیخستنە هەڵوێستی لەرزۆك کە رووبەرووی پیلان و گزی گەلانی دەوروبەر دەبوونەوە کە زۆریەی جاران بەرگەی نەدەگرتن هۆزە کوردییەکان زۆر دەمارگیربوون بەرانبەر زەوی و خۆشەویستی و لاگری سەرۆکەکانیان، کەس لە رۆڵەکانی خێڵ و تیرەکان دوا نەدەکەوت لە قوربانی دان بەخۆی و سەروەت و سامانی لەو رێیەدا ئەوەشیان نیشانەی خۆشەویستی و دڵسۆزی و بەڵێنداری ئەوانە بۆ سەرۆکەکانیان، لەبەر ئەوە هیچ خێڵێك رازی نەدەبوو ملکەچی سەرۆکایەتی خێڵێکی دیکە

---

(1) تهذیب تاریخ دمشق الکبیر، لابن عساکر،ل205.

بێت، یان لە ژێر فەرمانڕەوایی کەسێکی دیکەی نامۆی سەر بەرەچەڵەك و رەگەزی خێڵی ئەو نەبێت»[1]. لە راستیدا کورد ئەو باوەڕیان کەم بوو کە داخوازییەکانیان و هیوا و ئاواتیان دەردەخست سەرەتا باوەڕیان بە فرە خودایی و لەتەك باوەڕە ئاینییەکانی دیکەی پەرتەوازەیی گیان و هزری جیاجیان نێو کوردانی دەردەبڕی.

تا ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات لە بێهێزی و ونبوونی پاراستنی و چاکە و پێشکەوتن و سەرفرازی بۆ هێنان،یەکێتی هزری وایان بۆ دابینکردن، توانیان بەسەر پەرتەوازەیی باوەڕ زاڵ بن، بەلام چاوەنواڕی یەکێتی سیاسی نەتەوەیی بوون بەتایبەتی گەلانی دەوروبەریان هێزی خۆیان لەم روانگەیەوە دەربڕی، کەچی کورد نەیتوانی ئەو بەدی بێنێ، رابوونی نەتەوەیی هات لە پێکهێنانی نیشتیمانی نەتەوەیی، بەلام زۆر درەنگ، کە دەبینین کورد بەرەو هێنانەدی ئەم ئامانجە هەنگاو دەنێت پاش یەکێتی هزر و باوەڕ.دەشێ ئەم رۆڵەی بۆ پشتگیری ئیسلام گێڕایان بە باشترین بەڵگە بێت بۆ گونجانی دروست لەنێوان هزر و باوەڕدا، کە وزەی شاراوەی کە بەفیڕۆ دەچوو و بێ سوود بوو بەهۆی دابەشبوون و ململانێی هۆزگەری کەکورد بەسەرە خۆیان سەپاندبوو لە ئاکامی خواستی تاکەکەسی سەرۆکەکانیان و لە کۆتاییدا بەسەر هێنانەدی داخوازییە نیشتیمانیەکانی گەلی کورد دا زاڵ بوو و خەفەی کرد.

گەر بەبەراورد لەگەڵ هۆزە عەرەبییەکانی دورگەی عەرەبی بڕوانین، دەبینین لەسەردەمی جاهیلی (ناسنامەی عەرەب بوونی) هەستی پێدەکرد لە ڕێگای یەك زمان و رۆشنبیری هاوبەش،و دابونەریتی و پێکچوو، بەلام دەمارگیری هۆزگەری باو و ناکۆکی و ململانێی نێوانیان لەسەرەتا بووە هۆی دروست نەبوونی یەکێتی سیاسی وەك هۆزە کوردییەکانی دەوروبەریان. بەلام ئیسلام لەناکاو هۆزە عەرەبییەکانی ئاوێتەی یەك کرد لە سێبەری یەك نەتەوەدا ئەویش بەهۆی

(1) شرفخان البدليسي و منهج التاريخي من خلال كتابة, شرفنامة, مصطفى أحمد, هەولێر 2007, ل170

پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ)، گەر خودا پێغەمبەرێکی بەزمانی کوردی بناردبوایە بۆ نەتەوەی کورد لە هەمان سەردەمدامێژوو زۆر دەگۆڕا، کە ئیسلام هات توانی عەرەب یەکبخاتو ئاڕاستەیان بکات بەرەو شارستانیەتێکی گەشاو، قورئان ئەوەی تیادایە کە بە عەرەب دەڵێت: (واذكروا نعمة الله عليكم أذ كنتم اعداء فالف بين قلوبكم فاصبحتم بنعمته اخوانا)[1] واتە بەخشندەیی خودا لەگەڵ ئێوە بیر خۆتان بێننەوە، چۆن دوژمنی یەکتر بوون و خودا دڵی ئێوەی یەکخست و تەباکرد بەو بەخششەی خودا بوونە برای یەکتر ئاخاوتنەکە دیار و ئاشکرایە ئاماژە بە بەخششی ئیسلام دەکات کە چۆن عەرەبی یەکخست و کردنی بەیەك نەتەوە.شۆڕشگێڕی ئیسلام هێز و باوەڕێکی توندی لەنێو کەسایەتی کوردی دروست کرد کە لاگری ئەم ئایینە بوو، باوەڕی نوێی لەبەر ڕۆشنایی باوەڕە نوێ کەی داڕشت، بە گوڕ بەپیری وەهاتن قوربانیان بۆدا لە خۆبەختکردن و جیهاد سڵیان نەکردەوە بۆ پاراستنی باوەڕەکەیان و گەیاندنی بە گەلانی دەوروبەری کە کوردیان دەچەوساندەوە و بەسەریاندا زاڵ بوون بۆ چەند ڕۆژگارێك، وەك لو زەوی ڕامالێن بەرەو فورس و تورك و بێزەنتییەکان و نەتەوە و لایەنی دیکەش چوون، بوون بە قەڵغانێکی بەهێز و بەربەستی پتەولەبەردەم نەتەوەی ئیسلام، ئەم هەڵکشانەی عەرەبی ئیسلامی نوێ سوودی لە لێهاتوویی و ئازایەتی جەنگاوەرانەی کورد بینی و لەخۆی گرت، هانی دان بۆ دەستەلات ڕاگەیاندن بە زۆربەی هێز و گەلانی کە پێیان گەیشت. سوارە کوردەکان و برا عەرەبەکانیان هاوبەش بوون لە بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆیی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا عەرەبە موسڵمانەکانی بەرایی، پابەند نەبوون بە پیت بەپیتی دەق و هەڵوێستەکانی پێشوو، بەڵکو بە تێگەیشتنێکی زیندوو لە ئیسلام دەگەیشتن، پشتیان بە هۆش و کرانەوە و گۆڕان دەبەست.داخراو نەبوون لەنێو خۆیاندا و دەمارگیر نەبوون دژی هزر و زانیاری کۆمەڵگە و گەلانی دیکەی تێکەڵیان بوون، بەڵکو کرانەوە بە ڕوویاندا و بەرەو تێکەڵ بوون و

---

(1) عروبة الاسلام وعالميته, شبلي العيسمي, ل106

کارلێکی شارستانی چوون، ئاگاداری بوون و سوودیان لێوەرگرت[1]. هەرچەندە ئـاییـنی ئاسمـانی دیکە هەبوون بانگەوازییـان بۆ یەکتاپەرستی دەدا، بۆیـەك خـودا دەدا، وەك ئـاییـنی یـەهودی و مەسیحی، بەلام کورد روویان تێنەکردن و بەگورِ نەبوون بۆیان، بەلکو بـەگورِ بـوون بـۆ ئیـسلام لەبەر ئەوەی بینیان

هاتنی ئیسلام بەرژەوەندی ئەوان و چـاکەی ئـەواتی تێدایـە، بەتاکـە رێگـەیان زانـی بـەرەو یەکگرتنیان هەرچەندە نەیانتـوانی یەکێتی سیاسی پێکبێنن وەك نەتەوەکانی دیکەی هاتنـە نێـو ئیسلام، دەشێ هۆکارەکەشی ئەو ململانێ هۆزەکیە فرەوانەی گەلانی دەوروبەر بێت کـە درِندانـە رەفتاریان لەگەلّ دەکردن وەك هەمیشە و بەدرێژایی میژوو پیشەیان بووە.

---

(1)عروبة الاسلام وعا لميته, شبلي العيسمي, ل106

رسکانی نەتەوەگەریی کوردی:

هۆیەکانی خۆیی و بابەتی بەردەست بوون بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردی نەتەوە گەرییەکەی تەواوبێت، لە باکووری میسۆپۆتامیا و رۆژئاوای ئێران پێش لە دایك بوونی مەسیح بەچەندان سەدە، رۆڵەکانی دەورێکی سەرەکیان لە مێژووی ناوچەکە بینی، کە هەمیشە دژ و بەرهەڵست بوو لە کۆچباریی نەتەوە کۆچبارەکان لە ئێران و قەوقاز بەرەو میسۆپۆتامیا بەدرێژایی چاخەکان. ئەم کۆچبارییە لەسەردەمی رووخانی فەرمانڕەوایی ئەخمینییەوە و دەستپێکردنی سەردەمی هیلینی لە رۆژهەلاتدا زۆر و توندتر بوو(لان) لەسەرەتاکانی ئەو رەگەزە کۆچبارانە بوون کە پێش دەرکەوتنی تورك، هەولی کۆچکردنیان بۆ (کوردستان) داوە لەرێگای ئازەربایجان و ئەرمینیا، هەوڵەکانیان لە چاخی رۆمانیدا بەباشی نووسراون[1]. نووسەرانی چاخی رۆمانیدا بایەخیان بە ناوچەکەداوە و بەتایبەتی باری سیاسی و سەربازی، ئەم بایەخدانەی نووسەرە رۆمانیەکان بەسەرجەم رووداوەکان لە ئاسیای بچووك و قەوقاسیا دەگەرێتەوە بۆ راستەوخۆ هاوبەشیکردنیان لە ململانێیان لەگەڵ (فەرەنسییەکان) لە ئێران سەرەڕای جەنگەکانی (میترادانی شەشەم) کەبە (بنتس) 132-63 پ . ز بەناوبانگ بوو، هەڵمەتەکانی بۆسەر سکیسی و سەرمات و لان، ئەوانەی هەرەشەیان لە سنووری رۆژهەلاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەکرد، زۆربەی ئەم ململانێیانە کاری کردبووە سەر بێهێزکردنی هێڵی بازرگانی وشکانی ئەوەش رۆمانەکانی هاندا بۆ پاراستنی ئەم هێڵە بازرگانییە لەدەست ئەم هۆزە بەربەریانە و هەڵوێستیان بەرانبەر مژدەدەرە مەسیحیەکان، دوای بلاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحایەتی لە سەرجەم ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا.

نووسەرانی دەوڵەتی رۆمانی دوویەرەبوون، نووسەرانی چاخی بەرایی رۆمانی بەرچاوترینیان (سترابون) بوو، لە نووسەرانی چاخی دوایینی رۆمانی (ئەمیانوس و بوسیبیوس) بەناوبانگ

---

(1) لقاء الاسلاف, ل189

بوون، بواری نووسینەوەی هەواڵی ئەم ولاتە ئاسان بوو بەدەرکەوتنی دوو سەرکردەی وەك لوتولوس و بومبی لەسەرکردایەتی کردنی سوپای رۆمانی کە پێشەنگەکەی گەیشتە لێواری دەریایی قەزوین و سنووری قەوقاسیا و سەرکەوتن لە ملکەچکردنی ولاتێکی زۆروزەوەند لە ئاسیای بچووکدا، مێژوونووس و فەیلەسوفی یۆنانی بلوتارنوس 50 ز – 125 ز

بایەخی بەهەواڵی کوردان دەدا و رۆڵە کاریگەرەکەیان لەسەرجەم رووداوە سیاسیەکانی ئاسیای بچووك باس دەکرد، لەبارەی ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتی مەنشینی دیاربەکری ئێستا کە بنکەی ولاتی کوردینی (کوردوینی) بوو لەماوەی ململانێی دا، بەوردی و دوور و درێژی باس کورد و هاوبەشیان لەم رووداوانە دەکات و باس لەبەرگری توندیان دەکات لەولاتەکەیان. (لەگەڵ گزنگی سەدەی چوارەمدا ئایینی ئیسلام لەنێو ئالاندا بلاوبووەوە و ناویان تاسەدەی نۆزدەم لای گەلانی سەرووی قەوقاسیا[1] واتای دۆست یان هاوسێ بوو .

ململانێیەکی نوێ دەستی پێکرد. کەوتە بازنەی بایەخدان، بەتایبەت لەو ناوچانەی ولاتی کوردان بوو لە ئاکامی دووبەرەکی و دابەش بوون، لە بری ئەوەی لایەنی ململانێ تەنیا لەگەڵ هێزە هەڵمەت بەرەکە بێت و، بەرەو یەك رووبچن کە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردە، ئاراستەی یەکێتی ململانێی خوێناوی نێوان رۆڵەکانی یەك گەل کرا کەوا لەروو چارەنووسەوە تێکەڵ بوو بوون بۆ هێنانەدی سەروەری سیاسی و سەربازی بە سەر ولاتی کوردان.

ئەوەشیان ، بەدڵنیاییەوە بوە هۆی بێهێزکردنی کەسایەتی کوردی و یەکێتی کۆمەلایەتی تا ئەو رادەی خۆیان خستە هەڵوێستێکی سەختەوە بەرانبەر نەتەوەکانی دەوروبەر. لە راستیدا کورد سوودیان لەو دەرفەتە نەبینی کەسەلاحەددینی ئەیوبی بۆی رەخساندن، کە سەرکردەیەکی کورد

(1) دائرة المعارف التاريخية السوفيتية، الالان

بوو دامەزرێنەری بنەماڵەی پادشایەتی ئەیوبییان بوو لەماوەی (1169 – 11250 ز)[1]، هەمان حاڵەت جارێکی دیکە دووبارە بووەوە کەوا کوردێکی دیکە کەریم خانی زەند توانی بگاتە تەختی ئێرانی لەماوەی 1760- 1779، قاجارییەکان، نەیارانی بنەماڵەی پادشایەتی زەندی و بەیارمەتی هەندێ لە میرە کوردییەکان (ئەردەلان و موکریان) توانیان ئەو بنەماڵەیە لە ناوببەن. پێش ئەم رۆژگارە زۆر دەرفەت لەباربوو بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ، دوای مردنی شا ئیسماعیل ی سەفەوی لە فارسساڵی 930 ك و هاتنەسەر تەختی کوڕەکەی تەهماسپی یە کەم لە شوێنی ئەو و زاڵ بوونی بەسەر بەغداد میرزولفوقار خان سەرۆکی هۆزی

---

(1) کەلهور: لەو زانیاریانە لەکێوی بێستون تابلۆکانی بێستون (بوغستان) دەرکەوتووە کە ناوی کەلهور هاتووە ئەم ناوە لە (گل ئاهورا) وەهاتووە واتە خودلوەندی گەورە, پەیکەرەکانی خوداوەندە زنی پیرۆز لای کاسای و لولو و گوتو لەسەر بێستون داندرابوون، کە دەوڵەتی ئاشووری ناوچەکەی گرت خودلوەندەکانی دەست بەسەر داگرتوو بردیە ولاتی ئاشوور و نەینەوا و چواریان لەم شوێنە دان کە ئەمڕۆ بەناوی (ئەربیل) ی سووك كراوەی (ئەربائیلۆ) (چوار خودلوەند) ناسراوە کوردانی ناوچەکە پێی دەڵێن (ورایرە) (ئاهورا لێرە) و وشەکە کرا بەهەولێر (هولیرا) ، بابزانین (کەلهور) و (گۆران) ناوی دوو هۆز نین ، ناوی دوو لکی چوار لکەکەی گەلی کوردن وەك میر شەرەفخان لە شەرەفنامەدا ناوی هێناون، لکی کەلهوری لە زۆر خێڵ پێك دێت= (دەلو = دەهۆز) ، قەرەنولوس = هۆزەکانی لەدەواری رەشد (رەشماڵ) دەژین ، ئەم ناوە مەغۆلەکان ناویان لێناون ، لەك ، زەند، هاروونی ، زیائولدین، ئەرکوازی ، سیاسیا، شاهینی مەنسور.... ئتد ئەم هۆزانە لەنێوان زێی سیروان و کاروون لە ناوچەی گەیلان –شاهئاباد – مەندەلی – بەدرا، خانەقین ، شێخ سەعد ، قەسری شیرین ، ئیسلام، دیزفول – ساڵحاوا (ئاغا)– تارلمهومز.. ئاستی زمانی لەنێوان لووری و فەیلی و گۆرانی دایە ، گۆرانەکان لە سەدان هۆز پێکدێت کە پێشتر لە ئەردەلان شارەزوور دەژیان ، فەرمانرەواکانی کەلهور رەچەڵەکیان دەبەنەوەسەر (گودرز کوڕی گیو) ئەم ناوە دوو سەرکردەی ئێرانن بە پاڵەوانیەتی ناسراون ، یەکەم گودز کوڕی شاهپوور زۆر دلر و کلێسا ز پەرستگا وێرانکەر و گودرزی کوڕی قاروون کوڕی کاوەی ئاسنگەر زلنای بەناوبانگ، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی (شەرەفنامە) ، ل 509 – 510 وەرگێڕانی بۆ عەرەبی ، محەمەد جەمیل مەلا ئەحمەد رۆژبەیانی.

کەهوری (کلهر) ی کوردی بەیارمەتی خێڵی کەهورِ پێش ئەیەی دەسەلاتی بەسەر لورِستان دا هەبوو ، لە بەغداد دا رەوتی کاروبارەکانی لەگەڵ خەلکی بەغدا باش بوو، دلّی خەلکی بۆ خۆی راکێشا هەتا ئەو هێزێکی پەیدا کرد و زۆر شاری عێراقی گرت و لەساڵی 930 ك عێراقی سەربەخۆی راگەیاند و ناوی خەستەسەر دراوی تایبەتی خۆی لە ساڵی 933 ك، بەلام دەوڵەتەکەی زۆری نەخایاند تەنیا شەش ساڵ مایەوە دوای ئەوەی شاتەهماسپی یەکەم بەغدای داگیرکردەوە و دەوڵەتی کەهوری کوردی لە ساڵی 936 ك دا بن برِکرد لە ریگای فێڵ و گزی توانی میر زولفوقار بکوژێت و بەغدا داگیر بکات. بەچاوگێران بەکتێبی (شەرەفنامە) دەتوانین زۆر حالّەت بدۆزینەوە کورد کورد جارێك پشتگیری شای فارسیان کردووە و جارێکی دیکە چوونە تە پاڵ دەولّەتی عوسمانی.

توانا و هێزی خۆیان لە خزمەتی کێشەیەك بە فیرِۆ داکە کێشەی ئەوان نەبوو، بەهۆی رکابەری نێوانیان ، مەگەر بلّێین سوونی بوون و دژی شیعەوەیان کردووە! نووسەری کوردی نیشتیمانپەروەر حوسێن حوزنی موکریانی لەمبارەیەوە دەلّێت، لە لێکۆلّینەوەکەی لەبارەی (خونچەی بەهارستان) ، بەکوردی ، دەنووسێت:

(کاریگەری ئیسلام بۆ رۆلّەکانی نیشتیمانەکەی خراپ بوو، مێژووی گەلەکەی زۆر خراپ شێوێندراو و ساختەکاری تێداکرد، برۆفیسۆر رەشید یاسین کەلە گۆرانە – لە کتێبەکەی بە فارسی (کورد و هەمبەستەگی رەگەز و مێژوویی یان) لە لاپەرِە 178 دا دەگاتە هەمان ئەنجام[1] بە هاتنی مەغۆلەکان رۆلّی کورد بێهێز بوو، حوسێن حوزنی موکریانی بەپێی گێرِانەوەی ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی دەلّێت، لەو کاتەیدا کە هۆلاکۆ لە بەغدا نزیك کەوتەوە، دوو سەرۆکی کوردان بەهێزێکی زۆرەوە ویستیان رووبەرِووی بنەوە بەلام بێ سوود بوو بەسەری دادان و شکاندنی[2].

---

(1) بگەرِێوە بۆ : تاریخ صلاح الدین – توێژینەوەیەکە پرۆفیسۆر مینورکی لە دراسات عن تاریخ (القفقاس) بلاوی کردەوە، زانکۆی کیمبردج , 1953

(2) عباس اقبال , تاریخ فارس , ج1 , ل182

به گشتی دەتوانین بەگریمانە بلێین، هەڵوێستی مەغۆل بەرانبەر کورد بەپێی رووداوەکانی بەرگری کردن جەلالەدینی منکوبرنی لە کوردستان، لە دوا قۆناغەکانی بەرگەگرتنی کەوا هێزەکانی مەغۆل راویان دەنا بە سەرکردایەتی (جورمغون نویان) دوا شێوەی وەرگرت. بەم شێوەیە کوردان کشانەوە نێو شاخەکان و لە ئامادەگی و چاوەنواڕی دابوون، ولاتانی کورد . بەرەبەرە کەوتنە ژێر دەستی مەغۆلەکان . لەگەڵ ئەوەشدا (شەرەفنامە) چەندان حاڵەتی دەگمەن پێشان دەدات کەوا چەندان سەرکردەی کورد مافەکانی خۆیان لەسەردەمی تەیموری لەنگ وەرگرتووە. تورکمانەکانی ئاق قۆینلو (بەرخەسپی) لە سەدەی پازدەم بەهەموو توانایەك هەوڵیاندا بنەماڵە کوردییە گەورەکان لەناوبەن، لەبەر ئەمە لە مەغۆلەکان [1] زۆر مەترسیدار تربوو بۆ کورد.

---

(1) باسیل نکیتین, الکرد – تقدیم لویس ماسینیون – ترجمة د. نوري طالباني , اربیل, 2004 , ل 221-220

قۆناغی زێڕینی نەتەوەی کورد

شایانی باسە، قۆناغی زێڕینی کەنەتەوەی کورد، بەدرێژایی مێژووە دوور و درێژەکەی تیایدا ژیابێت، ئەو کاتە بوو کە میرەکانی بنەماڵەی شەدادی و ڕەوادی و مەروانی و ئەیوبی هاوکاربوون بۆ ڕێکخستنی هێزی سیاسی و سەربازی کوردی .

سیستەمی ئیسلامی هێزێکی بۆ کورد زیندەکرد یاریدەدەر بوو بۆ سەپاندنی سەروەری بەسەر زۆر ولاتی فرموانی ئاسیای بچوك و یەکگرتنەوەی هۆزەکانی ئاسانکرد لە پێکهاتەیەکی سیاسیدا کەکاری بۆ جێگیرکردنی کۆمەڵگە کۆچبەرییە کوردەکان دەکرد. میرەکانی بنەماڵەی شەدادی و دواتر ڕەوادی لە هەردوو بنەماڵەی شاری (گنجە) و (تەبریز) دا نیشتەجێ بوون ، دەشێ گرنگترین پەیوەندی هەردوو میللەتی گەورەی کۆکردنەوەی ، پەیوەندی زمان بووبێت پێش هیچ پەیوەندییەکی دیکە ئەوەشیان بەیەك گەیشتن و یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکانی ئاسان کرد بۆ سەپاندنی دەستەلات بەسەر ولاتی کوردان و دوورە راسانێك بۆ سەربەخۆیی . دەرکەوتنی دوو هێزی گەورەی خاوەن دەستەلاتێکی فرموان لە ڕووداوە سیاسیەکان جێیان بەهێرشبەرە نەیارەکان لەق کرد ، کە هەموو ئامراز و شێوازێکیان بەکاردێنا بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان بەکاری توند و دڕندانە و بەربەریانە و هێرش و هەڵمەتی زۆری سەربازی . بەهۆی ئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی governance لە هەردوو دەوڵەتدا پشتی بە ڕێکخستنی کۆمەلایەتی ئابووری یەکخراو دەبەست لەماوەی دووسەدەی دەیەم یازدەمی زایینی مەزنترین هێزی ئابووری پێکهات یارمەتیدەر بوو بۆ politi calpower سەپاندنی کۆڵەگەکانی هێزی سیاسیو کورد بوونە بەرچاوترین چینی بالادەست لەهەریەك لە ئازەربایجان و ولاتی قەوقاسیای گەورە.

ئەو sorering tyسەروەریە بوو بەهۆی هێنانەدی تاجەگوڵینەی فەرمانڕەوایی ئەیوبی، کە دەتوانین بڵێین (ئیمپراتۆریەتی ئەیوبی کوردی) ئەو فەرمانڕەوایەتیەی لە ولاتی شام و میسر و سەروو مێسۆپۆتامیا و ئازەربایجان و ئەرمینیا و دیاربەکر بەردەوام بوو. دواتر دەوڵەتی مەروانی کوردی لە میافارقین (تیکرانوکرتای کۆن) و ئامەد (دیاربەکر) ی ئێستا دەرکەوت. ڕەوادییەکان کۆنتڕۆڵی ئەم ناوچە فراوانانەیان کرد بۆ ڕۆژگارێکی زۆر ، تەبریزیان کردە پایتەختی دەستەلاتی

سیاسیان لەتەك دەوڵەتی شەدادی کوردی کە گنجە (جنزە) بووە ناوەندی دەستەلاتیان و بەشێکی زۆری ئەرمینیا و جورجیاa کەوتە ژێر دەستەلاتی ئەوان و دواتر پایتەختیان گواستەوە بۆ شاری (ئاین لە جۆرجیا) ی ئێستا و کورد ئایینی ئیسلامیان لەو ولاتانەی ژێر دەستەلاتیان سەپاند ئەم هۆکارە وایکرد گەلانی دەوروبەر، کە مەسیحی بوون رادەی بەرگری و بەرهەڵستیان بۆ دەستەلاتی کوردی بەرزکردەوە. ئەوەرەی ململانێکە بوو ئیسلام و مەسیحایەتی، یەکگرتنی هۆزەکی کوردی و بەس نەبوو بۆ کۆنترۆلکردنی ئەو ولاتە فرەوانەی کەوتبووە ژێر دەستەلاتی سیاسی ئەوان ئەوەشیان بووە هۆکاری ئەوەی دەستەلاتیان بەسەر ئەم ناوچانە کەم بێتەوە و هۆزی بەدەوی تورکی بەهێز لەناوچەکە دەرکەون لە رۆژهەلاتەوە و پشتگیری هێزە بەرهەڵستکارە مەسیحییەکان بکەن بۆ کەمکردنەوەی بالا دەستی کوردی تەسەدە و چارەگە سەدەیێکی خایاند لە فەرمانڕەوایی و بالادەستی رەهادا بەسەر ئەو ولاتە، لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی بزوتنەوەیەکی سیاسی فرەوان لە ناوچەکانی گەیلان و دەیلەم (تەبەرستان) و ولاتانی خوارووی دەریای قەزوین دەرکەوت لە ئاکامی دەرکەوتنی سیستەمی سیاسی وارگەیی (علی) سەربەخۆ لەدەرەوەی دەسەلاتی موسڵمانانی سەربە خەلیفە جێنشینی (خەلیفە) عەباس لە بەغدادا.

دوابەدوای ئەوان بریکارە عەباسییەکانی ئەرمینی هەمان شتیان کرد و چوونە ریز ئەو سیستەمانەی لە ئازەربایجان و ئاران و ولاتی جرز (کرج) دەرکەوتن ئەم دیاردەیە لە رۆژگاری راپەڕینی بابەکی خورەمی 102ك / 816 ز - 223 ك/837 ز روویدا لە رۆژهەلاتی ئازەربایجان و راپەڕینەکە یاخیبوونەکە کۆمەڵێك گیروگرفتی ئابووری و کۆمەلایەتی و نەتەوەیی لە نێو چینە بالا دەستەکانی نێو عەباسییەکان و دانیشتوانە وارگەییەکان پەیداکرد.

د. حسین قاسم ئەلعەزیز لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەم گیروگرفتانە دەکات و دەڵێت:

(راپەڕینی بابەکی وەك پەڵە هەورێکی راگوزەر، بە ئاسمانی جێنشینی دا رەتنەبووی کاریگەری، بەڵکو شوێنەواری گەورەی جێهێشت لە سیستەمی کۆمەلایەتی و سیاسی بەیەکەوە، قەوارەی خەلافەتی هەژان زیانی گەورەی لێدا لە سامان و گیان کەبووە هۆی بێهێز بوونی ورە و

دەستەلاتی، دەستەلاتی ناوەندی بەسەر شوێنە دوورەکان کەمکردەوە ئەوەشیان میرە ئەرستۆ کراتیەکانی هاندا سەربەخۆیی وارگەیی (محلی) رابگەیەنن)[1]

لەو کاتیدا بنکە و نشینگەی کوردان و هێزی سیاسیان لە خوارووی ئەرمینیا بوو، زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا و موسڵمان بوون- سوننی مەزهەب، بەشێکیان لە خەوارج (دەرچووان) بوون بەلام دەیلەم شیعە مەزهەب بوون مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئەوانە هەر لەسەدەی هەشتی زایینیەوە، دوای ئەوەی وازیان لە زەر دەشتی و مەسیحیایەتی هێنا بەرەبەرە بوویوونە موسڵمان، بەسوار چاکی ناسرابوون و هێزێکی جەستەیی پتەو یان هەبوو، (لەپلەی یەکەم پشتیان بەهێزی ئەسپسواری دەبەست لە هاتوچۆ یان و سیستەمی ئەسپسواریان لە جەنگەکانیانە بەکاردێنا.

وادیارە ، سیستەمی ئەسپسواری سەرەتا لە ولاتی کوردان سەری هەڵداوە، نەك وەك لەلایەن مێژوونووسە ئەورووپییەکانەوە ئاماژەی بۆ کراوە، گوایە لەوکاتەدا دەرکەوت کە ئیمپراتۆری رۆمانی (فالنز) شەری (ئەدریال نۆبل) سالی 378ك کوژرا، بەدەستی هۆزە غوتیەکان و دواتر لەسەر دەستی شارل مارتل پەرەی سەند کەلە جەنگی بواتیە (بیلات و لشوهەداو) بەسەر موسڵمانان زاڵ بوو. لەبەر ئەوە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کەوا گەلانی ئاسیای بچووك لەوانیشدا کورد، سیستەمی ئەسپسواریان لە جەنگەکاندا پەیرەوی دەکرد پێش ئەوەی سوپای رۆمانی و دواتر ئەورووپی پەیرەوی بکەن لە جەنگدا، بێگومان ئەسپسواری قۆناغی جیای هەبوو لە قۆناغەکانی کەوا لەسەردەمی رۆمانی پێیدا تێپەڕین، کە رواڵەتێك بوو لە رواڵەتەکانی چاخی ناوەڕاست، دوای پەیماننامەی (فردان) دەرکەوت و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کردە دووپارچە و هاوکار بوو بۆ پەیدابوونی دەوڵەتە ئەورووپییەکان تا بەئەمڕۆ را دەگات.

وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد، کوردەکان وەك ئەسپسواری جەنگاوەر ناسرابوون وادیارە رۆڵەکانی کورد دژوارە شێریان لەکالاندا بێننەوە، هەمیشە لە ململانێ ی خوێناوی بوون لەگەڵ

---

(1) د. حسين قاسم العزيز، سەرچاوە، ل261

نەتـەوەکانی دەوروبـەریان پـێش دەرکـەوتنی ئیـسلام لـە ئازەربایجـان جێگیر بـوون و تیایـدا بلاوبوونەوەو بۆماوەیەکی زۆر بـەرگریان لـەم ولاتانـەدا دەکـرد لـە دژی هەڵمەتـە جیاجیاکـانی نەتەوەو هۆزەکانی هاوڕێکیان بوو لەسـەر دەسـتەلاتی ئـەم ولاتـە وادیـارە کوردەکـان هـەوڵ و کۆششیان داوە پێش دەرکەوتنی ئیسلام قەوارەیەکی نەتەوەیی دامەزرێنن هەرچەندە هەوڵەکانیان کاریگەر نەبووە بۆ کۆکردنەوەی هۆزە کوردییەکان لەیەکەیـەکیselfmangment سیاسـیدا و لـە ژێر کارگێڕییەکی ناوەندی بەلام بۆ ماوەیەکی زۆر سەرکەوت لە سەپاندنی دەستەلاتی رەها و بالا دەستی خۆی بەسەر زۆر لەولاتانەی تیایدا ژیا و فەرمانڕەوابوو تیایدا و بە ئازایەتی و سوارچاکی توانیان بەرگەی هەڵمەتەکانی هۆز و نەتـەوەکانی دیکـەی چـاویان بڕیبـووە ولاتەکـەیان زۆر لـە مێژوونووسان سەلماندوویانە کورد پێش ئیسلام لە زێی ئاراس پەڕیونەتـەوە و سـەروەری رەهایـان هەبوو بەسـەر ناوچـەکە و زۆرینـەی هێزەکـانی بـەرگری کـار لـەم ولاتـەیان پێکهێنـاوە، لـەو مێژوونووسانەش مێژوونووس ئەرمەنی (موسـا خـورینی) کـە لەسـەدەی پێنجەمـەو سـەرەتای سەدەی شەشەمی زایینی ژیاوە.

ئاماژەی بەوە داوە کەوا (مار) کـە دەربـڕینی ئەرمـەنی یـە بـۆ وشـەو نـاوی (مـاد) واتـە مادییەکان هـەر لەسـەردەمی پادشـای ئەرمـەنی تیگرانـی گـەورە 140 – 55 پ.ز [1] لـە دەوروبەری ئاراکسی دابوونە.

هەرچەندە ستایشی ئازایـەتی و سوارچـاکی کـوردانی کـردووە لـە هەنـدێ جـێ لـە کتێبـە بەناوبانگەکەیدا ، بەلام زۆربەی دێڕەکانی بە دەمارگیری نەتـەوەیی ئەرمـەنی نووسـیوە، لەگـەڵ ستایشی کردن فورسەACHMANINAN ئەخمینیەکان.

لەبەرئەوەی لەماوەیەکی مێژوودا هاوپەیمانی شانشینی ئورارتوی ئەرمەنی بوون، لەسەردەمی پادشای ئەرمەنی تێگران ی دواتر بوو بە هاوپەیمانی کورتی فارسی لـە یەکێتیـەکی سـەربازی و

---

(1) موساخورینی – مێژوونووس ئەرمەنی بەناوبانگ لە نێوان دووسـەدەی پێنج و شەشـەمی زایینی ژیاوە، هەواڵەکانی قۆناغە دێرینەکانی مێژووی ئەرمینیای نووسیوە:
MOSSES OF KHOREN, 30 : RUSSIAN BY N.O EMIN , (MOSCOW. 1893) TRANS.

سیاسی دژی دەوڵەتی میدی کە ببوون بە هێزێکی سیاسی ولاتی کوردستان و ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردیان دەردەبڕی لە ململانێیان لەگەڵ نەتەوە و هۆزە هێرش بەرەکاندا.

لەمبارەیەوە مێژوونوسی رووسی MINORSKY (مینورسکی) دەڵێت:

(شایانی باسە، ئاماژە بەوە بکەین کەوا لە رۆژگاری موسا خورینی ماوەیەکی زۆر بوو بەسەر نەمانی میدییە کۆنەکان رابردبوو، بەلام ئەوەی جێی سەرنجە ئەومیە مێژوونوسە ئەرمینیەکە لەگەڵ ئەوەشدا ناویان بەکاردێنێت بۆ کوردەکانی سەردەمی خۆی لەو دەوروبەرەیدا، لێرەدا ئەم رێسایەی پاراستووە کە ئەریتە کۆنەکەیە کە کورد بەنەوەی میدییەکان دەژمێرێت[1].

مینورسکی ئەم تیۆرییەی دووپاتکردەوە لە کۆنگرەی بیستەمی رۆژهەلاتیناسان کە لە (برۆکسل) (بەلجیکا) لە سالی 1938 بەسترا [2].

هەروەها لە کتێبەکەی چەند لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی مێژووی قەوقاسیا، لەندەن، 1953.

ئەو تیۆرییە روونەکاتەوە و دووپات دەکاتەوە کە دەڵێت : (لەسەردەمی خورینی میدییەکان نەمابوون، بەلکو کوردەکانی قەدپالی چیاکانی ئاراراتیان گرتبوو، هەروەها دەستنوسێکی ئەرمەنی نامۆ نموونەیەك ئەلفوبەی تێدایە و زمانێکی پێنووسراوە لە رۆژگارێك پێش سالی 1446 ، نزایەکە بەهێمای کوردی زمانی میدییەکان (ماد) دەنووسێت لەگەڵ بەکارهێنانی بێژەرێك (الفقد) تا ئێستا لە فەرهەنگەکاندا ماوە[2]

(1) بڕوانە: ف . مینورسکی – الاکراد احفاد المیدیین– لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم – بەغداد, 1973 , ل 561 وەرگێڕانی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.

.(2)R. MINORSKY, LORIGINEDES KURDES..P.143-152

(2) مینورسکی, دراسات حول تاریخ قەفقازیا, ل127, لەم رایانەدا مینورسکی پشتی A.Shanidze the Newly discovered Alphabet of the caucsian Albanin بەستووە بەرلکانی شایندزە : شایندزە وشەی (ماد) ی بەرامبەر (کورد) راگرت.بە پشت بەستن بە فەرهەنگەکانی ئافیتیکان و سوور میلیان و ئافیکیریان (چاپی بندقیە 1837ن سەبارەت ئەم بابەتە بڕوانە، بەرووسی:

N.o Emins Iziedorniyam . 1896 pp 122-132.

مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا گرنگترین شاری ئاسیا کە نموونەی کلیلی رزگـارکردنی ئیسلامی بوو لە قافقازیا شاری (دبیل) ە بـە عـەرەبی بـە (دیڤـین) ناسـرابوو، گـرنگترین ئـەو پایتەختە یانەیە کەوا کەوتبوونە سەر سنووری دەوری ئازەربایجان و هەموو دانیـشتوانی کـوردی رەوادی بوون. مێژوونووسان رێکن لەسەر ئەوەی هەردوو بـاوانی سـەرکردەی کـوردی بـەناوبانگ سەلاحەدینی ئەیوبی خەلکی ئەم شارەن و بە وردی خەلکی دێی (ئەجدنقان)

شایانی باسە بەشی خوارووی سەرەکی لە ولاتی ئازەربایجان جێـی نـشینی میدییـەکان بـوو، کوردان زۆر لە مێژە تیایدا ژیاون مینۆرسکی ئاماژە بەوە دەکات کەوا (بەشی رۆژئاوای ناوچەی (مـاکو) ی ئێران و بەوردی ناوچەی (دامبات) کە موسای خـورینی بـاس دەکـات و لـە رابـردوو ئاماژەی بۆ کرا، تا ئێستا کوردی) دەربڕابێـت، ئـەوا شـێوەی MAR ی کـۆن بەشـێوەی مـار MADAتێدا دەژین ، گەر ناوی مادا

بووە و بەوردی واپشتگیری ئەوە دەکات کەوا کورد پەیوەندارن MAH-KUHکـۆنی مـاکو - ماهکوە -

بە میدییەکان دەشێ ئاماژە بە دووبەرەی ناوچەی خەزەر (قەزوین) بکەین کەوا ئـەوان لـەنێو کۆچکردنی دوایی هۆزە ئێرانیەکان چوون بۆ رۆژئاوا لەسەدەی دەی زایینی، کە گەیشتنە ئەوێ لە ئازەربایجانی خواروو کورد دەژیان. لە سالی 331 پ.ز ناوچە کوردییەکانی خواروو کەوتنە ژێـر دەستەلاتی ئەسکەندەری مەقدۆنی و دوای مردنی ، زۆربەی ناوچە کوردییەکان کەوتنە بەر بەشی سلوکسی لە سالی 323 پ.ز بەرەوتی رۆژگار ئادگاری شارستانی هیللـینی بەسـەردا داهـات، یۆنانییەکان چیـنی دەستەلاتدار بوون لە کۆمەلگەکـەیان، لەبەرئـەوە جێـی سەرسـوڕمان نییـە، زۆربەی دراوەکانی دۆزراوە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان،چی ئەوانەی وێنـەی ئەسـکەندەر خۆی لەسەرەیان پادشا (سلوکی) ییەکانی جێنشینی ئـەو . هـەروەها ئـەو بەلگەنامانـەی کـە لەناوچەی هەورامانی کوردی دۆزراونەتەوە کە دوانیان بە زمان و نووسـینی یۆنانین و دەگەڕێتـەوە بۆ سالانی (88) پ.ز و (22) پ.ز ، بەلگەن بـۆ بلاوبوونـەوەی روالـەتی شارسـتانی هللـینی

لەناوە دوورە دەستەکانی کوردستان1. دواتر دەوڵەتی فرسی(فرثی)لە نزیک ساڵی 250 پ.ز دەرکەوت ، دوای ئەوەی لە ململانێ دابوون لەگەڵ سلوکیەکان تا توانیان فەرمانڕەوایی خۆیان بسەپێنن لە رۆژئاوای ئاسیا و هەندێ ناوچەی کوردیان داگیرکرد و لە ساڵی 141 پ.ز عێراق کەوتە ژێر دەستەلاتی ئەوان، لەکۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی یەکەم (پ.ز) دوای فرموان بوونی دەستەلاتی فرسی و گۆڕانی سیاسی کە رۆما بەسەریدا هات، ئاسایی بچووك و ئەرمینیا و کوردستان بوون بەبنکەی ململانێی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی فرسی و رۆمانی. ئەو بارودۆخە یاریدەربوو بۆ دەرکەوتنی هێزی سیاسی نوێ لەناوچەکەدا لەوانە شانشینی ئەرمەن بەسەرۆکایەتی پادشا بە هێزەکەی (تیکران) ی گەورە و میتراداتی شەشەم پادشای (بنتسی) کە توانیان ناوچەی کەبدوکیا و کورد و ئینسی (ولاتی کوردان- دیاربەکر و دەوروبەری) داگیربکەن، لەگەڵ نزیکەی هەموو ناوچەکانی باکووری میسۆپۆتامیا و سەرووی سوریا، بەم جۆرە هەردوو پادشا مێرادانی شەشەم و تێکرانی گەورە کەنارەکانی دەریای رەشیان لە باکوور و دەریای سپی لەخواروو دەورەدا بەدەستەلاتەکەی خۆیان . تا سەرکردەی رۆمانی لوکوس توانی لەساڵی 69 پ.ز ئەرمینیا داگیربکات. پادشای میدیا و کورد و ئینی ئەدیابینی و عەرەبی خواروی بابل و ئەلبان (داغستانی ئێستا) و ئیبرین (جۆرجیای ئێستا) و دانیشتوانی دەوروبەری ئاراکس هەموویان کالای کوکوس ئامادەبوون و رازی بوون پشتگیری بکەن ، لە پێشدا پادشای ولاتی کورئینی (زاریبونوس) بەرگری ئازایانەی دژی تێکران کرد کەویستی ولاتی کوردان داگیر بکات، بەلام لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خانەوادەکەی پێش گەیشتنی سەرکردەی رۆمانی لوکوس کوژران بەهۆی ئازایەتی پادشای کوردی ، سەرکردەی رۆمانی بڕیاریدا پەیکەرێکی[2] گەورەیان لە فیستیڤاڵێکی شاهانە و فەرمییانە بۆ سازکرد .

ململانێ و رکابەری سەربازی لەنێوان فرسی و رۆمان بەردەوام بوو تا ئەرمینیا و کوردستان‌و میدیای بچووك و ئازەربایجان کەوتنە بەر هێرشی ئالان و جۆرجیەکان و ئەم ولاتە دووچاری دزی‌و تالانی و وێرانی هات .

---

(1) طه باقر , ل 446

(2) بگەڕێوە بو (الارمن فى التاريخ ،مروان المدور ،ص 159

ئیمپراتۆریەتی فرسی نەیتوانی بەرگری لەم ناوچانە بکات ، لەلایەکی دیکەوە ئەم ناوچانە کەوتنە بەرمەترسی رۆمانەکان تا ئەوکاتەی سەرکردەی رۆمانی (تراجان) توانی زۆربەی ناوچەکانی باکوور و رۆژئاوای داگیر بکات، چەندان جار شەڕ و کوشتار لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەتی فارس و رۆمانی لەو ناوچانەدا لەسەدەی یەکەمی زایینی و دەورووبەری ساڵی 136 پ.ز. هۆزەکانی لان توانیان جارێکی دیکە . بچنەوە ولاتی شیروان و ئازەربایجان و میدیاو ئەرمینیا و ناوچە کوردییەکان تا گەیشتنە کیدوکیا لە ئەنادۆڵ، ناوچەکە لەم ململانێیەدا بوو لەنێو زۆر هێزاندا تا ساسانییەکان دەرکەوتن و توانیان دەسەلاتی خۆیان بسەپێنن بەسەر زۆربەی ناوچەکاندا و بەناوچە کوردییەکانیشەوە کوردەکان لەسەردەمی شاپووری کوڕی ئەردەشێر توانیان سەربەخۆیی خۆیان بێننەدی، دووبارە ساسانیەکان ولاتی کوردوئینیان داگیرکردەوە. کورد لەسەدەی یەکەمی پێش سەردەمی مەسیحی رووبەرووی بۆ هێزی سیاسی بوونەوە کەلە هەموو لایەکەوە دەورەی دابوون کورد لە شەڕێکی هەمیشەیی دابوون، لەگەڵ ساسانیەکان.

جەنگ دەستی پێکردەوە [1] تا رووخانی دەولەتی ساسانی لە جەنگی قادسیەی گەورە بەردەوام بوو.. تا موسڵمانان دەرکەوتن و لەسەدەکانی بەرایی دەرکەوتنی ئیسلام لە هەموو کوردستان بلاوبووە و کورد بوون بە پێشەنگی سوپای ئیسلامی و بەهێزترین جەنگاوەرانی بەرگری کار لە ئیسلام و پارێزەرانی قەلاو قوللەکانی ئیسلامی سەرسنوور لە ئاسیای بچووک[2].

---

(1) بنچی پاشا ساسانیەکان سەر بەهۆزی رێژەکی بوون و کوردی موکریان بوون. بگەڕێوە بۆ , شرفنامە, ل603 – لە باکوری رۆژئاوای (ئێران) لەسەرووی ناوچەی ئەردەلان و خوارووی دەریاچەی (ئورمیە) نیشتەجێ بوون. بگەڕێوە بۆ : محمد امیە زکی, تاریخ الدول والامارات الكردیە فی العهد الاسلامی, ل367. و بگەڕێوە بۆ : حسین حزنی, کوردستان, ل 42 .

(2) بگەڕێوە بۆ : التاریخ الرومانی – عصر الثورة– د. عبداللطیف احمد – بیروت, 1973.

تایبه‌تمه‌ندییه‌ ره‌واکانی نه‌ته‌وه‌گه‌ری کوردی:

گەلی کورد مافی خۆیەتی نەتەوەگەریی رەگەزی خۆی، بەپێی تایبەتمەندییە رەواکان، دەربڕێت. کورد بەدرێژایی مێژوو لە گەلانی بەرایی بوو کە لەو ناوچە جوگرافیەی ناسراوە بەجێ نیشتەجێبوونیان بەدڵنیاییەوە هیچ مێژوویێك بێ بەڵگە نییە، یان شوێنەواری ماددی بەردەست. کورد وەك گەلانی دیکەی ناوچەکە ، خاوەن شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بوون و لەگەڵ هەموو گەلانی دەوروبەریان هاوبەش بوون، چ عەرەب یاخود فارس یا تورك . لەو باوەڕەدابوون خاوەن شارستانیەتێکی دێرینن و خاوەن ئیمپراتۆریەتی مێژوویی کۆنن بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی میدیو میتانی و هاوبەشیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عیلامی کۆن و ئاشووری و ئیدیکەش، بەلام سەرسوڕمانی راستەقینەیان پەیوەستە بە MEDES EMPIRE ئیمپراتۆریەتی میدی کورد وەك کۆمەڵە مرۆڤێك ، لەگەڵ قووڵی بوونی نەتەوەییان و رۆڵی درێژخایەنی مێژوویییان، رەگی نەتەوەیی رەگ داکوتا و رۆشنبیریی کوردی گەشاوەیان کاری تێکردوون. بابەتییانەبوون دەخوازێت ، خوازیاریی نەتەوەیی رەوا لە گەلان رەچاو بکەین، بەلام کەی رەتکردنەوەی رەوایەتی (LEGITIMACY) پێویست دەبێت بەراستی ، جیهان هەڵگەڕانەوەی نەتەوەگەری و بوون بە هۆکاری توند و تیژی بەرامبەر کەسانی دیکە رەت دەکاتەوە، گەر بەشێك بێت لەکاری نەرێنی لەسوکایەتی کردن بە بەهاو بنەماکانیان. زانراوە فارسەکان میراتگری شارستانیەتێکی دێرینن، خاوەن ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزبوون بەتایبەتی لەماوەی ئەخمینی و ساسانیدا [1] لەو باوەڕەدان، رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی و رۆڵیان گەورەترە لە زانست و فەلسەفە و لاهوت و ئەدەب و هونەر [2].

وەك مرۆڤ هەر دەبێت رەگی نەتەوەییان و رۆشنبیری فارسیان کاریان تێبکات کە بەشێوەیەکی شاراوە کار لە دارشتنی رووکارەکان و بیر و رەوشتی تاکی فارس دەکات. بە هەمان شێوە مافی

(1) Willber, 1976 p.75
(2) **Arastan, 1970, p.65-77**

تورکانە هەستی نەتەوایەتیان دەربڕن لەگەڵ ئەوەی روانگەی تایبەتییان هەیە سەبارەت نەتەوەگەری ، گەلێکی خاوەنی شارستانی دێرنن، سەر لەنوێ توانیسان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە بنیات بنێن بەناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمان بەناوبانگ بوو. سەرچاوەی زانیاریسان سەبارەت بە تایبەتمەندی گەلی کورد بەرچاوە، لەرێگەی کۆڵیاریی شوێنەواری و پشکنین دۆزراونەتەوە، ئەم نامرازانەن پشتیان پێدەبەسترێت وەك پاشماوەی خانووبەرە و هونەر و ئامێر و نامرازەکان سەرەڕای ئەو زانیاریانەی لە دەقی نووسراو دەست دەکەوێت . زۆر زانیاری بەشاراوەیی و نادیار مایەوە بۆ هێشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد بەنادیاری، لەگەڵ ئەوەی دەرکەوتنی یەکەم تیرەی مرۆڤ کە بنچی مرۆڤ بوون دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 1،750،000 ساڵ لەمەوبەر ، بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان . مرۆڤی بەرایی لە رۆژگارێکی زۆر کۆنەوە لە عێراق ژیاوە ، شوێنەواری بەرایی لە ئەشکەوت و قولاییەکانی ناوچەی چیایی باکوورو باکووری رۆژهەلات ، زانایانی شوێنەوارزانی ئەو سەردەمەیان لە مێژوو ناوناوە بەچاخی بەردین، کە ماوەیەکی دوور و درێژە دابەشی سەر چەند سەردەمێکیان کردووە بەپێی پلەی تیژ و تراشینی بەرد و رێکخستنی ئەم سەردەمانە بەناوی ئەو شوێنانەوە ناونراوە کەتیایدا (بۆیەکەجار) دۆزراونەتەوە. لە پێشدا ئاماژەمان بە شوێنەواری بەردە بەلکە ی نزیك چەمچەماڵ لە کۆنترین شوێنەواری چاخی بەردینی کۆنە، هەروەها(Barda-Blka) ئەشکەوتی زرزی و هەزار مێرد لە پارێزگای سلێمانی و شوێنەواری گەڕی (گور) دووەمی چاخی بەردینی لە هەولێر ، کە گەورەترین ئەشکەوتی دۆزراوەیە لە عێراقداShanidar کۆن لە ئەشکەوتی شانەدەر، لەم ئەشکەوتەدا ئێسکبەندی منداڵێك و سێ پیاو و دۆزراونەتەوە، کە بەکۆنترین ئێسکبەندی مرۆڤی (نیاندەرتاڵ) ناسراوە کە مرۆڤی کۆنە و لەو ناوچەیەدا ژیاوە، پێش مرۆڤی هۆشداری ناسراو بە (هوموسیپنس) . چەندان شوێنەواری دیکە هەن پاشماوەی مرۆڤی ئەم قۆناغەی تیا دۆزراوەتەوە، وەك Baly Kuraئەشکەوتی بالی کوراو لە پەناگەی کەڤرین وەك بابخال و سراندور لەنێوان هەولێرو شەقلاوە، هەروەها شوێنەواری زاوی چەمی لەسەر کەناری زێی گەورە (سەروو) نزیك شانەدەر، کۆنترین نشینگەی لادێی تا ئێستا دۆزراوتەوە لە رۆژهەلاتی نزیك ی کۆن، دەگەڕێتەوە

بۆ چاخی ناوەڕاست ی ناونراو بە (میولسیك) هەروەها شوێنەواری دیکە دۆزراونەتەوە لەو گردجای ، لەسەر زێی گەورەی نزیك گوندی (گرد ماملك) هەموو ئەم خاکە فروانەی دەگاتە ملیۆنان کیلۆمەتر لە خوارووی رووسیاوە، بەرەتبوون لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و خوارووی رۆژهەلاتی تورکیاو سەرووی رۆژئاوای ئێران و باکووری عێراق تا دەگاتە چیاکانی سوریا و لوبنان بەپیت ترین خاکی کشتوکاڵین لە جیهاندا، دەشتی پڕ گیاو گوڵ و پاوانی سەوز، سەرنجی چەندان کۆمەڵە مرۆڤی جیاجیای راکێشاوە و چەندان نەتەوەی شوانکارەی هاندا‌وە بەدرێژایی مێژوو رووی تێبکەن ئەو خاکەی بنکەکانی شارستانی و دەرکەوتنی بازرگانی تێدا روویداوە، بووتە هۆی سەرهەڵدانی ئابووری و سیاسی و پیشەسازی پێشکەوتوو کە دواتر لە گۆڕانی نەتەوەیی رەنگی داوەتەوە کەلەناوچەکەدا روویداوە و کاری کردۆتە سەر باری گشتی لە جیهانی کۆندا و ئەوکاتی، دوای دۆزینەوەی ئاسن و برۆنز و کانزای دیکە سەرەڕای هۆکاری دیکەی کشتوکاڵی چالاك کرد و بوو بەهۆی جێگیربوونی گەلان و دەرکەوتنی شاری نوێ. کۆمەڵە مرۆڤی زمان و شێوەزاری جیاجیا لەو ناوچەیەدا جێگیربوون هەموویان سەربەیەك بنج بوون ململانێ بە هێز و بەردەوام بوو لەنێوان ئەم گەلە و گەلانی دیکەی دەوروبەری ، لە باپیرانی تورك و مەغۆل و فورس و نەتەوە کۆنەکانی دیکە بۆ کۆنترۆلکردنی سەرچاوەکانی پاوانی باش لەو خاکە دەشتاییە فرەوانە کە موسڵمانان هاتن لەکاتی فرەوانبوونی دەستەلاتی ئیسلامی ، کورد بوونە بەشێك لەجەنگاوەرانی ئیسلام ، بەڵکو لەم ناوچەیەدا زۆربەی هێزەکانیان کورد بوون . کوردی بەسوارچاکی جەنگاوەر ناسران هێزەکانیان بەرەو رۆژئاوای ئازەربایجان چوو لە زێی ئاراکسی پەڕیەوە و دوورتریش چوون و هەمیشە هێزێك بوون ولاتانی ئیسلامیان پاراستووە لە هێرش بەرەکانی باکوور لە جۆرجی رووسی و ئەبخاز و تەتتار و بیزەنتین لە رۆژئاواوە .عەرەبە موسڵمانەکان کە ناڕاستەوخۆ دەستەلاتیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، لە راستیدا سەرکردایەتی کوردانیان دەکرد لە کۆششیاندا (جیهاد) [1]

---

(1) مینورسکي, دراسات حول تاريخ قفقاسيا, ل10.

لەبەر ئەوەی کورد هێزی گەورەی موسڵمان بوون لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا و ناوچەی دیکەش لە رووسیا ، لەو رۆژگاریدا و هاوبەش بوو لە سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی موسڵمانان سەرەڕای فرەوان بونی مرۆیی کە رۆڵێکی گەورەی بینی لە ژیانی گەلانی ئەم ولاتە.

شایانی باسە ئەو کردارانەی رووی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی لینین و ستالین لەبەکارهێنانی زۆرداری و دڕندەیی تیرۆر بۆ دەرکردن و دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی سەدان هەزار کورد لە قەوقاسیا بەرەو ناوەڕاستی ئاسیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەلشەفی، وەك تۆڵە سەندنەوەیەك بوو بۆ رووداوەکانی مێژووی کۆن . رووسیا بەم دواییانە لێی بەئاگا هاتووە و تۆڵەی لە کورد سەندۆتەوە بەهۆی خزمەتگوزاری کە پێشکەشی ئیسلامی کردووە. رۆڵی سیاسی و سەربازی و کۆمەلایەتی کورد لە جیهانی ئیسلامیدا.

هەر لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامی دا لەسەردەمی فرەوانبوونی دەستەلاتی ئیسلامی، ئەوەش بوونی هۆکاری خۆیی و بابەتی دووپات دەکاتەوە بۆ تەواو پێکهێشتنی نەتەوەی کورد لە باکووری مێسۆپۆتامیا و رۆژئاوای ئێران پێش زایین بە چەندان سەدە، رۆڵەکانی کورد رۆڵی بنچینەییان گێڕاوە لە مێژووی ناوچەکەی کە هەمیشە شانۆیەك بوو بۆ رووداو و ململانێی خوێناوی بەدرێژایی چاخەکان مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا دەولەتی رەوادی کوردی فەرمانڕەوا لە ئازەربایجان ئەرمینیا کە بنەماڵەی سەلاحەدینی ئەیوبی سەر بەو هۆزەیە و سەرفرازی بەرەنگار بوونەوەی یەکەم هەڵمەتی خاچپارێزی پێبڕا کەوا نەتەوەکانی باکوور لەکۆچەرە جۆرجی و رووس و ئەبخاز و لە رۆژئاواش بێزەنتییەکانی هاوپەیمانیان کردیان هەروەها مێژوو هەواڵی سەرکردەی کوردی ، سەلاحەدینی ئەیوبی و بنەماڵەی ئەیوبی دەگێڕێتەوە کە چۆن هەڵمەتی دووەم و سێیەم و چوارەمی خاچپارێزی گێڕایەوە و لەبەر رۆشنایی ئاکامە سەربازییەکانی فەلەستین ئازاد کرا و سەروەری تەواوی گێڕدرایەوە بۆ عەرەبە موسڵمانەکان [1]

---

(1) بگەڕێوە بۆ: مینورسکی و بڕوانە: ابن خلکان الشافعی (وفیات الاعیان و أبناو الزمان) بڕوانە : الیعقوبی حوادث الفتوحات ألاولی للمسلمین , وابن الاثیر الکامل في التاریخ و ماسیوس الاورفلی (الحروب الصلیبیه الاولی).

لەوکاتەیدا کە خاچپارێزان هێرشیان دەکردە سەر ولاتی شام بۆ لەناوبردنی دەستەلات و سەروەری ئیسلامی تیایدا، رۆم و کرج و ئەرمەن لە هێرشی بەردەوام دابوون بۆسەر میرنشینی شەدادییەکان بەشێوەیەکی تایبەت و رۆژهەلاتی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی بەبنگە (ثغر) یەکی ئیسلامی دادەنرا بەرامبەر ئەوان بۆ بەرگری لە ئیسلام ، خاچپارێزان.

دەستیان لەوەدابوو بۆ دوو هۆکار،

یەکەمیان: بۆ دوورخستنەوەی سوپای رۆژهەلاتی ئیسلامی لە هاوبەشی کردن لە جەنگی خاچپارێزی و، بۆ دروست کردنی گیانی دوژمنکاری لەنێو موسلمانان لە رۆژهەلات و ئەرمەن بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوەی نەگەن بە جۆرە رێککەوتنێك لەنێوان هەردوو لایان، پێویستە ئەوەش لە بیرنەکەین کەوا بنچی ناسر سەلاحەدین لە شاری دوین و لە تیرەکانیەتی کەواتە ئەم خزمایەتییە هاندەرێکە بۆ هاوبەشی شەدادیەکان لەتەك ئەیوبیەکان دژی خاچپارێزی سەرەرای هۆکاری ئایینی، دواتر ، دوای ئازادکردنی شاری قودس (بیت المقدس) هەردوو کارداری ئازەربایجان و ئاران و ئەرمینیا ملکەچیان بۆ سەلاحەدینی ئەیوبی [1].

---

(1) ابن الاثير, الكامل في التاريخ 11/ 546, وابن واصل : مفرج الكروب في اخبار بني ايوب , تحقيق د. جمال شيال, القاهرة , 1957.

دەوری هەشتەم

کورد لەنێوان نەتەوەگەری و ئیسلام خوازی

The Kurdish Between nationalism and Islamic Tendency

* کورد و گونجان لەگەڵ ئایینی ئیسلام.
* هۆکارەکانی سەرکردایەتی کردنی رەگەزی کورد بۆ سوپای ئیسلامی لەناوەڕاستی ئاسیا.
* بەرچاوترین هۆکارەکانی بوونە هۆی شکستی دەوڵەت ومیرنشینە کوردییەکان لە چاخی را پەڕیندا.
* کەسایەتی کوردی و باوەڕی بە ئایینی ئیسلام.
* دابەش بوونی کورد لە نێوان ئیسلام و ئایینەکانی دیکە.

کورد و گونجانیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا

هێزە ئیسلامییەکان زۆر ناوچە و شاری کوردیان رزگار کرد ، وەك جزیرەی ئیبن عومەر و بدلیس و جێی دیکەش، بێ شەڕ و بەئاشتی و پەیمان و بێ کوشتار ، لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (12-23 ی کۆچی – 634-644ز) و بەسەرکردایەتی ئەبی موسای ئەشعەری و عیازی کوڕی غەنەم و دوای بلاوبوونەوەی ئیسلام لەناوچەکە، ئەوانیش وەك گەلانی رۆژهەلات دوای بوونە موسڵمان وازیان لە رابردووی ئایینی خۆیان هێنا[1].

کورد بەشێوەیەك گونجان لەگەڵ ئایینی ئیسلام تێکەڵ هۆش و کولتووری کوردی بوو و کاری کردە سەر کەسایەتیان و وای کرد داخزێتە ناوخۆی و سروشتێك بگرێت بۆ بەرژەوەندی ئیسلام بێ ئەوەی زۆر لە کولتووری کۆنی خۆی دوورکەوێتەوە.

کەچی گەلانی دیکە هەوڵیان داوە بیشێوێنن و ونی بکەن بەمەست و خوازراوەوە، بۆ گۆڕینی ئادگارە راستەقینەکەی و دوورایی مێژوویی یەکەی.

کورد لەلایەك بوو بەدیلی ئیسلام و لەلایەکی دیکە کولتووری کۆن، بەلام هزری پێکهێنانی دەوڵەتی کۆن ، بەلام لە ئاکامی تۆپەڵ بونی رووداوە کۆنەکانی رابردوو و پیلانی گەلانی دیکە لەنێوچوو، بوو بە خەونێکی هێنانەدی دژواربوو. کورد بە ئیسلام شادبوون، کە عەرەب بۆی هێنابوون، وەك نەتەوەکانی دیکەی وەك: فارس و تورك .. موسڵمان بوون بۆ ئەوەی لەدەست زۆرداری و بێدادی و گوشار و تاکڕەوی و دڕندەیی نەتەوەکانی دەوروبەر بەرامبەر ئەوان دەیانکرد رزگاربن، پێشوازیان لەم ئایینە نوێیە کرد. بەهۆی ئەو گیانی نموونەییە پوختەی تیایدا بوو تا ئەورادەی ناسنامەی کوردی کۆنی خۆیان لەدەست دا. لەبەرانبەر ئەم حاڵەتەدت خۆیان لەنێو ململانێ و ونبوون بینیەوە، لەلایەك موسڵمان بوون و باوەڕی پتەویان بەم ئایینە هێناوە و

---

(1) زۆربەی سەرچاوەکان ئەو دووپاتدەکەنەوە کەوا کورد لەسەر ئایینی زەردەشتی و مەسیحی بوون پێش موسڵمان بوونیان، بۆ زیاتر بڕوانە: باسیل نیکیتین , الاکراد, ل267. ولیرخ , دراسات حول الاکراد, ل56.

بەرگری لێ دەکەن، لەلایەکی دیکە ئەو بەرگرییە مەزنەی کردیان لە ئیسلام ، ناسنامەی نەتەوەییان لەدەست داوە، بوویەهۆی ئەوەی ئەم قوربانی دانە بۆ ئایینی ئیسلام ببێتە هۆیەك بۆ هەموو مەینەتییەکانیان و زۆرداری گەلانی دیکەی دەوروبەریان لەوان.

ئەفسانەیەکی رۆژهەلاتی هەیە بە ڕێبازی تایبەتی خۆی ئەم شکستەی کوردان Eastmyth ڕاڤەدەکات ئەفسانەکە دەڵێت: (کەپێغەمبەر (محمد) (د.خ) بانگەوازی خۆی دا بۆ ئیسلام، هەموو سەرکردەکانی دنیا خێرا بەرەو پیلی چوون و ملکەچی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بانگەوازەکەی ، (ئوغوزخان) فەرمانڕەوای کوردان لە تورکستان، میرێکی کوردی بەناوی (زمین) ی نارد لە شوێنی خۆی ، کە پێغەمبەر ئەم بەتوانا و هێزە بینی چاوی پڕ ئاماژە و ڕەنگی تیر، لەبارەی نەتەوەکەی لێی پرسی، کەزانی کوردە، لەخودا پاڕایەوە کە ڕێگەنەدات دوژمنێکی ئاوا ترسناك هیچ کاتێك گەلێکی یەکگرتوو نەبێت. بەم جۆرە ئەم ناکۆکیەی بێ کۆتاییەی نێوان کوردان ڕاڤە دەکەن.[1]

ئیدی نەیانتوانی واز لە ئیسلام بێنن لەبەر ئەوەی ڕۆچۆتە وردەکاری ژیانیان، هەرچەند سۆزیان بۆ لایەنی نەتەوەیی بەگوڕە، کەبەهۆی لاگری ڕەهایان بۆ ئایینی ئیسلام لە دەستیان دا.

کورد کە موسڵمان بوون، لەرێگای ئەم ئایینەوە بوونە خاوەن هێز و توانا و جۆرە لێکدانەوەو تێگەیشتنێکیان لەعەرەب پەیداکرد، نەك لە ڕێگەی کەس، بەشێوازی تاکەکەسی کاریگەر بە کولتووری عەرەبی ئیسلامی.

لێرەدا کە ئاماژە بە کوردی موسڵمان دەکەین مەبەستمان ئەو کوردانەن لە دڵەوە بوونە موسڵمان و چونەسەر ئەو ئایینە، کوردە مەسیحییەکان کە دابوونەریتی تایبەتی ئایینیان هەیە و ئێزیدییەکان کەوا ڕوانینی تایبەتیان هەیە بۆ ئایین و بۆ نەتەوە جیایە لەوانەی سوودیان لە تایبەتمەندییەکانی ئیسلام وەرگرتووە کە بەرووکاری خزمەتکردنی لایەنە مرۆییەکەی خۆیان بەکاریان هێناوە بۆ دەست خستنی دەسکەوتی ڕۆژی دوایی.بەلام هاوبەشن لە تایبەتمەندی

(1) مارو Marr، ل26

رەگەزی لەرووی داخوازی و هیواخوازیی نەتەوەیی نەك لە دووتوێی ئاین. کورد لەو باوەڕەدایە موسڵمانێکی راستەقینە و دڵسۆزە، ئەم باوەڕەش گرنگییەکی زۆری هەیە لای ئەو، چونکە دەیخاتە نێو چوارچێوە گشتییەکەی ئایندارانی ئەم ئایینە واتە لەنێو چوارچێوەیەکی یەکخراوی نەتەوەیی ئیسلامی گەورە، ئەم چوارچێوەیەش ئەو هێزەی هەیە بەرەو هێنانەدی ئەم مەبەستە بالایەی بەرێت کە یەکێتی ئیسلامیە، کە هەستێکی راستەقینەیە، ئەوەی لە ریزی ئەم ئاینەدا بێت هەیەتی، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، کە هەر کەسێك لە ریزیدا بوو پێیدەبەخشێت لەگەڵ چەندان سیفەتی دیکەی گشتگر و ناوەندیەتی و بەردەوامی و تەواوی و هێز.

ئەو بنەما گشتگیرییەی ئیسلام بەکوردی بەخشی، لە رێگەیەوە جۆرە خودێکیانی پێبەخشیووە توانیویانە کۆنترۆڵی رەفتار و هزر و ویژدانی خۆیان بکەن، بەشێوەیەك ئاینەکانی پێشوو بتپەرستی و زەردەشتیەتی و مەسیحیەتی و یەهوودیەتی پێی نەبەخشی بوون. ئەم رەفتارە زاڵە بەسەر رەفتاری مرۆڤی کورد.

ئەم ناوەندێتیەی ئیسلام وایکرد لە ریزبوون و لاگری بۆ ئایینی ئیسلام پتەوبێت، لەم رێگایەوە هەست بەبوونی هێزی برایەتی دەکەن و هاوسۆزی لەنێوانیان پەیدا دەکات، بەرەو هێزی ناوەندی دەچن کە ئاراستەی کردن بەرەو پتەوکردنی ئیسلام و یەکیەتیەکەی لە هەمان کات ئیسلام یارمەتی دان رێچکەی نەتەوەخوازی و نەتەوەگەری هەڵمژێت و هەموو ململانێکان لابەرێت و هێزی پڕ توانای کوردان لەبۆتەی ئیسلامدا بتوێنێتەوە لەبەر ئەوەی بووە بە باوەڕ و ناسنامەی هەمووان. (گشتگری ئیسلام و ناوەندێتییەکەی پەیوەستە بە توانای هەڵمژینی ململانێی رەگەزی و نەتەوەییەکانی ولاتە ئیسلامییەکان بەهۆی ئەوەی باوەڕی زۆرینەیە)[1]

دەشێ بەرچاوترین شتی راستگۆیی موسڵمان بوونی کورد ولاگریان لە ئایینی ئیسلام دەنوێنێت ئەوەیە ئیسلام بەکارناهێنن وەك داردەستێك بۆ هێنانەدی داخوازیەکانیان وەك فارس و تورك کردیان.

(1) Dek mejian , 1981, p.41.

راڕەو (مەزهەب)ی ئیمامی شافعی پەسند دەکات، دەشێ (KurdisNation) نەتەوەی کورد

ئەو مەزهەبە لە هەمووان بلاوتریێت لە نێوانیاندا سەرەڕای راڕەوەکانی دیکە. بۆ نموونە بەشێك لە کوردانی ئێران و ئەفغانستان و تورکیا و عێراق و سوریا لە گرۆهی شیعەکانن هەندێکیان (عەلی ئیلاهین) و شەرەفخانی بەدلیسی بلاوبوونەوەی مەزهەبی حەنەفیش دوورپات دەکاتەوە، دەشێ لەنێو کوردانی تورکیا و سوریا دابێت. کورد شانازی بە ئیسلام دەکات و بەدڵسۆزی و گوڕەوە بەرگری لێ دەکات و زۆر ڕێز لە دابوو نەریتی ئیسلامی دەنێت و ئەم ئایینە یەکتاپەرستییە بەسەرچاوەی هێزی خۆیان دەزانن.

کورد لە هەموو کۆمەڵەکان زیاتر پابەندە بە ئاینی ئیسلام لە تێگەیشتن و لەشەرع کزانیدا[1] خێزانە کوردییەکان مندالانیان هەر لەزووەوە دەنێرنەبەر خوێندنی قورئان و بنەماکانی ئیسلام وەك ئەزبەر کردنی قورئان و فەرموودە و رێوشوێنی سونەتی پێغەمبەر.. ئیدیکەش[2] .

محەمەد ئەفەندی ئالووسی لە تەفسیرە بەناوبانگەکەیدا (روح المعانی) دەڵێت لەنێو یارانی پێغەمبەر (د.خ) یارێکی بەناوی گابان (کابان) ی کوردی هەبوو ئیبن حەجەر لە کتێبەکەیدا (الاصابه فی تمیز الصحابه)

لە جاحزەوە دەگێڕێتەوە، ژمارەیەك فەرموودە هەن لە (کابان) وە گێڕدراونەتەوە لەبارەی کاروبارەکانی ژیان[3]. کۆمەڵە زانایەکی کورد هەن گێرەوەی فەرموودەی جێدڵنیاییەکانن، وەك: ئەبو حەفسی عومەر کوڕی ئیبراهیم کوڕی خالیدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوردی و، ئەبو حەسەن عەلی کوڕی عەبدوللای کوردی و، جابری کوڕی واستی،

ئەبو جەعفەر عومەر کوڕی ئیبراهیم کوڕی خالید کوڕی عەبدولڕەحمان ب کوردی و، ئەبو حەسەن عەلی کوڕی کوردی و عومەر کوڕی عیسای عەتاری ئەهرەوانی و، مەیموون کوڕی

---

(1) شرفنامه , ل576

(2) هەمان سەرچاوە, ل700

(3) ابن حجر العسقلاني: الاصابة في تمييز الصحابة, طبعة دار احياء التراث العربي–بيروت , ج1, ل21

نەسیری کوردی و، ئەبو ئەحمەد محەمەد کوڕی ئەحمەدی ناسراو بە نازناوی کوردی..ئیدیکەش لەم زانایانەوە زۆر لە فەرموودەکانی پێغەمبەر گێڕدرایتەوە[1].

ئیسلام بەتوانای بەردەوامی و پێداگری و مکوڕی هەڵداوێردرێـت بـۆ کۆکردنـەوەی خـەڵك لەدەوری خۆی، دەشێ پیاو چەشنێکی دووبارە بووەوە لـەململانێ لـەنێوان دنیـایی و رووکـاری ئایینی بدۆزێتـەوە لـەولاتانی ئیسـلامیدا[2] جـوانترین شـتی لـەم تایبەتمەندیـە دایـە ئەوەیـە پەیوەستە بە هاوبەندی هێز و هەریەك لە تایبەتمەندیی گشتگری و ناوەنـدێتی کـەوای کـرد ئـەو کوردانەی دروست و راست لە ریـزی ئیسـلام دابـوون بـۆی گەڕاونەتـەوە بـۆ وزە بەرزکردنـەوە و یەکدیگری هەرچەندە پێویست بووبێت، لەبەرئەوەی بەردەوامی دڵنیایی دەروونی تیادا دەبیـنن و پەناگەی ئاسوودە.

تایبەتمەندییەکانی ئیسلام بەهەموو پێکهاتـە و هێزییـەوە کەسـایەتی کـوردی پتـەوی تونـد بەسەری زاڵە، بەهۆی هەستی لەریزبوونی گیانی بۆ ئایینی تەواو، کـە لـە ئایینیـەکانی دیکـەی هەڵداوێری، لەگەڵ رێزگرتنی هەموو ئەوانـەی لەسـەر ئـایینی دیکـەن، هەرئەوەشـە وایکـردووە سەرکردەی کوردی سەلاحەدینی ئەیوبی رێز لەمەسیحی یەکان بنێت لـە فەڵەسـتین جەنگـەکانی خاچپارێزان لەگەڵ سەلاحەدین و جەنگی شەدادیـەکان لەگەڵ ئەرمەن و جورجی و بیزەنتییـەکانی دەمارگیری ئایینی کوردی سەپاندی، بەهەمان شێوە هەڵەیە گەر لەیاد بکەین مەسـیحییەکانیش لەگەڵ ئیسلامدا جەنگین بەناوی ئاینـەوە بوو. لە راستیدا کورد لەگەڵ مەسیحیەکدا ئاوێتـەبوون لە مێژوویاندا، هەموو ئاماژە مێژوویـەکان دەڵێن پێشان بەشێك لە کوردان چوونە سەر ئـایینی

---

(1) بکەرێوە بۆ: ابن الاثیر الباب في تهذيب الانساب- مكتبة القدسي, القاهرة 1356ك – ج2, بڕوانە: الذهبي المشتبة في الرجال: اسمائهم وأنسابهم / دار احياء الكتب العربيـة, القاهرة, الطبعة الاولى, سنة 1962, ج1, ل543.

(2) ابن حجر العسقلاني: الاصابة في تمييز الصحابة, طبعة دار احياء التراث العربي-بيروت , ج1, ل21 – السمعاني الانساب، نشرة ليدن- هولندا (تحقيق مارجولين، سنة 1912، 1/ مخطوطة /ورقة 147)

مەسیحی، بەگشتی لێبووردەبوون لەگەڵ جوولەکە، بەهەمان شێوە هەمان هەڵوێستیان هەیە لەگەڵ هەموو تۆخمە بیانییەکان لەبارەی ژینگە ئایینی و نەتەوەییەکەیان.

هۆکارەکانی سەرکردایەتی کردنی رەگەزی کورد بۆ سوپا ئیسلامییەکان لەناوەندی ئاسیا

مینورسکی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: عەرەبە موسڵمانەکان لەوکاتەیدا دەستەلاتیان ناڕاستەوخۆ بەسەر ئەو ناوچانەدا داگرت کەوا لە راستیدا سەرکردەکانیان رەگەزی کوردبوون لە جیهادەکاندا [1] . ئەوەش واتای وایە زۆربەی هێزە ئیسلامییەکان، کەوا لە قەوقاسیا بلاوبوونەوە کورد بوون وادیارە زۆر هۆ هەبوون لە پشت سەرکردایەتی رەگەزی کوردی بۆ سوپا ئیسلامییەکان، لە خوارەوە بەکورتی باس لەم هۆکارانە دەکەین:

1- کوردەکان سوارچاکی بەرچاو بوون، جەنگاوەربوون، ئازابوون و هێزێکی دڕندەیان هەبوو کە دەیانتوانی رووبەڕووی گەلانی ئاسیای بچووك ببنەوە کە بەهێز و دڕندەیی لەجەنگدا ناسراوبوون.

2- کوردان شارەزای سروشت و جوگرافیا و کەش وهەوای هەموو ناوچەکانی قەوقاس ئەوەشیان لە ئاکامی جەنگی درێژخایەنی ئەوان و هۆزە کۆچبارەکانی سەرخاکی کوردستان ئامادەیان کردبوو، ئەو ناوچانەش خاکی بەرفراوان بوو.

3- شارەزایی جەنگاوەری و لێزانینی جەنگی کوردی، لە ئاکامی ژیانی بەردەوام لە ململانێی گەلانی(sorere ignty) ناوچەکە بۆ سەپاندنی دەستەلات و سەروەری

4- لاگری و پشتگیری رەهای کوردان بۆ ئیسلام و باوەڕێکی راستەقینە بەپیرۆزی جیهاد کردن.

5- کوردان بەوە ناسراون هەر لەکۆنەوە خاوەن پەیمان و بەڵێن بوونە، لەبەر ئەوە عەرەبە موسڵمانەکان بینیان راستگۆن لە ئیسلام بووندا و کەسایەتی کورد وایە هاوکات راستگۆن لە پەیمان و بەڵێنەکانیان وایکرد ببن بەجێی باوەڕی ئەوان کە بەدرێژایی مێژوو بەوە بەناوبانگ بوونە.

---

(1) ابن حجر العسقلاني: الاصابةفي تمييز الصحابة, طبعة دار احياء التراث العربي–بيروت , ج1, ل21

6- لەیەك نزیكی مێژوویی و پەیوەندی باشی نێوان کورد و عەرەبە موسڵمانەکان وایکرد بەیەکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی ئاسان و بەپێز بێت و لەسەر بنچینەی دڵنیایی دوو لایەنە دامەزرابێت.

7- کوردان زۆرترین نەتەوە بوون کەبوونە موسڵمان و دەکرا پشتیان پێ ببەسترێت لە پڕکردنەوەی ((Islamic Vation)) بۆشایی سیاسی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی ئیسلامی

8- لێهاتوویی و تێکەڵ بوونی کورد و عەرەب وێنەیەکی باش بەخشی لەبارەی لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئابووری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی لەم خاڵەوە کورد بوون بەئەو هێزەی ولاتانی ئیسلامی دەپارێزێت، لە هێرشبەرەکان و سەنگەری یەکەم بوون لەرووبەڕووبوونەوەی باکوورییەکان. دوای ئەوەی دەوڵەتی عەباسی شکستی هێنا و بێهێزبوو، زۆر لە نەتەوەکان هەوڵیاندا لە موسڵمانەکان بدەن لەناوچەکانی ئاسیای بچووك دوای ئەوەی عەرەبە موسڵمانەکانو کوردان کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکەیان کردبوو راستەوخۆ دەستەلاتی ئەوان بەسەر ئەم ناوچە جوگرافیە گەورەدا راگەیەشت.

کورد ئەو هێزەبوون دژی هێرشبەر و بەرگری کارانی دژی بانگەوازی ئیسلامی جیهادی دەکرا لە مەیدان دابوون. لەم خاڵەوە دەتوانین بڵێین کوردان بەرچاوترین تورخمی ولاتی قەوقاسیا بوون هەر لە هەزاران ساڵەوە پێش زایین و لەسەرەتای چاکی ئیسلامیشدا گەشانەوەی سیاسیان بەخۆدا بینی.

ئیسلام هاندەرێکی ژیوەری بەهێزی بەخشی بەکورد بۆبەرگری لەخۆکردن و لەهەمان کات بەرگری کردن لە باوەڕەکەیان کەبوو بە ئامانجێکی بنچینەیی لە رووبەڕووبوونەوەی نەتەوەکانی لەسەر بێ ئایینی خۆیان بەجۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەست بوو بە (Cofitcts)مانەوە یان لەسەر مەسیحیایەتی و ململانێی سیاسی باوەڕەوە. بەرچاوترین هۆکاری بوونە هۆی شکستی دەوڵەت و میرنشینیەکانی کورد لە چاخی راپەڕیندا: دەرکەوتنی نەتەوە و هۆزە گەورەکان لە ئاسیای بچووك و بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر و هەڵمەت کردن و دەستەلاتی سیاسی و نەتەوەیی سەپاندنو داگیرکردنی خاکێکی زۆر وایکرد نەتەوەکانی کۆنی لەناوچەکەدا دەژیان بکەونە

گەرمەی جەنگێکی گەورە و لە ئاکامدا ئادگاری جوگرافی زۆر ولات گۆڕانی بەسەر داهات. کورد نەیانتوانی زۆر خۆ راگرن لەبەردەم نەتەوە هێرشبەرەکان، بەتایبەتی هێرشێکی گشتگر بوو لە هەموو لایەکەوە بوو، گوشاری زۆر گەورە بوو ئەم نەتەوانە سەپاندیان، ئامانجی سەرەکیان نەهێشتنی رۆڵ و سەرۆکایەتی کوردی بوو لە ئاسیادا وادیارە شوێنەواری کوردان لە ئاکامی هاوبەشیان لە رزگاری ئیسلامیدا لەکاتی هەڵمەتی ئیسلامی بۆ ولاتی ئاسیای بچووك رك وکینەیەکی شاراوەی لای هەموو نەتەوەکان جێهێشت کەوا رکابەربوون بۆ لابردنی دەستەلاتی سیاسی کوردی دوای ئەوەی بوو بە دەستەلاتێکی ئەفسانەیی.

گرنگترین هۆکارەکانی بوون بەهۆی شکستی دەوڵەت و میرنشینییە کوردییەکان لە چاخی راپەڕیندا لە مێژووی گەلی کوردا ئەمانە بوون:

1- گوشاری مرۆیی زۆر مەزنی نەتەوە وهۆزە شوانکارەکان لە هەوڵێکدا بۆ لابردنی کوردان لە ناوچەکانیاندا کە دەوڵەمەندترین و بەپیت ترین زەوی کشتوکاڵی هەبوو، لەتەك بوونی ئاو و بەروبوومی زۆر یەکێك بوو لە هۆکارە بەرچاوەکانی هاوکاری کرد لە هەڵگیرسانی جەنگ و فرمانڕەوازی و دەستەلات سەپاندن بەسەر ناوچەکەدا .

2- کۆچی هۆزە تورکمانەکانی ئوغوز و سەلجوقی لە رۆژهەلاتەوە.

3- هێرش بیزەنتی لە رۆژئاواوە و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هێزی کورد کە کۆنترۆڵی زۆربەی ئەم ولاتانەی کردبوو.

4- هێرشی جۆرجی و ئەرمەنی و هۆزە مەسیحیەکانی لان و دید و لەباکوورەوە.

5- گوشاری فەرمانڕەوانی کاخیت (شکی) لە خوارووە.

6- شکستی دەوڵەتی مەروانی (دۆستکی) بەهێز و توانا لە میافارقین لەلایەن قتلمش کوڕی ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی.

7- هێرشەکانی لان ساڵی 1056 ز بۆسەر ناوچەکانی کوردە شەدادییەکان.

8- کۆچی دوایی کردنی بەرچاوترین سەرکردەی کورد ئەبونەسوار (گەورەی سوارچاکان) لە

ساڵی 1067ز، ناوی میرشافور کوڕی فەزڵ شەداد بوو کە خاوەن بلیمەتی و ئازایەتی بوو، توانی هەڵمەتی رزگاری ئیسلامی کوردی سەرکردایەتی بکات و دەستەلاتی کوردی فرەوان بکات و هێزە سیاسیەکەی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەر بسەپێنێت بە کۆچی دوایی کردنی کورد تووشی شکست هاتن و هێز و هۆزەکانی دیکە، نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەر وێران هەڵمەت بکەنەسەر کوردان و لەهەموو لایەکەوە .

9- بەهۆی ئەم گوشارانە بێهێزی کەوتە بنیاتی دەوڵەتی کوردی و بوو بەهۆی زیانی توندی ئابووری.

10- پەیوەندی نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکان بەرەبەرە بێهێزبووەوە و هەڵوەشایەوە، و ململانێی نێوانیان دەستپێکردەوە بۆ دەست خستنی گەورەترین رووبەری زەوی و دەست بەسەر داگرتنی بەپێی رێچکەی نەتەوە خوازی و نەتەوەگەری.

11- پشێوی و هەڵوەشانەوە و بێهێزی دەستەلاتی ناوەندی تیادا بلاوبوویەوە و کردی بەدەوڵەتێکی ناوەخۆی گەمارۆدراو، شڵەژان ولاتی گرتەوە و زۆر دژوار بوو کۆنترۆڵ بکرێت و دامرکێنرێتەوە.

12- بێهێزبوونی کوردان بەهۆی کەوتنە جەنگی درێژخایەنەوە چ لەسەر ئاستی وەستان دژی هەڵمەتی داگیرکەران یاخود فرەوان کردنی ولاتیان یان کرداری جەنگی لەماوەی فرەوانکردنی دەستەلاتی ئیسلامی واتە فتوحات. لە راستیدا زۆر مەرج لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین لەسەرووی میزۆپۆتامیا و بەرزاییەکانی چیای زاگرۆس لە ئارادابوون، کە بنچینە دانان بوو بۆ دەرکەوتنی نەتەوەکان تیایدا، بەڕەوتی رۆژگار، وەك ئاکامێکی ململانێی ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکان و نەمانی لەبەردەم گوشاری هۆزە کوردییە بەدەوییە کۆچەرەکان و کۆچکردنیان لە هەموو لایەکەوە بۆی هاوکات گۆڕانی زمانی و ئەتنۆلۆژی روودان لەبەرژەوەندی کۆچکردووان و هاوپشتەکانیان لە ژینگەی وارگەیی (محلی) شارستانێتییەکەی[1] لەم بنەڕەتەوە دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کەوا هۆزە میدییەکان وەکو رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان بینی لە ناوچەکە.

---

(1) لقاء الاسلاف, ل251

به تایبەتی لە کوردستان، پێکگەیشتنی پۆزەتیڤی و نەرێنی روویدا بەو رووکارەی ببێتە هۆی بنیاتنانی نەتەوەگەریی کوردی لەنێوان کوردانی خاوەن ولات هەرلە رۆژگاری دێرینەوە و لەنێوان ئالانەکان ئەوەی سکیسی بە رۆژگارێك تیایدا هەستی نەتەوەیی هەبوو و رسکابوو، هاوکات بانگەواز لە ئارادابوو بۆ قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لەنێوان هەردوو لایان، بەلام ململانێی کەلەنێوان خۆیان روویدا لەسەر جیاوازی ئایینییان، ئەم گەلەی لەیەك دوورخستنەوە لە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی کوردایەتی پەیوەندی نێوانیان بەشێوەیەکی نەرێنی مایەوە لە چاخی ئیسلامیدا، ئەوەیش وایکرد هەر لە باپیرانەوە لەیەك دووركەونەوە بەبێ گوێدانە پەیوەندی و تایبەتمەندییەکانی زمان و رەگەز، کوردی چەشەخۆری لەریزبوونی ئایینی بوو بوو، ئەم لە ریزبوونەی پتەوتربوو لەهەر هێزێکی دیکە هەتا ئەگەر لەسەر فەرامۆشکردنی هەموو تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی دیکەش بوو بێت. لەریزبوون و لاگری ئایینی بوو بە بەربەست و لەمپەرێك لەبەردەمی (Kurdistan Republic) پێکهێنانی کۆماری کوردستان یەکگرتوو لەولاتی کوردان کە تا ئێستاش لەکارەساتێکی گەورەدا دەژی بە پشت بەستن بەو پەرتەوازەییەی کورد تیایدا دەژییێت، بەراستی جێی داخە گەلی کوردی ئازاو لە گەورەترین کۆمەڵەی رەگەزی لە جیهاندا بێ نیشتمان بن، کوردان لە رەگەزە گەورەو دێرینەکانی سوپای فارس و تورك و عەرەبی بوون لە کاتی فتوحاتی ئیسلامی و تۆخمی هەرە زیرەك و بەهێز بوون لەم سوپایا نەدا، زۆر شوێنی فراوانیان لەبەردەستدابوو، بەهێز کۆنترۆلی زۆر ولاتیان کردبوو، لە جەنگدا ئەوان دەستپێشخەربوون و جڵەو لەدەست ئەوان دابوو، لەبەرئەوە زۆر بنەماڵەی فەرمانڕەوایی کورد پەیدا بوو کە بە توانای رووبەڕووبوونەوەی پێلەو هێرشی بەرە تورك مەغۆل و خورسەکان ناسران. رۆڵی گەورەو بەرچاویان هەبوو لە ماوەی جەنگی نێوان عوسمانی و پادشایانی سەفەوی و گەل و نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەریان.

کەسێتی کوردی و باوەڕی بە ئایینی ئیسلام

کەسێتی کوردی بەهێزو ملنەدان بەناوبانگە، کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە کرد بەهێزتر بوو، لەبەرئەوەی ئیسلام هێزێکی مەزنی تێدایە ئەو هێزەی کورد لە ژیانی رۆژانەیدا هەیبوو نەیدەزانی چۆن ئاراستەی بکات بەشێوەیەك لە خزمەت هیواو ئاواتەکەیدا بێت بۆ یەکبوون پەیوەندی راستەوخۆی نێوان خۆی و خودا هێز(power) ێکی پێبەخشی و فێری کرد جگە لە خودا ملکەچی هیی دیکە نەبێت، ئەم هێزە وایکرد پەیوەندی بە ئیسلامەوە پتەوبێت هەر لە یەکەم رۆژی رابوونەوە لە فتوحاتەوە تا رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دژی هیواو داخوازییەکانی گەلی کورد Kurdish people وەستان بۆ دەستخستنی ئازادیەکەی.

دابەشبوونی کوردان لە نێوان ئیسلام و ئایینەکانی دیکە

شتێکی سروشتییە ئەو شارانەی کوردیان تێدا دەژین یان دەوروبەریان کریستانی تێدا نەبێت، یان ئەوانەیبت پەرستن یا زەردەشتین ،لەبەرئەوەی ململانێ هەمیشە هەبووەو کۆتایی نەهاتووە. مەقدسی، جوگرافیزان، ئاماژە بەوە دەکات کەوا مەسیحییەکان بەشێك بوون لە دانیشتوانی ئەم شارانە (3) ئەوەشیان شتێکی سروشتییە، کوردەکان کە هۆزی دیکەی کورد نەبن بێنە ناوچەکانیان و هاوسێیەتیان بکەن، هاوسێی باشن هێرشیان نەکەنە سەر، مەگەر ئەوان هێرشی بکەنە سەر کوردەکان، لەم بارەوە مەقدسی وتوویەتی (لە کۆتایی سەدەی دەیەم، مەسیحییەکان رەگەزی زاڵ بوون لە (دڤین)، بەلام شارەکە کورد کۆنترۆڵیان دەکرد.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا دابەشبوونێك لە نێوان کوردان خۆیان دروست بوو، لە نێوان ئەوانەی هەر لەسەر ئایینی مەسیحایەتی مانەوەو ئەوانی ئایینی ئیسلامیان هەڵبژارد، لەبەرئەوەی شاری (دڤین) کە زۆرینەیان کورد بوون، بەلام دابەشی دوو گروپ بوو بوون لە نێوان

ئیسلام و مەسیحیەتیدا، دەشێ هەر ئەم هۆیەش بەهێزترین هۆ بوو بێت کە پەرتەوازەیی نەتەوەیی سەپاندۆتە سەر ماڵی کورد، وادیارە کورد لە نێوان دوو بەربژار (خیار)دا بوون نیشتمانی نەتەوەیی یان ئایینی ئیسلامی، بێگومان تەواوی بەر بژاریان تەنیا ئیسلام بووە.

بەلازەری هەواڵ گەلێکی لەبارەی ناوچە کوردییەکانەوە نووسیوە لە ئازەربایەنجان لە ماوەی فتوحاتی ئیسلامی لەسەرەتای ئیسلامدا تیایدا ئاماژەی بە دەرکەوتنی بەرهەڵستکاری کردووەو دەڵێت: موغیرەی کوڕی شوعبە هاتە کووفەو بوو بە فەرمانڕەوا (والی) لەلایەن خەلیفە عومەری کوڕی خەتابەوە داندرابوو نووسراوێکی پێبوو بۆ حوزەیفەی کوڕی یەمان لە ولایەتی ئازەربایجان، نووسراوەکەی بۆ نارد کە لە نەهاوەند و دەوروبەری بوو، چوو هەتا گەیشتە ئەردەبیل، شاری ئازەربایجانەو مەرزەبان (فەرمانڕەوای سنوور)ی هەیەو باجی داهاتی ناوچەکە (خەراج)ی بۆ دێتەوە، مەرزەبنە کە جەنگاوەرانی خەڵکی باجروان (باگردان) دمیمزو نریو وسرات و شینرو میانگ و شوێنی دیکەی کۆکردبۆوە، دژی موسڵمانان جەنگان چەندان ڕۆژ بە توندی شەڕیان کرد، دواتر مەرزەبانەکە لەگەڵ حوزەیفە پێکهاتەوە لەسەردانی هەشت سەر هەزا درهەم سەنگی هەشت، بە مەرجێ کەسیان لێ نەکوژێت و کەس بەدەسکەوتی جەنگ (کەنیزەك) نەبات و ئاتەشکەدە (بیت النار) وێران نەکات و شەڕ لەگەڵ کوردانی بلاسجان (بلاشگان) و سبلان و ساترودان نەکات و خەڵکی شیز بەتایبەتی قەدەغە نەکات لەوەی لەکاتی جەژن و شادی دەیانکردوو ڕێو ڕەسمیان لێ قەدەغە نەکات)[1].

لێرەدا وادەردەکەوێت کوردان لە ئازەربایجان هێشتا لەسەر ئایینی ئیسلام نەبوون، هێشتا هەر لەسەر ئایینی زەردەشتی دابوون وەك لە دەقەکەی بەلازریدا دەرکەوتووە، لەبەرئەوەی مەرزەبانە کە دووپاتی کردۆتەوە ئاتەشکەدەکە نەڕووخێنن، دیارە پەیڕەوکارانی زەردەشتی، ئاگر بە پیرۆز دەزانن و نابێت ئاتەشکەدەکان وێران بکرێن کە ئاگری تێدا دەکرایەوە، لەلایەکی دیکەوە

---

(1) البلاذري، فتوح البلدان، القاهرة، 9591، ص 123.

دەینووری بوونی کوردان لە ئەرمینیا دوویات دەکاتەوە[1] وادیارە زۆربەی کوردانی ئەرمینیا باوەڕیان بە ئایینی مەسیحایەتی هێناوە پێش دەرکەوتنی ئیسلام، بەهۆی نزیکی لەو نەتەوانەی باوەڕیان بەئایینی مەسیحی هێنابوو کە دەوڵەتی بیزەنتی و رۆمانی سەپاند بوو یان لە رێگەی مژدەدەران، یا بە زۆری لە رێگەی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر ئەم ناوچانە.

پرۆفیسۆر مار (MARR) دەڵێت: کوردەکان لە ماوەی فەرمانڕەوایی سەلجووقییەکان، شانازییان بەسەربەخۆیی خۆیان دەکرد، و لەخۆ رازی بوون و جەنگاوەری شازابوون و تورك هەزار جار لەبەرچاوی دەگرتن، بەتایبەتی ئەوان بەخۆیان جەنگاوەری پتەوبوون، (مار) بۆ ئەوە دەچێت کەوان خوێنی کوردی و تورکی لەنێو چینە ئایینەکاندا رژاوە لە هەردوو لایان.. لەیەك نزیکبوون لەڕووی کۆمەلایەتییەوەو لە هەمانکات ناوێتەیەکیان لە کوردی و مەسیحی دروستکرد)[2].

مینورسکی (MINORSKY) ئەوە دێنێتەوە یاد کەوا ئەفسانەیەکی ئەرمەنی دەڵێت: دوو میری ئەرمەنی لەڕووی سەربازییەوە زۆر بەناوبانگ بوون و لە خزمەتی پادشای (کرجستان)دا بوون ناویان (زاخاوی) و (ئیڤان) بوو لە رەسەندا کورد بوون)[3].

مینورسکی دەڵێت: سەرکەوتنەکانی (تامار) 4811-3121 ز بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو سەرکردە زاخاری و ئیڤان و بە پشت بەستن بە ئەفسانە (Myth) یەك کە بەڕاستی دادەنێین، باپیرەیان کوردی میستۆپۆتامیا بوون و لە خێڵی (باپیرەکان) و بەپێی دەستنوسێکی باوەڕ پێکراو، ئەم دوو سەرکردە سەربازییە دوو کوڕی (سرکیس دووەم) کوڕی (زاخاری) کوڕی (ئەخاك سرکیس یەکەم) بوون...

بەو کوردانەی لە ئەرمینیا دەژیان پێیان دەوتن کوردوك(Kurduk) ، لەلایەن زۆربەی نووسەرانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زایین. بەم شێوە بوو.

---

(1) الدینوري، الاخبار الطوال، 043.

(2) مار، الكرنو المسيحية.

(3) مینورسکی، تاريخ قفقاس.

هەر چۆنێکی بێت چاخی ڕاپەڕین و گەشەسەندنی بنەماڵە کوردییەکان بوو ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو و کاریگەربوون لە ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ وەکو دەوڵەتی ڕەوادی و شەدادی کە باسکران.

زێدەڕۆیی نییە زۆربەی ئازایانی ڕۆژگارو پاڵەوانانی بەناوبانگ لەم نەتەوەیەدا دەرکەوتوون.
لەم ڕووەوە دەڵێم: ڕۆستەمی زاڵی [1] پاڵەوان کە لەسەردەمی سوڵتان کەیقوباد [2] ژیاو کورد بوو، هەر ئەوە ناوبانگی پێدەرکردوو بەنازناوی (ڕۆستەمی زاڵ) ناسرا سەرکردەی بەناوبانگ و ئازاد بەهرام چۆبین [3] کە لە سەرکردەکانی پادشای ئێرانی هورمز کوڕی ئەنوشێروان بوو و لە تورکستان و خوراسان گەورە بوو [4] و ڕەچەڵەکی پادشاکانی کرت [5] و سوڵتانەکانی غور [6] ی

(1) رستم زابلی- پاڵەوانێکی بەناوبانگی ئێران بووە

(2) دامەزرێنەری بنەماڵەی کەیانی لەهەموو ئەمەشەوە دەگەینە پوختەکەی کەوا نەتەوەی کورد، لە کۆنترین نەتەوەکانی ئێرانە، کەوا شارستانیەتێکی گەشاوەی لە بانی ئێرانی گەورە دامەزراند، دەستەلاتی لە دۆڵی سندەوە لە ڕۆژهەلات تا میسۆپۆتامیا لە ڕۆژئاوای دەگرتەوە.. زمانەکەی کە کوردی بوو، بەناوی زمانی پەهلەوی یان پاڵەوانان واتە پاڵەوان و جەنگاوەر لە هەموو ولاتانی یەکەم ئیمپراتۆریەتی ئێرانیدا سەروەر بوو ئەو ئیمپراتۆریەتەی ئەسکەندەری مەقدۆنی لەناوی برد. ئێرانی و یەکەم پادشابوو لە پادشاکانیان نەوەکانی چوار هەزار ساڵە لە ئاستانی (ولایەت) (لاڕ) هێشتا فەرمانڕەوان.

(3) بەهرام چوبین- سەرکردەیەکی هۆرمزی چوارەم بوو لە پادشاکانی ساسانی ئێرانی

(4) تورکستان- ولاتێکی فرەوانەو هەر تیمێکی گەورەیە لە ئاسیای ناوەڕاست، بە (ئەودیو زێ) (ماوراالنهر) بەناوبانگە لە کتێبەکەی کۆنی مێژوو.

(5) پاشاکانی کرتی: ئەوانە بوون لە (غور) و (هرات)و (سیستان) و (بلوجستان) بوونە پادشا دوای دەوڵەتی ئیلخانی بە فەرمانی (منکوقاان) یەکەمیان (پاشا شەمسەدین محەمەد) بوو کە بوو بە والی (غورستان) لە ساڵی 346

(6) سوڵتانەکانی (ئەفغانستان) و (خراسان) ولاتی غور و غەزنەو هەرات بوون لە نیوەی سەدەی شەشەم، یەکەمەکەیان (علائەدین حەسەن کوڕی حوسێن کوڕی سام) بوو.

ئەم نەتەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، هەر لەم نەتەوە بوون، (گورگین میلاد)[1] ی بەناوبانگ بەفرە ئازایی و پتەوی ئەویش کورد بوو، تا ئێستا ئوستانی (لار)= لە هەرێمی (کرمان)ی ئێستایە، رابردوو لە هەرێمی خاری بوو.

پاش ماوەیەك پادشایانی تایفەکان (الطوائف) بە دوا یانە هاتن، کە لە مێژووی فارسی بە ئەشکانییەکان ناسراون، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شەڕو ململانێ و ناکۆکی دابوون لەسەر دەستەلات لە ئێرانی سەروو، تا پادشای هەرێمی فارسی (کەرتی شیراز) بەسەریاندا زاڵ بوو، بەسەر پادشایانی تایفەکانی ئێرانی و دووەم ئیمپراتۆریەتی ئێرانی دامەزراندو دواتر بەناوی ساسانی ناونراو بەجۆرە وشەی فارسی بوو بەهاوواتای ئێران و بە هەموو شتێکی ئێرانی کۆن و نوێ دەوترێت، هەر لەبەرئەوەیش، گەیشتە ئەو رادەی بە یەکەم ئیمپراتۆریەتی ئێران بووترێت فارسی کە لە راستیدا کوردی پەهلەوی بوو، لەبەرئەوەی نەتەوەی فارس، لەگەڵ دێرینی لە شارستانیەتی ئێران و شکۆمەندی فارسی، ئەوا نوێترو تازەترە لە دەستە خوشکەکەی نەتەوەی کوردی کە لە پێشی ئەودا یەکەم شارستانیەتی ئێران دامەزراند [2] بەویش رەسەنایەتی مێژوویی خۆیان سەلماندوو هاوکاری و هاوبەشیان لە بەرەو پێشبردن و گۆڕان و پێشکەوتنی ولاتە دێرینەکەیان لە میسۆپۆتامیا، شارستانیەتی گەلی کورد، لە شارستانیەتە رەسەنەکانە، کەوا لە داهێنانی گەلی کورد، سەدە دوای سەدەو ئەوە دوای ئەوە.

گەلی کورد لە کۆنترین کۆمەڵە مرۆیە کە لەسەر زەوی ژیاون.. ئەو زەویەی ئە ناوی ولاتی کوردان ناسراوە.

1گورگین میلاد- پاڵەوانێکی بەناوبانگی سوپای کاوسی کوڕی کەیقوباد بوو.

(2) الشرفنامە، لاپەڕە 80-81

پاشکۆکان

Affixes

ئێسك و كۆمەڵێك پێداویستی جیاجیای پادشایەکی لولو، لەنێو گۆڕێکی ناوچەی سیلك

دۆزراونەتەوە (هەزارەی سێیەم پ.ز)

دانەیەکی گەچینی کەلە سەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراوەتەوە لە چیای
برادۆستی کوردستانی ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ (60000-)(45000) پ. ز

هێرش سوپای ئاشووری لەسەر ڕووی بەردێك نەخش کراوە، لەنەینەوا .

دەگەڕێتەوە بۆ (سەدەی حەوتەم پ.ز)

سەکۆیەك لەبەشی سەرەوەی جووتیارێکی لولو دیارە زەوی
دەکێڵێت (هەزارەی دووەم پ.ز)

نەخشی سەر دیوار بۆ پادشای لولو (تیوەی هەزارەی سێیەم پ.ز)
لەناوچەی (سەرپولی زەهاو) دۆزراوەتەوە، لە کوردستانی ئێران ، تیایدا
سەرۆکێکی لولو دەبیندرێت ناوی نەخشکراوە لە ژێر داتاشراوەکە بەهێڵی
بزماری نووسراوە، لە دەقێکدا تیایدا ئەم دەستەواژەیە هاتووە (ئەنوبانینی
وێنەی خۆی لەبەردەم خوداوەند عەشتار کێشا لەسەر چیای بادیز...هتد)
ئەنوبانینی لەوێنەکەدا بەدەستی چەپی قامچییەکی پێیە بەسینگیەوە گرتووە
و بەدەستی چەپی داردەستێك (صولجان)ی پادشایانە (تۆزین) هێمای
سەرۆکایەتی و هێز.

سەرێك لەبەردی توند دروستکراوی پادشایەك یان سەرکردەیەکی گوتی لەناوچەی حوجوش دۆزراوەتەوە (هەزارەی سێیەم پ.ز) لە مۆزەخانەی براپەرکایدی دایە — نیویۆرك

پەیکەری سەری سەرکردەیەکی کورتی زرکوتی (کۆتایی هەزارەی سێیەم پ.ز)

پەیکەرێکی سەرکردەیەکی کوتی لیشو - یونانی (کۆتایی هەزارەی سێیەم پ.ز)

ئێسك و وردەبەردی شێوە جیاواز لەو کەرەستانەی کاسییەکان
بەکاریان دەهێنا، لەنێو گۆڕەکانی ناوچەی (سیلك) دۆزراونەتەوە
(کۆتایی هەزارەی سێیەم پ.ز)

نموونەی مۆری فەرمانڕەوای کاسییەکان (چوارەکی سێیەمی هەزارەی
دووەمی پێش زایین)

نەخشێکە بەدەستی پیشەوەرانی کاسی دروستکراوە لە ناوچەی لوڕستانی
کوردی دۆزراوەتەوە (نیوەی هەزارەی دووەمی پ.ز)

چەند پارچەی شوێنەوار، لەناوچەی لوڕستان دۆزراوەتەوە، ئی کاسییەکانە
(هەزارەی دووەم پ.ز)

نەخشی سەرختمی ماوەی فەرمانڕەوای کاسییەکان (هەزارەی دووەم

پ.ز)

مەسینەیەکی نەخشکراو- سەردەمی کاسییەکان لەناوچەی لوڕستان ی کوردی دۆزراوەتەوە(کۆتایی هەزارەی دووەم پ.ز)

مەسینەیەکی جوان لەرەواندز دۆزراوەتەوە – سنووری
ڕۆژئاوای میدییەکان- دەگەڕێتەوە بۆ مانییەکان(هەزارەی
یەکەمی پ. ز)

مەسینەیەکی جوانی مانناکان (سەرەتای هەزارەی یەکەم پ.ز)

قەلاتێکی مانئە، لەسەر بەرد نەخشکراوە، ئاشورییە لەسەردەمی
شاروکین (کۆتایی سەدەی هەشتەم پ.ز)

چەند پارچەی شوێنەواری مانئە، لە کوردستان دۆزراوەتەوە (سەدەی هەشتەم پ.ز)

پارچەیەکی شوێنەواری ماننی (سەدەی هەشتەم پ.ز)

پارچە شوێنەوارێك بەدەستی پیشەکارانی مانئی دروستکراوە،
(سەدەی هەشتەم پ.ز)

پارچە ئاسەوارێکی ناوچەی زیویە (سەدەی هەشتی پ.ز)

پارچە ئاسەوارێکی ناوچەی زیویە (سەدەی هەشتی پ.ز)

هەندێ جەنگاوەری مانە لە نەخشێکی ئاشووری سەردەمی
شاروکین وەرگیراوە (کۆتایی سەدەی هەشتەم پ.ز)

چەند ئاشوورییەك دیل دەکوژن - لەناوچەی (بالاوات) نەخشەکە دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شلمانسەری سێیەم (سەدەی نۆیەمی پ.ز)

چەند ئاشوورییەك دیلەکان ئاڕاستە دەکەن- نەخشێکە لەناوچەی (بالاوات) دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شلمانسەری سێیەم (سەدەی حەوتەم پ.ز)

چەند دەفرێکی گلینە لە ناوچەی سیلك دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ
لولوییەکان (هەزارەی یەکەمی پ . ز)

ئازاردانی دیل لەسەدەی کۆندا، سەردەمی فەرمانڕەوایی ئاشووری، لە نەینەوا نەخشێنراوە (سەدەی حەوتەم پ.ز)

- جەنگاوەرێکی ماننی تیر دەهاوژێ – دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم پ.ز.

- سەرکردەیەکی ماننی بە پۆشاکی ئاشووری سەدەی هەشتەم پ.ز.

- ماننی بە پۆشاکی بابل (هەشتەمی پ.ز)

قەلاتێکی میدی لەسەردەمی شاروکیە نەخشێنراو، دەگەڕێتەوە
بۆ کۆتایی (سەدەی هەشتەم پ.ز)

قەلاتی میدی نەخشێنراو لەسەر بەرد لەسەردەمی شاروکین کۆتایی

(سەدەی هەشتەم پ.ز)

پادشایەکی میدی نموونەی قەڵاتێك دەبەخشێتە پادشای بابلییەکان

لەســەردەمی شارۆکین (کۆتایی سەدەی هەشتەم پ.ز)

نیگاری پادشای میدی ئاسارخادون لەسەر بەردێکی ئاشووری
نەخشکراوە (سەدەی حەوتەم پ.ز)

دەفری گڵینەی میدیایی، لە ناوچەی سیلك دۆزراونەتەوە (سەدەی حەوتەم پ.ز)

قەلاتێکی میدی لەناوچەی کیشتو لە سەردەمی شاروکین کۆتایی

(سەدەی هەژدە پ.ز)

مۆرێك نەخشی جەنگی نێوان میدیەکان لەلای چەپەوە سکیسەکان
لەلای ڕاستەوە پیشاندەدات دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (5-6) پ.ز

نەخشی جەنگی نێوان میدی و یۆنانییەکان تیایدا پادشای میدییەکان سەرکردەی یۆنانی داوەتەبەر ڕم (دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 4-5 پ.ز)

نەخشی سوارچاکێکی میدی ڕم لە یۆنانیەکان دەدات لە جەنگێك (دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 4-5 پ.ز)

سوارچاکێکی میدی - لەسەر خەتمێکی عیلامی نەخشێندراوە
- (دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوت و شەش پێش زایین)

بارەبەرەی میدییەکان بە ئەسپ رادەکێشرا – سەردەمی (سەدەی پێنجەمی پێش زایین)

ا ب ج د ه و ز ح ط

ی ک ل م ن س ع ف ص

ق ر ش ت ث خ ذ ض ظ

غ پ چ

چەند هێڵێکی نووسین ی بینوشاد و ماسی سوراتی کوردی

ژمارەیەك نەخش و كاری هونەری لە ولاتی میتانییەكان

دوو وێنە بۆ دووپەرستراوی تیشوپ (چوب) ، هەواڵێکی لەسەر
هاتووە سەبارەت پادشا ئیتی چوب کوڕی کیب چوب
(لەهونەرەکانی سەردەمی میتانی لە نوزی- خوارووی
کوردستان)

جەنگاوەرێکی ماننی – پادشای مانی – میوزیکی

مانی

(وێنە)

سوپای ئاشووری لەناوچەیەکی شاخاویدا، پڕ دارستان لە جەنگدایە ، لە ئیگارەکە پیادە و سوارە چەکدارەکان بەتیر و کەوان و رم و داردرێتە (محزق) سەرەڕای سەرکردەکەیان کە سواری ئەسپ بووە و فەرمانی سەربازی دەردەکات.

داتاشینی زەقە لە ئەینەوا ، سەردەمی بانیبال (669- 527 پ.ز)

سەرچاوەکان / المصادر (The Infinitires)

1- أبن الاثير – الكامل في التاريخ ، دار الكتاب العربي، بيروت 1967.

2- أبن الاثير – اللباب في تهذيب الانساب – مكتبة القدسي ، القاهرة ، الجزء الثاني 1356 هـ.

3- ابن حجر العسقلاني، الاصابة في تمييز الصحابة ، بيروت، 1900م.

4- ابن خردانبة – المسالك والممالك، 272هـ/885م، القاهرة.

5- ابن خلدون عبدالرحمن– المقدمة.

6- ابن خلكان– وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان.

7- ابن عبد ربه الاندلسي– العقد الفريد، تحقيق د.احمد امين، 1965.

8- ابن عساكر – تهذيب تاريخ دمشق الكبير.

9- أثار بن باديس– المجلد 2، الجزء2، دار اليقظة العربية، 1968.

10- احمد حسن المحامي– الطاقة الانسانية.

11- اسلام: احمد– الاكراد– مكتبة الامام الشافعي (الرياض : 1991).

12- الاصطرخي– المسالك والممالك– تحقيق محمد جابر عبدالعال، مراجعة محمد شفيق غربال، القاهرة، 1961.

13- الامارة الشدادية الكوردية في بلاد ئاران– اسماعيل شكر رسول، اربيل، 2001.

14- البروفيسور هارولد اينغلوت، بعثة التنقيب الدانماركية في دوكان، سومر (مجلة) بغداد، الجزء الاول والثاني، المجلد الثالث عشر، 1975.

15- البلاذري – فتوح البلدان، القاهرة، طبعة 1959.

16- التاريخ الروماني– عصر الثورة، د. عبداللطيف احمد، بيروت، 1973.

17- التاريخ الغياثي، دراسة و تحقيق: طارق نافع الحمداني، بغداد 1975.

18- التعريف بالمصطلح الشريف، تحقيق محمد حسين شمس الدين، بيروت، 1988.

19- الدينوري- الاخبار الطوال.

20- الذهبي - المشتبه في الرجال اسماءهم وانسابهم، تحقيق علي محمد البجاوي، دار احياء الكتب العربية، القاهرة، الطبعة الاولى، ج1، 1963.

21- السمعاني- الانساب - نشرة ليدن- هولندا (تحقيق مارجوليث، 1912)، مخطوطة ورقة 1471.

22- الشرفنامة- تحقيق وليا مينوف زرنوف- تبروسنبرك، 1860.

23- الشرفنامة- تحقيق وتعليق ملا جميل بندي الروزبياني، بغداد، 1953.

24- الطبري- تاريخ الطبري.

25- العقد الفريد، لابن عبدربة الاندلسي، المجلد الرابع، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

26- العمري، ابو العباس شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله(ت 749هـ/1348م) (مخطوطة)

27- الفارابي- مفهوم الامة.

28- الفارقي، احمد بن يوسف بن علي بن الازرق، تاريخ الفارقي، تحقيق وتقديم، بدوي عبداللطيف عوض، بيروت، 1974.

29- القزويني- نزهة القلوب- تحقيق كاي ليسترانج، ليدن، 1913.

30- المعجم الفلسفي، د. جميل صليبا، مجلد، (القومية)، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

31- المنجد في اللغة والاعلام، دار المشرق، بيروت، 1985.

32- الوجيز في تاريخ العراق القديم، د. عبدالقادر عبدالجبار الشيخلي، بغداد.

33- اليعقوبي- حوادث الفتوحات الاولى للمسلمين.

34- امتداد العرب في صدر الاسلام، د. صالح احمد العلي.

35- انطوان مورتكات، الفن في العراق القديم.

36- باسشماكوف- الشعوب القاطنة حول البحر الاسود، باريس، 1930.

37- باسيل نيكتين- الاكراد ، بيروت، 1958.

38- باسيل نيكتين- الاكراد، ترجمة نوري الطالباني ، أربيل، 2004.

39- بتروسلي، القومية الاشتراكية، ترجمة صلاح سعدالله.

40- تاريخ الدول والامارات الكوردية في العهد الاسلامي، ترجمة محمد علي عوني، مصر، 1945.

41- تاريخ الفارقي- تحقيق د. بدوي عبداللطيف، القاهرة، 1959.

42- تاريخ صلاح الدين- البحث الذي نشره البروفيسور مينورسكي، دراسات عن تاريخ القفقاس، جامعة كمبردج، 1953.

43- تهذيب تاريخ دمشق الكبير- لابن عساكر.

44- توما بوا- مع الاكرد، ترجمة اوار زنكنة، بغداد، 1975.

45- جان بوتيرو -بلاد الرافدين- الكتابة- العقل- الالهة ، ترجمة البير ابونا، مراجعة د. وليد الجادر، بغداد، 1990.

46- جليلي جليل، من تاريخ الامارات الكوردية في الامبراطورية العثمانية، دمشق، 1987.

47- جمال رشيد احمد- لقاء الاسلاف، الكرد واللان في بلاد الباب وشروان، رياض الريس للكتب والنشر، لندن ، 1994.

48- جورج رو- العراق القديم- ترجمة حسين علوان، بغداد، 1984.

58- د. ابراهيم احمد شلبي، تطور الفكر السياسي ، الدار الجامعية، بيروت، 1985.

49- د. ابراهيم الداقوقي، عشائر كردستان، اربيل ، 2001.

50- د. احمد رشيد احمد- دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، 1984.

51- د. تقي الدباغ- الثورة الزراعية والقرى،حضارة العراق الجزء الاول.

52- د. جمال رشيد احمد و د. فوزي رشيد، تاريخ الكرد القديم، أربيل، 1990.

53-د. جميل صليبا ، المعجم الفلسفي- القومية- دار الكتاب اللبناني، بيروت ، 1985.

54- د. جهاد تقي صادق- محاضرات في الفكر السياسي العربي الاسلامي، بغداد، 1989.

55- د. حامد سلطان، القانون الدولي العام في وقت السلم.

56- د. سامي سعيد الاحمد- السومريون وتراثهم الحضاري، 1983.

57- د. صالح احمد العلي، امتداد العرب في صدر الاسلام، 1981.

58- د. عامر سلمان أبراهيم وأحمد مالك الفتيان، محاضرات في التاريخ القديم- الموصل، 1978.

59- د. عبدالرحمن قاسملو- كردستان والاكراد، الترجمة العربية، بيروت، 1970.

60- د. عبدالقادر عبدالجبار الشيخلي، الوجيز في تاريخ العراق القديم.

61- د. عزالدين مصطفى رسول- احمد خاني شاعرا و مفكرا و فيلسوفا و متصوفا، بغداد، 1979.

62- د. عزيز الحاج- القضية الكردية في العشرينات، بغداد، 1985.

63- د. عزيز الحاج- دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، 1984.

64- د. علي كريم سعيد، عراق 8 شباط 1963، من حوار المفاهيم الى حوار الدم، بيروت 1999.

65- د. فاضل زكي، الفكر السياسي العربي الاسلامي بين ماضيه و حاضره.

66- د. فرج بصمة جي- العصور الحجرية في العراق على ضوء المكتشفات الحديثة،بغداد.

67- د. فوزي رشيد، ترجمات لنصوص سومرية ملكية، بغداد، 1976.

68-د. فوزي رشيد، قواعد اللغة السومرية، بغداد.

69- د.ك.و- الوحدة الوثائقية: ملفات البلاط الملكي ، كتاب قنصلية العراق الملكية في تبريز الى وزارة الخارجية المرقم 24/1/2 والمؤرخ في 1947/4/2- الوثيقة رقم 131.

70- د. كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها ، حكم التاريخ والضمير، ج1، 2005.

71- د.كونتر دسنر، احفاد صلاح الدين الايوبي، ترجمة عبدالسلام مصطفى ، دهوك، 1997.

72- دائرة المعارف الاسلامية، ليدن، 1978.

73- دائرة المعارف البريطانية الحديثة، مادة سكيثيا، 1973.

74- دائرة المعارف البريطانية عن اللغة الافارية- كراهام، مجلة الجمعية الملكية الاسيوية البريطانية.

75- دائرة المعارف التاريخية السوفيتية- مادة الالان.

76- دائرة المعارف التاريخية السوفيتية- مادة الكسيث، 1949.

77- دائرة المعارف التاريخية السوفيتية- ليدن، 1949.

78- دراسات لغوية حول تاريخ المناطق الكردية، بغداد 1988.

79- دراسات لغوية حول تاريخ المناطق الكردية، بغداد 1988.

80- دراسات لغوية حول تاريخ المناطق الكردية- د.جمال رشيد احمد، بغداد، 1988.

81- دوان شلتز، النظريات الشخصية.

82- رانسيمان - تاريخ الصليبيات.

83- رحلة ابن فضلان - تحقيق زكي وليدي طوغان.

84- رينيه موريس، كردستان او الموت- ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله.أربيل 1993.

85- سعدي عثمان - كردستان.

86- سيتون لويد، آثار بلاد الرافدين، ترجمة سامي سعيد الاحمد، بغداد، 1980.

87- شبلي العيسمي - عروبة الاسلام و عالميته.

88- شرف خان البدليسي- شرفنامه- من تاريخ الدول والامارات الكردية- الترجمة العربية، ج1، بغداد، 1935.

89- شرفخان البدليسي و منهجه التاريخي من خلال كتابه شرفنامة، مصطفى أحمد نجار، اربيل،2007.

90- صموئيل كريمر، السومريون- ترجمة د. فيصل الوائلي و د. سامي سعيد الاحمد.

91-صموئيل نوح كريمر، السومريون - ترجمة فيصل الوائلي، 1973.

92- طبقات ابن سعد، المجلد الرابع، القسم الاول.

93- طه باقر، تاريخ السومريين السياسي و الحضاري.

94- طه باقر، تنقيبات في عقرقوف، العراق ، ملحق عام (1941-1945) العدد/8 (1946)

95- طه باقر، د. عبدالعزيز حميد، طرق البحث العلمي في التاريخ والاثار، جامعة بغداد، 1980.

96- عباس اقبال - تاريخ فارس الجزء الاول.

97- عبدالرحمن قاسملو- كردستان والاكراد، دراسة سياسية واقتصادية، ترجمة ثابت منصور، 1968.

98- عبدالرزاق الحسني- تاريخ الوزارات العراقية، بيروت ، 1972.

99- عبدالرقيب يوسف- الدولة الدوستكية،ج1، بغداد، 1972.

100- عبدالقادر حسن علي، الانسان الاول، حول الاجناس البشرية في العصور الحجرية القديمة.

101- عبدالقادر حسن، الانسان الاول والكهوف، بغداد، 1981.

102- عبدالله اوج الان- الدفاع عن شعب، مطبعة البحر الابيض، 2005.

103- علي ماهر بك، القانون الدولي العام ، 1975.

104- غريشمان، تفاصيل الحياة ماقبل التاريخ في كردستان الايرانية، 1965.

105- ف. فلجيفسكي - المانثا.

106- فريج- كريلر-تاريخي واجتماعي تدقيقات، استنبول، 1334، من نشورات اكاديمية الشرق ، برلين.

107- كاميران عبدالصمد، كردستان في عهد الدولة العثمانية، دهوك، 2002.

108- كاي ليسترانج- الكورد- طبعة ليدن، 1913.

109- كراكوف- السكيث- موسكو، 1977.

110- كرستفنس- ايران في عهد الساسانين ، كوبنهاغن، 1930.

111- كريس كوتشيرا- الحركة القومية الكردية- مترجم عن الفرنسية، مركز التطوير الثقافي ، بغداد، 1981.

112- كونولوف- ثورة العشرين - ترجمة عبدالواحد كرم ، بغداد، 1971.

113- لازريف ، المسألة الكوردية (891-1917) - السليمانية، 2001.

114- لونكريغ- العراق.

115- لونكسي - تاريخ الاقطار العربية الحديث ، ترجمة واصدار دار التقدم، موسكو، 1971.

116- ليرخ، دراسات حول الاكراد الايرانين وأسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة عبدي حاجي، دمشق، 1992.

117- ماثيوس الاورفلي- الحروب الصليبية الاولى.

118- مار - الكرد و المسيحية.

119- مجلة شعوب الشرق الادنى، موسكو، 1957.

120- محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، بغداد، 1936.

121- محمد أمين زكي، تاريخ الدول والامارات الكوردية في العهد الاسلامي ، مصر، 1945.

122- محمد دجم الدين - الكرد و كردستان.

123- محمود سعيد عمران، معالم تاريخ اوربا في العصور الوسطى، بيروت، 1982.

124- محمود ياسين التكريتي، الامارة المروانية في دياربكر و الجزيرة، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، 1970.

125- مذاهب و مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، ترجمة وتأليف د. عبدالرزاق مسلم الماجد.

126- مروان المدور، الارمن عبر التاريخ، بيروت ، 1982.

127- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية- ثورة بارزان.

128- مسعود محمد- لسان الكرد، مطبعة الحوادث، 1987.

129-مسند احمد بن حنبل- مجلد (5) تفسير الشيخ محمد رشيد رضا.

130- منجم باشي- جامع الدول.

131- منذر الموصلي- عرب واكراد، بيروت، 1986.

132– منذر الموصلي– عرب واكراد، رؤية عربية للقضية الكوردية، بيروت 1986.

133– موسزينسيكي، بحوث عن اصل الثقافة الاولية للشعوب السلافية، 1952.

134– موسى الخوريني– تاريخ لرمينيا، موسكو، 1983.

135– مونت فورت– اسطورة الحرب الخاطفة.

136– مينورسكي– الاكراد احفاد الميديين، ترجمة كمال مظهر أحمد، بغداد، 1973.

137– مينورسكي– حدود العالم ، لندن، 1937.

138– مينورسكي– دراسات حول تاريخ قفقاسيا، موسكو ، 1953.

139– مينورسكي– فصول من تاريخ الباب و شروان، موسكو، 1963.

140– هاشم عقراوي، الاسس النفسية والاجتماعية للقبائل الكوردية، بغداد، 1971.

141– هتلر– كفاحي.

142– هيرودتس– التاريخ.

143– وايسباخ– الكردوخيون– ترجمة د. جمال رشيد أحمد.

144– ويليام ايغلتون– ترجمة د. أحمد محمود خليل، القبائل الكوردية أربيل، 2006.

145– ي.م دياكونوف– تاريخ الميديين، موسكو 1957.

146– ياقوت الحموي– معجم البلدان.

المصادر الاجنبية:

166- A auk Gruzinskoyssry Ugo- Osetiuskiy (Tbilisi 1977).

167- Charles Burney، David Marshallang، The Peoples Of The Hilis L. 1971.

168- Dr.ret M. Nuri Dersimi ، Kurdistan، 1952.

169- D.r Roffail، The Crime Of Genopide Nation Conemtion.

170- F.H.W Eissba Chkarddukhoi، Paulywissowa.R.E.X،2. Stuttg Art/919.

171- G. Acharyan، Slorar Armyans Kikh، Lichrikhimen.

172- Irdorivurak khanarodr. Drprins. Vostok، Ianti chai، Mir، 1972.

173- Minorsky، " Les origins des kurdes" Travaux duxxcongres des orient a Listes (Bruxe l(es1938).

174-Mullen hoff-uber Die Herkun ft udn spach Der ponti schensky Then and Sarmaten Derk. Pr. Ak. D.w، 1986.

175- N، Todoror ،op. cit.

176- Nikitine، Les kurds، paris، 1956.

177- Noldeke ، Gvamm . D-neusy vischen Kiepert. (Lehvbuch dev Alten Goegraphyie، s. 81.

178- O. rilghersky، Kurds، m ، 1961.

179- P. JENSEN IN . KB، III (1892).

180- R. I. Abaer- Osetinskiy yazik Ifolkov . T.A.M.L Zd- vomm- sssr.1946.

181- Roger Less Cot. Mame Alan Textes Kurdes، Perxie Mepartie (Beyroth 1942).

182- Roprosir Vanskoy Lo Bshchey filolgi، 1973.

183- Scheredeskourdes-Prince de Bidilis، re Liaminof-Zernof (st. Peters bourig، 1860)

184- STRABO.، GEOGRAPHY،XI،.

185- T. Cuyler، Young، Jr (The Iranian Migration in to the Zagros).Iran – Journal of British، Inst of Persian studies. Vol. v 1967.

186- Zachariah of Myrilen to sytiaca. London، 1899.

187- WEGNER، GESTALT UND KULT DER ISHTAR SHAWUSHKAIN KLEINASIEN HU RRIT OLOGISHE STDIEN.

مخطوطة الكوم – كالكرايم المنشورة من قبل:

188- B. Hrozny، Histore Et Progress De Dechi ffrement Destextes Archive Orientalni، 1931.

189- G،A Melikivili، Die Uraratas Che spracl Rome، 1971.

190- Lucen bill، Ancient Records of Assyria.

191- Mosses of Khoren I، ch،30: Russian by N-O. Emin، (Mosscow 1893).

192– دائرة المعارف السوفياتيه الكبرى: ماه خلدى.

193- Bolshaya Sovets klope diya، 193- Khaldi-R. Chvishman (Iran- London، 1954).

194- I.M Dy Knov ((Navody Dverney Aperednes Azil)) prduen Ziatskiy Etnogra ficheskiy Sbornik.I،m.1958.

195- G. Wilheim Grund Zuge Der Geshichte Und Kultur Der Huriter، Darmatad، 1982.

196- S-N، Karmer ، Taha Baqir . S.J LEVY، Fragments of a- diovit Statue of Kurigalzu in iraq Messeumm Summer، Ir (1984)

ناوەڕۆك